# چیرۆکەکانی
# شۆخە ئاڵۆن



شۆخان نەجات

# چیـــڕۆکەکانی شـــۆخە ئاڵـــــۆن

شۆخان نەجات

پێڕست

ناوی چیرۆک...............................................ژمارەی لاپەڕە
پێشەکی.......................................................................3
مەرگی فریشتەکەم..................................... ..........................21-4
هاوسەرگیری هاوڕێکەم و خۆشەویستەکەم.......................................50-22
ئەو کەسەی ژیانمی گۆڕی.....................................................78-51
هەژاری ئەشقەکەمی لێسەندم..................................................98-79
ڕێکەوتێك بوو بە مایەی خۆشبەختیم.........................................122-99
خیانەت.......................................................................132-123
حیکمەتی خودا..............................................................157-133
خراپییەکانی باوکم و باوەژنم...................................................187-158
بەدبەختیەکانی ژیانم.........................................................235-188
کوڕە دکتۆرەکە و کچە کەم ئەندامەکە.......................................270-236
بە ئەشقەکەم نەگەیشتم.....................................................279-271
چیرۆکی هیوا.................................................................296-280
هانا و ئەحمەد...............................................................304-297
موعجیزەیەك بە ئەشقەکەمی گەیاندم........................................330-305
وێران بوونی کچێك بەهۆی ئەشقەوە..........................................362-331
خۆشیم نەدی لە ژیان.........................................................374-363
پەری و هێمن................................................................411-375
هەژاری و ئازار و سەختیەکانی ژیان..........................................420-412
ئەشقێکی نامۆ................................................................459-421
گـــومان......................................................................523-460
خودا خۆشی هەر دەهێنێ.....................................................575-524
کوڕێکی دوور لە ولاتم........................................................612-576

**پێشەکی نوسەر:**

**سەرەتا بەناوی خوا، سڵاوات لەسەرگیانی پاکی پێغەمبەر. سووپاس بۆ خوای گەورە دوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر توانیم یەکەم کتێبی چیرۆکەکانم بڵاو بکەمەوە. من بەدڵ چیرۆکم نووسی وبڵاوم کردەوە هیوادارم تۆی خوێنەریش بە دڵ بیخوێنیتەوە و سودی لێ وەرگریت و بە دڵت دەبێت. ئەم کتێبە کۆمەڵە چیرۆکێکی ژیانی کەسانیترە کە ئومێدەوارم ببێتە پەند ئەگەر بۆ تاکێکیش بێت لەم کۆمەڵگایە.**

**سووپاسی خێزانەکەم و گشت دۆستان دەکەم بۆ هاوکاری کردنم بۆ گەیشتن بەم ئاستەی ئێستا.**



# مەرگی فریشتەکەم

## چیرۆکی یەکەم

من کورێک بووم هەموو کاتەکانم بە قومار و خواردنەوە و رابوواردن بە کچانەوە بەرێ دەکرد. کەیفم لەو شتانە دەبینی هەر ڕۆژە و لەگەڵ کچێکا بووم. کە لەو کچە بێزار دەبووم، دەچوومە لای کچێکیتر و بە قسەی خۆش و درۆی جوان و بریسکەدار و هەزارەها فێڵ ڕۆژانەم پێی بەڕێ دەکرد. من و کۆمەڵێ هاورێم بەو جۆرە ژیانمان بەڕێ دەکرد. ڕۆژێ لە گرووپێکی فیسبووک پۆستێکی ئاینی کرا بوو. خاوەن پۆستەکە کچێك بوو. بۆیە گووتم (با وەک کچەکانیتر قسە لەگەڵ ئەمەش بکەم و کاتەکانمی پێ بەڕێ بکەم و هەڵیخەڵەتێنم). نامەم بۆ کچەکە نارد

- ببورە، پرسیارێکم هەیە سەبارەت بە پۆستەکەت، تکایە وەڵامم بدەرەوە.

ئەو چاتەی کە ناردبووم بۆ ئەو کچە، هەر وەڵام نەدرابویەوە. منیش هەر لە خەیاڵم بوو بۆیە دووبارە نامەم ناردەوە.

- تکایە وەڵامم بدەرەوە، سەبارەت بە پۆستەکەت پرسیارم هەیە.

لە دوای یەك کاتژمێر وەڵامی دامەوە.

- فەرموو براکەم.

منیش دوای سڵاوکردن

- دەتوانم لە کاتت بگرم و قسە بکەین؟

کچەکە وەڵامی دا

- فەرموو کاکە چۆن یارمەتیت بدەم؟

نازانم بۆچی لەو کاتە نەمتوانی هیچ بڵێم. هەر وەک لاڵم لێهاتبوو. لە کاتێکدا کە چاتم بۆکچەکانیتر دەنارد ڕاستەوخۆ

داوای یەکتر ناسینم لێی دەکرد، بەڵام بەرامبەر ئەم کچە زمانم لاڵ ببوو . نازانم چۆن ئەوە هاتە مێشکم بنوسم.

- ببورە پۆستەکەتم خوێندەوە کە سەبارەت بە نوێژە، منیش نازانم نوێژ بکەم، چۆن بیکەم و فێربم؟

کچەکەش گووتی

- کاکە گوڵ نوێژ یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام و خودا لەسەر ئێمە فەرزی کردووە و یەکەم پرسیاری ناو گۆڕیشە. من نوێژت فێر دەکەم و گشت شێوازێکیت بۆ ئەنووسم و یارمەتیت دەدەم تا فێری ببیت.

منیش گووتم

- ئێ زۆر باشە. سووپاست دەکەم.

لە ڕاستیدا من پێویستم بە شێوازی نوێژ نەبوو چونکە من کەسێك بووم هەرگیز گرنگیم بەم شتانە نەئەدا و تەنها خەریک ڕابواردن و خۆشی خۆم بووم. ئەو کچە پێی گووتم

- زۆر خۆشحاڵ دەبم فێری نوێژت بکەم و خودا لێم ڕازی بێت و خێرم بۆ بنوسرێت. ئێستا لە خەت دەڕۆم دواتر هەموویت بۆ دەنووسم و وێنەی دەگرم بۆت دەنێرم.

منیش گووتم

- باشە. دووبارە سووپاس.

خودا حافیزیمان لە یەکتری کرد. ئینجا من وەک ڕۆژانیتر دەستم بە قسە کردەوە لەگەڵ کچەکانیتر. دوای ماوەیەك کچەکە چاتی بۆم ناردەوە و شێوازی نوێژ کردنی بە تەواوی تێگەیاندم و فێری نوێژی کردم. منیش سووپاسیم کرد و داوای یەکترناسینم لێی کرد. کچەکە گووتی

- ناوم فریشتەیە. تەمەنم 20 ساڵە خەڵکی سلێمانیم.

منیش خۆمم پێی ناساند

- منیش ئاراسم، تەمەنم 23 ساڵە. خەڵکی هەولێرم.

کات هات و ڕۆیشت ئەو کچە هەموو ڕۆژ ئامۆژگاری دەکردم و ڕێگای خودا و ڕێگای ڕاستی نیشان دەدام. هەمیشە زیکر و قورئانی دەنارد و بە یەکەوە دەمان خوێند. بەڕاستی سەرسام بووم کە چۆن ئاوا بەڕێزە. هەموو شتێکی فێر کردم و قسە و ئامۆژگاریەکانی زۆر کاری تێکردم تا وای لێهات دەستم بە نوێژ کرد و دوور کەوتمەوە لە هەرچی کچ و هاورێی خراپە. وام لێ هات گەر ڕۆژێك قسەم لەگەڵ نەکردایە شێت دەبووم. ئەوەندە بەڕێز بوو هەر کەسێکیتر بووایە لە بری من خراپتر دەبوو. ئەو کچە فریشتەیەکی خودایی بوو بۆ من هاتبوو. فێری هەموو شتێك و پەروەشی بیبینی خۆی کردم، بەڵام شەرمم

دەکرد داوای وێنەی لێ بکەم لە کاتێکدا بۆ ئەوانیتر وانەبووم و زۆر ئاسایی داوای وێنەم لێیان دەکرد. خوایە من چی بکەم؟ زۆر حەز دەکەم ئەم فریشتەیەت ببینم. کات هات و ڕۆیشت ئەم کچە زیاتر زیکر و یادی خوای بە بیرم دەهێنایەوە. ڕۆژێك وێنەی خۆم بۆی نارد و گووتم: جوانم؟

فریشتە گووتی

- بەڕێزی کاکە گوڵ، تەمەن درێژ بیت.

سەیرم پێهات کە وای گووت چونکە کاتێک وێنەم بۆ کچەکانیتر دەنارد دەیان گووت (تۆ کورێکی زۆر جوان و باڵابەرز و چوار شانەی) بەڵام ئەو هیچی نەگووت جگە لە گووتنی بەڕێزی و کاکە گوڵ. هەمیشە پێی دەگووتم کاکە قەت لە سنوور دەرنەدەچوو.

ڕۆژێك پێی گووتم:

- کتێبکی ئاینیم بۆت داناوە بیخوێنیتەوە دڵنیام سوودی بۆت دەبێت و زیاتر لە خوا نزیکت دەکاتەوە، بەڵام نازانم چۆن پێت بدەم.

زۆر دڵخۆشبووم.

- ناونیشانتم بەرێ، کێشە نیە من دێم بۆ لات.

زۆر دڵخۆشبووم کە بەم هۆیە ئەتوانم ببینم. فریشتە گووتی

- نازانم چۆن یەک ببینین من هیچ کات لەگەڵ هیچ کوڕێك یەکمان نەبینیووە بەڵام تۆ جیاوازیت و کاکە گوڵەکەی منیت و ماوەیەکی زۆریشە ئەتناسم بێگومان یەك ئەبینین و کتێبەکەشت پێ ئەدەم.

ناونیشانم لێی وەرگرت و چاوەڕێ بووم بەیانی بێت و ببینم. ئەو شەوە هیچ نەخەوتم تاوەکو ڕۆژ بویەوە. خۆم جوان کرد و بۆنم لە خۆم دا و چووم بۆ ئەو ناونیشانەی فریشتە پێی دابووم.

جێگاکە باخچەیەك بوو کە گەشتم تێلم بۆی کرد و دوای سڵاو پرسیم

- چۆن بتناسمەوە؟ من لەو باخچەیەم کە تۆ پێت ووتم.

فریشتە گووتی

- جلێکی زەردم لە بەرایە لەگەڵ لەچکێکی ڕەشم.

چەن پەڕۆش و تامەزرۆ بووم بۆ بینینی چەن حەزم دەکرد ببینم. دوای کەمێك گەڕان لە باخچەکەدا ببینم. ئاخ خوایە ئەوە بەڕاستی فریشتەیە، چەند جوان بوو. خوایە بەڕاستی تۆ بەندەی وات درووست کردووە؟ تاسابووم بە بینینی زیاد لە نیو کاتژمێر تەنیا سەیریم دەکرد بەڕاستی زۆر جوان بوو. نەمدەزانی ئەوە فریشتەیە یا مرۆڤ.

کە چوومە پێشەوە لێی و سڵاو چاکی و چۆنیم لێی کرد. ئەویش بە بزە و زەردەخەنەوە سڵاوی کرد و بەو شێوەیە زیاتر

شەیدای بووم. کە پێدەکەنی ڕوومەتەکانی چاڵ دەبوون. دەمی بچووک و چاوی سەوز و ڕووخسارێکی سپی هەبوو ئەتوت بەفرە. بەڕاستی زۆر جوان بوون بە جوانیەکەی شۆک ببووم. تا ئەوەی گووتی

- باشی کاکە گوڵ؟

پەشۆکام

- ها..بەڵێ. باشم تۆ چۆنی؟

فریشتە پێکەنی

- سووپاس بۆ خوا باشم یاخوا هەمیشە باشبیت. فەرموو ئەمە کتێبەکە.

کتێبەکەی پێدام و ویستی بڕوات. ڕێگام گرت

- بوەستە با داوەتێکت بکەم هەر نا با چاکەکەت بدەمەوە.

گووتی

- پێویست ناکات سووپاس دەبێ بڕۆم.

بێ ئەوەی هیچیتر بڵێ ڕۆیشت و منیش نەمتوانی زۆری لێ بکەم، بەڵام هەر لە بیر و خەیاڵم بوو. هەتا گەڕامەوە شارەکەی خۆم بۆ خولەکێکیش لە مێشکم دەرنەچوو. کاتی گەڕانەوەم بۆماڵەوە هاورێ خراپەکانی ڕابردووم بینی. ئەوانەی لەگەڵیان خەریک خواردنەوە و تلیاک و حەشیشە بووم.

- چیە ماوەیەکە دیار نیت؟ ئەڵێی ئێمەت بیرچۆتەوە؟

گووتم

- بەڵێ بیرم چۆتەوە و ئێوەم بیر نەماوە من وازم لە هەموو ئەو کارانە هێناوە ئیتر وازم لێ بێنن.

گووتیان

- بۆ بە دڵی خۆتە وازبێنێ و بڕۆی ها؟ بەیانی دێیتە ئەو شوێنەی کە پێشتر لێی کۆدەبوینەوە.

تورە بووم

- نایەم من تێکەڵی کارەکانتان مەکەنەوە و لێم دووربن.

ئینجا دواتر کەمێ شەر لە نێوانمان ڕوویدا و رووخساری دوانیانم بریندار کردوو ڕۆیشتم.

ئەوان گووتیان

- ئەمەت بەسەرەوە ناچێ. ئەبێت تۆڵەت لێی بکەینەوە.

بۆیە هەڵسان بە هاک کردنی فیسبووکەکەم. هەموو چاتەکان من و فریشتەی تێدا بوو. ئیتر زانیان ئەو کچە نزیکترین هاورێمە و هۆکاری گۆڕانی من و دوور کەوتنەوەیە لەوان. هەر لەبەر ئەمەش بە دوایدا گەڕابوون و دۆزیبویانەوە و

ڕفاندبوویان. ئاخ لەو ڕۆژە ناخۆشە. هەندێ ڕۆژی ناخۆش هەیە وەک ساڵێك دەڕوا.

تێلیان بۆم کرد

- گوێ بگرە کورە ئەوە کچە هاورێکەتمان لایە لەو گەڕاجەیە کە هەموو جار کۆبوونەوەمان لێی دەکرد. باش بزانە گەر بتەوێ بە سەلامەتی بگەڕێتەوە ئەبێ کارمان بۆ بکەیت ئەگینا ئەو کچە دەکوژین.

کە ئەوەم بیست شێت بووم و هاوارم کرد

- کورە خوێریانە بەو خوایە شتێك لە فریشتەکەم بکەن ئەتان تۆپێنم نەکەن دەستی لێ بدەن.

گووتیان:

- باشە تۆ ئازادی یا دێیتەوە لامان یا ئەو کچە دەکوژین.

گووتم:

- هەرگیز تێکەڵ بە کارە پیسەکانتان نابمەوە دووركەونەوە لە فریشتەکەم.

ئەوان تێلەکەیان بەسەرم داخستەوە منیش ڕاستەوخۆ بەرەو گەڕاجەکە ڕام کرد کە گەیشتم چیم بینی خوایە گیان فریشتەکەم بە مردووی لەسەر زەوی کەوتبوو. ئاخر بۆ ئاوا بوو خودایە. ئەو خوێریانە دەستدرێژیان کردبوویە سەری و دواتریش دوو فیشەکیان لێی دابوو. ڕام کرد و باوەشم پێی کرد و هاوارم کرد

- نا نا فریشتەکەم توخوا با نەمرێ فریشتەکەم توخوا چاوەکانت بکەرەوە وەرەوە دیسان زیکر و ڕێی ڕاستم نیشان بدە. هەڵسە دووبارە ئامۆژگاریم بکە توخوا وەرەوە بەیەکەوە با نوێژ بکەین. لەم دوونیایە، لەم دۆزەخەدا بە تەنیا جێم مەهێڵە من چۆن بێ تۆ بژیم؟ ئاخر جگە لە تۆ من

کێم هەیە قسەی دڵمی پێ بڵێم ؟ مەڕۆ توخوا فریشتەکەم جێم مەهێڵە. بۆ وای لێی هات خوایە؟ من ویستم پێی بڵێم خۆشم دەوێت. دەمەویست پێی بڵێم ببە خێزان و دایکی منداڵەکانم و با منداڵەکانم وەک تۆ دەرچن. فریشتەکەم تۆ ببە خێزانم و بەیانیان بۆ نوێژ بانگم بکە و لەگەڵم قورئان بخوێنە و ڕێگای ڕاستم نیشان بدە.

هاوارم دەکرد و دەگریام. سوێندم خوارد تۆڵەی فریشتەکەم لەو هیچ و پووچ و خوێریانە بکەمەوە و بیانکوژمەوە. نەمئەزانی دوای فریشتەکەم چۆن بژیم. نەمدەتوانی تەرمی فریشتەکەم بۆ خێزانەکەی ببمەوە. ناچار تێلم بۆ پۆلیس کرد

- تەرمێکم دۆزیووەتەوە ئەمە ناونیشانەکەیە، تکایە وەرن.

پۆلیس هات و بردیان. من خۆم شاردبویەوە و چاودێری بە خاك سپاردنیشیم دەکرد. تەرمە جوانەکەیان بە خاک سپارد و

خستیانە ژێر خاکەوە ئاخ منیش مردم دوای ئەو. چەند ڕۆژ لە ماڵ بووم وەک شێتم لێ هاتبوو. پیلانم دانا چۆن ئەو خوێریانە بتۆپێنم کە ئاوایان لە فریشتەکەم کرد بۆیە هەڵسام چاودێریم خستە سەریان و شوێنیان کەوتم و زانیم لە کام یانەی شەوانە ئەمێننەوە. زۆر جار بۆ ڕابواردن دەچوونە ئەوێ. ئەو کاتەی کە لە یانەکە دەرچوون سەرخۆش بوون. بۆیەش توانیم بە ئاسانی بە شەق بیانخەمە نێو ئۆتۆمبێل و بردمن بۆ ئەو گەراجەی کە فریشتەکەمیان تیا کوشت. ئەوەنە تورە ببووم جگە لە تۆڵە کردنەوە چاوم هیچیتری نەدەبینی. سەرەتا زۆر زۆرم لێیاندا و پڕ شەقیانم کرد. هاوارم بە سەریان کرد

- بۆچی واتان کرد؟ من تەنها ئەوم هەبوو بۆ فریشتەکەمتان کوشت؟ هەموو خەون خەیاڵەکانم ئەو بوو هەموو ژیانم ئەو بوو بۆ واتان کرد ئاخر بۆ؟ من بێ ئەو چۆن بژیم؟

کاتێ ویستم بەر فیشەکیان بدەم فریشتەکەم هاتە بەرچاوانم و گووتی( نا ئاراس وامەکە دەستت بەوانە پیس مەکە لێگەڕێ خوا تۆڵەی منیان لێبکاتەوە تۆ تەنها لە سەر ڕێگای خودابە)

ئەم دەنگ و سەدایەی فریشتەکەم تۆزێ هێمنی کردمەوە و هەڵسام دووبارە تێلم کرد بۆ پۆلیس کرد

- هەواڵێکم لایە ئەو کچەی کە کوژرا و ناوی فریشتە بوو. بکوژەکانی لە هەمان ئەو شوێنەن کە ئەو کچەیان تیایدا کوشت.

ئیتر پۆلیس هات و من و ئەوانیش دەستگیر کراین و بۆ لێکۆڵینەوە بردراین. من و ئەوانیش لەسەر کارە پیسەکانی ڕابردوومان کە ئاشکرا بوو لە سەرمان سزا دراین و زیندانی کراین. دوای دەرچوونم لە زیندان چوومە سەر گۆری فریشتەکەم و بەڵێنم پێی دا کە هەرگیز لە بیری نەکەم. من ئێستا

هەموو ڕۆژ لە نوێژەکانم دووعای بۆ دەکەم دەڵێم: خوایە لەم دونیا ئەوت پێ نەدام، بەڵام لە دوونیاکەیتر پێمی بدە لە بەهەشتەکەت بە یەکەوە بین خودایە.

بەڵێنم داوە هەرگیز هاوسەرگیری نەکەم و فریشتەکەم لە بیر نەکەم. ئێستا لە فیسبووک بەردەوام پۆست ئاینی دەکەم. وەك فریشتەکەم خەڵك دەهێنمە سەر ڕێگای ڕاست و یارمەتیان دەدەم.

بۆیە لێرەوە بە هەمووتان دەڵێم: دوورکەونەوە لە هاوڕێی خراپ چونکە هەردوو دوونیا دەدۆڕێنن بەهۆی هاورێ خراپەوە. دڵنیام فریشتەکەم لە بەهەشت چاوەڕێمە، بۆیەش بەردەوام دەبم لە نوێژ و زیکر و قورئان خوێندن. دەمەوێ لەو دوونیا بەو شاد ببمەوە



# هاوسەرگیری هاوڕێکەم و خۆشەویستەکەم

## چیرۆکی دووەم

من ناوم یارایە کچێکی باڵا بەرز و چاو ڕەشم. قژێکی درێژی ڕەشم هەبوو. باسی خۆم ناکەم، بەڵام لە لادێکەمان کەس وەک من جوان نەبوو. هاورێیەکی زۆر نزیکم هەبوو بە ناوی نازە پێم نەدەوت هاورێ بەڵکو پێم دەوت خوشک چونکە لە خوشک بۆم زیاتر بوو هەردووکمان خوێندکاری ئامادەیی پۆلی 10 بووین.

لە لادێکەمان قووتابخانەکەمان تێکەڵاو بوو کورەکانی پۆلەکەمان هەمیشە هەوڵیان ئەدا لێم نزیک ببنەوە، بەڵام من هەمیشە خۆم لێیان بە دوور دەگرت چونکە من گاڵتەم بە خۆشەویستی دەهات و تەنها گرنگیم بە خوێندنەکەم دەدا. زیرەکی پۆل بووم مامۆستاکانم هەمیشە دەست خۆشیان لێ دەکردم. ئاواتم ئەوە بوو قۆناغی ئامادەیی بە سەرکەوتویی ببرم و بچمە زانکۆ.

نازەی هاورێم هەمیشە پێی دەگوتم

- تۆ بەو جوانەیەت کورەکانی لادێکەمانت شێت کردووە ڕۆژێك دێ کورێك لە زانکۆ لەبەر تۆ شێت دەبێت ئەگەر وانەبوو ئەوا من ناوم نازە نەبێت.

منیش بە پێکەنینەوە دەمگووت

- جا کێ ووتویەتی شێتی من بن و خۆشیان بوێم خۆ کچ بڕان نیە ئەم دوونیایە و ئەم شارە کچی جوانتر لە منی لێیە با بچن ئاشقی ئەوان بن.

من و نازە دایم بە یەکەوە بووین و هەموو شتێکی ژیانمان بە یەک دەگووت. نزیکترین کەسی ژیانم بوو. ڕۆژێك هەواڵێکی ناخۆشم بیست ئەویش ئەوە بوو کە گووتیانماڵی نازە ماڵ دەگوازنەوە بۆ شارێکیتر بە هۆی کاری باوکیەوە. بۆ من ئەم هەواڵە زۆر ناخۆش و خەمگین بوو. دەگریام چونکە چیتر

نەمدەتوانی نازە ببینمەوە ئاخر ئەو هیچی لە خوشک بۆ من کەمتر نەبوو ئەوان ڕۆشتن و منیش چیتر نازەم نەبینیەوە.

بەم شێوەیە ژیانم بەردەوام بوو تا پۆلی 12ـم بە سەرکەوتووی بڕی و ناوم یەکێک لە زانکۆکانی شار هاتەوە. نەچومە داخلی بەڵکو چوومە ماڵی مامێکم کە لە شار دەژیان. ئامۆژن و مامەم وەک کچی خۆیان منیان خۆشدەویست. چوومە زانکۆ و بە خەونەکەم گەیشتم سووپاس بۆ خوا.

لە زانکۆ هەمیشە خۆم لە کورەکان بە دوور دەگرت چونکە باوەرم بە کەسیان نەبوو بۆیەش تێکەڵیان نەدەبووم تەنها گرنگیم بە خوێندنەکەم دەدا. لە زانکۆش یەکێک بووم لە خوێندکارە زیرەکەکان و جێگای دەست خۆشی مامۆستاکانم بووم و هەمیشە شانازیان پێوە دەکردم. ڕۆژێك وەک ڕۆژانیتر چوومە زانکۆ کوڕێکی گروپەکەمان هەبوو بەردەوام سەیری دەکردم

ناوی دانا بوو. ڕاستی ئەمە یەکەمجاری نەبوو سەیرم بکات. زۆرجار لە ناو مەحازرە و تا دەردەچووم لە زانکۆش هەر سەیری دەکردم، بەڵام من گرنگیم پێی نەدەدا و هەر وەک کورانیتر سەیرم دەکرد. هەموو ڕۆژ کە دەهاتمە زانکۆ لە بەر دەرگا چاوەڕێی دەکردم و هەمیشە تا دەگەیشتمە پۆل و تا دەردەچووم لە زانکۆ هەر بە دوامەوە بوو بەو شێوەیە من زیاتر ڕقم لێی دەبویەوە. ڕۆژێ محازەرەم تەواو بوو چوومە کافتریا و دانیشتم. دوای کەمێك دانیشتن کچێکی گرووپی خۆمان هات و نامەیەکی پێدام

- یارا ئەم نامەیە بۆ تۆ هاتووە بیخوێنەوە. کە خوێندتەوە بچۆ بۆ باخچەی زانکۆ و وەڵامی ئەم نامەیە بدەوە بەرامبەر ئەو کەسەی بۆتی نووسیووە و ناردوویەتی.

منیش کردمەوە و خوێندمەوە بینیم کێ نامەی بۆ ناردوومە؟ هەمان ئەو کورەی کە بەردەوام سەیری دەکردم و چاودێری دەکردم واتا دانا. لە نامەکەدا خۆشەویستی خۆی بۆم دەربری بوو منیش بێ ئەوەی گشتی بخوێنمەوە چوومە باخچەکە و نامەکەم لەبەر چاوانی چاوی دڕاند.

- لە من دووربە و چیتر سەیریم مەکە و شوێنم مەکەوە.

ڕاستی من زۆر گاڵتەم بە ئەشق و خۆشەویستی دەهات هەر کاتێ هاوڕێکانم بیان گووتایە (ئاشقی کەسێکین) سەرەتا دوونیایەك پێیان پێدەکەنیم ئینجا ئەمگووت

- خۆشەویستی تەنها یاری منداڵانە.

دوای ئەو ڕۆژە چەند ڕۆژێك تێپەری و دانا نەئەهات بۆ زانکۆ و کە دەهاتمە زانکۆ کەس نەبوو چاودێریم بکا و تا دەچمە ناو محازەرە سەیرم بکات و هەتا دەردەچم لە زانکۆ چاودێریم

بکات. پێم سەیر بوو بۆ دانا دیار نیە و نایەتە زانکۆ. هەڵسام چووم بۆ لای کچێکی هاوگروپمان و پرسیم

- بۆچی دانا نایەتە بۆ زانکۆ؟

کچەکە گووتی

- بۆ نەتزانیووە؟

گووتم

- چی بزانم؟

گووتی

- دانا تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بووە و زۆر بە سەختی بریندار بووە، بەڵام سووپاس بۆ خوا ئێستا باشە و لە مردن ڕزگاری بووە.

منیش گووتم

- نەخێر نەمزانیووە ئەی ئێستا چۆنە؟

گووتی

باشە ئێمە بە تەماین سەردانی بکەین گەر تۆش پێت خۆشە وەرە.

منیش گووتم

- نا نایەم.

گەڕامەوە ماڵ هەر فکرم لای دانا بوو نازانم بۆچی؟ بەڵام بەراستی حەزم دەکرد بیبینم بزانم حاڵی باشە. بۆیە تێلم کرد بۆ کچە هاورێکەم

- کەی دەچن بۆ لای دانا؟

گووتی

- بەیانی دوای تەواوبوونی دەوامی زانکۆ.

گووتم

- باشە چاوەڕێی منیش بکەن منیش دێم

کچە هاوڕێکەم گووتی

- باشە. پێکەوە ئەڕۆین.

بۆ بەیانی هەڵسام و خۆم جوان کرد و چوومە زانکۆ هێشتا دوو دڵ بووم کە من بۆ دەچم بۆ لای دانا؟ خۆ من زۆر رقم لەو کورە دەبوویەوە نەمئەزانی بۆچی حەزم دەکرد بچم و ببینم بزانم چۆنە؟ گوڵم بۆی کڕی و لەگەڵ هاورێکانم چووین. کە دانام بینی زۆری نەمابوو بگریم. بەڕاستی زۆر بە سەختی بریندار ببوو. ڕۆشتمە لای و هیوای زوو چاک بوونەوەم بۆی خوواست ئەویش گووتی

- مادام تۆم بینی من لە ئەمڕۆوە زووتر چاک دەبمەوە.

منیش زەردەخەنەم بۆی کرد

- ان شاء الله.

دوای چەند ڕۆژێك دانا گەڕایەوە زانکۆ و کە هاتمە زانکۆ و بینیم هاتۆتەوە ڕێک ڕامکردە لای و سڵاوم لێی کرد

- دانا بەڕاستی تۆ ئێستا باشی؟

دانا پێکەنی

- بەڵێ باشم، بەڵام دەستم کەمێك ئازاری ماوە.

زۆر دڵخۆشبووم کە بینیم باش بووەتەوە. بەم شێوەیە و لەم ڕووداوەوە من و دانا ئیتر دایم بە یەکەوە بووین لە زانکۆ و پێکەوە پیاسەمان دەکرد و پێکەوە لە کافتریا دائەنیشتین و پێکەوەش دەرسەکانمان دەخوێند تا ئەوەی ڕۆژێك لە هەمان باخچە و لەو شوێنەی کە جاری پێشوو دانام ڕەت کردەوە و کاغەزەکەم بە ڕویدا دڕاند هەر لە هەمان شوێن دووبارە داوای خۆشەویستی لێکردمەوە

- یارا لەوەتەی تۆم دیووە بەخوا ئاشقت بووم بەخوا لە خەیاڵم دەرناچیت. ئەشقەکەت بە ناو دەمارەکانی خوێنم هاتوچۆ دەکات. یارا من لە نیوە شەودا لە شیرینی خەویشدا تۆ دەبینم. بەیانیان کە هەڵدەستم دێمە زانکۆ یەکەم کارم بینینی تۆیە. یارا تۆ تەنیا ڕازی بە، بەڵێن بێت بتکەمە دڵخۆشترین کچی دوونیا.

ویستم وەڵامی بدەمەوە بەڵام ئەو لێنەگەڕا و بەردەوام بوو لە قسە

- ئێستا جوابم مەدەوە سەرەتا بیرکەوە من چاوەڕێت دەبم تا ئەو کاتەی وەڵامم دەدەیتەوە.

منیش گەڕامەوە ماڵ هەر بیرم لە قسەکانی دانا دەکردەوە تا ئەوەی بریارێکم دا کە چومە زانکۆ بینیم دانا هەر لە ناو باخچەکە بوو چوومە لای و بەیانی باشم لێی کرد

- من ڕازیم ببمە خۆشەویستت، بەڵام بە مەرجێك، دەبێت دوای تەواو بوونی خوێندن بێیتە داوام.

دانا بە دڵخۆشیەکی زۆرەوە و بە چاوی فرمێسکاویەوە

- تۆ بەڕاستە یارا ڕازی بوویت؟

گووتم

- بەڵێ بەڕاستمە منیش خۆشم دەوێی.

قەد دانام وا دڵخۆش نەبینی بوو

- بەڵێن بێت دوای تەواو بوونی خوێندن دێمە داوات و ئەبیتە هاوسەرم و دایکی منداڵەکانم.

بەو جۆرە من و دانا بووین بەدوو خۆشەویستی زۆر جوان کە هەموو لە زانکۆ حەسوودیان پێ دەبردین. دانا هەموو ڕۆژ بە گوڵ پێشوازی لێ دەکردم کە دەهاتمە زانکۆ. لەگەڵ دانا زۆر دڵخۆشبووم و زۆرم خۆشدەوویست. ڕوژێك نەمدیبایە شێت

دەبووم. شەوان تا بەیانی بە نامە و تێل قسەمان دەکرد و باسی هاوسەرگیری خۆمان دەکرد. دانا هەمیشە دەیگووت

- ئەو ڕۆژەی کە تۆ ئەو جلە سپیە بۆ من دەپۆشی چەند جوان دەبیت؟ دڵنیام وەک فریشتە دەبیت. منیش بە قاتە ڕەشەکەمەوە ئەبێت چەند جوان بین بەیەکەوە.

بەیەکەوە بۆ داهاتوو پلانمان دائەنا. هەر لە ئەساسی ماڵ تاوەکو ناوی منداڵەکانیشمان.

دانا هەمیشە دەیگووت

- دوو کچم دەوێت ڕێک لە تۆ بچن.

ئێمە شەو تا بەیانی قسەمان دەکرد و زۆربەی کاتەکانمان بەیەکەوە بوو ئەمەش وای کرد زیاتر ئاشقی دانا ببم. ڕۆژێك لە زانکۆ بووین دانا زۆر بێتاقەت دانیشتبوو بۆیە چوومە لای و گووتم

- دانا گیان چیتە بۆ وا بێتاقەتی؟

دانا گووتی

- دڵم.

گووتم

- گیان دڵم قووربانت بێت چیتە بیڵێ.

دانا گووتی

- یارا گیان لەم ژیانە تەنها تۆم هەیە و تەنها تۆم خۆش دەوێ. من تەنها ئاشقی تۆم.

گووتم

- ئەوە دەزانم دڵم منیش تۆم زۆر خۆشدەوێت گیانم.

دانا گووتی

- یارا دەبێت شتێکت پێ بڵێم.

گووتم

- بڵێ دڵم.

دانا گووتی

- یارا من لێرە دەڕۆم.

گووتم

- بۆ کوێ دەڕۆیت؟

دانا گووتی

- باوکم دەمنێرێتە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن، بەڵام بەڵێن بێت قەد تۆ لە بیر ناکەم لەوێش دایم قسە دەکەین و پێکەوە دەبین.

منیش دامە پرمەی گریان

- دانا چۆن دوای تۆ بژیم؟ چۆن بەرگەی دووری تۆ بگرم؟ چۆن بژیم ها؟ مەڕۆ جێم مەهێڵە. بە تەنها چی بکەم لێرە؟

دانا گووتی

- یارا بەڵێن بێت دێمەوە لات، بەڵام قسەی باوکمە و ناتوانم بیشکێنم. خوێندنەکەم تەواو دەکەم و دەتکەمە هاوسەری خۆم و دەتبەم بۆ دەرەوەی وڵات بەیەکەوە لەوێ دەژین.

هیچم نەگوت و بە گریانەوە گەڕامەوە ماڵ. لەو ڕۆژەوە تاوەکو بەیانی ڕۆژی دواتر هەر دەگریام و هیچ نەخەوتم. دانا تێلی کرد و گووتی

- یارا من دەڕۆم دەمەوێ بۆ کۆتا جار بتبینم لە زانکۆ چاوەرێتم.

بە چاوی پر گریانەوە ڕۆیشتمە لای و باوەشم پێی کرد

- خۆشم دەوێیت دانا چاوەڕێتم. بەڵێن بێت شوو نەکەم و ببمە هی تۆ و چاوەڕێت بکەم. لە بیرم مەکە زۆرم خۆش دەوێیت.

دانا گووتی

- چۆن لە بیرت دەکەم ها؟ من زیاتر خۆشم دەوێی. دڵم یارا گیان ئاگات لە خۆت بێت و باش بخوێنیت تا خوێندن تەواو بکەیت و بگەیەن بەیەک.

منیش گووتم

- بەسەرچاو خەمی منت نەبێت. وەعد بێت باش بخوێنم.

دانا ڕۆیشت و دوو هەفتە تێپەری هیچ هەواڵێک لێیەوە نەدەهات نە تێلی دەکرد نە نامەی دەنارد و موبایلی داخرا بوو. لە هاورێکانی زانکۆ پرسیاریم دەکرد کەسیان هەواڵی ئەویان نەدەزانی. خەریک بوو شێت بم. شەوان بە گریانەوە دەخەوتم

و فرمێسکەکانم دەڕژانە بان وێنەکانی داناوە. گوێم لە نامە دەنگیەکانی دەگرتەوە. من بەوانەوە دەژیام چونکە کە گوێم لێی دەگرت سەرەتا پێدەکەنیم دواتر دەگریام. حاڵی من هەر بەو شێوەیە مایەوە و هەر بەو شێوەیە لە هەواڵی دانا بێخەبەر بووم. باوەڕم نەدەکرد بە ئاسانی منی لە بیر کردبێت و ئێستا لەگەڵ کچیتر بێت لە دەرەوەی وڵات ئاخر ئەو وەعدی پێ دام بەس منی خۆشبوویێت چۆن خیانەتم لێی دەکا و من لە بیر دەکا؟ هێندە دەگریام ئاگام لە خوێندن نەما و ئەو جوانیەی جارانیشم نەما. زۆریش زەعیف ببووم. ئاخر پێم بڵێن ئەوە مردن نیە هەواڵی ئەو کەسە نەزانی کە خۆشت دەوێت؟ ئەگەر ئەمە ئەشق و مەرگ نەبێت ئەی چیە؟ ئەگەر لێیتانیان پرسی ئەشق چیە؟ بڵێن مردن و زیندووبوونەوەی یادگارییەکانی مەعشووقەکەتە. منی داماو و بێ بەخت چی بکەم تا هەواڵی

ئەوم دەست بکەوێت؟ قسە و پێکەنینەکانی هەموو شەو دەیانگریاندم ئاخ خوایە ئەوە چ مردنێکە؟

ڕۆژێ چوومە بازار، خوایە لە بازار کێم دی؟ نازەی هاورێم. ئەو کچەی هاوریێ منداڵی و خوشکی ژیانم بوو بەڕاستی زۆر دڵخۆشبووم چونکە زۆر بیرم دەکرد. کە بینیم لە باوەشم کرد و تێر تێر گریام. باوەرم نەدەکرد نازەم دیوەتەوە کە چەندین ساڵ بوو لێم دابڕابوو.

نازە باوەشی پێمدا کرد

- یارا بۆ وا گۆراوی؟ زۆر زەعیف بوویتە. ئەوە چۆنە وا لە شاری؟

گووتم

- تۆ وەرە با بچینەوە ماڵی مامەم هەموو شتت بۆباس دەکەم.

کاتێ گەڕاینەوە ماڵ هەرچی هەبوو بۆیم باسکرد وەك چۆن سەردەمانی زوو بەردەوام هەموو شتمان بە یەک دەووت و هیچمان لەیەک ناشاردەوە.

ئینجا نازە گووتی

- یارا با هەواڵێکی خۆشت پێی بڵێم.

گووتم

- چیە بیڵێ؟

گووتی

- من شوو دەکەم. دەبێت بێیتە حەفلەکەم.

منیش گووتم

- پیرۆزە پیرۆزە چۆن نایەم بێگوومان دێم.

بۆ ڕۆژی ئاهەنگەکەی نازە خۆم گۆری و خۆم جوان کرد. عەزییەکی سپیم لەبەر کرد و چوومە ئاهەنگی نازەی هاورێم. نازەم بینی زۆر جوان بوو. کە زاوام بینی شۆک بووم. خوایە خۆ ئەوە دانایە. بەڵێ دانا زاوا بوو. دەستی لە نێو دەستی نازە بوو باوەرم نەدەکرد ئەمە ڕاستی بێت. چۆن دەبێت لەم وڵاتە بێت و بە منی نەوتبێت؟ چۆن دەبێت منی لە بیر کردبێت؟ چۆن دەبێت لە من نەپرسێتەوە؟ خەریك بوو شێت بم کە ئەوم بینی. دانا بە قاتە ڕەشەکەیەوە و بە ڕیشە تەنکەکەیەوە و بە چاوە قاوەیەکەی و باڵا بەرزەکەیەوە بەڵێ خۆیەتی. ئەوە دانای منە. نەمدەزانی سەیری دانا بکەم کە ئاوا جوانە یان سەیری نازە بکەم کە دانا بووە بە هی ئەو. هەر ئەمگووت(خوایە چی بکەم) چاوم لەسەر دانا لانەدەبرد. بیرم دەهاتەوە چۆن هەمیشە دەیگووت

- من بە قاتە ڕەشەکەمەوە و تۆش بە جلە سپیەکەتەوە دەبێت چەند جوان بین پێکەوە.

دەمبینی ئەو بێ من چەن جوانە بەو قاتە ڕەشە و منیش جلی کفنم لەبەر کردووە بێ دانا. ئاخر چۆن شێت نابم؟ ئەو کەسەی ژیانم بوو ئەو کەسەی هەموو گیانم بوو ئێستا دەستی لە نێو دەستی کچێکیترە جا کێ؟ نازەی هاورێم. ئەو نازەیەی هاورێی منداڵی و خوشکم بوو. نەمدەتوانی چاوم لەسەر دانا لابەرم و سەیری نەکەم. بەس چۆن دەبێت سەیری بکەم؟ لە کاتێکدا ئیتر هی من نیە. دەمەویست هاوار بکەم و بڵێم(هۆ خەڵکینە سەیری خۆشەویستەکەم بکەن بە قاتە ڕەشەکەی و ڕیشە تەنکەکەی و چاوە قاوەیی و باڵا بەرزەکەیەوە چەندە جوانە، بەڵام چیتر بۆ من نیە)

چوومە پێشەوە پیرۆزبایم لێیان کرد. دانا سەیری کردم کاتێ بە نازەم ئەوت( پیرۆزە ئەی هاورێ و خوشکی ژیانم. پێکەوە دڵخۆشبن وبەختەوەربن) دوایش چوومە لای دانا

- پیرۆزە. بەختەوەربن.

کاتێ نازە مەژغوڵی میوانەکان بوو ئینجا چوومە لای دانا

- سووپاس کە چاوەڕێت کردم سووپاس کە خۆشت ویستم. سووپاس کە لەگەڵم بووی سووپاس بۆ بەڵێنەکانت.

دانا گووتی

- بمبوورە یارا.

گووتم

- بێدەنگ بە دەست لە نێو دەستی نازەی هاوڕێمە. چۆن بتبوورم ها؟

ئینجا بێ ئەوەی هیچیتر بڵێم ئاهەنگەکەم جێهێشت و بە گریانەوە گەڕامەوە ماڵ. شەو تا بەیانی نەخەوتم بە چاوی

گریانەوە وێنەکان دانام دڕاند و هاوارم لە وێنەکانی دەکرد و دەمگووت

- بۆ وات کرد ها بۆ خیانەتت لیٚ کردم؟ تۆ ئەشقەکەی من بوویت من.

بەیانی ڕۆژی دواتر گەڕامەوە زانکۆ بینیم دانا هاتۆتەوە بە خۆی و ئەڵقەی دەستیەوە هەموو هاورێکانی زانکۆ پیرۆزبایان لێی دەکرد. دانا منی بینی و هاتە لام

- یارا سوێند بەخوا بە دەست خۆم نەبوو ماڵەوە ناچاریان کردم ژن بێنم. زانیان لەگەڵ تۆ پەیوەندیم هەیە تورە بوون و باوکم حاشایی لێی کردم بۆ ئەوەی لە تۆ دووربم ناردمیان بۆ دەرەوەی وڵات. دوایش کە هاتمەوە گووتیان دەبێت ژن بێنیت ئەو کچەی ئێمە بۆمان هەڵبژاردووی من تا ئێستاش تۆم لە بیر نەکردووە یارا سووێند بەخوا.

زۆر گریام و هاوارم کرد

- درۆزن تۆ قەت منت خۆش نەویستوە و قەت ئاشقی من نەبویت منت خۆش بویستایە جێت نەدەهێشتم برۆ دڵخۆشبن چیتر نامەوێ بتبینم.

دانام جێهێشت و چوومە محازەڕەوە چونکە تاقیکردنەوەم هەبوو. بەهۆی ئەم دۆخەی خۆمەوە نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە. من ئەو کچە زیرەکە بووم کە جگە لە خوێندن گرنگیم بە هیچ نەئەدا. ئاواتم ئەوە بوو خوێندنەکەم تەواو بکەم ئاخر ئێستا ناتوانم هیچ وەڵام بدەمەوە.

بە چاوی بە گریانەوە کاغەزی تاقیکردنەوەم دایە مامۆستا مامۆستا گووتی

- یارا ئەوە بۆ هیچت وەڵام نەداوەتەوە؟ دەزانی لە تاقیکردنەوەکانیتریش خراپ بووی؟ کچم هیچ زیرەکی جارانت نەماوە ئەزانی وا بڕوا ئەمساڵ دەمێنیتەوە؟

هیچم نەگووت و هەر بە گریانەوە گەڕامەوە ماڵ. ئامۆژنم زانی دەگریەم هاتە لام و گووتی

- یارا کچم ئەم ماوەیە هەست دەکەم هیچ باش نیت بەردەوام خەمباری. دەی چیتە کچم بۆم باس بکە من وەک دایکت وام کێشەت چیە؟

منیش هەموو شتم بۆ ئامۆژنم باس کرد چونکە کەسێکی تێگەیشتوو بوو. زۆر ئامۆژگاری کردم و گووتی

- کچم بۆچی بۆ کەسێك کە تۆی ناوێت وا لە خۆت دەکەی؟ دەزانی هەزارەها کور خەون بە تۆوە دەبینین.

ئینجا لە لایەن هاورێیەکمەوە تێلم بۆ کرا، کە ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە دەرچوونە و منیش دەرنەچووم هەر بە یەکجاری مردم. هەم ئەشقەکەم هەم خوێندنەکەم لە دەست دا کە ئاواتم بوو.

گەرچی زۆر وێران و دڵشکاو بووم و هیچ شەوێکم بێ گریان نەبوو، بەڵام ئامۆژنم هەمیشە لام بوو و ئامۆژگاری دەکردم و دڵی دەدامەوە.

ڕۆژێ ئامۆژنم گووتی

- یارا شتێکت پێ دەڵێم بەڵام بە خراپ تێمەگە من بۆ چاکی تۆ وا دەڵێم.

گووتم

- فەرموو ئامۆژن.

ئامۆژنم گووتی

- من برازایەکەم هەیە هەمان تەمەنی تۆیە. ڕۆژێك هاتە ئێرە و تۆی دیوە و تۆی زۆر بە دڵ بووە. چی دەڵێی کچم بۆ شووی پێناکەیت؟ دڵخۆشت دەکا و دڵنیابە وات لێ دەکا ئەو کورە لە بیر بکەی. ئەگەر دڵیشت لەسەری نیە قەینا خۆ زۆریت لێ ناکەم شووی پێ مەکە.

منیش بێی ئەوەی بیر بکەمەوە گووتم

- ئامۆژن مادام برازای تۆیە دڵنیام کەسێکی چاکە. بە دایک و باوکم بڵێ بزانە ئەوان ڕازین ئەگەر رازی بوون ئەوا منیش ڕازیم و شووی پێ دەکەم.

من  بۆیە ڕازی بووم تا دانا لە بیر بکەم. ئامۆژنم بە دایک و باوکمی گووت و ئەوانیش ڕازی بوون. بەو جۆرە شووم پێی کرد و ئێستا دوو منداڵم هەیە و زۆریش دڵخۆشم. هاوسەرەکەم وای کرد دانا لە بیر بکەم و بەختەوەری کردم.

له کۆتاییدا دەڵێم:مەرج نیه هەمیشه هاوسەرگیری یه خۆشەویستی دروست ببێت و پڕ له بەختەوەری بێت. هەمیشه خێر لەو شتەدایه که خودا بۆتانی دیاری کردووه .



# ئەو کەسەی ژیانمی گۆڕی

## چیرۆکی سێیەم

تازە لە دەرەوەی وڵات هاتبومەوە لە ڕۆژێکی باراناویدا بە شۆفێرەکەم ووت

- خۆم ئەچم بۆ لای باوکم بۆ کۆمپانیا پێویستم بە شۆفێر نیە.

سویچەکەم لە شۆفێرەکەم وەرگرت و ڕۆیشتم. بارانێکی زۆر بەهێز دەباری لە ڕێگا لە ناکاو ئۆتۆمبێلەکەم لە کار کەوت و دابەزیم و سەیرم کرد، بەڵام هیچم لێی نەدەزانی هەستام تێلم کرد بۆ شۆفێرەکەم

- سەیارەکەم تێک چووە لە فڵانە شوێنم وەرە بیبە و چاکی بکە منیش ببەوە بۆ لای باوکم.

دوای ئەو تێلە ئۆتۆمبێلێك وەستا

- خووشکە گیان چیە ئەڵێی ئۆتۆمبێلت تێک چووە؟

گووتم:

- بەڵێ لە خۆیەوە لە کار کەوت.

گووتی

- ئەتوانم بۆت سەیر بکەم؟

گووتم:

- فەرموو بەڵێ.

دوای ئەوەی سەیری کرد ووتی

- خەتایی پاترەیەکەیەتی لە کار کەوتوە.

گووتم

- تەلەفۆنم بۆ شۆفێرەکەم کردوە ئێستا دێت.

گووتی

- خوشکە کوێت دەوێ پێم بڵێ من تۆ دەگەیەنم.

گووتم

- دەمەوێ بڕۆمە کۆمپانیا.

گووتی

- باشە کەواتە لەسەر ڕێگای خۆم ئەتگەیەنم ئەگەر پێت خۆشە؟

گووتم

- باش.

ئیتر شۆفێرەکەم هات و سوویچەکەم داپێی

- ئەو کورە ئەمگەینەتە کۆمپانیا تۆش چارەی ئۆتۆمبێلەکە بکە.

پاشان ڕۆشتین و منی گەیاندە کۆمپانیا و خۆیشی لەگەڵم هات و چوومە ژوورەکەی باوکم

- باوکە گیان من لێرەم.

باوکیشم باوەشی پیٚ کردم

- قووربانت بم کچە تاقانەکەم، بەخێربیت.

گووتم

- باوکە ئەزانی چی ؟

گووتی

- چی کچم؟

ئیشارەتم بۆ کوڕەکە کرد

- لە ڕێگا بووم بۆ ئێرە ئۆتۆمبێلەکەم تێک چوو ئەم کورە منی گەیاندە کۆمپانیا.

باوکیشم گووتی

- ئەها کچم عومەر دەڵێیت؟

گووتم

- بەڵێ بۆ ناوی عومەرە؟

گووتی

- بەڵێ.

عومەر گووتی

- من هیچم نەکردووە. تەنیا تا ئێرە هێناومە. بەڕاستی نەشمزانی کچی تۆیە.

باوکم سووپاسی عومەری کرد

- عومەر ئەمە کچە تاقانەکەمە ناوی شەونمە و تازە لە سووید هاتۆتەوە.

ئینجا ڕووی لە من کرد

- شووشە گیان عومەر ئەندازیارە لامان و لە کۆمپانیاکەی ئێمە کار دەکات و کەسێ زۆر زیرەکە و چوار زمان دەزانێت و ئەویش لە دەرەوەی وڵات خوێندوویەتی.

منیش گووتم

- خۆشحاڵم منیش لە دەرەوەی وڵات بووم خوێندنم لەوێ تەواو کردووە.

ئەویش گووتی

- خۆشحاڵم خووشکە شەونم.

باوکم گووتی

- وەرە کچم کۆبوونەوەمان هەیە عومەر ئەمڕۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوەکە دەکات و بیرۆکەی خۆی لەسەر پڕۆژەیەک باس دەکات تۆش گوێ لێی بگرە و سوودی لێ ببینە

چونکە لە داهاتوو تۆ دەبیتە جێگرەوەی من و کۆمپانیا دەبێت بە هی تۆ.

گووتم

- باشە بابە گیان.

بەشداری کۆبوونەوەکەم کرد لەوێدا عومەر باسی لە دروست کردنی شووقەیەک دەکرد کە بە چ شێوەیەک دروستی بکەین تا جوان دەرچێت و کڕیاری باشی هەبێت منیش لە کۆبوونەوەکە بەردەوام سەیری عومەرم دەکرد. نازانم بۆچی بیر و خەیاڵم هەر لە لای بوو. دوای کۆبوونەوەکە گووتم

- دەست خۆشبێ عومەر بەڕاستی زۆر جوان نەخشەت بۆ ئەو پرۆژەیە داناوە دڵنیام سەرکەوتوو دەبیت.

گووتی

- شایەنی نیە دڵخۆشم کە پێتان جوانە.

دوای گەڕامەوە ماڵ و چوومە ژوورەکەم نازانم بۆ بیر و خەیاڵم لای عومەر مایەوە. هەموو کات بیرم لێی کردەوە. بۆ بەیانیەکەی گەڕامەوە کۆمپانیا بینیم عومەر لە ژوورەکەی خۆیەتی. لە دەرگام دا

- ئەتوانم بێمە ژوورەوە.

گووتی

- فەرموو.

سڵاوم لێی کرد

- سووپاست دەکەم بۆ دوێنێ کە منت گەیاندە کۆمپانیا و بەو بارانە زۆر یارمەتیت دام بەڕاستی سووپاس.

ئەویش بە ڕێزێکی زۆر جوانەوە بێ ئەوەی سەیرم بکا

- شایەنی نیە بۆ خوشکی خۆم کردوومە.

پێم ناخۆش بوو کە پێی دەگووتم خووشک بۆیە گووتم

- بە شووشە بانگم بکە.

عومەر گووتی

- هەر جوانە پێت بڵێم خووشکە شەونم.

گووتم

- باشە بە دڵی خۆت ئەی لە چ وڵاتێک خوێندت تەواو کردووە؟

گووتی

- من لە فەرەنسا خوێندنم تەواو کردووە. بەڵام ئێستا خێزانەکەم لە سوید دادەنیشێ.

منیش گووتم

- خێزانت هەیە؟ ژیان هاوسەریت پێک هێناوە؟

گووتی

- نەخێر من بەس دایکم هەیە ئەویش لە سوویدە. باوکم زوو کۆچی دوای کردووە ئێستا بەس دایکم ماوە.

گووتم

- ئەها خوا لێی خۆشبێ و تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێ هێشتبێت. منیش منداڵ بووم دایکم مرد لەگەڵ باوکم ئەژیم ئێستا. لە منداڵیەوە لە دەرەوەی وڵات بوومە ئێستا بە قسەی باوکم گەڕامەوە کوردستان بۆ ئەوەی کاری کۆمپانیا بداتە دەستم.

گووتی

- زۆر باشە سەرکەوتوبیت.

گووتم

- چۆنە چوار زمان دەزانی؟

گووتی

من کارم ئەوەیە خزمەت بە دینی ئیسلام بکەم. بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە لە ئیسلام دوورن وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و بەریتانیا. ئەمەش وائەکا هەوڵ دەم لەم پرۆژەی کە لەگەڵ باوکت کاری لەسەر دەکەم سەرکەوتوبم تیایدا و ئەوەی دەستیشم ئەکەوێ لە دروستکردنی مزگەوت و هاوکاری کردنی هەژار و هەتیوو خەرج بکەم بۆیە زۆر لە وڵاتان گەڕاوم تا ئامۆژگاری خەڵک بکەم و بیانهێنمە سەر ڕێگای ڕاست ئەمەش وای کردووە فێری زمانەکانبم. دایکم ئێستا لە سوید خەریک بانگەوازە بۆ دینی ئیسلام.

شۆک بووم کە ئەو قسانەی دەکرد شەرمم لە خۆم دەکرد کە کچێکی سفورم و لە بەردەم کوڕێکی وا بە ڕەوشت دانیشتووم بەڕاستی شەرمم کرد. کە گەڕامەوە ماڵیش هەر بیرم لای

قسەکانی عومەر بوو کە چۆن بانگەوازی ڕێگەی ڕاستی خەڵك دەکات بەڕاستی قسەکانی زۆر کاری لێم کرد. هەموو ڕۆژ کە عومەرم دەبینی لە کۆمپانیا دڵخۆش دەبووم نەمدەزانی بۆ بە بینینی دڵخۆش دەبووم نەمدەزانی ئەمە چ هەستێکە کەوا ڕۆژێك لە کۆمپانیا نەمدیبوایە وامدەزانی ئەم کۆمپانیایە کەسێ لێ نیە و چۆڵ بووە تامەزرۆی بینینی بووم.

ڕۆژێك چوومە کۆمپانیا عومەرم نەبینیی. بەدوای گەڕام، بەڵام نەمدۆزیەوە. لە کۆمپانیا پرسیارم کرد گووتیان

- ئەم بەیانیە ڕۆیشتۆتەوە سووید دایکی مردووە. گەڕاوەتەوە پرسەی دایکی.

زۆرم پێی ناخۆش بوو بۆ بۆ مردنی دایکی. هەڵسام تێلم کرد بۆ عومەر و سەرەخۆشیم لێی کرد. لە تێلەکە دەنگی باش نەئەهات دیار بوو زۆر گریاوە و خەمی خواردووە. پێم گووت

- هەر چیت پێویست بوو پێم بڵێ تێلم بۆ بکە.

گووتی

- سووپاس خوشکە شەونم هیچم پێویست نیە.

دووبارە سەرەخۆشیم لێی کرد

- خوا لە دایکت خۆش بێت و بەهەشتی بێت ان شاء اللە.

عومەر ماوەیەك نەگەڕایەوە و ڕۆژان تێپەری زۆرتر بیریم دەکرد. بیرکردنی تینی بۆ هێنام و تێلم بۆی کرد

- عومەر تۆ چۆنی باشی؟

گووتی

- ئێستا باشم سووپاس بۆ خوا تۆ باشی؟

ئەموویست بڵێم( لە دوای تۆ وێرانم ڕووخاوم، هەموو خەیاڵ و فکرم لای تۆیە زۆرت بیر دەکەم) بەڵام نەمتوانی هیچ لەو ووشانە بڵێم تەنها گووتم

- سوپاس باشم ناگەڕێیتەوە کۆمپانیا؟

گووتی

- نا ناگەڕێمەوە من لە سووید دەمێنم و لێرە بەردەوام ئەبم لە ئیش و کارەکانم و خەریک بانگەوازی ئیسلام ئەبم هەر وەکو دایکم.

کە ئەمەم بیست شێت بووم بە خۆم ئەوت(واتا جارێکیتر عومەر نابینیمەوە؟ جارێکیتر نایەتەوە کۆمپانیا؟ ئاخر چۆن من بژیم دوای ئەو؟ ئەو کەسەی هەموو خەون و خەیاڵەکانمی داگیر کردبوو بۆ چرکەیەکیش لەبیرم نەکردووە خوایە ئێستا چی بکەم؟) گووتم

- ناونیشانم بەرێ دێمە سووید بۆ لای هاورێیەکم حەز دەکەم تۆش ببینم بزانم باشیت.

ناونیشانم لێی وەرگرت و بە بیانووی چوون بۆ لای هاورێیەکم بە باوکمم گووت دەچمە سووید.

کە گەشتم ڕاستەخۆ چوومە لای عومەر و سڵاو چاکی و چۆنیم لێی کرد. وەک جاران هیچ سەیری نەکردم و پێی گووتمەوە خوشکە شەونم. کە ئەو قسەی ئەکرد تێک ئەچووم ئاخر من خۆشم ئەویست خووشکی چی؟

گووتم

- عومەر ئەمەوێ شتێك بڵێم.

گووتی

- فەرموو خووشکە شەونم.

گووتم

- بەس بڵێ خووشکە خووشکی چی من خۆشم دەوێی. ئەزانی لەوەتەی تۆم دیووە ڕۆژێك نیە بیرت لێ نەکەمەوە و خەوت پێوە نەبینم؟ ئەزانی کە چەند خۆشم ئەوێی؟ ئەزانی لەوەتەی تۆ ڕۆیشتووی من ڕۆژێك پێنەکەنیوم و ڕۆژێك دڵخۆش نەبوومە بێ تۆ؟ بەڕاستی زۆرم خۆش دەوێیت و ئاشقتم.

بە چاوی پڕ گریانەوە هەموو هەستی دڵێ خۆمم بۆ باس کرد. ئەویش تەنها گووتی

- ببورە شەونم خان، من جارێك بە تەما نیم ژن بێنم جارێك خەریکی بانگەوازی ئیسلامم و تەمەنم بۆ ئەوە داناوە لە سەر ڕێبازی باوکم و دایکم بم و خزمەت بە ئیسلام بکەم. کەی خوا کردیە قسمەت ژنی دێنم. هەم حیجاب بێت و هەم نوێژ بکات و لەسەر ڕێگای ئیسلام بێت.

کە ئەمەم بیست شێت بووم. واتای ئەوە بوو منی ناوێ ئاخر ڕاستیش دەکات چۆن منی دەوێ؟ کچێکی سفووری وەک من هەر ڕۆژە و بە جلێکی مۆدە و بە بەردانەوەی قژم و بۆن لە خۆدانم. ئاخر ئەو منی بۆ چیە بەو جۆرە؟ لە کاتێکدا خۆی بە ڕەوشت و ئیمانداره. بێگومان هەر دەبێ کچێکی حیجاب و بە ڕەوشتی بە نسیب بێت.

عومەر گووتی

- تۆش وەک خوشکم ئەزیزی ببورە شەونم خان من لەگەڵ هەندێ گەنجی ئێرە مەجلیسێکمان هەیە باس لە ژیان پێغەمبەر دەکەین تا ببێتە وانە بۆ گەنجەکانی وڵاتەکەمان من دەبێت بڕۆم ببورە.

منیش بە دڵێکی سارد و چاوێکی پڕ گریان ئەوێم جێ هێشت و گەڕامەوە و شەوان بە خەیاڵی ئەو بە گریانەوە دەخەوتم.

شەوێك لە شەوان خەوم بە عومەر بینی لە خەونمدا لە شوێنێکی تاریک و تەنیا بووم. عومەریش سەیری دەکردم هاوارم دەکرد

(عومەر یارمەتیم بدە. ڕزگارم بکە لەم شوێنە تاریکە)

عومەر گووتی

- ببورە. ناتوانم هیچت بۆ بکەم ئەوە خۆتی ئەتوانی خۆت لەو شوێنە تاریکە ڕزگار بکەی. ئەوە خۆتی ئەتوانی ڕێگای خۆت دیاری بکەیت. ئەوە خۆتی ئەتوانی ڕێگای ڕاست یان هەڵە هەڵبژێری ببورە ناتوانم هیچت بۆ بکەم.

منیش بە گریانەوە ئەمگووت

- جێم مەهێڵە.

گووتی

- کات درەنگ نەبووە بۆ سەر ڕێگای ڕاست.

ئینجا ڕاچڵەکیم و لە خەوەکەم هەستام هەموو گیانم ئارەقە بوو. لە ناو جێگاکەم هەڵسام بینیم پورە فاتمە نوێژ دەکا. پورە فاتمە لەماڵی ئێمە ئەژیا. کەسی نەبوو مانگانە بە بەرامبەر بڕێ پارە ماڵی بۆ پاک دەکردینەوە و خواردنی بۆ دروست دەکردین. ئافرەتێکی زۆر چاک بوو هیچی لە دایکم کەمتر نەبوو. بینیم نوێژی تەواو کرد. چوومە لای بە شڵەژاوی و گریانەوە

- پورە فاتمە منیش فێرە نوێژ بکە. دەمەوێ چیتر نوێژ بکەم توخوا فێرم بکە.

پورە فاتمە گووتی

- چی بووە کچی خۆم؟

گووتم

- هیچ نیە تەنها دەمەوێ لە ئەمڕۆوە نوێژ بکەم.

گووتی

- بەسەرچاو کچە شیرینەکەم چۆن فێرت ناکەم زۆرم پێ خۆشە دەست دەکەیت بە نوێژ، بەڵام سەرەتا خۆت بشۆ منیش جلی نوێژت بۆ دێنم ئەو کات دەست پێ بکە.

خۆم شووشت و دەستم کرد بە یەکەم نوێژم و سووجدەم بۆ خوا برد. لە ژیانمدا یەکەم جارم بوو سووجدە بەرم بۆ ئەو خوایەی کە دروستی کردووم. بە چاوی پڕ گریانەوە نوێژم دەکرد و دوعام دەکرد کە خوا لێم خۆشبێت. سوپاسی خوام دەکرد کە عومەری بۆ ناردم و وای کرد ڕێگای خۆم بدۆزمەوە. دووعام دەکرد خودا بەوم بگەیەنێت و ڕۆژێك ئەویش منی خۆشبوویێت. ئەوە یەکەم شەو بوو کە بە ئارامی خەوتم و دڵخۆشیم هەبوو.

بۆ بەیانیەکەی جوان خۆم گۆری و جلێکی درێژ و لەچکێکم کردە سەرم و لەگەڵ پورە فاتمە ڕۆیشتم بۆ کۆڕێك کە پڕ بوو لە

ژنی زیرەک و بە ئیمان. لەو کۆڕە باسیان لە نوێژ و حیجاب دەکرد. هەروەها باسی زاتێکیان دەکرد کە تەواوی زەوی و ئاسمانەکان و چیا و شاخ و دەریاکانی دروست کردووە. دەسەڵاتی بەسەر هەموو شت هەیە. سەرجەم بوونەوەر و ئادەمیزادی دروست کردووە و منیش بێ ئاگام لەم شتانە. کە ئەم قسانەم ئەبیست دڵم مورتاح دەبوو. ئارامی بە دڵم دەهات و سەراپایی دڵم و جەستەم خۆشحاڵ دەبوو. بەڕاستی یادی خوا ئارام بەخشە. ئەی بۆ من لەمە بێ خەبەر بووم؟ تەواوی ژیانم لە پیاسە و دەرەوی وڵات و خۆشی و سەفادا دەبینی. تێگەیشتم هیچ کام لەم شتانە دڵخۆشت ناکا جگە لە یادی خودا و زیکری خودا نەبێت. ئیتر ڕۆژانە هەموو کاتەکانم بە یادی خودا بەڕێ دەکرد. جگە لە نوێژە فەرزەکان، نوێژە سوونەتەکانیشم دەکرد. لە نوێژەکانمدا هەمیشە دوعام دەکرد بە عومەر بگەم. ئاخر ئەو وای کرد ژیانی خۆم بدۆزمەوە. ئەمەویست عومەر

ببینم و پێی بڵێم ئێستا من گۆڕاوم. هاتوومەتە سەر ڕێی ڕاست و ئێستا حیجابم. ئێستا دەمەوێ تۆ منت خۆشبوێ و منت بوێ. چەند بە پەڕۆش بووم بۆ بینینی خودایە. زیاتر لە جاران خۆشترم دەویست و دوعام دەکرد بەو بگەم. زۆری پێ نەچوو ناخۆشترین هەواڵم بیست. بیستم باوکم جەڵتە لێی داوە و مردووە.

من لەم ژیانە تەنها کەسێك کە هەمبوو باوکم بوو ئەویش جێ هێشتم. باوەرم نەدەکرد مردووە زۆر دەگریام و لەگەڵیشیدا بەردەوام دووعای بەهەشتم بۆ باوکم دەکرد ئاخر ئەویش نوێژی ناکرد. خۆزگە پێش ئەوەی بمردایە ئەویش سوجدەیەکی بۆ خوا دەبرد بەس ئاخ تازە ڕۆی و ئەم دوونیایەی جێ هێشت. دووعا دەکەم خودا لێی خۆشبێت و بەهەشتی بێت. دوای باوکم من دەسەڵات کۆمپانیام گرتە دەست و کارەکانم بەڕێوە دەبرد، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی بەردەوام بم. باوکم پێش مردنی

قەرزێکی زۆری بەسەرەوە بوو نەمدەزانی چۆن ئەو قەرزانە بدەمەوە. بۆیە ناچار هەڵسام بە فرۆشتنی هەرچی موڵك و ماڵ و تەنانەت کۆمپانیاش. بەم شێوەیە گشت قەرزەکانم دایەوە و بەشێکی زۆریش کە لە پارەکە مایەوە بیرم کردەوە بیدەمە کەسانی هەژار و هەتیوو لە ڕێگەی خودا خەرجی بکەم. بیرم کردەوە کە پارەکە بدەمە عومەر و ئەو ئەو کارەم بۆ بکا. بۆیە تێلم بۆ کرد و هەموو شتم پێی گووت کە چیم بەسەرهاتووە ئەویش زۆر خەمبار بوو بەو شتانە و سەرەخۆشی لێی کردم و دڵی دامەوە و گووتی

- بە دڵنیایەوە یارمەتیت دەدەم خەمت نەبێ.

ناونیشانم لێی وەرگرت چووبوو بۆ فەڕەنسا. بە فرۆکەیەک بەڕێ کەوتم بۆ فەرەنسا ئەو ڕۆژە زۆر دڵخۆشبووم کە ئەتوانم جارێکیتر عومەر ببینمەوە. ماوەیەکی زۆر بوو نەمبینیبوو، لەو

کاتەوەی کە ڕەتی کردمەوە، بەڵام من هیچ لە بیرم نەکردبوو. کە گەیشتم خوایە چەن دڵخۆشبووم. چووم بۆ لای عومەر و بینیم. ئەو کە منی بینی شۆک بوو. زۆری پێ سەیر بوو. ئەمجارە بە حیجاب منی دی. دوای سڵاو چاک و چۆنی

- زۆر خۆشحاڵم بەو جۆرە ئەتبینم.

منیش گووتم

- زۆر دڵخۆشم تۆم بینیەوە جارێکیتر. ئەزانی ئێستا من سفور نەماوەم بوومەتە حیجاب؟ هاتوومەتە سەر ڕێی ڕاست و ئیسلام.

گووتی

- پێم خۆشە خوشکە شەونم.

تورە بووم

- خووشکەی چی ها؟ من ئاشقی تۆم ئەوە دەزانی و هەر ئازارم دەدەی.دەزانی چەن خۆشم دەوێی؟ بەسە ووام لێ مەکە بێ تۆ ناژیم من. بمکە بە هاوسەری خۆت بەڵێن بێ هەرچیت بووێت ئاوا دەبم بێ تۆ ناژیم عومەر زۆرم خۆش دەوێیت.

ئەم قسانەم عومەری تاساند و دوای بیرکردنەوە

- باشە شووشە دەتکەم بە هاوسەری خۆم و یەکەم کاریشمان ئەوەیە پێکەوە بچینە ماڵی خوا.

کە ئەم قسەیەم بیست لە خۆشیا گریام

- بەڕاستە عومەر من ئیتر دەبمە خێزانت؟

عومەر گووتی

- بەڵێ بەڕاستمە.

بەڵێ سووپاس بۆ خوا دووعاکەم قبوڵ بوو گەیشتم بە عەشقەکەم. سووپاس بۆ تۆ خوایە مارەی کردم و کردمیە هاوسەری خۆی و یەکەم کارمان ئەوە بوو چووینە ماڵی خودا. ئینجا هەرچی پارە و شتم مابوو لە ڕێگەی خوا بەخشیم بە هەژار و فەقیر و بێ باوکەکان. ئێستا زۆر دڵخۆشم لەگەڵ هاوسەرەکەم هەموو شەو قورئان دەخوێنین و نوێژ و یادی خودا دەکەین و خوا دوو منداڵیشی داوە پێمان کچێك و کوڕێك.

بۆیە لێرەوە پێتان دەڵێم(هەرگیز نائومێد مەبن لە خوا ڕۆژێ دێ دووعاکانتان قبوڵ دەبێت ئەگەر ئەشقەکەت پاک بێت و لە دڵەوە بێت خوا بەیەکتان دەگەیەنێ. ئامۆژگاریم بۆ هەموو ئەو

خوشکانەی سفورن: وازبێنن و ببنە حیجاب دڵنیابن جوانی لە حیجاب دایە نەک سفوری.

کۆتایی ....



# هەژاری ئەشقەکەمی لێسەندم

## چیرۆکی چوارەم

من ناوم (علی)ـیە تەمەنم 24 ساڵە مارکێتێکی گەورەم هەیە بەڕێوەی ئەبم و ڕۆژانە ئیشی تیا دەکەم و یارمەتیماڵەوە ئەدەم لە دابینکردنی پێداویستیەکان. ڕۆژانە لە 7 بەیانی تاوەکو 10شەو من لەو مارکێتەدام. ڕۆژێك کاژمێر 7 بەیانی بوو هەڵسام بچم بۆ مارکێت و کار بکەم. سەیرم کرد ماڵێك تازە دێنە ناو خانوی بەرامبەرمان خەریکی داگرتنی شتەکان بوون و ماڵیان ڕێک دەخست. زۆر سەیرم نەکرد ڕێک چووم مارکێتەکەم کردەوە وەک ڕۆژەکانیتر خەریکی کار خۆم بووم. ڕۆژی دواتر لە مارکێت بووم کاتێك کچێك هات و شتی کڕی. کچێك لە یەکەم بینین ڕێک لە دڵی دام. لە یەکەم بینینیەوە، لە یەکەم نیگاوە ئاشقی بووم. هات و بە دەنگێکی ناسک و نزمەوە ووتی: کاکە ئەوەندە شتە چەنی کرد؟

قسەکانی وەك هەورە تریشقە چووە دڵمەوە. پارەکەی داپێم و ڕۆیشت. کە گەڕامەوە ماڵ هەر لە خەیاڵی ئەو کچە بووم

دەمگووت( تۆ بڵێی جارێکیتر بێتەوە و بیبینمەوە؟)هەستێکی سەیرم لا دروست بوو. دەمگووت (تۆ بڵێی بۆ دڵی من داوای ئەو کچە یکات کە تەنها یەک جار بینیویەتی خۆ هەموو ڕۆژ دونیایەك کچ دێتە دوکانم بۆچی بە هیچیان سەرسام نەبووم جگە لەم کچە نەبێت خوایە؟)

ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاریترم لە مێشک بوو کە ئاخۆ من ئاشقم یان نا؟ وە گاڵتەشم بە خۆم دەهات. ئاشقی چی؟ چۆن دەبێت مرۆڤ کەسێك نەناسێ و تەنها بە بینینێک ئاشق بێت؟ بە هەر حاڵ کات تێپەری و بۆ بەیانی چوومەوە مارکێت وەک ڕۆژانیتر ئیشم ئەکرد بەس کچەکەم هەر لە خەیاڵ بوو. هەفتەیەك تێپەری من ئەو کچەم نەبینیەوە ڕۆژێك دڵم تەنک بوو نەچووم بۆ مارکێت و لە ماڵ بووم. چوومە حەوشە گووتم( با هەوایەک هەڵمژم) دوای تۆزێك مانەوە لە حەوشە سەرم بەرزکردەوە چیم بینی؟ کچەکەم بینیەوە لە خانوی بەرامبەرمان

لە قاتی سەرەوە بوو. لە قادرمەکان دەچوویە خوارەوە. شۆک بووم گووتم: تۆ بڵێی ئەم کچە لە خانوی بەرامبەرمان بێت کە تازە هاتوونەتە ناوی؟ خوایە ئەوە چ موعجیزەیەکە؟ من دایم بە خەیاڵ ئەو کچە بووم تۆش هێناتە بەرچاوم. بەڕاستی شۆک بووم لە هەمان کاتیشدا زۆر دڵخۆشبووم کە جارێکیتر بینیمەوە، بەڵام ئەو منی نەدی یان ئەگەر منیشی بدیبایە ئەو کات چ سوودی هەبوو؟ خۆ من لە دڵ و فکر و خەیاڵی ئەو نیم. زۆر دڵخوشبووم ئەو ڕۆژە بینیم.

دوای چەندین ڕۆژ ئەو کچە هاتەوە بۆ مارکێتەکەم و دوونیایەك شتی کڕی ئەم جارەش وەک جارانیتر دووبارە فکر و خەیاڵی بردم دووبارە ئەشقی نوێ بویەوە لە دڵم. بیرم کردەوە کە هەستی خۆمی پێی بڵێم. دەمەویست پێی بڵێم (لەوەتەی بینیومە من بۆ جارێک ئەوم لە خەیاڵ دەرنەچوە بە جۆرێک ئاشقیم نان و ئاوم بۆتە ئەو)

بیرم دەکردەوە کە هەستی خۆمی پێی بڵێم، بەڵام چۆن ئەمانەی پێی بڵێم؟ چۆن تێیبگەیەنم؟ ئەوەش خەمێکیتر بوو. دوبارە خەم دڵی داگرتم کە دەبێت هەر لە دڵەوە خۆشم بوویێت زهەر سەیرم دەکرد و چاوم لەسەری لانادا.

بینیم تێلی بۆ هات کە وەڵامی دایەوە ووتی: ماڵەوە لە ماڵ نین و بۆ ئێوارە میوانمان دێ ئێستاش لە مارکێتم شت دەکڕم خواردن بۆ ئێوارە درووست دەکەم.

منیش ئەمەم بە هەل زانی ڕەقەمی خۆم و نامەیەکەم بۆ نووسی و تیایدا نوسیبووم ( تکایە تێلم بۆ بکە ئەمەوێت شتێکت پێی بڵێم.)

نامەکەم کردە ناو سەوزە و میوەکەی کریبووی. ئەو ڕۆیشت و من چاوەرێ بووم تێلم بۆ بکات و هەستی دڵی خۆمی پێ بڵێم. سێ ڕۆژ تێپەری هەر بۆی نەکردم. زۆر دڵم لای بوو.

گووتم(تۆ بلێی سەیری نامەکەی کردبێت؟ تۆ بلێی بۆ جوابی نەدابمەوە؟)

دوای سێ ڕۆژ شەو بوو سەعات 11 بوو. تێلێکم بۆ هات و جوابم دا.کە ووتی(ئەلوو) ڕێک دەنگیم ناسی و زانیم ئەوە ڕێک دڵخۆشی سەرتاپای داگرتم. لە ژوورەکەی خۆم بووم دوای چاک و چۆنی گووتی

- فەرموو چ ئیشت بە منە وا لەنامەکە ووتت ئەمەوێ شتێکت پێی بلێم ؟!!

گووتم

- ڕاستی لەوەتەی تۆم دیووە خەون و خەیاڵ و نان و ئاوم بووە بە تۆ ئاشقتم پڕ بە دڵ خۆشم دەوێی. نازانم بۆ هەر لەکوێ بم تۆم لە خەیاڵە و ناتوانم لە یادتت بکەم. ئەو

کاتەی دەتبینم زەردەخەنە تەواوی ڕووخسارم دەگرێ. ئەو قسانەی دەیکەم قسەی دڵمە و سوێند دەخۆم بە درۆم نیە.

ئەو بێدەنگ بوو. منیش بەردەوام بووم

- شتێك بڵێ بێدەنگ مەبە تخوا.

گووتی

- نازانم چی بڵێم.

گوتم

- بیری لێ بکەوە ئەگەر رازی بوویت پێم بڵێ لەگەڵماڵەوە قسە دەکەم و هەر کات بتەوێ دێمە داوات.

ئەو کچە ناوی هاوژین بوو لە دوای ئەو شەوە هەر چاوەڕێی وەڵامی بووم. هەفتەیەك تێپەری ئینجا تێلی بۆم کردەوە، کە وەڵامم دایەوە هەموو گیانم ئەلەرزی. دەترسام بڵێ( ڕازی نابم) بەس سووپاس بۆ خوا گووتی

- بەڵێ ڕازیم بەس بەو مەرجەی دەبێت ماوەیەکیتر بێیتە داوام.

منیش زۆر دڵخۆشبووم

- بێگومان هەرکات بتەوێ دێمە داوات.

گووتی

- جارێك نا با ماوەیەکی بەسەردا تێپەرێ ئینجا ماڵەوە بێنە و قسە لەگەڵ ماڵەوەمان بکەن.

گووتم

- باشە گیان بەدڵی تۆ.

ئیتر من و هاوژین بووین بە دوو خۆشەویستی زۆر جوان زۆرجار ئەهات بۆ مارکێت شتی دەکڕی و شەوانیش تا درەنگانێکی شەو بە تێل و نامە قسەمان دەکرد. ئەشقەکەمان زۆر جوان بوو ڕاستگۆیانە یەکمان خۆشدەویست و ڕۆژ بە

ڕۆژ ئەشقەکەمان گەورەتر دەبوو. خەیاڵی جوانمان دەکر و ناومان بۆ منداڵەکانمان دادەنا. ڕۆژێ لە مارکێت بووم تێلم بۆ هات و جوابم دا هاوژین بوو. بە هەنسک و هەناسە برکێوە گووتی

- علی.

گووتم

- گیانە.

گووتی

- داوام هاتوە برام و ماڵەوە بە تەمان بە شووم بدەن. شتێک بکە توخوا ماڵەوەت بێنە و وەرە داوام.

منیش گووتم

- باشە توخوا هاوە گیان تۆ ڕازی مەبە شوو مەکە بە کەس من بەیانی ماڵەوە دێنم و دێمە داوات.

گووتی

- گیانم چۆن شوو بە کەسێکیتر دەکەم؟ من بەس تۆم خۆشدەوێت بەس ئاشق تۆم دەمەوێ منداڵەکەم لە تۆ پێم بڵێ دایە.

شەو زوو چوومەوە ماڵ و بۆ دایک و باوکمم باس کرد کە هەر دەبێ بچنە داوای بۆم ماڵەوەمانیش ڕازی بوون. بۆ سبەی شەوەکەی هەواڵمان دایە ماڵی هاوژین کە دێینە داوای هاوژین. کە ڕۆیشتین بۆ ماڵیان ماڵ هاوژین بەخێرهاتنیان کردین باوک و دایکی و برای بوون. دوای کەمێك دانیشتن دایک و باوکم گووتیان

- لەسەر داوای خوا و سونەتی پێغەمبەرمان (صل الله علیه وسلم) هاتووینەتە داوای هاوژینی کچتان بۆ علی کورمان.

من و هاوژین زۆر دڵخۆش بووین و سەیری یەکمان دەکرد و پێدەکەنین بەڵام دیار بوو براکەی منی بەدڵ نەبوو. براکەی هاتە قسە

- ئیشت چیە برام؟

گووتم

- واللە مارکێتێکم هەیە.

گووتی

- ئێ زەوی یان خانوی خۆت هەیە؟

گووتم

- ناواللە.

گووتی

- باشە ئەگەر هاوژینت پێ بدەین لە کوێ دایەنێیت؟

گووتم

- ئەگەر هاوژین ڕازی بێت لەگەڵ دایکم ئەگەریش ڕازی نیە من خانوی کرێی بۆ دەگرم.

هەر چەن سەیری شکلی براکەیم دەکرد منی نەئەچوو بە دڵدا نازانم هۆکار چیبوو. هەر لەبەر ئەوەی هەژاربووم منی بەدڵ نەبوو یان چی گووتی

- باشە ئەگەر خووشکمت پیێ بدەم تا چەند مسقاڵ ئاڵتون دەتوانن بۆی بکەن؟

گووتم

- 10تا 15 مسقاڵ دەتوانم بۆی بکەم.

براکەی پێکەنی

- پێش تۆ داوای هاوژین هات ووتی 50بۆ 100 مسقاڵ ئاڵتونی بۆ دەکەم لەگەڵ ماڵی جیاش.

هاوژینیش هاتە جواب

- کاکە من خۆ زواج بۆ ئاڵتون و پارە ناکەم. من دڵخۆش بم و هاوسەرەکەم باش بێت و خراپ نەبێت و لێم نەدا بەسە بۆم خۆ پارە و ئاڵتون تا سەر نیە.

براکەی بەم قسانە چاوی سوور بوو. من زۆر دڵخۆشبووم ئەم قسانەم لە هاوژین بیست. ئینجا ماڵی هاوژین گووتیان

- خۆمان جوابتان ئەدەینەوە.

دوای هەفتەیەک شەوێك زۆر بێتاقەت بووم تێلم بۆ هاوژین کرد گووتم( با گوێم لە دەنگی بێت) زیاتر لە 7 جار کردم وەڵامی نەدا. منیش ترسام ئەمگووت( تۆ بڵێی شتێک نەبووبێ وا هاوژین جوابم نادا؟)

بۆ جاری هەشتەم کە کردمەوە ئەمجارە براکەی جوابی دا و گووتی

- ئەوە ئێوە پەیوەندیتان هەبوو ها کوری خوێری؟ بشمری من خوشکم نادەم بە تۆ دەبێت ئەو شوو بەو هاورێیە دەوڵەمەندەی من بکات.

کە گوێم لەم قسانە بوو شێت بووم ئەمە واتای هاوەکەم بە شوو دەدەن. زۆر پارامەوە و گریام و گووتم

- نا بە شووی مەدەن من بەراستی خۆشم دەوێ و ئاشقیم بێ ئەو ناژیم.

براکەی گووتی

- ئاشقی چی تۆ هەژاری. خوشکیشم نادەم بە کەسێکی هەژاری وەک تۆ بۆ ئەوەی ژیانی وێران بێت.

گووتم

- بۆ من چیمە مرۆڤ نیم؟ بەس لەبەر ئەوەی هەژارم پێم نادەن؟ بەس من بەراستی هاوەم خۆش دەوێت. لەوەیە

دەوڵەمەند نەبم بەس وەعد دەدەم بەختەوەری بکەم و دڵخۆش بێت و بۆ جارێک خەم نەخوات.

موبایلەکەی لەسەرم داخستەوە شێت بووم نەمتوانی بەرگە بگرم رامکرد لە دەرگای ماڵیانم دا و هاوارم کرد

- هاوژین، هاوژین خۆشم دەوێی بیَ تۆ دەمرم ناژیم. توخوا هاوەکەم لیَ مەسێنن سوێند بەخوا دەمرم و بیَ ئەو ناژیم من ئاشقی ئەوم.

ئیتر دایک و باوکی و برای هاتنە دەرەوە و برای زۆری لیدام. هەندیَ ماڵی کۆڵانەکەش گوێیان لە دەنگ و هاوارەکەم ببوو هاتنە دەرەوە. دایک و باوکمیش هاتنە دەرەوە و هاتنە لام. منیش هەر ناوی هاوژینم دەهێنا. گووتیان

- هاوژینمان لە ژوورەکەی سجن کردووە گوێی لە تۆش نیە برۆ دەی لێرە.

دایک و باوکم بە زۆر منیان بردەوە ماڵەوە. بەچاوی بە گریانەوە گووتم

- دایە بە شووی دەدەن ئەشقەکەم بە شوو دەدەن بە منی نادەن.

لە باوەشی دایکم وەک منداڵ دەگریام دایکیشم بە دیارمەوە دەگریا و ماچی سەرمی دەکرد و دەیگووت

- کورم خەم مەخۆ خوا تۆڵەت دەسێنێت. خێری تێدایە ئەو نا کچێکیترت بۆ دێنین.

گووتم

- دایکە کچیتری چی؟ من چاوم بەس هاوژین دەبینێ کەسیترم ناوێ.

تا بەیانی بەو حاڵەم بەرێ کرد. دوای سێ ڕۆژ تێلێکم بۆ هات کە جوابم دایەوە هاوە گیانم بوو گووتم

- هاوە گیان تۆ باشی دڵم؟

بە گریانەوە گووتی

- بە شووم دەدات کاکم بە زۆر بەشووم دەدا بەو دەوڵەمەندە. من و تۆ تەواو توخوا هیچ مەکە با کاکم هیچت لێنەکا توخوا عەلی بۆ خۆت بژی و من لەبیرکە.

پێکەنیم و گوتم

- لە بیرکردنی چی بڵێ بمرە ئینجا لە بیرت دەکەم ئەشقت چۆتە دڵمەوە بە چی لە بیرت بکەم؟

گووتی

- بمبوورە بە هۆی من ئازارت خوارد خۆشم دەوێیت بەس بۆ یەک نابین.

هەردووکمان بەس دەگریاین. ووتم:دەبێ بۆ وا بێ؟ بەس لەبەر ئەوەی هەژارم تۆم نادەنێ؟

ئیتر لەو شەوەوە جارێکیتر گوێم لە دەنگی هاوەکەم نەبوویەوە و دوای چەند ڕۆژێ هاوەکەم بە بووکی برا. لە پەنایەکی حەفلەکەوە سەیری جوانی هاوەکەم دەکرد بەو جلە سپیە ڕێک لە فریشتە دەچوو ئەوەنە جوان بوو پێشتر خەیاڵمان دەکرد ئەو بەو جلە سپیە و منیش بەقاتە ڕەشەکەم زۆر جوان دەبین پێکەوە. کە دەستی ناو دەست ئەو کورە دەوڵەمەندە بوو فرمێسک نا بەڵکو خوێن لە چاوم دەهات. لەبەرچاوم ئەشقەکەم شازادەکەم بووە بە هی یەکێکیتر و دەیبەن. خوایە چ مردنێکە مردنێکی بێ دەنگ. من تێر نەدەبوم لە جوانی ئەشقەکەم بۆ ئەوەنە جوان بوو بەو جلە سپیە خوایە؟ ئەی بۆچی بۆ من نەبوو؟ بۆ دەستی لە نێو دەستی کەسێکیترە؟ من ئەمرم بێ ئەو ناژیم خوایە. لە حەفلەکە هاتمە دەرەوە و ئەو ڕۆژە نەگەرامەوە ماڵ لە باخچەیەک ئەو شەوەم بەڕێکرد و خەوتم. بۆ بەیانی کە چاوم کردەوە خۆزگەم دەخوارد کە خەون بووایە فریشتەکەم شووی

نەکردایە بەس بەداخەوە ڕاست بوو ئەو شووی کرد بوو ببوو بە هی کەسێکیتر. من دوای ئەو ئاگام لە مارکێت نەما و دەستم کرد خواردنەوە و ڕۆژانەکانم بە خواردنەوەی مەشروب شەوەکانیشم بە بیرکردنی فریشتەکەم و خوێندنەوەی نامەکان و سەیرکردنی وێنەکانی بەسەر دەبرد. بە چاوی پڕ فرمێسک لەسەر وێنەکان هاوژین خەوم لێ دەکەوت.

دوای هاوژین زۆر گۆرام زۆر وێران بووم هەرچی پارەم هەبوو دامە مەشرووب. دوای دوو مانگ ناخۆشترین هەواڵم پێ گەیشت فریشتەکەم خۆی سووتاندبوو. لەگەڵ هاوسەرەکەی شەری کردبوو چونکە نەئەگونجان بەیەکەوە ئەویش لە ڕقا خۆی سووتاندبوو. دوای بیستنی ئەم هەواڵە من مردم دووبارە هاوارم دەکرد(خوایە بۆ لەم دوونیایە بە تەواوی لێت بردم؟) وەک منداڵێك کە دایکی لێ وون بووبێت دەگریام. هەموو ڕۆژ بە دەست مەرگی ئەشقەکەم زیندوو دەبوومەوە و دەمردمەوە.

فریشتەکەم کفنی سپی لەبەرکرد و ناشتیان. ئەمە چ عەزابێکە خوایە؟ منیش وردە وردە وا ئەمرم. هەمیشە دەڵێم( خوایە منیش بەرەوە  لای خۆت بمبەوە لای فریشتەکەم.)

ئێستا هەموو ڕۆژ سەردانی گۆری فریشتەکەم دەکەم و دووعا دەکەم خوا لەو دونیا بە منی ببەخشێت. بەڵێنم داوە هەرگیز ژن نەهێنم و چاوەرێ هاوژینەکەم دەکەم تا لەو دوونیا پێی دەگەم.




# ڕێکەوتێك بوو بە مایەی خۆشبەختیم.

## چیرۆکی پێنجەم

تازە ئۆتۆمبێلێکی ڕەشی زۆر جوانم کڕی بوو. بەو ئۆتۆمبێلە بەرەو کۆمپانیا بەڕێکەوتم. کە گەیشتمە کۆمپانیا ویستم ئۆتۆمبێلەکەم بەرمە گەراجەکە و لەوێ بیوەستێنم. لە ناکاو ئۆتۆمبێلێك لە دواوە خۆی پیا کێشام تورە بووم گووتم

- دەڵیی کوێرە وا خۆی پیمدا کێشا )

دابەزیم بینیم ئۆتۆمبێلێکی بچووکی سوور خۆی لێداوم. ئۆتۆمبێلەکەم لە دواوە ڕەنگ و شتی تێکچوو بوو. زۆر تورە بووم. شۆفێری ئۆتۆمبێلە سوورەکە کچێك بوو دابەزی و گووتی

- توخوا بمبوورە نەمزانی.

زۆر تورە بووم گووتم

- تۆ کێیت؟

گووتی

- ناوم نازدارە بە سکرتێر لەم کۆمپانیایە وەرگیراوم ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی ئیشەکەمە.

گووتم

- ئێ کوێریێ؟ مادام نازانی ئۆتۆمبێل لێبخوری بۆ شۆفێری ئەکەیت؟ ئەزانی من کێم؟

گووتی

- نەخێر بەڕێزم نازانم تۆ کێیت.

گووتم

- من ڕەنجەم خاوەنی ئێرەم ئەم شوێنەی تۆ هاتووی کاری تێدا بکەی.

گووتی

- توخوا ببورە بەڕێزم.

گووتم

- ببورە و شت لای من ناخوات ئەبێت ئۆتۆمبێلەکەم چاک بکەیتەوە. تۆ ئەزانی ئەم ئۆتۆمبێلەی من مۆدێل بەرزە ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەش بفرۆشی هێشتا ناتوانی هی من چاک بکەیتەوە.

گووتی

- وایە دەزانم زۆر زۆر داوای لێبووردن دەکەم.

گووتم

- زۆر باشە من ئەم مانگە مووچەت پێ نادەم ئەویش لە بری ئەوەی وات لە ئۆتۆمبێلەکەم کرد.

گووتی

- ئاخر چۆن وا دەبێت؟ من زۆر پێویستم بەو پارەیە تکایە وامەکە.

گووتم

- کێشەی خۆتە من چی بکەم؟ مادەم پێویستت بە پارەیە جوان شۆفێریت بکردایە و وات لە ئۆتۆمبێلەکەم نەکردایە.

سەری داگرت و بەدەنگێکی نزمەوە

- باشە ئەم مانگە پارەکەم بەرەو و ئۆتۆمبێلەکەتی پێ چاک بکەرەوە.

گووتم

- زۆر باشە.

ئیتر چوومە کۆمپانیا ئەویش دوای من هات و دەستی کرد بە ئیشەکەی خۆی. سەیرم دەکرد زۆر بێتاقەت دیار بوو بەردەوام بێ دەنگ بوو. نازانم بۆ رقم لێی دەبویەوە. دایم لەبەر چاو کچەکانیتر تەریقیم دەکردەوە و دەمگووت

- هەموو کچە سکرتێرەکانم جوانن خۆیان جوان ڕێک دەخەن تەنها دانەیەکتان نەبێت وەک قەرەج دێتە سەر کارەکەی.

ئەو دەیزانی مەبەستم ئەوە و هەمیشە بێدەنگ دەبوو. کە ووام دەگووت هیچی نەدەگوت، بەڵام خۆی کچێکی زۆر سادە بوو وەک کچەکانی تر جلی ڕووت و تەسک و بۆن و مکیاژی ناکرد هەمیشە سادە دەهات بۆ دەوام. رۆژ هاتوو چوو هەمیشە بە کەم سەیریم دەکرد و تەریقم دەکردەوە. ڕۆژێك ئیشێکی زۆرم هەبوو ناچاربووم لە کۆمپانیا بمێنمەوە. ئەو شەوەی لە کۆمپانیا مامەوە کاتێ خەریك کارەکان بووم لە ناکاو پێش چاوم تاریک بوو و لە هۆش خۆم چووم. کاتێ چاوم کردەوە لە نەخۆشخانە بووم. شۆك بووم کێم لابوو؟ نازدار لام بوو. دکتۆر هات و گووتی

- ئێستا زۆر باشی مەترسی لەسەرت نەماوە.

گووتم

- بۆ چیم لێ هاتبوو؟

دکتۆر گووتی

- ئەم خانمە تۆی هێنا نەخۆشخانە. ئەگەر کەمێ درەنگ بهاتبایە ئەوا تۆمان لە دەست دەدا تۆ توشی جەڵدەی دەماغ بوویت، بەڵام توانیمان ڕزگارت بکەین و زوو چارەسەرت بکەین.

منیش ئەمەم پێ سەیر بوو کەوا چۆن نازدار منی ڕزگار کردووە؟ لێم پرسی

- چۆن وا رزگارت کردم؟

گووتی

- چوومەوە ماڵ سەیرم کرد جانتاکەم لە کۆمپانیا جێهشتوە بۆیە شەو گەڕامەوە کۆمپانیا و هاتم جانتاکەم بەرم. بینیم تۆ لە هۆش خۆت چوویتە و کۆمپانیاش کەسی لێ نەبوو تا ئاگاداریان بکەمەوە جگە لە پاسەوانەکان نەبێت. لەگەڵ ئەوان تۆم هێنا بۆ نەخۆشخانە ئێستاش سووپاس بۆخوا زۆر باشی.

منیش بە شەرمێکەوە سووپاسم کرد کە ژیانمی ڕزگار کردووە. زۆرم پێ سەیر بوو بەڕاستی کچێك بوو دڵێکی زۆر جوان پڕ و میهرەبانی هەبوو لووتبەرز و لە خۆبایی نەبوو. دوای ئەوەی تەندروستیم باشتر بوو گەڕامەوە کۆمپانیا و گووتم

- بانگی نازدارم بۆ بکەن

کە هاتە ژوورەکەم دووبارە سووپاسم کرد

- تۆ چاکەیەکی گەورەت لەگەڵ کردووم و ژیانت ڕزگار کردم بۆیە ئەم پارەیە وەرگرە لەبری ئەوەی ژیانت ڕزگار کردم.

لە دڵی خۆم گووتم ( ئێستا پارەکە وەردەگرێت) کە چی گووتی

- نەخێر من ئەو پارەیە وەرناگرم.

منیش شۆک بووم پێم سەیربوو ووای گووت. ئەو بەردەوام بوو لە قسە

- من ئەو کارەم بۆ پارە نەکردووە بەڵکو لەبەر مرۆڤایەتی کردوومە.

گووتم

- باشە مادام پارەکە وەرناگری لە بری ئەوە ئەم مانگە مووچەکەت پێ ئەدەم ئەو موچەیەی کە پێشتر بریار بوو پێت نەدەم.

گووتی

- بەڕاستە؟

گووتم

- بەڵێ.

زۆر دڵخۆش بوو خەندە کەوتە سەر لێوی و گووتی

- زۆر زۆر سووپاس کە لێم خۆشبوویت.

گووتم

- پێویست بە سووپاس ناکات ئیتر ئەتوانی لێرە بەردەوامی بە کارەکانت بدەیت.

کە ئەم قسانەم کرد پێکەنین تەواوی ڕووخساری گرتەوە. قەت نەمبینی بوو بەو جۆرە دڵخۆشبێت زۆر جوان پێدەکەنی و منیش هەر تەمەشام دەکرد. بەم شێوەیە هەموو ڕۆژ نازدارم

دەبینی. بە بینینی زۆر دڵخۆش دەبووم خۆشم نازانم هۆکارەکەی چی بوو. ئەو ڕقەی جارانم نەمابوو بەرامبەری کە قسەم لەگەڵ دەکرد هەمیشە بە ڕووخۆشیەوە وەڵامی دەدامەوە. هەمیشە لە کۆبوونەوەکان و کارەکانم نازدارم لەگەڵدا بوو. من و نازدار بووین بە دوو هاوڕێی زۆر نزیکی یەکتری. ڕۆژێك لە کۆمپانیا نەمدیبایە هەستم بە بێتاقەتی دەکرد و خەمم دەخوارد. کۆتایی مانگەکە و کاتی پێدانی موچە، مووچەی هەر یەکێک لە سکرتێرەکان وفەرمانبەرەکانم دا. پارەکەم دا بەنازداریش. زۆر زۆر دڵخۆشبووم کە ئەوم بە دڵخۆشی دەبینی. بۆ بەیانی کە هاتمەوە کۆمپانیا نازدارم نەبینی کاتێ پرسیارم کرد کە بۆ نەهاتووە؟

یەکێک لە کچە سکرتێرەکانم گووتی:

- دوێنێ ئینجازەی وەرگرت گووتی( دایکم نەشتەرگەری بۆ دەکرێت)

شۆک بووم چۆن ئەبێت نازدار ئەمەم پێ نەڵێت؟ لەکاتێکدا من و ئەو ببووین بە دوو هاورێ نزیکی یەکتری. تێلم بۆی کرد و ناونیشانی نەخۆشخانەم لێی وەرگرت و ڕۆیشتم بۆ لای بینیم خەم دەخوات چووم دڵیم دایەوە و گووتم

- دایکت چیەتی؟

گووتی

- دایکم ماوەیەکی زۆرە نەخۆشە و لەناو جێگا کەوتوە. دکتۆر گووتبووی ئەبێ بە زوویی نەشتەرگەری بۆ بکرێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارە نەمتوانی نەشتەرگەرییەی بۆ بکەم. باوکیشم نیە لەبەر دایکم هاتم لە کۆمپانیاکەی تۆ کار بکەم.

کە ئەمانەم بیست چاوم ئاوی کرد زۆر دڵتەنگ بووم. تێگەیشتم بۆچی ئەیگووت پێویستم بەو پارەیە هەیە. زۆر داوای لێبووردنم لە نازدار کرد بەهۆی ئەو کارەی کردبووم زۆر خەمم خوارد. دوای ئەوەی دایکی نازدار نەشتەرگەرییەکەی بە سەرکەوتویی ئەنجام درا و هاتە دەرەوە، بڕیارم دا خەرجی دەرمانەکان لە ئەستۆ بگرم. بۆیە بە نازدارم گووت

- من پارەی گشت دەرمانەکان دایکت دەدەم نابێت ئەمە ڕەت بکەیتەوە.

سەرەتا ڕازی نەبوو، بەڵام دواتر ڕازیم کرد و پارەی گشت دەرمانەکان دایکیم دا. ئەمەش نازداری زۆر دڵخۆش کرد و گووتی

- زۆر زۆر سووپاس ڕەنجە گیان بەڕاستی قەرزاری تۆم ئەو چاکانەی لەگەڵ منت کردوە هەرگیز لەبیری ناکەم.

منیش گووتم:

هیچم نەکردووە پێویست بە سووپاس ناکات.

دایکی نازدار وردە وردە بەرەو چاک بوونەوە دەڕۆیشت ئەمەش نازداری زۆر دڵخۆش کرد وای لێی هات من و نازدار لە جاران زیاتر نزیکتر بووین، بەڵام من وەک هاورێ نا وەک خۆشەویست سەیریم دەکرد. بە بینینی دڵخۆش دەبووم. گەر ڕۆژێ نەم بینیایە خەم تەواوی ڕووخسارمی دەگرت. کە قسەم لەگەڵ دەکرد و لام دەبوو زیاتر و زیاتر دڵخۆش دەبووم. ئەم خۆشەویستیەم بۆ نازدار زیاتر بوو و وای لێکردم بڕیار بدەم هەموو شتی پێ بڵێم.

ڕۆژێك لە کۆمپانیا بووین گووتم:

- نازدار گیان دوای تەواو بوونی کارەکانت دەمەوێ قسە لەسەر شتێ بکەین.

گووتی:

- باشە بەسەرچاو.

دوای تەواوبوونی کاری کۆمپانیا من و نازدار لەشوێنێك دانیشتین هەرچی قسەی دڵم هەبوو پێیم گووت. گووتم:

- ئاشقتم خۆشم دەوێیت ببە شاژنی ژیانم بەڵێنت پێ دەدەم دڵخۆشت بکەم نازدار گیان. لەوەتەی ئاشقت بوومە هەموو چرکەیەک بیر و هۆشم لاتە. کە لێت دووربم و نەتبینم خەم تەواوی ناخم دادەگرێ. دەزانی ئەو کاتەی لەگەڵ تۆم چەند دڵخۆشم؟

نازدار بە بێدەنگی سەیری دەکردم هیچی نەدەگوت. گووتم:

- شتێك بڵێ توخوا نازە گیان ئاوا بێدەنگ سەیرم مەکە.

نازدار گووتی:

- ڕەنجە گیان چی بڵێم؟ من و تۆ دوو کەسی جیاواز لە دوو دونیای جیاوازین.

گووتم:

بۆ جیاوازین؟

گووتی:

تۆ کورە دەوڵەمەند و خاوەن کۆمپانیا. منیش کچێکی هەژاری خاوەن دایکێکی نەخۆش..

نەمهێشت قسەکەی تەواو بکات گووتم: نازە گیان ئەو هۆکارەی باسی دەکەی هیچ کێشەیەک لە نێوانمان دروست ناکات. تۆ ڕازی بە من بە باوکم دەڵێم و دێینە داوات.

نازدار گووتی:

- ڕەنجە گیان.

گووتم:

- گیانی ڕەنجە.

گووتی:

من دایکم هەیە دەبێت پرسێک بەو بکەم بزانم چی دەڵێت.

گووتم:

- وایە دڵم بیربکەوە و پێی بڵێ و وەڵامم بدەوە.

گووتی:

- باشە.

ئەو ڕۆژە گەڕامەوە ماڵ زۆر دڵخۆشبووم کە هەستەکانی خۆم بە نازدار ووتوە. بۆ بەیانی چاوەڕێی جوابی نازدار بووم. کە بینیم لە کۆمپانیا گووتم

- نازدار وەرە ژوورەکەم با قسە بکەین.

که هاته ژوورەوه شڵەژام دەترسام بڵێ نەخێر که چی گووتی:

- قسەم لەگەڵ دایکم کرد ئەویش ڕازی بوو. منیش ڕازیم وەره داوام.

گووتم:

- وای خوایه ئەوه بەڕاسته نازه گیان.

چەن دڵخۆشبووم ئەو ڕۆژه دڵخۆشی تەواوی ڕووخسارمی گرتبوو.

گووتم:

- سووپاس نازدار گیان که ڕازی بوویت ئەمشەو قسه لەگەڵ باوکم دەکەم و دێمه داوات.

گووتی:

- باشه چاوەرێتم.

لە خۆشیا یەکسەری گەڕامەوە ماڵ و ویستم ئەم هەواڵە بە باوکم بڵێم. کە گەڕامەوە ماڵ سڵاوم لە باوکم کرد. من تەنها باوکم هەبوو لە منداڵی دایکم کۆچی دوای کردبوو. ڕاستی باوکم هەرگیز گرنگی پێ نەدەدام و نازی هەڵنەدەگرتم. تەنها کۆمپانیاکەی لەلا گرنگ بوو کە بۆی بەرێوە ببەم. کە باسەکەم بۆی باس کرد و گووتم ئەمەوێ ژن بێنم و کچێکە لە سکرتێرەکانم زۆر تورە بوو. گووتی:

- چۆن کچێکی هەژار دەهێنی؟ دوای بەشێک لە ماڵ و موڵکی من بۆ ئەو بێت و منداڵی ئەو ببێتە شوێن گرەوەی کۆمپانیای من؟ هەرگیز بەمە ڕازی نابم.

گووتم:

- بۆ باوکە؟ ئەو کچە هەژارە چیەتی؟ ئەویش مرۆڤە و من خۆشیم دەوێ ئاشقیم.

گووتی:

- ئەگەر واز لەو کچە نەهێنیت دەرت دەکەم لە کۆمپانیا.

منیش گووتم:

- هەرگیز وازی لێی ناهێنم.

گووتی:

- بڕۆ دەرەوە لە ماڵەکەم.

دەری کردم لە ماڵەوە و لە کۆمپانیاش. هەرچی پارە هەبوو لێی سەندم و منی فرێ دایە سەر شەقام. نەمدەزانی چی بکەم و بچمە کوێ؟ ناچار چوومە ماڵی نازدار و هەموو شتم بۆی باس کرد و پێم گووت:

- نازدار داوای لێبووردن دەکەم. دەزانم ئێستا هەقی خۆتە منت نەوێ و شووم پێ نەکەی چونکە پارەی ئەڵقەیەکیشم نیە بۆتی بکرم.

نازدار گووتی:

- ڕەنجە من ئاڵتون و ماڵم ناوێ. من هەژارم و لە مانای هەژاری تێگەیشتووم. وە هیچ کام لەو شتانەی کە باسی دەکەی لە ئاڵتون یان ماڵ هۆکاری بەختەوەری ژیان نین تەنها ڕاستگۆی و میهرەبانی و خۆشەویستی ڕاستەقینە و دڵێکی جوان بەسە لە نێوان دوو کەسدا کە بیانەوێت ببنە هاوژین و پێکەوە دڵخۆشبن.

کە ئەم قسانەم لە نازدار بیست زۆر دڵخۆشبووم گووتم:

- واتا بەم حاڵەوەش بە من ڕازی و شووم پێ دەکەی؟

گووتی:

- بەڵێ.

دووبارە خۆشی ڕووخسارمی گرتەوە بەم قسەی نازدار بۆیە نازدارم مارە کرد و ژیانێکی زۆر خۆش دەژیاین. ژیانێکی سادە

کە لە ژیانما وا بە سادەیی و دڵخۆشی نەژیا بووم. نازدار زۆر میهرەبان بوو لەگەڵم دایم نازی هەڵدەگرتم. لە ژیانما کەس نازی هەڵنەگرتبووم. نازدار بوو بە هەموو کەس لە ژیانم و زۆر ئاگای لێم بوو وە دڵخۆشی دەکردم. نەیدەهێشت بۆ جارێکیش خەم بخۆم. بەیانیان کە دەچووم بۆ کار ئەو هەڵدەستا و نانی بۆ ئامادە دەکردم و بەڕێی دەکردم و شەوانیش کە دەهاتمەوە بە پێکەنینەوە بەخێرهاتنەوەی دەکردم و خواردنی بۆ ئامادە دەکردم. ئەمەش وای دەکرد کە ماندوو بوونی ئەو ڕۆژەم بیر بچێتەوە. داییم دەمگووت(سووپاس بۆ تۆ خوایە ئەو ژنە جوان و میهرەبانەت پێ بەخشیم  کە ناهێڵێ هیچ کات پێکەنین و زەردەخەنە لە ڕووخسارم وون بێت)

ڕۆژێك هەواڵم پێ گەیشت کە باوکم جەڵدە لێی داوە. لەگەڵ نازدار بە پەلە چووین بۆ نەخۆشخانە کە باوکمم بینی زۆر خەمم خوارد. ئەو باوکەی لە ژیانم گرنگی پێ نەداوم و نازی

هەڵنەگرتوم و خەمی لێی نەخواردووم ئێستا ئاوای لێهاتووە و من خەمی لیَ دەخۆم. چوومە لای نەیدەتوانی قسە بکا جەڵتەی مێشك لێی دابوو ئەمەش توشی شەلەل بوونی تەواوی کرد.

دکتۆر گووتی:

- دەبێت لە نەخۆشخانە دەری بکەن و لەماڵ بە باشی ئاگاتان لێی بێت و خزمەتی بکەن.

نازدار پێش من کەوت لە وەڵامدانەوە

- بێگومان دکتۆر دەیبەینەوە ماڵی خۆمان و زۆر بە باشی ئاگامان لێی دەبێت.


منیش سەیرێکی نازدارم کرد و سوپاسم کرد و نێوچەوانیم ماچ کرد. نازدار گووتی:

- ئەگەر باوکی تۆ بێت باوکی منیشە. دەیبەینەوە ماڵی خۆمان و ئاگام لێی دەبێت و بە باشی چاودێری دەکەم.

بەم قسانەی زۆر دڵخۆشبووم دووبارە چوومەوە کۆمپانیا و کارەکانم گرتە دەست. من و باوکم و نازدار و دایکی نازدار لە یەک ماڵ دەژیاین و زۆریش دڵخۆش بووین. نازە زۆر بە باشی ئاگای لە باوکم دەبوو خزمەتی دەکرد.

دوای ماوەیەک خۆشترین هەواڵم پێ گەیشت ئەویش ئەوە بوو کە دەبمە باوکم. خوایە زۆر سووپاس بۆ تۆ دڵخۆشبوم بەوەی لە فریشتەکەم لە شاژنەکەم منداڵم دەبێت. خوا کچێکی پێ بەخشیم کچێك ڕێک لە فریشتەکەم دەچوو. ناومان لێینا ئارەزوو. بە هاتنی بەرخەکەم بۆ نێو ژیانم، زیاتر و زیاتر ژیانم پڕشنگدارتر دەبوویەوە

کۆتایی ....




# خـــــیانەت

## چیرۆکی شەشەم

دەمەو ئێوارەیەک زۆر بێتاقەت و دڵتەنگ بووم دەرچوو بووم پیاسەیەک بکەم. لە ڕێگا بووم بە دەم پیاسەوە کچێکی زۆر جوان بەلامدا تێپەری کە سەرم بەرز کردەوە بە یەکەم نیگایی و بە یەکەم بینین ئاشقی بووم. زۆر سەیرە! چۆن مرۆڤ دەبێت بە یەکەم نیگا و بینین ئاشق بێت؟ بەڵام من بووم. کچێکی زۆر جوان و باڵا بەرز و چاو ڕەش بوو. دواتر زانیمماڵیان زۆریش لای ماڵ ئێمە دوور نیە. ئامۆزای ئەو کچەم دەناسی هاوڕێی خۆم بوو. ئەمەش زۆر باش بوو بۆ من تا بەو کچە بگەم و پێی بڵێم. نەمئەزانی چۆن پێیان بڵێم؟ بەردەوام بیر و خەیاڵم لای ئەو کچە بوو و نان و ئاوم ببوو بەو کچە. ڕۆژێك دانیشتم نەخشەم دانا چۆن پێیان بڵێم. سەرەتا بە ئامۆزاکەیم گووت کە پێی بڵێ خۆشم دەوێت و ئاشقی بوومە و مەبەستم هاوسەرگیریە. ئەویش بەو کچەی گووت. بە هەر حاڵ لە شوێنێك یەکمان دیت. من بە شڵەژاوی چووم بۆ ئەو دیاری

کرابوو بۆمان. کچەکە ناوی دالیا بوو چوومە لای و سڵاوم لێی کرد

دالیا یەکسەری گووتی:

- فەرموو ئەتەوێ چیم پێی بڵێ وا داوای بینینی منت کردووە؟

شڵەژاو بووم ئەو قسەیەی کە دەمەویست پێی بڵێم هەموویم لێ تێک دەچوو. هیچم بە زمان نەدەهات. ئاخر لە بەردەم جوانی ئەو و چاوە ڕەشەکانی هەموو ووشەکانم لەبیر دەچوو. نەمدەزانی چۆن هەستی دڵی خۆمی پێ بڵێم. بە شڵەژانەوە گووتم:

- من مورادم. لەوەتەی تۆم دیووە ئاشقت بوومە و فکر و خەیاڵ و خەونەکانم تۆی خۆشم دەوێ. نان و ئاو و

خۆراکم نیە بێ تۆ. پێم ڕازی بە وەعد دەتکەم بە خۆشبەختترین کچی دوونیا.

چاوەڕێ بووم بڵێت بیری لێی دەکەمەوە و وەڵامت دەدەمەوە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر ناشرین ڕەتی کردمەوە و گووتی:

- تۆم ناوێت. لێشم دووربە وازم لێی بێنە.

هۆی ڕەتکردنەوەکەشم هەژاری بوو نە ئۆتۆمبێل نە خانووی خۆمم هەبوو. منیش وامدەزانی دڵی جوان و پاک و پر خۆشەویستی بەسە بۆ ئەوەی خۆشەویستی بکەی. لە ڕاستیدا وا نەبوو منی ڕەتکردەوە و ڕۆی، بەڵام بە ڕۆیشتنی منی وێران کرد و ڕووخاندمی. ئاخر من ئاشقی بووم و بە هۆی ئەو ئەشقەی بۆ ئەوم هەبوو هەزار جار دەمردم و زیندوو دەبوومەوە. هەموو ڕۆژ چاودێریم دەکرد کە دەچوو بۆ خوێندنگە. بۆیەش چاودێریم دەکرد چونکە بەڕاستی ئاشقی

بووم ژیانم گشتی ببوو بە ئەو. بەڕاستی ئاشق وا لەمرۆڤ دەکات. من بەردوام لە هەوڵدا بووم چونکە دەمەویست ڕازی بکەم، ئەویش بەردەوام ڕەتی دەکردمەوە. من چاوم کچێکیتری نەدەبینی ئاخر من ئاشقی ببووم و نوێژی مردووم لەسەر گشت کچانیتر کردبوو. ژیانم وێران بوو کاتێك تێگەیشتم منی خۆش ناوێ. شەش ساڵ تێپەری من هەر خۆشم دەویست و هەر لە خەیاڵم بوو، بەڵام نائومێد ببووم و هیوام نەمابوو. دڵنیا بووم بێ من دڵخۆشە و منی ناوێت.

ڕۆژێك فەیسبووکم کردەوە سەیرم کرد چاتێك هاتووە کێ ناردوویەتی؟ دالیا. ئەو کچەی ئاشقی بووم. دوای شەش ساڵ ! باوەرم نەدەکرد. دەمگووت (تۆ بڵێی خەون نەبێت؟ چۆن دەبێت منی بیر بوو بێت؟ تۆ بڵێی ڕای خۆی گۆری بێت و منی خۆش بوویت؟)

خوایە ئەوە چ هەستێک بوو؟ نازانم چۆن باسی بکەم. دوای شەش ساڵ من بۆ جارێکیش لە بیرم نەکردبوو. وەڵامیم دایەوە. گووتی:

- منت بیرماوە؟

گووتم:

- بۆ من ڕۆژێك تۆم لە بیر دەرچووە؟ بۆ جارێک لە فکر و خەیاڵم دەرنەچوویتە.

گووتی:

- خۆشحاڵم مووراد. ئێستاش پێم ڕازیت؟

شۆك بووم. گووتم:

- ئێستاش و لەو دوونیاش.

دالیا گووتی:

- منیش خۆشم دەوێی.

باوەرم نەدەکرد کە وای دەگوت. ئەو قسەیەم بیست شێت بووم لە خۆشیا هەر ئەمگووت( تۆ بڵێی ئەمە خەیاڵ نەبێت؟)

ئەو ڕۆژە من بوومە خۆشبەخترین کەسی سەر زەوی. گووتم: من زۆر ئاشقتم و خۆشم دەوێیت. نازانم چۆن باسی ئەو هەستە بکەم، هەست دەکەم هەموو دوونیا بووە بە هی من. تۆ بۆ دوونیا یەک کەسیت، بەڵام بۆ من هەموو دونیاییت.

من و ئەو بەم شێوەیە بووین بە خۆشەویست. هەموو ڕۆژ دوو وێنەی خۆی بۆ دەناردم و دەیگووت:

- چۆنم؟ جوانم؟

کە چاوە ڕەشەکەی و جوانیە ئەفسوناوییەکەییم دەبینی شێتی دەکردم و لە دڵمدا جوانتر و خۆشەویستر دەبوو. بەداخەوە ئەم دڵخۆشیەی من زۆری نەخایاند. من و ئەو شەش مانگ پێکەوە

بووین. لەو شەش مانگە شەری لەگەڵم دەکرد و داوای جیابوونەوەی لێ دەکردم. لەو شەش مانگە سێ جار داوای جیابوونەوەی کرد منیش هەر بەرگەییم دەگرت تەنها بۆ ئەوەی جیانەبینەوە چونکە زۆرم خۆش دەویست.

پێم دەگووت( دێمە داوات) کەچی ئەو ڕەتی دەکردەوە تەنها بۆ ئەوەی لە دەستم نەچێت هەمیشە بە خۆشی قسەم لەگەڵ دەکرد و بەرگەییم دەگرت. کۆتا جار داوای جیابوونەوەی کرد و گووتی:

- من کەسێکیترم خۆش دەوێت. ئەو دەوڵەمەندە و پارە و خانوو ئۆتۆمبێلی هەیە من قەت تۆم خۆش نەویستوە. کە سەرەتاش هاتمە لات تەنها بۆ ئەوە بوو کاتەکانم لەگەڵ تۆ بەسەربەرم ئێستا خۆشەویستم هەیە و لێم دوورکەوە.

من دووباره مردم که ئەوانەم بیست. ئاخر واتای ئەوە بوو قەت منی خۆش نەویستووە و قەت منی نەویستووە. ئاخر چۆن دەبێت؟ من ئاشقی بووم و شەش ساڵ چاوەڕێی بووم که هاتەوەش دووباره ڕۆیشت و جێیهێشتم تەنها له پێناو پاره داوای جیابوونەوەی له من کرد.

دوای دوو مانگ بیستم شووی کردووە بەو کورەی که ووتی خۆشەویستمە و دەوڵەمەندە. که ئەوەم بیست زۆرم خەم خوارد چ خەم خواردنێک؟ قەت باس ناکرێت. ئەو هەموو خۆشەویستی و ڕێزەی من پێم بەخشی جێی هێشت له پێناو پاره و خیانەتی کرد. زۆرم خەم خوارد لەوەی ئەو هەموو ساڵەی تەمەنم لەپێناو کەسێك دانا. ئینجا بیستم منداڵیشی بووە. ئەمە زیاتر وای کرد ئەو خۆشەویستی و ئەشقەی بۆیم هەبوو بگۆڕێ بۆ ڕق و کینە چونکە ڕووخاندمی و ژیانمی وێران کرد و کوشتمی به خەم، بەڵام سووپاس بۆ خوا دوای ڕۆیشتنی

هەموو ئەو شتانەی نەمبوو بە دەستم هێنا و دوای ئەویش ژیانم بەردەوامە و هەڵسامەوە و بەهێز بووم. باوەرم بەخوا هەیە کەوا کچێکی جوانتر و بە ئەخلاق و ڕەوشت بەرزم بە نەسیب دەکا. ئێستا چاوەڕێی قسمەتی خودام و ئەویشم لەبیر کردووە..

کۆتایی



# حیکمەتی خودا

## چیرۆکی حەوتەم

ئاسۆ:

- سڵاو ئەشقم.

ڤیان:

- سڵاو دڵم.

ئاسۆ:

- ڤیان گیان چۆنیت؟

ڤیان:

- من باشم دڵم تۆ باشیت؟

ئاسۆ:

- باشی تۆ باشی منە قوربانت بم.

ڤیان:

- خوانەکا دڵم من قوربانت بم ناشرینەکەم.

ئاسۆ:

- ئەزانی چەن بیرت دەکەم؟ کەی ئەو ڕۆژە دێت ببیتە هاوسەر و شاژنی ماڵەکەم.

ڤیان:

- هههههه..بۆ ؟ دیارە پەلەتە تا بەیەك بگەین؟

ئاسۆ:

- کچێ چۆن پەلەم نیە من شێتانە ئاشقی تۆم.

ڤیان:

- منیش خۆشم دەوێ. ئاشقتم.

ئاسۆ:

- دڵم ئەمڕۆ وەرە باخچەکەی پشتەوە سووپرایزم بۆت هەیە.

ڤیان:

- واو سووپرایزی چی دڵم؟!

ئاسۆ:

- نایڵێم دەبێ بیت بۆ باخچەکە لەوێ پێت دەدەم.

ڤیان:

- ئاخر ناتوانم کاکم لە ماڵە.

ئاسۆ:

- ئێ بڵێ دەچمە لای تارای هاورێم.

ڤیان:

- دەباشە شێتە چاوەرێم بکە نیو کاتژمێریتر دێم. بزانم ئەو سووپرایزەت چیە تۆ بۆ منت کردووە؟

ئاسۆ:

- دەباشە دڵم چاوەرێتم خوات لەگەڵ.

دوای نیو کاتژمێر........

ڤیان:

- سڵاو دڵم باشیت؟

ئاسۆ:

- بەخێربیت گوڵم تۆ باشیت؟

ڤیان:

- باشم سووپاس. کوا ووتت سووپرایزم بۆت هەیە؟

ئاسۆ:

- دەی چاوت داخە تا سووپرایزەکەمت پێ بدەم.

ڤیان:

- باشە دڵم. دەی چاوم داخست.

ئاسۆ:

- ئێستا چاوت بکەوە.

ڤیان:

- واو !! ئەو ملوانکە جوانە چیە؟ دڵم ئەوە بۆ منە؟

ئاسۆ:

- بێگومان دڵم بۆ تۆیە ڕێگە بدە لە ملتی بکەم.

ڤیان:

- دەی باشە.

ئاسۆ:

- جوانە بە دڵتە؟!

ڤیان:

- بەڵێ زۆر زۆر جوانە و زۆریش بە دڵمە. سووپاس تاقانەکەم.

ئاسۆ:

- ئمم.. با دووەم سووپرایزیشت پێ بڵێم.

ڤیان:

- واو !! یانی سووپرایزێکیتریشت هەیە؟

ئاسۆ:

- بەڵێ دڵم.

ڤیان:

- دەی کوا؟ زوو بیڵێ.

ئاسۆ:

- دوێنێ قسەم لەگەڵ دایکم کرد.

**ڤیان:**

**- ئێ سەبارەت بە چی؟**

**ئاسۆ:**

**- سەبارەت بەوەی کە ئاشقی تۆم و تۆم خۆشدەوێت.**

**ڤیان:**

**- بەڕاست؟ ئەی دایکت چی ووت؟**

**ئاسۆ:**

**- سەرەتا کەمێ ناڕازی بوو دواتر ڕازی بوو ئینجا گووتی: مادام بە دڵتە و ئاشقی ئەویت من دوو مانگیتر دەچمە داوای بۆت.**

**ڤیان:**

- چەن دڵم خۆشە. واتا من دوو مانگیتر دەبم بە هاوسەری تۆ و دێمە ماڵیَ تۆ؟

ئاسۆ:

- بەڵێ دڵم ان شاءالله.

ڤیان:

- زۆر دڵم خۆشە زۆر.

ئاسۆ:

- یاخوا هەمیشە وا دڵخۆشبی گوڵم. ئەی ئەزانی ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟

ڤیان:

- ئەمڕۆ دوو سال تەواو ئەکات لەوەتەی من و تۆ پێکەوەین ئەی وایە؟

ئاسۆ:

- وایە دڵم بۆیەش لەم ڕۆژەدا بە دایکم ووت کە دوو ساڵە ئاشقی تۆم.

ڤیان:

- منیش ئاشقتم و قەدیش ئەم ڕۆژە لە بیرناکەم کە تۆم تیا ناسی. دڵم من دەبێت بڕۆمەوە ماڵ درەنگە نابێ ماڵەوە بزانن لەگەڵ تۆم. خۆشم دەوێیت گیانم خوات لەگەڵ.

ئاسۆ:

- ئاگات لەخۆت بێ دڵم منیش خۆشم دەوێیت. خوات لەگەڵ.

دوای دوومانگ.....

ئاسۆ:

- ئەلوو ڤیان دڵم.

ڤیان:

- ئەلو ئاسۆ فەرموو.

ئاسۆ:

- ئەوە چەند جار تێلم کرد وەڵامت نەدام. چی بووە دڵم؟ تۆ باشیت؟

ڤیان:

- بەڵێ باشم هیچ نەبووە.

ئاسۆ:

- با شتێك هەیە. بۆچی وا سارد قسەم لەگەڵ دەکەی ؟

ڤیان:

- ئاسۆ دەمەوێ شتێکت پێی بڵێم.

ئاسۆ:

- بیڵێ دڵم.

ڤیان:

- من لەبیر بکە من شوو بەکەسێکیتر دەکەم.

ئاسۆ:

- هههههه تۆ گاڵتە دەکەی.

ڤیان:

- نەخێر گاڵتە و شتی وانیە. داوام هات منیش ڕازیبووم شووی پێی بکەم ئیتر من لە بیر بکە.

ئاسۆ:

- کچێ بڵێ بمرە باشترە لە بیر کردنی چی؟ من ئاشقی تۆم چۆن لە بیرت بکەم؟ شوو کردنی چی؟ چۆن خیانەت لەمن دەکەی؟ ئەی بۆچی من و تۆ دوو ساڵە پێکەوەین؟ ئێستا چی بوە وا من جێ دێڵیت و شوو دەکەی؟ ئەی من دایکم دەهێنا بۆ داوات؟ ئەو کەسە کێیە شووی پێ دەکەی؟ بۆ شوو دەکەی؟

ڤیان:

- کورێکی جوان و دەوڵەمەند هاتۆتە داوام و ماڵەوەش گووتیان لە دەست خۆتی مەدە ئیتر منیش ڕازی بووم.

ئاسۆ:

- ئەها !! کەواتە کەسێکی دەوڵەمەندت هەڵبژارد و منت ڕەتکردەوە؟ برۆ بەس لە دڵەوە هیوای ئەوە دەخوازم قەت دڵخۆش نەبی وەك چۆن ژیان و دڵخۆشی منت تێک دا.

دوای دوو ڕۆژ حەفلەی ڤیان کرا و چووە باوەشی ئەو کورە دەوڵەمەندە. منیش دووای ئەو ژیانێکی وێران ژیام. ئەو دڵخۆش منیش لە نێو ئازار و ڕۆژانەم بە گریان بەڕێ دەکرد. دوای ئەو دەستم دایە کێشانی جگەرە و نێرگەلە و شەوان تا درەنگ لە کۆڵانەکان ئەمامەوە و چاوم بە هیچ کچێك هەڵنەدەهات. ئاخر ئەو کچەی دوو ساڵ لەگەڵی بووم جێی هێشتم بەڕاستی خراپ وێران بووم. دوای ماوەیەک دایکم و باوکم هاتنە لام گووتیان:

- کورم دەمانەوێ شتێکت پێ بڵێین.

گووتم:

- فەرموو باوکە بیڵێ.

باوکم گووتیان:

کورم ئەوە کاک عومەری هاوڕێم دەناسیت خۆ؟ دوێنێ من و دایکت لە ماڵیان بووین. کچەکەیمان بینی بە دڵمان بوو. ماشاء الله جوان و ڕێك و پێك بوو. ڕات چۆنە بیبینی؟ ئەگەر بە دڵت بوو ئەوە دەچینە داوای.

منیش گووتم:

- نەخێر نامەوێ ژن بێنم.

دایکم زۆری لێکردم و گووتی:

- تازە چاوەڕێی چی دەکەی کورم؟ ئەو کچە شووی کرد و ژیان خۆی دیاری کرد. ئێستاش نۆرەی تۆیە ژن بێنێ و ماڵ ومنداڵ پێکبهێنیت و ژیان خۆت دیاری بکەی.

دایکم زۆری لێی کردم منیش دڵی دایکم پێ نەشکێنرا و بە نابەدڵی ڕازی بووم و ڕۆژێکمان دانا بچینە داوای. ئەو کچە ناوی ئەڤین بوو. هەواڵمان پێیان دا و گووتمان:

- سەردانتان دەکەین.

ڕۆژی هەینی بوو خۆم جوان گۆری و گوڵ و شیرینمان کڕی و چووینە داوای ئەڤین. ئەڤین چایی بۆمان هێنا. باوکم بە کاک عومەری هاوڕێی گووت:

- عومەر وائەبینی من و تۆ چەند ساڵە هاوڕێین. جا دەمەوێ هاوڕێیەتیەکەمان توند و تۆڵتر بێت و داوای ئەڤینی کچت بکەم بۆ ئاسۆی کوڕم.

کاك عومەر گووتی:

- ئینجا برام کێ لە ئێوە باشتر هەیە تا کچی خۆمی پێبدەم. ئەگەر ئەوان ڕازی بن من هیچ کێشەم نیە.

دایکم بە دزیەوە گووتی:

- سەیری کچەکە بکە چەند جوان و کابان و ئاقڵ و میهرەبان دیارە.

منیش گووتم:

- باش دەی کەی دەڕۆینەوە ماڵ؟

دایکم گووتی:

- ماڵی چی؟ دەبێ لەگەڵ ئەڤین بڕۆنە ژوورێک بۆ خۆتان قسە بکەن و کەمێ لەیەک تێبگەن.

گووتم:

- دایە قسە کردنی چی؟ خۆت و باوکم لەسەر ئاڵتون و شتەکان ڕێک بکەون و جا با بڕۆین.

دایکم زۆر کەلەڕەق بوو بێ پرسی من ڕێك داوای لە دایکی ئەڤین کرد بچینە ژوورێک و بە تەنیا قسە بکەین ئەوانیش ڕازی بوون. من هەر دەمگووت:

- دایکە بۆ وات کرد؟ ئێستا من چی لەگەڵ ئەو کچە بڵێم؟

گووتی:

- دەی بۆ خۆتان باسێك بكەنەوە و  قسە لەسەر داهاتوتان بكەن.

چووینە ژوورێک بەیەکەوە ڕاستی بڵێم ئەڤین کچێکی زۆر جوان و بە ڕەوشت و ئاقڵ و تێگەیشتوو دیار بوو بەس من هەر دڵم نەئەچوویە سەری. ئەو قسەی دەکرد و باسی داهاتوومانی دەکرد و پلانەکانی خۆی و داواکارییەکانی باس ئەکرد. باسی ئەوەی ئەکرد چیم بۆ ئەکات و چی لێم ئەوێت منیش بەس گوێم لێی گرتبوو. قسەم هەر نەدەکرد و تەنیا سەرم دەلەقاند. دوایی لەسەر ئاڵتون و کاتی دیاری کردنی حەفلە ڕێک کەوتین و گەڕاینەوە ماڵ. دایکم و باوکم هەر باسی جوانی و ئاقڵی ئەڤینیان دەکرد و  پیایان هەڵدەدا و دەیانگووت:

- جوانترین و باشترین کچمان دەسکەوتوە بۆ کورەکەمان.

منیش بەس سەیریانم دەکرد خۆ من بە دڵ ئەو ژنەم نەهێنابوو تا قسەی دایک و باوکم نەشکێنم و ڤیان لەبیر بکەم ڕازی بووم بیکەمە هاوسەرم. کاتی ئاهەنگەکە دوو هەفتەیتر بوو ئیترماڵەوە ئامادەکاریان دەکرد لە جێی من وەک بڵێی هەر ئاهەنگی من نەبێت. گرنگیم نە بە ئاهەنگ نە بەخۆم نەئەدا. دوای دوو هەفتە بانگی خزم و کەسمان کرد و ئەڤینم گواستەوە. من هیچ هەستم بۆی نەبوو. زۆرجار لەسەر شتی بچووک لێی تورە دەبووم، بەڵام ئەو هەموو کات میهرەبان بوو هیچی نەدەوت و تورە نەدەبوو لێم و شەڕی لەگەڵ نەدەکردم. هەمیشە بەیانیان کە دەچوومە ئیش، هەڵدەستا و زوو نانی بۆ حازر دەکردم و بەڕێی دەکردم و ئێوارانیش بە ڕوویێکی خۆشەوە بەخێرهاتنی دەکردم و نانی بۆ حازر دەکردم. بەڕاستی زۆر ڕێزی دەگرتم، بەڵام من قەدری ئەم باشی و میهربانیەی ئەوم نەدەزانی. ڕۆژێك کاتێ ئەچووم بۆ سەر ئیش لە ڕێگەدا ئۆتۆمبێلێک خۆی پیا کێشام و

بە زەویدا کەوتم و گەیاندمیانە نەخۆشخانە. قاچەکانم زەرەریان بەرکەوتبوو. دکتۆر گووتی:

-ماوەیەک دەبێ لە ماڵەوە بیت و ئاگات لە خۆت بێت و نابێت بە هیچ شێوەیەک هەڵسی و بە پێ بڕۆی.

ئیتر لە نەخۆشخانە دەرچووم و بۆ ماوەی دوو مانگ لە ماڵ کەوتم. نەمدەتوانی لەسەر قاچەکانم بڕۆم. لەو ماوەیە ئەڤین لە دایکم زیاتر ئاگای لێم بوو زۆر خزمەتی دەکردم و هیچ کات گلەیی و پرتە و بۆڵەی نەئەکرد. هەمیشە بە میهرەبانی قسەی لەگەڵم دەکرد و لەگەڵم دەدوا. وای لێی هات هەستەکانم بگۆڕێت و خۆشیم بوێت و حەزم دەکرد هەموو کات لام بێت و گرنگیم پێ بدا و داییم قسەی لەگەڵ بکەم.

ئیتر باشتر بووم و توانیم لەسەر پێیەکانم هەڵسم و بڕۆم. بەمەش زۆر سووپاسی ژنەکەم کرد کە یارمەتی دام و ئاگای لێم

بوو. دوای مانگێك ژنەکەم دووگیان بوو بەمەش زیاتر دڵخۆش بووم و لە جاران زیاتر ئەڤینم خۆش دەویست و وام لێهات ئاشقی بووم.

هەمیشە دەمگووت:

- دوای ڤیان قەت ئاشق نابمەوە و دڵم خۆش نابێت.

خۆشبەختانە وانەبوو. سۆز و میهرەبانی و خۆشەویستی ئەڤین وایکرد ئاشقی ببم و زۆرم خۆش بووێت و دووبارە خۆشی بێتەوە بەر ژیانم. ڕۆژێك داوام لە ئەڤین کرد بچینە بازار و جل و بەرگ بۆمنداڵەکەمان بکڕین. کاتێ بردمە دووکانی جل و بەرگ بینیم دووکانێکی گوڵ فرۆش بەرامبەریەتی. ویستم بچم گوڵێك بۆ ئەڤین بکرم. پێم گووت:

- دڵم تۆ سەیری جل و بەرگەکان بکە منیش ئێستا دێمەوە.

گووتی:

- باشە.

چوومە دووکان گوڵ فرۆشەکە و گوڵێکم هەڵگرت. کاتێ ویستم پارەکە بدەمە خاوەن دووکانەکە شۆك بووم ئاخر خاوەنەکەی ڤیان بوو. ئەو جوانیەی جارانی نەما بوو و ڕەنگی زەرد ببوو. گووتم:

- ڤیان چۆنە لێرە کار دەکەی؟

ڕێک گریا و فرمێسک لە چاوی هاتە خوارەوە و گووتی:

- ژیانم وێران بوو ئاسۆ من زۆر پەشیمانم شووم بو پیاوە کرد.

گووتم:

- بۆچی؟ چی بووە؟ ئەی پیاوەکەت دەوڵەمەند نیە؟ بۆچی تۆ ئیش دەکەی؟

بە گریانەوە گووتی:

- سەرەتا کە شووم پێی کرد دەوڵەمەند بوو بەس ئێستا نا. هەموو پارەکەی لە قومار و ئارەقدا دۆڕاندووە و ئێستاش لە ماڵ کەوتوە و کار ناکا. من هەم نان دەکەم بۆ خەڵک هەم ئەم دووکانەشم هەیە. ئەگەر پارەی بۆ نەبەمەوە لێمدەدا و پارەکەش ئەدا بە ئارەق. ئاسۆ زۆر پەشیمانم تۆم جێ هێشت توخوا قەبوڵم بکەوە و یارمەتیم بدە. گ

گووتم:

- ئەزانی زۆر درەنگە ڤیان؟ من ئاشقی تۆ بووم ئەزانی؟ دوای تۆ من وێران بووم و هەمیشە بەدیار وێنەکانتەوە ئەگریام بۆ ئەو ڕۆژانەی پێکەوە بووین. تۆ منت جێ هێشت لەبەر پارە و دەوڵەمەندی تازەش درەنگە ڤیان خان. ئەو ئافرەتە ئەبینی وا خەریکی هەڵبژاردنی جلی منداڵە؟ ئەوە هاوسەری منە و بەقەد هەموو دوونیا خۆشم دەوێ و

ئاشقیم ئەو دڵێکی میهرەبان و باشی هەیە و هەرگیز نامەوێت جێ بێهڵم و تۆشم لەبیر کردووە وەک چۆن منت جێ هێشت ئاوا لەبیر کرای و هەموو شتێکی تۆم سڕیوەتەوە و چیتر خۆشم ناوێیت. ئەوەش پارەی گوڵەکە بە زیادەوە هیوای ژیانێکی خۆشت بۆ دەخوازم.

ئینجا دووکانەکەم جێهێشت و چووم گوڵەکەم بۆ هاوسەرەکەم برد و ئینجا جلی منداڵەکەمان هەڵبژارد و گەڕاینەوە ماڵ. دوای ماوەیەک خودا کچێکی جوانی پێی داین و سووپاس بۆ خوا ئێستا زۆر دڵخۆشین لەگەڵ ئەڤین و منداڵەکەم.

بەڕاستی قەدەر جوانترین بریارە و بە دەست خودایەکی میهرەبانە. هەرگیز دڵگران مەبە لەو بڕیارانەی کە خودا بۆتی ئەدا. خودا شتێکت لێ ئەستێنێ و باشترت پێ ئەبەخشێ و

کەسیش نازانێ خێر لەچی دایە. هەزار سووپاس بۆخوا کە ئەڤینی پێ بەخشیم و لە جاران زیاتر دڵخۆشی کردم.

کۆتایی .....



# خراپیەکانی باوکم و باوەژنم

## چیرۆکی هەشتەم

من ناوم بەیانە و ئێستا 25 ساڵم. ژیانی منداڵی من و رەیانی خوشکم و بروای برام پر ئازار و ناخۆشی بووە. باوکم کرێکار بوو بە زۆر دەمانتوانی خواردنی ڕۆژانە دابین بکەین چونکە باوکم دەیخواردەوە. ئەو پارەیەی دەستی دەکەوت دەیدایە مەشرووب. ژیانمان زۆر سەخت و ناخۆش بوو. ماڵی پورم نزیکمان بوون زۆرجار ئەو خواردنی بۆمان دەهێنا جا بە تێری سکمان شتێکمان دەخوارد. دراوسێکانمان جار جار برە پارەیەکیان پێدەداین بۆ خواردن و خەرجی ڕۆژانەمان باوکم کاتێ دەیزانی دروسێکان ئەو پارەیەمان بۆ دێنن بە لێدان لە دایکمی دەسەند و دەچوو پارەکەی دەدایە مەشرووب و زۆرجار من و خوشک و براکەم بێ پارە دەچووین بۆ مەکتەب. باوکم هیچ کاتی باوکایەتی بۆ ئێمە نەکردووە و قەت نازی هەڵنەگرتووین و خۆشەویستی پێ نەبەخشیووین جگە لەوەش

زۆربەی کاتەکان بەسەرخۆشی دەگەڕایەوە ماڵ و لە دایکمی دەدا و ئازاری پێ دەگەیاند. دایکم زۆربەی کات لە تاو ئازاری لێدانەکانی باوکم شەو تا بەیانی نەدەخەوت. هیچ حیسابی خێزانی خۆی بۆ نەدەکرد. ماوەیەک نێوان دایک و باوکم زۆر خراپ بوو بەردەوام باوکم بەبێ هۆ لە دایکمی دەدا و دەیگەیاندە لێواری مەرگ. ڕۆژێک دایکم بە هۆی لێدانی باوکم بێ هۆش کەوت و بانگی پورمان کرد ئەوەی ماڵی لێمان نزیک بوو. ئەو بەهانامان هات و دایکمی برد بۆ نەخۆشخانە. ئەوکات دایکم دووبارە گەڕایەوە ژیان و گەڕایەوە لای ئێمە، بەڵام ئەم کارەی باوکم بەردەوام بوو. ڕۆژە ناخۆش و ڕەشەکەم لێرەوە دەست پێی دەکات خۆزگە ئەو ڕۆژە دەمردم و هەواڵی مردنی دایکمم پێی نەدەگەیشت. چەن ڕۆژێکی ناخۆش بوو. نازانم چۆن باسی بکەم؟

لە قووتابخانە بووم ئەوکات پۆلی 7 بووم تەمەنم 13 ساڵ بوو. بڕوای برام پۆلی 6 سەرەتایی بوو تەمەنی 12 ساڵ بوو. ڕەیانی خوشکیشم پۆلی 4 سەرەتایی و تەمەنی 10 ساڵان بوو. ئارامی کوڕی پورم هات بە شوێنمان. پێی گووتین:

- دایکتان کەمێ نەخۆشە و چەند ڕۆژێك لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە. دایکم ئێستا لە لایەتی منیش هاتووم ئێوە بەرم بۆماڵی خۆمان.

کە گووتی(دایکتان نەخۆشە) دڵم خەبەری ناخۆشیدا و ئازارێك کەوتە نێوی. هەستم کرد ئارامی درۆم لەگەڵ دەکا. گووتم:

- تخوا کاکە ئارام ڕاستیم پێ بڵێ دایکم چۆنە و چیەتی؟

گووتی:

- هیچی نیە کەمێك نەخۆشە خۆ هەموو کەس نەخۆش دەکەوێ. ئەی ئەوە نیە دایکی منیش نەخۆشی دڵ و شەکرەی هەیە و زوو زوو دەیبەینە لای دکتۆر؟ دایکی تۆش کەمێ نەخۆشە و بردوویانەتە نەخۆشخانە.

گووتم:

- نەخۆشە یان باوکم لێی داوە وا بردووتانەتە نەخۆشخانە؟

گووتی:

- نا باوکت هیچی لێ نەکردووە خۆی کەمێك نەخۆشە.

ئیتر ئێمەی بردەوەماڵی خۆیان. ئێمە لە ژوورەوە بووین دانیشتبووین. ماڵیان چۆڵ بوو کەسیان لە ماڵ نەبوو. لە ناکاو ئارام تێلی بۆ هات و چووە حەوشەکە. لەو کاتە ڕەیان گووتی:

- تینوومە دادە دەتوانی ئاوم بۆ بێنی؟

گووتم:

- بەسەرچاوی دادە ئێستا بۆت دێنم.

چوومە مەتبەخ ئاو بۆ خوشکم بێنم گوێم لە ئارام بوو دەیگووت:

- خەمت نەبێ دایکە من بەیان و رەیان و بڕوام هێناوە بۆ ماڵی خۆمان ناهێڵم بزانن دایکیان مردووە.

کە ئاوای ووت گڵاسە ئاوەکەی دەستم کەوت و هاوارم کرد

- کاکە ئارام، کاکە ئارام دایکم مردووە؟ ئەوە تۆ چی دەڵێی؟

لەو کاتەیا تەواوی دوونیا لەبەر چاوم ڕەش بوو بە ڕاکردن بەرەو ماڵی خۆمان ڕۆشتم کە دوو کۆڵان لە ماڵی پورم دوور بوو. کە گەشتم ماڵمان قەڕەباڵغ بوو. چوومە ژوورەوە بینیم چەند ژنێکی دراوسێمان لەگەڵ پورم خەریکی شۆردنی تەرمی دایکم

بوون. تەرمی دایکم گشتی سووتا بوو. کە دەیانشۆری لەگەڵ شۆرینەکەی گۆشتی جەستەی لێ دەبوویەوە ئەوەندە خراپ سووتا بوو. پورم نەیهێشت من زیاتر نزیکی بکەومەوە و ئەوە کۆتا جار بوو دایکم ببینم. دایکم لە داخی خراپی باوکم خۆی سووتاند و ئێمەی لەم دۆزەخە بە تەنیا جێهێشت. خۆزگە بە سووتاندنی خۆی ئێمەیشی لەگەڵ خۆی بسووتاندایە. نازانم بۆ ئێمەی جێهێشت لەم ژیانە پڕ ئازار و سەختەی وەک جەهەنەم وایە؟ دوای ئەوەی دایکمیان شۆری بردیان نوێژی لەسەر بکەن و بینێژن، پێش چاوم تاریک بوو و لە هۆش خۆم چووم کە چاوم کردەوە لە ماڵی پورم بووم. گووتم:

- کاکە ئارام ئەوە خەون بوو وایە؟ دایکم نەمردووە وایە؟

بە چاوی پڕ گریان هیچی نەوت ئیتر زانیم کە دایکم بەڕاستی مردووە و ئێمەی بە تەنها جێهێشتوە. بیرمە لە پرسەکەیدا باوکم هیچ نەگریا و پەشیمانیشی پێوە دیار نەبوو وەک بڵێی ژنی ئەو هەر نەمردبێ. ئیتر دوای پرسەکە ئێمە هەر لە ماڵی پورمانماینەوە. ڕەیان و بڕوا گەڕانەوە قوتابخانە بەڵام من نا. چونکە دوای مردنی دایکم من بە هیچ شێوەیەک قسەم نەئەکرد و وازم لە قسە کردن هێنابوو. دوو مانگ هەر بێدەنگ بووم و قسەم نەئەکرد و نەشدەگریام بە تەواوی بێدەنگیم هەڵبژارد بوو. هەمووان وایان دەزانی کە من دوای مردنی دایکم لاڵ بوومە. کاتێ پورم گووتی:

- پێویستە بەیان بەیینە لای دکتۆر. بزانین بەڕاستی چیتر ناتوانی قسە بکات.

منیش ئەو ڕۆژە هاتمە قسە

- پوریێ پێویست ناکات.

لەو کاتەدا پورم بە چاوی پڕگریانەوە باوەشی پێمدا کرد و گووتی:

- سووپاس بۆ خوا تۆ باشیت و ئەتوانی قسە بکەی کچە شیرینەکەم.

ڕاستە دوای مردنی دایکم بێدەنگ بووم و نەگریام، بەڵام ئەو ڕۆژە کە پورم باوەشی پێمدا کرد دەستم کردەوە بە گریان و گووتم:

- پوریێ بۆ دایکم جێ هێشتین؟ دوای دایکم ئێمە چۆن بژین؟ کێ جێگای دایکمان بۆ دەگرێتەوە؟ خۆزگە

ئێمەشی لەگەڵ خۆی دەسووتان و ئێمەی بەتەنها جێ ناهێشت.

ئەو ڕۆژە لە باوەشی پورمە هەتا هێزم تێدابوو گریام و ئەوەی لەناخمدا بوو گووتم. پورم گووتی:

- خەمتان نەبێ من لاتانم و وەکو منداڵی خۆم ئاگام لێتان دەبێ.

دوای گەڕاینەوە بۆ مەکتەب سووپاس بۆ خوا مامۆستاکان بە هۆی مردنی دایکم زۆر یارمەتیان داین و ئەو ساڵە من و بڕوا و ڕەیانیان ناجح کرد. ئێمە هەر لە ماڵی پورم دەماینەوە باوکیشم کاری دەکرد کە لە کار تەواو دەبوو دەهاتە ماڵی پورم بۆ نان خواردن و شەوانیش زۆرجار بە تەنها لە ماڵی خۆمان دەخەوت. من وەک باوکم نا وەک دووژمن سەیرم دەکرد زۆر

ڕقم لێی دەبوویەوە چونکە بەهۆی ئەو ژیانمان وێران ببوو. ڕۆژێك گوێم لێ بوو مێردی پورم کە ناوی شوان بوو ڕووی کردە پورم و گووتی:

- هەتا کەی ئەو منداڵانەی برات لێرە دەبن؟ خۆ بەتەما نیت من بەخێویان بکەم و خزمەتیان بکەم و مەسرەفیان بکەم؟

پورم ژنێکی زۆر باش بوو وەک منداڵ خۆی ئاگای لێمان بوو. گووتی:

- خۆ فڕێیان نادەمە سەر جادە کەسیان نیە بۆیە وەعدم پێیان داوە خۆم ئاگام لێیان دەبێ و وەک منداڵ خۆم بەخێویان دەکەم.

کاک شووان گووتی:

- ئاوا نابێت باوکیان هەیە و ماڵیان هەیە دەبێت باوکیان ژنێکیتر بهێنێ و ئاگای لە منداڵەکانی بێ و بۆی بەخێو بکات.

کە گوێم لەم قسانە بوو فرمێسک بە چاوم هاتە خوارەوە ئاخر دوای دایکم ئێمە تەنهاترین کەسی دوونیا بووین. دوای ماوەیەک کاک شوان خزمێکی خۆی بۆ باوکم دۆزیەوە و داوای لێکرد بیهێنێ هەر چەندە باوکم پارەی وای نەبوو بۆ ژن هێنان بەس کاک شوان یارمەتی دا و توانی ئەو خزمەی خۆیان بۆ باوکم بێنێ. ئەویش بێوەژنێک بوو. دوو مانگ شووی کردبوو پیاوەکەی بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لە دەست دابوو. دوای هاوسەرگیری کردنی لەگەڵ باوکم ژیانمان وێرانتر بوو بە هۆی باوەژنەوە. ژیانی لێ تاڵ کردین و کردیە دۆزەخ. ئێمە هەزار جاران ئاواتی مردنمان خواستووە بە هۆی زوڵمەکانی

باوەژنمەوە. سەرەتا تا یەك مانگ کێشەی نەبوو لەگەڵمان. خواردنی بۆ ئامادە دەکردین و قسەی خۆشی لەگەڵ دەکردین. دوای مانگێك ڕووە شەیتانیەکەی دەرکەوت. بە بێ هۆ تورە دەبوو لێمان و قسەی ناشرینی پێمان دەگوت بەوەش نەوەستا زۆرجار بە باوکم بە لێدانی ئەداین و بوختانی بۆ هەڵدەبەستین. ئێستاش بیرمە جارێکیان باوەژنم ڕەیانی خوشکمی بە لێداندا بە دەست باوکم. من و بڕوا نەمانهێشت و لە ژێر دەست باوکم ڕەیانمان دەرکرد. باوکم خەریك بوو بە لێدان ڕەیان بکوژێ باوەژنیشم سەیری دەکرد و لە ژێرەوە پێدەکەنی. زۆر رقم لێی دەبوویەوە بەهۆی ئەوەوە براکەم وازی لە خوێندن هێنا و دەستی بە کارکردن کرد و خەرجیماڵەوەی دابین دەکرد. منیش پۆلی 9ـم بەسەرکەوتوی بڕی و چوومە پولی 10. یەکێک بووم لە خوێندکارە زیرەکەکان و هەموو ڕۆژ مامۆستاکانم دەست

خۆشیان لێی دەکردم من ئاشق بە خوێندن بووم. ڕۆژێك باوکم گووتی:

- بەیان واز لە خوێندن بێنە پارەی ئەوەمان نیە خەرجی خوێندن تۆ دابین بکەین.

کە ئاوای گووت فرمێسک بە چاوم نەوەستا. لێی پارامەوە و گوتم:

- توخوا باوکە وامەکە با خوێندنەکەم تەواو بکەم. پارە و شتم ناوێ بێ پارە دەچمە قوتابخانە.

ئەمە قسەی باوەژنم بوو کە بە باوکمی گووتبوو من دەربکەن لە خوێندن بۆ ئەوەی وەک خزمەتکار لەبەر دەستی بم. چەند گریام و چەند لێی پارمەوە سوودی نەبوو. مامۆستاکانم داوایان دەکرد بێمەوە خوێندن بەس باوکم ڕێگەی نەئەدام. بۆیە وازم لە

خوێندن هێنا و لە ماڵ دانیشتم. دایم شەرم بوو لەگەڵ باوەژنم. دوای مانگێك باوکم هات و گووتی:

- بەیان هاورێیەکم هەیە چێشتخانەیەکی هەیە پێویستی بە کچێکە قاپەکانی بۆ بشوات و مانگانەش برێك پارەی باشیشی هەیە. ئەمە بۆ تۆ زۆرباشە بۆ ناچی ئیشی تیا بکەی؟

ئەیەویست کاری بۆ بکەم و پارەکەشی بەرێ بۆ خۆی. منیش گووتم:

- بە مەرجێ کار دەکەم ئەویش ڕێگە بدەی خوێندنەکەشم تەواو بکەم.

ئیتر لەبەر ئەوەی کارم بۆی دەکرد ڕێگەی دا بگەڕێمەوە خوێندن. بەڕاستی زۆر دڵ خۆش بووم و گەڕامەوە خوێندن بۆ لای هاوڕێ و مامۆستاکانم.

ئیتر بەیانیان لە قوتابخانە بووم نیوەڕۆیانیش دەهاتمەوە و دەچووم بۆ چێشتخانە. کاتژمێر 2ـی نیوەڕۆ تا 8ـی شەو کارم دەکرد. هەموو ڕۆژ ئەوە حاڵی من بوو. بە شەو وانەکانم دەخوێند هەر بەم شێوەیەش یەکێک بووم لە خوێندکارە زیرەکەکان چونکە ئاشقی خوێندن بووم. سوپاس بۆ خوا پۆلی 10 و11 و12ـم بە سەرکەوتوی و دەرجەی بەرز بڕی و چوومە زانکۆ لەو بەشەی ئاواتم بوو وەرگیرام. ئەو پارەیەی لە کارەکەم وەرم ئەگرت باوکم نیوەی لێ ئەسەندم. نیوەکەیترم بۆ خۆم و ڕەیانی خوشکم بەکارئەهێنا.  لە زانکۆش زۆر دڵخۆشبووم یەکێک بووم لە خوێندکارە زیرەکەکان بە هۆی ئەم زیرەکی و

سادەییەمەوە کورەکان زۆر حەزیان دەکرد لێم نزیک ببنەوە منیش ئیهمالیانم دەکرد و خۆم لێیان دووردەخستەوە تەنها کورێك نەبێ کە زۆر سەرەنجمی ڕادەکێشا. ناوی هیوا بوو. کوڕێکی بەڕێز و ئاقڵ و پیاوانە دیار بوو بۆیەش زۆر سەرەنجی ڕادەکێشام. ڕۆژ بە ڕۆژ هەستم بۆی درووست دەبوو. نەمدەزانی چۆن پێی بڵێم ئەویش بەردەوام سەیری دەکردم. هەمیشە دەمگووت( تۆ بڵێی ئەویش هەمان هەستی منی هەبێ؟)

هەموو کات و هەموو ڕۆژ بیر و خەیاڵم لای بوو. بەو پارەیەی کارکردنم توانیم مۆبایل بکرم و فەیسبووکیشم دانا. زۆر دڵخۆشبووم.هەموو ڕۆژەکانم بە خۆشی تێدەپەران. هەر چەندە باوەڕنم دڵی بەم خۆشیەم هەڵنەئەهات، بەڵام من گوێم پێی

نەدەدا ئاگام لێی بوو خەریک بوو دڵی دەتەقا لە داخی پێکەنینەکانم.

دوای ماوەیەک من و هیوا بووینە نزیکترین هاوڕێی یەکتر و هەموو دەم لە زانکۆ پێکەوە بووین و بە فەیسبووکیش قسەمان دەکرد. کچێك هەبوو هەر لە زانکۆی خۆمان، ناوی سیما بوو زۆر بە ڕقەوە سەیری دەکردم. سەرەتا نەمئەزانی بۆچی دواتر تێگەیشتم دڵی بە هیواوەیە بۆیە ڕقی لێم دەبوویەوە و حەسودی دەبرد بەوەی هیوا لەگەڵ منە و گرنگیم پێ دەدا. ڕاستی منیش هیچ ئەو کچەم خۆش نەدەویست هەمیشە هەوڵی دەدا من و هیوا لە یەک بکات. تەنانەت ڕۆژی چووبوو هەستی خۆی بۆ هیوا دەربری بوو باسی خۆشەویستی خۆی بۆ کردبوو. هیواش ڕەتی کردبوویەوە. ئەویش گووتبووی:

- دڵت بە بەیانەوەیە؟

هیواش گووتبوی:

- بەڵێ.

ئەم قسەیە بە من گەیشتەوە و بەو هۆیەوە بووینە خۆشەویست. زۆر دڵخۆش بووین بەبێ یەکتر ئیدارەمان نەئەکرد. لە ژیانم قەت وا دڵخۆش نەببووم. هیوا هەمیشە گرنگی پێ دەدام و دڵخۆشی دەکردم منیش بە قەت هەموو دونیا هیوام خۆشدەویست. ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستیمان زیاتر دەبوو و ڕق و کینەی سیماش لەگەڵیدا زیاتر دەبوو. هەستم پێی دەکرد کە لە جاران زیاتر ڕقی لێمە بەس من گوێم پێی نەدەدا. بەداخەوە ئەم خۆشیەم بەردەوام نەبوو دوبارە ناخۆشی بەرۆکمی گرتەوە و دەستی پێ کردەوە.

ڕۆژێك خاوەن چێشتخانەکە گووتی:

- کارم کەم بووە بۆیە چێشتخانەکە دادەخەم.

من ئەگەر ئیشم نەکردایە نەمئەتوانی پارەی خوێندنی خۆم دەرکەم و پارەش بدەم بە باوکم. نەمئەزانی چی بکەم هەر دەگریام و دووعام دەکرد خودا یارمەتیم بدات.

ئیتر من گەڕامەوە ماڵ و چێشتخانەکەش داخرا. باوەژنم ئەمەی بە هەل زانی بوو و چووبوویە لای باوکم و گووتبوی:

- ئەوە بەیان ئیشی نەماوە چیتر مەینێرەوە زانکۆ. بە چ پارەیەک خوێندنی ئەو دابین بکەین؟ با بیدەین بە شوو خۆت دەزانی ئیتر گەورە بووە. وەرە با بیدەین بە برای من.

باوەژنەکەم بە هەر شێوەیەک بوو باوکمی ڕازی کرد بمدات بە براکەیی. ئەو تەمەنی 35 ساڵ بوو منیش 19 ساڵ بووم. کە

ئەمەم بیست شێت بووم. من ئاشقی هیوا بووم ئاخر چۆن شتی وادەبێ؟ زۆر گریام و پاڕامەوە لە بەر دەم باوکم، بەڵام بێ سوود بوو. ئەو باوکەی من زۆر دڵی ڕەق بوو خۆشی ئێمەی نەئەویست و بە قسەی باوەژنم ڕازی بوو.

داوام لە پورم کرد قسە لەگەڵ باوکم بکا پورم قسەی لەگەڵ کرد ئەویش هیچ سوودی نەبوو باوکم هەر لەسەر قسەی خۆی بوو. نەمئەزانی چیبکەم و چۆن ئەمانە بە هیوا بڵێم کە بە زۆر ئەمدەن بە شوو؟ هەر دەگریام و خەمم دەخوارد. چووم بۆ ماڵی پورم داوام لێی کرد بە مۆبایلەکەی ئەو پەیوەندی بە هاوڕێکەم بکەم. مۆبایلی خۆشم نەمابوو چونکە لێیان سەندبووم و فرۆشتیان. ئیتر تێلم بۆ هاورێیەکی زانکۆم کرد چونکە مۆبایلی پورم بوو نەمتوانی تێل بۆ هیوا خۆی بکەم ترسام ئاشکرابم. تێڵم بۆ هاورێکەم کرد و پێم گووت:

- به تەمان بەزۆر بمدەن بەشوو. بە هیوا بڵێ بەیان شوو ناکا و هەر ئەوی خۆشدەوێ و دێتەوە لای.

ئەم کچەی هاورێم لە پشتەوە چەقۆی لێ دام و بە درۆ بە هیوای گووتبوو:

- بەیان تێلی بۆ کردووم. گووتوویەتی(کورێکی جوان و دەوڵەمەند هاتۆتە داوام. من شوودەکەم با لە بیرم بکات.)

من چوزانم ئەو کچە وادەکات و ئەشقەکەم لەدەست دەدەم.

هیوا کە ئەمەی بیستبوو لە ڕقی من چووبوو بە خۆشەویستی سیما ڕازی ببوو. گووتبووی:

- هیچ کەس ناناسم بە ناوی بەیان. مادام خیانەتی لێ کردم.

بەم جۆرە من مردم. ئەشقەکەم لەدەستدا و ئیتر شتێکم بۆ نەمایەوە بە ناوی ژیان. بریارمدا خۆم بکوژم بەس شوو بە برای

باوەڕنم نەکەم. حەبەکانی پورمم برد کە هی نەخۆشی دڵ بوو. گووتم: پێش ئەوەی مەلا مارەم بکات ئەیخۆم.

بۆ شەو مەلا هات و وویستیان مارەم بکەن منیش گشت حەبەکانم خوارد و تەندروستیم تێك چوو. بردمیانە نەخۆشخانە و ئەمجارەش نەمردم و لە مردن ڕزگارم بوو. براکەم لەگەڵ باوکم شەری کرد و گووتی:

- بۆ ئەتەوێ بە زۆر خوشکم بە شوو بدەی؟

باوکم لەسەر ئەوە زۆری لەبرام دا. من تازە لە نەخۆشخانە دەرچووبووم دوای ئەو شەرە براکەم گووتی:

- ئێمە ئەم ماڵە بۆ ئێوە جێ دێڵین و ئەڕۆین بۆ خۆمان ئەژین.

باوکم زۆر تورە بوو دەری کردین لە ماڵ. ئاگام لێ بوو باوەژنم زۆری پێ خۆشبوو وەک بڵێی جەژنی بێت. کە دەرچووین لەو ماڵە من و بڕوا و ڕەیان چووینە ماڵی پورم و هەموو شتمان بۆ پورم باس کرد. گووتمان: خانوێ بە کرێ دەگرین و بۆ خۆمان دەژین.

پورم زۆر گووتی:

- لای ئێمە بمێنەوە.

قبوڵمان نەکرد گووتمان:

- نا حەز دەکەین بۆ خۆمان بژین.

ئیتر خانوویەکمان لە تەنیشت ماڵی پورم گرت و لەو خانوە بچووکە دەژیاین. بڕوا کاری دەکرد و منیش نانم بۆ خەڵک دەکرد و پێکەوە کرێی خانوومان دەدا. شوکر بۆ خوا خانویەکی

هەرزانیش بوو دەستمان کەوتبوو ئینجا گەڕامەوە زانکۆ. هەرچەندە خوێندنی زۆریشم لە دەست دابوو، بەڵام سووپاس بۆ خوا توانیم هەموو وانەکان وەرگرمەوە و تاقیکرنەوەکانم بە سەرکەوتویی تێپەڕاند. هیوا سیمای نیشان کردبوو کە بیستم وێران بووم. ڕووخام بەوەی ئەشقەکەم لەگەڵ کەسێکیترە، بەڵام ناچار بووم ئیتر دووربم لێی. ئیتر تەنیا گرنگیم بە خوێندنەکەم دەدا. توانیم قۆناغی یەک و دوو و سێ بە سەرکەوتوی ببرم و گەیشتمە قۆناغی چوار و هەر زیرەکەکەی جاران بووم.

لە قۆناغی چوارەم هەواڵی مردنی باوکم پێ گەیشت. تووشی نەخۆشی ببوو بە هۆی زۆر خواردنەوە مەشرووب. ئەو باوکەی ڕۆژێ باوکەیەتی بۆ نەکردین وخۆشی نەوویستین ئیتر مرد. ڕاستی بڵێم یەک دڵۆپ فرمێسکم بۆی نەڕشت، چونکە بە باوکی خۆم دانادەنا. دوای ماوەیەک باوەژنیشم شووی کردەوە

ئاگام لێ نەما. منیش قۆناغی چوارەمم بە سەرکەوتوی بڕی. ڕەیانی خوشکیشم هاتە زانکۆ. بەڕاستی زۆر دڵخۆشبووین. من خەیاتیم دەکرد و نانم بۆ خەڵک دەکرد و لەگەڵ براکەم بەیەکەوە خەرجی ڕۆژانەمان دابین دەکرد. دوای ماوەیەک ناوم هاتەوە و بوومە مامۆستا و لەیەکێک لە قوتابخانەکان وانەم دەگووتەوە.

ڕۆژێك پورم هات بۆ ماڵمان و گووتی:

- هەواڵی باوەژنتم دەست کەوتوە هەموو ڕۆژ لەگەڵ مێردەکەی شەڕێتی و زۆری لێ دەدا ژیانی بووە بە دۆزەخ.

بەڕاستی خوا تۆڵەی ئێمەی لێ کردەوە و بەمە زۆر دڵخۆشبووین. ڕۆژێك لە ماڵ تێل بۆ برام کرا کە وەڵاممدا بینیم بنارە. ئەو کچەی جیرانمان بوو. پێم سەیر بوو بۆ تێلی بۆ

برام کرد. دوای چووم قسەم لەگەڵ برام کرد و پرسیارم لێی کرد. ئەویش گووتی:

- لەگەڵ بناری دراوسێمان لە خۆشەویستی داین.

زۆرم پێ خۆشبوو بنار هەم جوان بوو هەم ئاقڵ و زیرەک و بە ڕەوشت و تێگەیشتوو بوو دەمێک بوو جیرانمان بوون باش دەمناسی. قسەم لەگەڵ برام کرد کە بچینە داوای.

ئەو گووتی:

- ناتوانین. پارەی ئەوەمان نیە ئاڵتون و ماڵ و ئاهەنگی بۆ بکەین.

من قسەم بۆ کرد و گووتم:

- هەندێ پارەم هەیە پێت دەدەم دەتوانی ئاهەنگێکی جوانی بۆ بکەیت. خۆت دەزانی بەم زوانە منیش لەم ماڵە دەڕۆم و شوو دەکەم.

بیرم چوو ئەوەش بڵێم، لەو قوتابخانەی وانەم تیایدا دەوتەوە مامۆستایەکم ناسی 28 ساڵ بوو ژنی نەهێنا بوو چونکە دایکی نەخۆشبوو خزمەتی دەکرد. دوای ئەوەی دایکی کۆچی دوای کردبوو دەیەویست ژن بێنێ و ئیتر منی بە دڵ بوو بۆیەش داوای هاوسەرگیری لێ کردم. منیش ڕازی بووم. ئەوکات مارە کرابووم بۆیە بە براکەم گووت:

- من ڕەیان دەبەمە لای خۆم ئێوەش لەم خانوە بژین. بۆ ئاڵتونیش خۆم قسە لەگەڵ بنار و ماڵەوەیان دەکەم دڵنیام حاڵمان دەزانن و داوای زۆر ناکەن.

بەهەر حاڵ لەگەڵ پورم چووین بۆ ماڵی بنار بۆ داواکردنی، ماڵەوەیان بەخێرهاتنی گەرمیان کردین و زۆریان پێی خۆشبوو گووتیان:

- کچ کچی خۆتانە هەر بەماکسیەکەی بەرییەوە پێشکەش بە ئێوە بێ.

بنار خۆشی داوای یەک ئەڵقەی کرد. ئێمەش گووتمان:


- گوارە و مستیلەیەکیش دەکڕین.

چونکە دراوسێی کۆنمان بوون و ئێمەیان دەناسی و دەیانزانی چۆن گەورە بووین بۆیەش زۆریان پێ خۆشبوو. بناریان دا پێمان و ئاهەنگێکی جوانمان بۆیان کرد. بڕوا ژیانێکی بەختەوەری پێك هێناوە لەگەڵ بنار. ڕەیانیش لەگەڵ کوڕێکی ڕێك و پێکدایە. وابڕیارە دوای زانکۆ بێتە داوای. منیش چەند

هەفتەیەکیتر دەگوازرێمەوە هاوسەرەکەم زۆر کەسێکی چاکە و زۆر منی خۆشدەوێت.

لە کۆتایدا لەخوای گەورە دەپارێمەوە: هەمووان دڵخۆش و بەختەوەربین ئەوەی دایکی هەیە خوا بۆی بهێڵێت و تەمەن درێژی بکا. ئەوەی نیەتی خوا لێی خۆشبێت و بەهەشت شوێنی بێ. لێرەوە پێتان دەڵێم قەدر و ڕێزی دایکتان بگرن چونکە کە لە دەستان دا ناگەڕێتەوە. دەوڵەمەندترین کەسی سەر زەوی بیت دایک و باوکت نەبێ هێشتا هەژاری.

کۆتایی




# بەدبەختیەکانی ژیانم

## چیرۆکی نۆیەم

من ناوم تەرزەیە و تەمەنم 25 ساڵە. ئەم چیرۆکەی باسی دەکەم هی تەمەنی گەنجیمە کاتێ 17 ساڵ بووم. من کچێکی سادەی باڵا بەرز و چاوڕەش بووم نە زۆر قەڵەو نە زۆر زەعیف مام ناوەند بووم, کچی تاقانەی ماڵ بووم. دایکم ژنی ماڵ بوو باوکیشم کرێکاری دەکرد بەیانی زوو دەڕۆیشت ئێوارە دەهاتەوە، بەڵام سووپاس بۆ خوا دەمان توانی بژێوی ژیانمان دابین بکەین و ژیانێکی سادە و خۆش دەژیاین. دایکم و باوکم زۆر منیان خۆشدەوویست. لە قوتابخانە پۆلی 11 بووم و یەکێک بووم لە قوتابیە زۆر زیرەکەکان و هەمیشە مامۆستاکانم دەست خۆشیان لێ دەکردم. هاورێیەکی زۆر نزیکم هەبوو بە ناوی لانە چەند ماڵێك لەسەرووی خۆمانەوە بوون.

ڕۆژێک عەسرەکەی چووم بۆ ماڵیان تا پێکەوە وانەکان بخوێنین ئێمە هەمیشە پێکەوە وانەمان دەخوێند کە چووم بۆ ماڵیان بینیم

ماڵێکی تازە هاتوونەتە بەرامبەریان و خەریکی داگرتنی کەل وپەلەکانی ماڵ بوون. سەیرم کرد کوڕێکی باڵا بەرزی چاو ڕەش سەیرم دەکات منیش سەرم داگرت و چووم بۆ ماڵی لانەی هاوڕێم و وانەکانمان خوێند. دوای تەواو بوونی وانەکان بینیم کورەکە هەر لە پێش دەرگای خۆیانە و هەتا چوومەوە ماڵ هەر سەیری دەکردم منیش زۆر گرنگیم پێی نەدا.

دوای چەند ڕۆژێ تێپەری لەگەڵ لانە چووینەوە بۆ قوتابخانە بینیم هەمان کور لای قوتابخانەکەمانە. خۆم تێک نەدا ئەو منی دی و منیش وەک هەموو جارێک سەری خۆم داگرت و چوومە ژوورەوە. بینیم خوێندکارێکی تازەمان بۆ هاتووە بە ناوی یارا. بەخێرهاتنمان کرد و بۆم دەرکەوت خوشکی ئەو کورەیە کە لە لای ماڵمانە و دایم سەیرم دەکا. ناوی دیار بوو. ئیتر ڕۆژان تێپەری و یارا بوویە نزیکترین هاورێ من و لانە.

هەمیشە هەرسێکمان پێکەوە وانەمان دەخوێند. هەر جارە و لە ماڵ یەکێکمان بووی بەس هەر جارێك من و لانە بچووینایە بۆ ماڵ یارا بۆ خوێندن، هەمیشە دیار بەخێرهاتنی گەرمی دەکرد و قسە و گاڵتەی خۆشی لەگەڵمان دەکرد. بە تایبەت لەگەڵ من. کورێکی زۆر باش و ڕێک و پێک بوو. هەموو ڕۆژیش من و لانە و یارای خوشکی دەبرد بۆ مەکتەب و دەیهێنایەوە و کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد بەیەکەوە.

ڕۆژێك لە مەکتەب یارا گووتی:

- تەرزە هەندێ ئیشم پێتە.

گووتم:

- فەرموو یارا.

ئەوکاتە لانەشمان لەگەڵ بوو یارا گووتی:

- بە یارمەتیت لانە ئیشم بە تەرزەیە.

بینیم لانە رووی خۆی گرژ کرد و گووتی:

- باشە جێتان دێڵم من. قسەی خۆتان بکەن.

گووتم:

- یارا بۆ هێشتت لانە بڕوا؟ ئەو وەک خوشکم وایە قەت شتی لێ ناشارمەوە. و هەموو شتێکم دەزانێت.

یارا گووتی:

- تەرزە ئەو بابەتەی باسی دەکەم پەیوەندی بە ژیانی خۆت هەیە.

گووتم:

- فەرموو بیڵێ.

گووتی:

- تەرزە ماوەیەکە دیاری برام تۆی چووە بەدڵدا و زۆری خۆشدەوێیت و ئاشقی تۆ بووە. هەموو ڕۆژ هەواڵی تۆ لە من دەپرسێت. سەیرکە تەرزە ئێستا جواب مەدەوە باشە؟ بیری لیّ بکەوە ئینجا. دڵنیابە دیاری برام دەتکاتە دڵخۆشترین کچی ئەم دوونیایە.

هیچم نەگووت تەنها گووتم( بیری لیّ دەکەمەوە) دواتریش هەموو شتم بۆ لانەی هاورێم باس کرد. لانەش گووتی:

- ئەگەر دیارت بەدڵە ڕازی بە چونکە کورێکی چاکە و لەوەتەی ئەیناسین هیچ شتێکی خراپمان لێی نەدیووە.

منیش بیرم کردەوە و بە یارام گووت:

- باشە رازیم.

ئەویش بە دیاری ووتبوو کە تەرزە ڕازیە. ئیتر من و دیار بووین بە خۆشەویستی یەک. زۆر دڵخۆشبووین. هەمیشە ڕێزی دەگرتم و میهرەبان بوو لەگەڵم و دڵخۆشی دەکردم. هەموو جار بە مەبەستی خوێندن دەچووم بۆ ماڵی یارا لەگەڵ دیار دەبووم و قسەمان دەکرد. دیاری جوان جوانی بۆ دەکریم. ڕۆژێک موبایلێکی زۆر جوانی بۆ کریم. ڕۆژانە بە تێل قسەمان دەکرد. هەموو ڕۆژیش کە دەیبردمە قوتابخانە هەواڵی دەپرسیم. ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستی دیار لە نێو دڵم زیاتر دەبوو. کە قوتابخانە تەواو بوو من و لانە و یارا هەرسێکمان توانیمان دەربچین. من توانیم یەکەمی پۆل خۆمان بم و دەرجەم لە هەردووکیان بەرزتر بێت. هاوین هات و خۆشەویستیەکەی من و دیار گەورەتر بوو. هەمیشە بە تێل قسەمان دەکرد. جار جاریش دەچووم بۆ ماڵیان دەمبینی و قسەمان دەکرد. لەو

هاوینەدا ماڵی لانەی هاوڕێم کە وەک خوشکم وابوو گواستیانەوە بۆ شارێکیتر. زۆر گریام و بێتاقەت بووم بۆ لانەی هاوڕێم چونکە لە منداڵیەوە پێکەوە بووین وەکو خوشکم وابوو. ئیتر مەکتەب کرایەوە و بوومە پۆل 12. هەموو کات خەریکی خوێندن بووم هەندێ جاریش دەچوومە لای یارا دەمخوێند، بەڵام زۆربەی کات خۆم تەنها وانەکانم دەخوێند چونکە پۆلی 12 بووم کەمتر قسەم لەگەڵ دیار دەکرد. ئەویش دەستی کرد بوو بە کارکردن. سوپاس بۆ خوا توانیم پۆلی 12 تەواو بکەم بە سەرکەوتوی و دەرجەی بەرز. زۆر دڵخۆشبووم کە بەخەونەکەم گەیشتم. یاراش توانی پۆلی 12 تەواو بکا هەر چەندە دەرەجەکەی زۆر بەرزیش نەبوو بەس هەر باشبوو. من و یارا زۆر دڵخۆش بووین بەوەی دەچینە زانکۆ لەگەڵ دیاریش نێوانمان گەرم و گوڕتر بوو. هەمیشە پێی دەگوتم(تۆ خێزانی

منیت) ناویشمان بۆ منداڵەکانمان دانابوو. باسی ئەو ڕۆژانەمان دەکرد کە من جلی بوکێنی بۆ دیار لەبەر دەکەم ئەویش بە قاتە ڕەشەکەیەوە زۆر جوان دەردەچین. هەمیشە دەمگووت( ئەی خوایە کەی ئەو ڕۆژە دێ من ببمە خانمی دیار)

زستان هات و کاتی کردنەوەی زانکۆ بوو. زۆر دڵخۆشبووم کە دەچمە زانکۆو بە خەونەکەم دەگەم، بەڵام بەداخەوە ئەم دڵخۆشیەم زۆری نەخایاند. ڕۆژە ناخۆش و ڕەشەکانم لێرەوە دەستی پێکرد. باوکم کە کرێکاری دەکرد چەند مانگێك بوو کاری نەبوو نەیدەتوانی پارە و خەرجی زانکۆ بدا. کرێی خانوومان چەند مانگ بوو نەدابوو لە لایەکیتریشەوە زۆر قەرزار بووین بۆیە باوکم گووتی:

- تەرزە ئەمساڵ مەچۆ بۆ زانکۆ توانای خەرجی زانکۆی تۆمان نیە.

من شەو و ڕۆژ دەگریام و دوعام دەکرد کە شتێك ببێ و بتوانم بڕۆمە زانکۆ کە خەون و خەیاڵم بوو. شەو نەبوو بە گریانەوە نەخەوم دیاریش زانیبووی زۆر خەمی لێم خواردبوو. شەوێك گوێم لە باوکم بوو بە دایکمی ئەگووت:

- تەرزەی کچمان گەورە بووە ئەگەر کەسێکی چاك هاتە داوای بە شووی دەدەین.

کە ئەمەم بیست زیاتر بێتاقەت بووم و تێلم بۆ دیار کرد و هەموو شتم پێ گووت. پێم گووت:

- داوام بێت ماڵەوە بە شووم دەدەن پێش ئەوەی کەس بێت تۆ وەرە داوام.

ئینجا بەڵێنم لێی وەرگرت ڕێگەم پێ بدا لای خۆی خوێندنەکەم تەواو بکەم و بە خەونەکەم بگەم. ئەویش ڕازی بوو و گووتی:

- لە ماوەیەکی کەمدا قسە لەگەڵ ماڵەوە دەکەم و دێمە داوات باشە.

دڵخۆشبووم چونکە لای دیار خوێندنەکەم تەواو دەکەم و دەچمە زانکۆ. دیار قسەی لەگەڵ ماڵەوەیان کردبوو داوای کردبوو بێنە داوای من بۆی. باسی ئەوەی بۆیان کردبوو کە چەند ساڵە ئاشقی منە و منی خۆشدەوویت، بەڵام دایکی رازی نەبوو. گووتبووی:

- من برازای خۆمت بۆ دێنم برازاکەم لەو کچە جوانترە.

دیاریش ڕەتی کردبوویەوە و گووتبووی:

- ئەو کچە وەک خوشکم وایە من بەس تەرزەم خۆشدەوێت و ئاشقی ئەوم.

چەند جارێك داوای لە دایکی کرد بێتە داوام، بەڵام دایکی ڕەتی دەکردەووە دەیگووت:

- من ئەو کچەم ناوێت ببێتە بوکی من.

ڕۆژێك دیار بە تورەیی لە ماڵ دەرچووبوو. بە خێرایەکی زۆر ئۆتۆمبێلی لێخوری بوو. بۆیەش تووشی رووداو بوو، بەڵام سووپاس بۆ خوا تەنها کەمێك بریندار بوو زۆر خەمم خوارد و گریام کە دیار وای لێی هاتووە لەسەر من. ئیتر دیار گووتبووی:

- یان دەچنە داوای تەرزە بۆم یان ئەڕۆم و ئەم وڵاتە جیّ دێڵم.

ئیتر دایکی ناچار هاتە داوای من. دەمە و عەسر بوو دایکی و یارا هاتن بۆ ماڵمان. منیش خۆم جوان کرد. زۆر دڵخۆشبووم بەوەی دایکی دیار ڕازی بووە. بەخێرهاتنێکی گەرمیانم کرد و چاییم بۆیان برد.

دایکی دیار گووتی:

- هاتووینەتە داوای تەرزە بۆ دیاری کورمان.

دایکیشم گووتی:

- یاخوا بەخێربێن. خۆشحاڵین بە خزمایەتیتان قسە لەگەڵ باوکی تەرزە دەکەین و جوابتان ئەدەینەوە ان شاء الله.

لەو کاتەیە من خۆشبەخترین کەسی دوونیا بووم و زەردەخەنە تەواوی ڕووخسارمی گرتبوو چونکە هەم دەگەشتم بە ئەشقەکەم هەم دەشمتوانی بە خەونەکەم بگەم کە تەواو کردنی

خوێندنەکەم بوو. خەریک بوو لە خۆشیا بفڕم، بەڵام بە داخەوە دڵخۆشیەم زۆری نەخایاند. دایکی دیار گووتی:

- ئەتوانم کەمێ قسە لەگەڵ تەرزە بکەم بە تەنها؟

دایکیشم گووتی:

- فەرموو.

چووینە ژوورێکیتر و دایکی دیار بە تووڕەی و ڕقێکی زۆرەوە سەیری دەکردم و گووتی:

- تەرزە خان جوان گوێ بگرە. ڕاستە ئێستا هاتوومەتە داوات بۆ کورەکەم بەس ناچار بووم ئەوەش باش بزانە ژیانت لێ دەکەم بە دۆزەخ. ژیانێک کە هەموو ڕۆژ بمری و بژیتەوە و خۆت ناچارانە داوای تەڵاق دەکەی لە کورەکەم. من هەرگیز تۆ بە بووکی خۆم دانانێم و وەک بووکی خۆم

سەیرت ناکەم. ئەوە باش بزانە تۆ ئێستا چاوەڕێی ژیانێکی تازە و خۆشی لە دیار، بەڵام من ژیانێکی تاڵ و جەهەنەمیت پێ دەبەخشم. من برازای خۆم داناوە بۆ کورەکەم.

منیش ڕێک گریام و گووتم:

- توخوا بۆ وا دەکەی پورێ گیان؟ تاوانم چیە ئاشقی کورەکەتم؟

گووتی:

- ووسکت بە. هیچ مەڵێ.

دایکی دیار ڕۆشت و منیش بە چاوی پڕ گریانەوە چوومە ژوورەکەی خۆم. گریانێك گریام فرمێسکەکانم ووشک

نەدەبوون. گریانی من ڕێک لە گریانی ئەو منداڵە دەچوو کە دایکی نیە و لەسەر قەبری دایکی دەگری و بێ ناز کەوتوە.

شەو هات و دایکم باسەکەی بۆ باوکم کرد. باوکیشم بانگی کردم منیش فرمێسکەکانم سری و گووتم:

- فەرموو باوکە.

باوکم گووتی:

- کچم، دایکت شتێکی بۆ باس کردم. ئیتر ژیان ئاوایە کچ دەبێ شوو بکا و کور دەبێ ژن بێنێ. دیار کوڕێکی چاکە و خێزانەکەشی کەسانێکی چاکن و دراوسێی خۆمانن. ماوەیەکە دەیان ناسین و هیچ خراپەیەکمان لێیان نەدیووە لە خوا بە زیاد بێ باری داراییشیان باشە. ئەگەر بەدڵتە دەڵێن بێنە پێشەوە ئەگەریش ناتەوێ ئەوە بە زۆر بە شووت نادەم

تۆ هەر کچە تاقانەکەی منی. قابیلە نەتوانم تۆ بەخێوو بکەم. بشمبوورە کچەکەم، خۆت باری دارایمان دەزانی بۆیە نەمتوانی بتنێرمە زانکۆ تا خوێندنەکەت تەواو بکەی. منیش زۆر خەمبار بووم کە بە خەونەکەت نەگەیشتی کچە جوانەکەم ئەزانم ئاشقی خوێندن و تەواو کردنی زانکۆ بوویت.

منیش گووتم:

- دایە، بابە، بیری لێ دەکەمەوە و وەڵامتتان دەدەمەوە.

گووتیان:

- باشە کچە جوانەکەمان.

چوومە ژوورەکەی خۆم دووبارە دەستم کردەوە بە گریان. ئەوەنە گریا بووم سەرینەکەم گشتی تەڕ ببوو. تەواوی شەوەکە ئەگریام و نوێژم ئەکرد دووعام دەکرد و دەمگووت:

- خوایە بۆ دەبێ وابێ؟ هەم ئەشقەکەم و هەم خەونەکانم لە دەست بدەم. چ ژیانێکی سەختە خوایە؟ خۆت ئاگات لە حاڵمە یارمەتیم بدە.

پەنجەرەی ژوورەکەم کردەوە و لەلای پەنجەرەکە دانیشتم. سەیری مانگ و ئەستێرەکانم دەکرد و بەرامبەریان بە گریانەوە خەو بردمیەوە. ئەوەندە گریا بووم چاوم سوور ببویەوە. بەیانیەکەی هەستام و دەست و چاوم شۆری وچوومە لای دایکم و گووتم:

- دایە من شوو ناکەم بە دیار هیچ دڵم بۆی ناچێت. ئەمشەو زۆر بیرم لێی کردەوە ئەگەر شووی پێ بکەم هەست دەکەم دڵخۆش نابم لەگەڵی هەست ناکەم من لەگەڵ دیار بگونجێم.

دایکم ویستی پەشیمانم بکاتەوە و داوای کرد دووبارە بیری لێ بکەمەوە، بەس گووتم:

- دایکە ئەمجارە داوام هات و بە دڵم بوو ڕێک شوو دەکەم.

ئیتر گووتی:

- باشە کچم بە دڵی خۆت.

هەواڵی دایەماڵی دیار و گووتی:

- کچەکەمان شوو ناکات و ڕازی نییە.

دایکی دیار زۆری پێ خۆش بوو، بەس دیار ئەم هەواڵەی بیست شێت بوو ڕێک تێلی بۆ کردم و گووتی:

- ڕاستە تۆ ناتەوێ شوو بە من بکەی یان من هەڵە بیستم؟

گووتم:

- بەڵێ، من نامەوێ شووت پێ بکەم. من تۆم خۆشناوێ و هەست دەکەم تۆ بۆ من گونجاو نیت. من شایەنی کەسێکی باشترم چونکە من خوێنەوارم و تۆش نەخوێنەواری و خوێندنت تەواو نەکردووە.

کە ئەم قسانەم دەکرد دیار زیاتر و زیاتر تورە دەبوو. منیش بە زۆر خۆم گرتبوو نەگریەم. دیار گووتی:

- ڕاست ناکەیت شتێک بووە و شتێک روویداوە. دایکم قسەیەکی کردووە یان شتێکی پێت ووتوە وا تۆ ڕازی نابیت و ڕەتم دەکەیتەوە؟

گووتم:

- نەخێر چی بڵێ؟ وەڵامی من نەخێرە و تەواو. بڕۆ خەریکی ژیانی خۆت بە و واز لە من بێنە.

ئیتر تێلەکەم داخستەوە و سیم کارتەکەم شکاند بۆ ئەوەی نەتوانێ جارێکیتر پەیوەندیم پێوە بکات و چووم یارمەتی دایکم دا لە کاری ماڵ بە گەروویەکی پڕ گریان بەس ناچار زەردەخەنەم دەکرد تا دایکم هەست نەکا گریاوم. بەم شێوەیە شەوانم پڕ گریان و ڕۆژانەشم زەردەخەنەی درۆینە بوو. گریانی شەوانەم ڕێک لە گریانی منداڵێکی هەتیوو و کچێکی بە زۆر

بەشوو دراو و بێوەژنێك دەچوو کە مێردەکەی لە دەست داوە بگرە لەوان خراپتریش بووم. هەموو شەوان لە بەردەم پەنجەرەکەم تا ڕۆژ دەبویەوە دەگریام و قسە و گریانەکانم هەمووی بۆ مانگ و ئەستێرەکان دەکرد و ئەوانیش بێدەنگ گوێیان لێم دەگرت. نەمدەزانی شەوەکانی زستان خۆی وا درێژە یان فرمێسک و خەمەکانی من درێژی کردووە.

ڕۆژێك وەك جاران دووبارە زەردەخەنە درۆینەکانم کرد لەبەر خاتری دایکم. زۆری نەبرد لە دەرگا درا و دایکم چوو دەرگای کردەوە یارا بوو. دایکم بانگی کرد و گووتی:

- تەرزە کچم، یارای هاورێت بانگت دەکا.

چووم و گووتم:

- فەرموو.

یارا گووتی:

- کچێ ئەوە بۆ خۆت حازر نەکردووە؟ ئەمڕۆ ڕۆژ لە دایک بوونی نازەی هاورێمانە دەی خێراکە با بڕۆین.

منیش گووتم: کوا ئەمڕۆ ڕۆژی لە دایک بوونییەتی؟ ئەو **4/10** ڕۆژی لە دایک بوونییەتی.

یارا گووتی:

- چاک تێک چوویت و شتت لەبیرکردووە. ئەمڕۆ ڕۆژ لەدایک بوونییەتی دەی خێرا خۆت بگۆرە و وەرە بڕۆین.

دایکیشم گووتی:

- دەی بڕۆ.

گووتم:

- باشە.

وامزانی بەراستی ڕۆژی لەدایک بوونی نازەیە و منیش لە یادم کردووە. گووتم:

- ئەی دیاریم بۆی نەکریووە.

یارا گووتی:

- خەمت نەبێت من شتم زۆر بۆی کریوە. پێت دەدەم تۆ پێی بدە. وادەزانێ تۆ کریووتە.

گووتم: باشە، بەڵام یارا درۆی لەگەڵ کردم منی بردە باخچەیەک کە دیاری لێبوو. دیار چاوەڕێی ئێمەی دەکرد گووتم:

- بەداخەوە بۆت یارا درۆت لەگەڵ کردم.

دیار هات و گووتی:

- تەرزە چیبووە ؟ بۆ ڕازی نەبووی پێم؟ بۆ پەیوەندی دەکەم وەڵام نادەیتەوە؟ کوا ئەشقە جوانەکەی من و تۆ کە خەیاڵمان بۆی دەکرد؟ ئەی ئێمە بەیەکەوە نەدەبووین بە جوانترین بووک و زاوای ئەم دوونیایە؟ کوا ئەو ڕۆژانەی کە دڵخۆشبووین و ناومان بۆ منداڵەکانمان دادەنا؟ تۆ چۆن ئەو ڕۆژانەت لەبیرکرد وا دەڵێی تۆم ناوێ؟ پێم بڵێ دایکم شتێکی ووت وا تۆ پەشیمان بوویتەوە ها تەرزە؟ شتێك بڵێ!!

کە دیارم بینی نەمتوانی هیچ بڵێم ئەویش حاڵی لە من باشتر نەبوو زانیم ئەویش گریاوە و خەمی خواردووە. هاوارم کرد و گووتم:

- چی بڵێم دیار؟ من تۆم ناوێ و تۆم خۆش ناوێ. شایەنی تۆ نیم بۆ وازم لێی نایەنیت؟ ئەو کاتانەشی لەگەڵت بووم هیچ کات ئاشقت نەبووم هەمووی دلاۆ بوو ئیتر وازم لێی بێنە و مەیەرەوە ژیانم تۆم ناوێت ئیتر تەواو.

گووتی:

- باشە. ئەوە بە یەکجاری ئەڕۆم و نایەمەوە ناو ژیانت. بەڵێنت پێی دەدەم کە جارێکیتر من نابینیتەوە و پەشیمان دەبیتەوە و دڵت بۆم تەنگ دەبێ چونکە تۆ یاریت بە دڵم کرد کە ئەوەندە ئاشقت بوو.

یاراش گووتی:

- حەیف واتکرد تەرزە.

هاوارم بەسەر ئەویشدا کرد و گووتم:

- تۆش برۆ لە ژیانم یارا. نامەوێ تۆش ببینمەوە.

ئیتر ئەوان ڕۆیشتن و من تەنها مامەوە لە باخچەکە. زۆر گریام لەبەرخۆمەوە ئەمگووت:

- توخوا بمبوورە دیار من تەنها ئاشقی تۆم و تۆم خۆش دەوێت. من ئەوەم لەبەر تۆ کرد. نەمدەویست ژیانت بە هۆی من تێک بچێ و ناخۆش ببێ. تۆ شایەنی لە من باشتری تا دەمرم بەس ئاشقی تۆم و قەت لە یادیشت ناکەم.

ئیتر فرمێسکەکانم سڕی و مکیاژەکەم تۆخ کردەوە بۆ ئەوەی دایکم نەزانێ گریاوم و گەڕامەوە ماڵ. کە گەیشتمەوەش دووبارە زەردەخەنە ساختەکانم کردەوە. دایکم گووتی:

- بەخێربیتەوە کچەکەم.

گووتم:

- سووپاس دایە گیان.

گووتی:

- خۆشبوو ڕۆژ لە دایک بوونی نازە؟ بۆ وا زوو هاتیەوە؟ پێم وابوو تا ئێوارە نایەیتەوە.

گووتم:

- کەمێك سەرم دەهێشا بۆیە بە یارام ووت بڕۆینەوە.

دایکم گووتی:

- چیتە کچە جوانەکەم نەخۆشی؟

گووتم:

- نەخێر دایە گیان تەنها کەمێك سەرم دەهێشێت. دەچمە ژوورەکەم دەخەو بانگم مەکە بۆ نان خواردنی ئێوارە کێک و شیرینی زۆرم خواردووە پێم ناخورێت.

ئیتر چوومەوە ژوورەکەم و وێنەکانی دیارم دەرکرد و دەگریام. بیری ئەو ڕۆژانەم دەکرد کە لەگەڵ دیار بووم و دەیبردینە قوتابخانە و ئەو کاتانەی بۆ خوێندن دەچووم بۆ ماڵی یارا و قسەم لەگەڵ دیار دەکرد و دڵخۆشبووم لەگەڵی و نازی دەکێشتم و لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵم بوو. گریانم بۆ ئەو ڕۆژانە دەهات کە تا بەیانی قسەم لەگەڵ دەکرد و دڵخۆشی دەکردم. گوێم لە نامە دەنگییەکانی دەگرت و فرمێسک ناوەستا لە چاوم. دووبارە هاوڕێ و هاودەمم پەنجەرەکەم بوو لەگەڵ ئەستێرە و مانگ و قسەم لەگەڵ ئەوان دەکرد. دووبارە شەوەکەم بە گریان بەڕێ کرد کە بۆ بەیانی خەبەرم بویەوە خۆزگە خەبەرم

نەبووایەتەوە و بمردمایە ئەم هەواڵەم نەبیستیایە. دیار پورزاکەی خۆی مارە کرد بوو. دایکی خەونەکەی هاتە دی و ئەو کچەی بۆ هێنا کە خۆی دەیەویست. نازانم بە چ وشەیەک یان قسەیەک وەسفی حاڵم بکەم کاتێ ئەوەم بیست. تەنها دەزانم وەک مردووم لێ هات جەستەیەکی سارد و سڕ و بێ دڵ تەنها هەناسەم دەدا. چوومەوە ژوورەکەم ئەمجارە جیاواز لە جارانیتر گریانێك گریام ئەگەشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان. هەستم دەکرد فریشتەکانیش گریانەکەمیان بیستووە و لەگەڵم دەگرین. ئەو شەو جیاواز لە شەوەکانیتر بووم. چونکە بۆ هەمیشە هەم ئەشقەکەم هەم خەونەکەم کە زانکۆ بوو لە دەستم دا. دووبارە وێنەکانی دیارم دەرکرد و بە سەریەوە دەگریام. زۆر گریام و هاوارم دەکرد و دەمگووت:

- خوایە بۆ دەبێت وابێت؟ ئەو هەموو ناخۆشی و ئازارەم بەسەر هات بۆچی تەواو نابێت.

ئیتر ژوورەکەم بۆ من وەک زیندان وابوو. ئاخۆ حاڵ ئەبێ چۆن بێ گەر لە نێو چوار دیواری ماڵدا بیت و دڵت شکا بێت و ئەشقەکەت و گشت خەون خەیاڵی منداڵیت لە دەست دابێت؟ کێ ئەتوانی وەسفی ئەم وێرانیەم بۆ بکا؟ من نازانم بڵێم چی؟ تەنها ئەوە نەبێ کە مردنێکی بێدەنگم بەسەر هاتبوو هیچ هەستم بە خۆم و دڵم نەدەکرد. هەموو گیانم دەسووتا. بە بیرکردنەوەی هەر یادگارییەکی دیار زیاتر دەگریام. ئەو شەوە ئەوەندە گریام نەمئەتوانی چاوم بکەمەوە. دووبارە چوومەوە بەردەم پەنجەرەکەم وەک شەوەکانیترم قسەم بۆ مانگ و ئەستێرەکان دەکرد. ئاسمان تەم و شەوێکی سارد و درێژی زستان لەگەڵ دڵە ساردەکەی من هیچ جیاوازیان نەبوو. ئیتر

ئەو شەوەشم لێ ڕۆشت و ڕۆژ بویەوە. لەبەر خاتری دایکم و باوکم بەسەر خۆمم نەدەهێنا، بەڵام تەواو لاواز بووم و نانم نەدەخوارد.

دایکم هەمیشە دەیگووت:

- هەست دەکەم نەخۆش بیت کچم.

منیش بە پێکەنینەوە دەمگووت:

- نەخێر دایکە هیچ عەیبم نیە. ئەها کچەکەت چەند بەهێزە و عەیبی نیە.

ئیتر چەن ڕۆژ تێپەری هەواڵم بیست دیار ژنەکەی گواستۆتەوە و ماڵی بردۆتە شارێکیتر و لەوێ دەژی. هەر ئەمگووت(ئەی خوایە!! ئێستا دەبێ دیار چەند جوان بێ بەو قاتە ڕەش و ریشە تەنکەیەوە) خۆ دەبووایە لە بری ئەو ژنەی من بووکی بوومایە

بەس ئاخ ژیان بێ ڕەحمە زۆر. دیار بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر و بۆ هەمیشە لە ژیانم ڕۆیشت منیش وەك جاران خەمم بۆی ئەخوارد و هەمیشە شەوان سەیری وێنەکانیم دەکرد و دەگریام و لەگەڵ یادگاریەکانی دیار دەژیام. هەمیشە بیری خۆی و قسە و پێکەنینەکانیم دەکرد کە هیچ کات لام نەبوو. من لە دوای دیار توش نەخۆشی بووم بەردەوام سینەم دەهێشا، بەس هیچم بە ماڵێ نەدەوت. ئێمە بۆ بژێوی پارەی تەواومان نەبوو جا نەخۆشی منیشی بێتە سەر.

چەند هەفتەیەک تێپەری هاوڕێیەکی باوکم هات بۆ ماڵمان و منیش ئاو و چاییم بۆیان برد. هاوڕێی باوکم گووتی:

- کاک علی ئەمە کچە تاقانەکەتە؟

باوکم گووتی:

- بەڵێ.

هاوڕێکەی باوکم گووتی:

- ماشاء الله گەورە بووە تەمەن درێژ بێت .

باوکم گووتی:

- سووپاس لەگەڵ منداڵەکانی تۆشدا.

هاوڕێکەی باوکم گووتی:

- کاک علی بە تەما نیت بە شووی بدەی؟

باوکم گووتی:

- ئەگەر قسمەت بێ و کەسێکی باش بێتە داوای و بە دڵی بێت بۆ نا؟

هاوڕێکەی باوکم گووتی:

- واللە کاک علی کوڕڕێکی خزممان هەیە بە تەمایە ژن بێنێ. کوڕێکی چاک و جوانە بەس دایکێکی پیری هەیە. خانوو ماڵ و شتیشی هەیە بۆ نایەی کچەکەتی پێ بدەی؟

باوکیشم گووتی:

- با ڕای خۆی و دایکی وەرگرم وەڵامت دەدەمەوە جا لەخزمی تۆ باشترم دەست دەکەوێت؟

ئیتر باوکم پێی گووتم شتێکی وا هەیە منیش لە دوای دیار نە دڵ نە هەستم مابوو گووتم: ئەگەر ماڵێکی باشن با بێنە پێشەوە بەس بەو مەرجەی ڕێگا بدا زانکۆ تەواو بکەم.

ئیتر ئەوە بوو ماڵەکە هاتنە ماڵمان و کورەکە خۆی کە ناوی ئاسۆ بوو لەگەڵ دایک و دوو خاڵی هاتن. کوڕێکی خراپ نەبوو. باڵا مام ناوەند و چاو قاوەیی بوو، بەڵام هێشتا دیارم لەو

جوانتر بوو. ئاسۆش منی بە دڵ بوو. بەڵێنیدا ڕێگا بدا زانکۆ تەواو بکەم. ئیتر ئەو ڕۆژە دووبارە هیوام بۆ گەڕایەوە بەوەی دەگەڕێمەوە زانکۆ و تەواوی دەکەم هەر چەند هاوڕێکانم گەشتبوونە قۆناغی دووەم، بەڵام بڕیارم دابوو لەسەرەتاوە دەست پێ بکەمەوە و ژیانێکی تازە بژیم و هەموو رابردووم لە بیر بکەم.

چوومە ژوورەکەم و گشت وێنە و و یادگارییەکانی دیارم سووتاند و بۆ کۆتا جار چوومەوە لای پەنجەرەکە و بۆ کۆتا جار قسەم لەگەڵ مانگ و ئەستێرەکان کرد. ئەمجارە بە گریانەوە نا، بەڵکو بە دڵێکی پڕ هیوا و ئومێدەوە هەر چەندە سەخت بوو، بەڵام بریارمدا چیتر لە رابردوو نەژیم و هەموو شت لەبیر بکەم و پیاوەکەم خۆشبوێت و ڕێزی لێ بگرم و میهرەبان و باشبم لەگەڵ خۆی و دایکی.

کۆتا ڕۆژم لە ماڵی باوکم و ڕۆژی گواستنەوەم هەر کە لە سالۆنەکە هاتمە دەرەوە و دەستی ئاسۆم گرت ئیتر ژیانە تازەکەم دەستی پێکرد. ئاهەنگێکی خۆش کرا و چوومە ماڵ و حاڵی خۆم. پیاوەکەم لەگەڵم باش و میهرەبان بوو. داوای هەرچیم بکردایە نەیدەوت نا و زۆر ڕێزی دەگرتم. گەرامەوە زانکۆ و زۆر دڵخۆشبووم و دووبارە ڕۆژە خۆشەکان دەستی پێکردەوە. هەم لە زانکۆ دەمخوێند هەم خزمەت ماڵ و مێردیشم دەکرد. هیچ کێشەم نەبوو لەگەڵ پیاوەکەم، بەڵام خەسووم زۆرجار دەیگووت:

- من ژنم بۆ کورم هێنا تا خزمەتی من و ئەو بکا و ماڵ میوان بەرێوە بەرێ نەک خەریک خوێندن بێت.

هەمیشە دەیگووت:

- من خەریک کارم و بووکەکەشم خەریک خۆ جوانکردن و زانکۆیەتی.

من گوێم نەدایە قسە و تووڕە بوونەکانی و هەر وەک دایکم، خەسووم خۆش دەویست و ڕێزم دەگرت. زوو زووش شەری لەگەڵ دەکردم، بەس هەر پێم دەگووت دایە. ئیتر سووپاس بۆ خوا قۆناغی یەکەمم بە سەرکەوتوی بڕی. هەر چەنە دەرجەم زۆر بەرزیش نەبوو لەچاو هی قوتابخانە بەس سووپاس بۆ خوا سەرکەوتو بووم. ئەوکات خودا لە بەخششی خۆی پێ بەخشیم و دووگیان بووم. کە ئەو شتەم زانی لە خۆشیا خەریك بوو باڵ بگرم. پیاوەکەم زیاتر خۆشیویستم. هەموو کات لە لام بوو. قەت جێیناهێشتم و چیم وویستبا بۆی دەهێنام و نەیدەووت نا. خەسووشم کە زانی دووگیانم لەگەڵم زۆرباش بوو. هەمیشە لەخۆشیا دەگریام و سووپاسی خوام دەکرد.

بەهۆی دووگیان بوونەکەم پیاوەکەم ڕێی نەدا بچمەوە زانکۆ و گووتی:

- کە منداڵەکە لە دایک بوو ئینجا خوێندنەکەت تەواو بکە.

منیش ڕازی بووم. دووگیانیەکەم بووە پێنج مانگ و زۆر دڵخۆشبووم، بەڵام ئەم دڵ خۆشیەم زۆری نەخایاند دووبارە ڕۆژە ڕەش و ناخۆشەکان هاتنەوە و بەرۆکی منیان گرتەوە. باوکم کە ئیشی کرێکاری دەکرد بەهۆی کەوتنی لە بینایەکدا لە کاتی کار کردندا بەربویەوە و وەفاتی کرد. خۆزگە دەمردم و هەواڵی مردنی باوکم نابیست. چەن ڕۆژێکی ناخۆش بوو وەک شێتم لێ هات کە ئەم هەواڵەم بیست. زۆر زۆر گریام. خۆ قەد گریان لە چاوی من ووشک نەبووە. لە پرسەی باوکمدا

منداڵەکەم لەبار چوو تووش خوێن بەربوونی ناوەکی بووم و دکتۆر گووتی

- مەحاڵە جارێکیتر منداڵت ببێتەوە. ئەگەری زۆر کەم هەیە دووگیان بیتەوە.

ئاخ دووبارە مردنێکتر بەس پێم بڵێ ژیان ئەم هەموو ناخۆشی و سەخت و ئازارە چیە بە منی دەدەی؟ ڕۆژێك دڵخۆش بم دەبێ سەدەیەک باجەکەی بدەم و بگریم. کۆرپەلەکەم مرد بێ ئەوەی جارێکیش لە باوەشی بکەم. ئاخر هێزی گریانم نەما زۆر ماندووم لێت ژیان زۆر ماندووم.

ئیتر پرسەی باوکم تەواو بوو دایکم بێوەژن کەوت و منیش لە نەخۆشخانە دەرچووم بە ئازارێکی زۆرەوە. ئەو منداڵەی کە نەمدی مرد. ئەبێ ئازاری ئەو دایکە چی بێت؟ ئێوە پێم بڵێن

ناوی ئەم ئازارە بنێم چی کە کۆرپەلەکەم نەدی و دوونیایە جل و شتی منداڵانەم بۆی کری بوو، خەیاڵی جوانم بۆی کردبوو نازانم ناوی ئەم ئازارە بنێم چی خوایە.

ئیتر لێرەوە ڕۆژە ناخۆش و ڕەشەکانم دەستی پێکرد. خەسووم هەموو ڕۆژ قسەی پێ دەووتم. دەیگووت:

- من یەک کورم هەیە و چاوەڕێی نەوەی بووم تۆش چیتر منداڵت نابێ و چیتر نابیەوە بە دایک. تۆ قەت ئاگات لە نەوەکەم نەبووە هەڵەی خۆت بوو ویستت لە بارت بچێ.

ڕۆژ نەبوو خەسووم قسەم پێ نەکا و پیاوەکەشم گۆڕا لەگەڵم. وەک جاران خۆشی نەدەویستم و ڕێزی نەدەگرتم و لەسەر بچووکترین شت قسە پێ دەوتم و لێم تورە دەبوو و شەری لەگەڵ دەکردم. کار گەیشتە ئەوەی ژنم بەسەردا بێنێ. بە قسەی

دایکی کرد و ژنی هێنا و دووباره مردنێکیترم بینی. نەمدەزانی من باجی کام گوناح دەدەم وا ئەو هەموو ئازارەم بەسەر دێ. له یەک ماڵ لەگەڵ ئەو ژنە دەژیام کە ناوی رێناس بوو. پیاوەکەم چیتر منی نەدەویست. نە خۆشەویستی نە ڕێز هیچ نەما له نێوانمان. وەک خێزانی نا وەک سواڵکەرێك سەیری دەکردم لەو ماڵە. هەمیشە لەگەڵ ژنی دووەمی بوو دەیبردە بازار و گەشت و گەڕان و پیاسە. من لەگەڵ ئازار و ڕۆژە ناخۆشەکان ڕاهاتبووم و هیچم بە لاوە گرنگ نەبوو. ڕاستی بڵێم گوێم لێ نەبوو کە پیاوەکەم هەموو شت بۆ ئەو ژنە دەکا و بۆ من هیچ ناکا و وەک خزمەتکارێك سەیرم دەکا لەو ماڵە. دوای ماوەیەک رێناس دووگیان بوو. ئاسۆ زیاتر لە جاران خۆشەویستی و نازی پێ دەدا. من زۆرم پێ خۆشبوو جونکە ئاسۆ دەبوویە باوک. گەر چی دڵخۆشی ئاسۆم دەوویست، بەڵام منداڵەکەی خۆمم بیر

دەهاتەوە و دووبارە گریان بوویەوە هاورێم. دووبارە شەوانی تەنیایی و دووبارە ئەستێرە و مانگ بوونەوە هاورێم. پەنجەرەم دەکردەوە و دووبارە قسەم بۆ مانگ و ئەستێرە دەکرد. لەو کاتەوەی رێناس دووگیان ببوو پیاوەکەم هیچ شەوێك نەدەهاتە لام بخەوێ. من هەر بە تەنها دەخەوتم و لەگەڵ ئەستێرە و مانگ وەک ڕۆژانی رابردووم بووینەوە هاورێ. خۆ پێشتر لە ماڵی باوکم خواحافیزیم لە مانگ و ئەستێرە کردبوو بەس وادیار بوو دووبارە ببوونەوە هاورێم. ڕێناس زۆر مەکرباز بوو زۆر جار بە درۆ و بوختان بە دەست ئاسۆ منی بە لێدان و بە قسە دەدا. دووبارە ژیانێکی ئازار و جەهەنەمی دەژیام، بەڵام هیچ قسەم نەدەکرد و هیچم نەدەوت هەمیشە بێدەنگ بووم. ڕێناس کورێکی جوانی بوو ناویان لێنا ئاراس. ماشاء الله زۆر جوان بوو چاوڕەشێکی سپی پێست بوو ڕێک لە ئاسۆ دەچوو.

ئاسۆ و خەسووم زۆر دڵخۆشبوون. هەم ئاسۆ هەم خەسووم هەر ڕێناسیان خۆشدەوویست و میهرەبان بوون لەگەڵی. ڕۆژێك شیرم بۆ منداڵەکەی ئاسۆ ئامادە کرد کەمێك ئاوەکەی گەرم بوو. ڕێناس کردیە ڕۆژی خۆی و یەک دوونیا قسەی کرد. لەسەر ئەوە ئاسۆ زۆری قسە پێ گووتم و زۆری لێ دام. ئەوەندەی لێ دام دەم و لوتمی پڕ خوێن کرد و دەست و قاچێکمی شکاند خۆشم جاران ئازاری سینگم هەبوو ئیتر لە جاران زیاتر ئازاری هەبوو.

دایکم کە بەمەی زانی گووتی:

- دەبێ کچەکەم تەڵاق بدەی.

بەو جۆرە منیش داوای تەڵاقم کرد و من و دایکم هەردووکمان بێوەژن ماینەوە و هەر لە ماڵە کۆنەکەی باوکم دەژیاین. ئیتر بە

خەونەکەم نەگەیشتم و زانکۆم تەواو نەکرد دووبارە چوومەوە ژوورەکەی جاران، بەڵام ئەمجارە جیاوازتر لە جاران. شەوان هیچ نەدەگریام چونکە ئەوەندە گریا بووم فرمێسکم ووشک ببوو گریانم نەدەهات. لەگەڵ هەموو ئەو ئازارانە ڕاهاتبووم و تەنها هاورێم مانگ و ئەستێرەکان بوو. هەموو شەو لە پەنجەرەکەوە سەیریانم دەکرد و قسەم بۆیان دەکرد. دەبوو بۆ بژێوی خۆمان کار بکەم. بیستم کۆمپانیایەک سکرتێری پێویستە چونکە منیش خوێنەواربووم شەهادەی پۆلی 12 هەبوو وەرگیرام و دەستم بە کارکردن کرد. باوەرم نەدەکرد لە کۆمپانیا کێم بینی؟ تارای هاورێم. ئەو کچەی وەک خوشکم وابوو. ئەو منی ناسیەوە چونکە من وەک جاران بووم، بەڵام من ئەوم نەناسیەوە چونکە زۆر گۆرا بوو زۆریش جوان ببوو. منیش نە جوانیم مابوو نە هیچ زۆریش لاوازببووم. باوەرم نەدەکرد تارام

بینیوەتەوە بە بینینەوەی زۆر دڵخۆشبووم. تارا شووی بە خاوەنی ئەو کۆمپانیایە کردبوو کە من کارم لێی دەکرد. زۆر دڵخۆشبووم باوەشم پێیدا کرد چونکە زۆر بیریم کرد بوو. تارا گووتی:

- زۆر گۆڕاوی تەرزە ڕەنگی مردووت لێ نیشتوە بۆ ئاوای؟

منیش هەموو شتم بۆی باس کرد. هەردووکمان دەسمان کرد بە گریان ئەو هەر زۆر گریا بەهۆی ئەوەی ژیانم ئاوا بردووتە سەر. گووتی:

- دەبێ تۆ و دایکت لەگەڵ ئێمە بژین ئێمە خانویەکی گەورەمان هەیە جێگای ئێوەش دەبێتەوە.

هاوسەرەکەی کە ناوی عومەر بوو کەسێکی زۆر باش بوو. ئەویش گووتی:

- دەبێ بێن لەگەڵ ئێمە بژین.

ئیتر من و دایکم رازی بووین. تارا دکتۆر پێ گووتبوو ناتوانی دووگیان بیت و منداڵت ببێت، بەڵام پیاوەکەی ئەوەندە تارای خۆشدەوویست هەرگیز بیری لەوە نەکردبویەوە ژنی بەسەر بێنێ بۆیە کچ و کورێکیان لە خانەی بێ سەرپەرشتان هەڵگرتبویەوە و بەخێویان دەکرد. چونکە منیش منداڵم نەدەبوو ئیتر منیش منداڵێکم هەڵگرتەوە و بەخێوم کرد. ئەمجارە بە تەنها نەبووم بەڵکو لەگەڵ منداڵەکەم شەوان لە پەنجەرەکەوە قسەم لەگەڵ ئەستێرە و مانگ دەکرد. هەستم بە دڵخۆشی دەکرد بە هۆی هەبوونیەوە. هەستم بە بوونە دایك ئەکرد. ئێستاش منداڵەکەمم بە قەت هەموو دوونیا خۆشدەوێت و بەیەکەوە لەگەڵ دایکم لە ماڵی تارا هاوڕێی تەمەنم دەژی

لە کۆتاییدا دەڵێم :ژیان هەرچەندە سەخت و ناخۆش بێت و ئازارمان پێ بدا لە کۆتاییدا هەر باش ئەبێت و دەرگایی خۆشیەکان بە ڕوومانددا دەکرێتەوە.

کۆتایی ...



# کوره دکتۆرەکە و کچە کەمئەندامەکە

## چیرۆکی دەیەم

من ناوم ئەژینە تەمەنم 18 ساڵە. کچێکی چاو سەوز و سپی پێست و خاوەن قژێکی خاوی درێژ بووم. جوانیەکی بێ ئەندازەم هەبوو بەهۆی ئەم جوانیمەوە هەر لە هەرزەکاریمەوە داوام دەهات بەبەردەوامی، بەڵام بەهۆی خوێندن بەردەوام هەموو کەسم ڕەت دەکردەوە. کچێکی سادە و حیجاب بووم و ڕووم لەخوا بوو. نوێژ و ڕۆژووەکانم بە جوانی دەکرد و قورئانیشم دەخوێند. لە خوا دەترسام و کچێکی دەم بە خەندە و پێکەنین بووم و لەگەڵ هەموو کەسێك ڕوو خۆشبووم. زۆر جار لە ڕێی قوتابخانە کور داوای خۆشەویستی لێ دەکردم، بەڵام ڕازی نەدەبووم و وەڵامم نەدەدانەوە چونکە باوەڕم بە خۆشەویستی نەبوو. دەمگووت

- خۆشەویستی ڕاستەقینە دوای هاوسەرگیری دەست پێ دەکات و ئەم خۆشەویستیانەی ئێستا گشتی ڕابواردن و کات بەسەربردنە.

منیش جێگای باوەڕی دایک و باوکم بووم و سیقەی تەواویان پێم بوو چونکە قەت شتی هەڵەیان لێم نەدی بوو، بەڵام بەداخەوە من گەورەترین هەڵەی ژیانم کرد و گەورەترین تاوانم کرد لە پشت دایک و باوکم.

هەڵەکەی من ئەو کاتە دەستی پێ کرد کە چوومە زانکۆ. لە یەکەم ڕۆژێ دەوام ئەو کچانەم ئەبینی هەمووی سفورە و جلی کورت جوانیان لەبەرە منیش گەنج و هەرزەکار بووم خۆم بە کەم ئەهاتە بەر چاوان بەم حیجابەوە. کە ئەوانم ئاوا دەبینی

حەزم دەچووە جل و بەرگی ئەوان و دەمەویست حیجابەکەم دابنێم، بەڵام لە لایەکی تریشەوە دەمگووت:

- ئەژین نەکەی وابکەی و شەیتان هەڵتخەڵەتێنیێ وحیجابەکەت دانێی.

لە یەکەم ڕۆژ و یەکەم مەحازرە کە چوومە ژوورەوە کورێکم بینی دانیشتوە. لە یەکەم بینینیدا دڵم کەوتە لەرزین بۆی کورێکی باڵا بەرزی چاوشین بوو. جوانیەکی بێ وێنەی هەبوو. چوومە کورسیەکەی بەرامبەر ئەو و دانیشتم. لە مەحازەرەکە بەردەوام چاوم لەسەری بوو هیچ ئاگام لە مەحازەرەکە نەبوو. تەواوی ڕۆژەکە فکر و خەیاڵم لای ئەو کورە بوو. دوای تەواوبوونی مەحازرە زانیم کورەکە ناوی بڵندە.

ئەو ڕۆژە کە گەرامەوە ماڵ دایکم لێی پرسیم و گووتی:

- یەکەم ڕۆژی زانکۆت چۆن بوو؟

منیش گووتم:

- زۆر خۆش بوو.

دواتر چوومە ژوورەکەی خۆم. هەمیشە بیرم لە بڵند دەکردەوە. بیرم لە چاوە شینەکانی دەکردەوە کە بە تەواوی بیر و خەیاڵمی داگیر کرد بوو. بیرم دەکردەوە کە ئاخۆ ئەم دۆخەی من بەڕاستی ئەشقە وا من هەمیشە بیر و فکرم لایەتی؟ ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئاشقی بڵند دەبووم و هەمیشە بە بیانووی جیا جیا لێی نزیک دەبوومەوە. زۆرجار کە تێکەڵی کچەکانیتر دەبوو پێم ناخۆش بوو دڵپیسی و غیرەم لێی دەکرد. بڵند زیاتر لەگەڵ کچێك تێکەڵ بوو بە ناوی ئیلاف. کچێکی سفور بوو جوانیش بوو.

بەردەوام گرنگی بە جوانی خۆی دەدا. کە تێکەڵ ئەو دەبوو زیاتر و زیاتر تورە دەبووم و رقم لە ئیلاف دەبویەوە. لە هەمان کاتیشدا هیچم لە دەست نەدەهات. ڕۆژی وا هەبوو لە ژوورەکەم تەنیا دەگریام. نەمدەزانی چی بکەم و چۆن بە بڵند بڵێم کە ئاشقیم. هەستم دەکرد ئیلاف ئاشقی بڵندە، چونکە زیاتر لەگەڵ ئەو پێکەنین و گاڵتە و قسەی خۆشی دەکرد. منیش کە ئەوانم دەبینی پێکەوە شێت دەبووم. زۆر تورە دەبووم بە دەست خۆم نەبوو من ئاشقی بڵند بووم. ئیتر گووتم

- مادام ئیلاف جوانە و گرنگی بە خۆی دەدا، دەبێت منیش ئیتر وابکەم و گرنگی بە خۆم و جوانیم بدەم تا بڵند لێم نزیک بێتەوە و لەگەڵم بێت.

ئیتر حیجابەکەم دانا و جلی ڕووت و تەسک و کورتم لەبەر دەکرد و مکیاجی تۆخم دەکرد. کاتی سەیری ئاوێنەم دەکرد دەمگووت( بەڕاستی من ئەو جوانیەم هەیە و هەستم پێی نەکردوە و هەمیشە خۆم پێچاوەتەوە و جوانی خۆم دەرنەخستووە.)

زۆر ڕقم لە حیجاب دەبویەوە و بە تەواوی ببووم بە سفور و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گرنگیم بە مۆدێل و جل وبەرگ و قژم و مکیاج و بگرە بۆیەی نینۆکەکانیشم دەدا. بە تەواوی گۆرا بووم چاوە سەوزەکانم وقژە درێژەکەم سەرەنجی زۆر کوری زانکۆی ڕادەکێشا و داوای خۆشەویستیان لێ دەکردم، بەڵام من هەموویم ڕەت دەکردەوە لەبەر بڵند، چونکە ئەوم زۆر خۆشدەویست. ئاخ خوایە چەند بێ ئەقڵ بووم لەبەر خاتری کورێك تۆم لە خۆم تورە کرد و وازم لە حیجاب و نوێژەکانیشم

هێنا. چاوەکانم کوێر ببوو لەبەر خۆشەویستی بڵند شەیتانیش زیاتر بۆی دەرازاندمەوە و شتەکانی بۆم جوانتر دەکرد. زۆر بە جوانی خۆم دەنازیم بێ ئاگا لەوەی ئەوە خودا پێی داوام و هەر ئەویش دەتوانی لێمی بسێنێتەوە.

من بەردەوام بووم لەو کارە بۆ ئەوەی بڵند منی بوێ. هەستم دەکرد ڕۆژ بە ڕۆژیش بڵند خەریکە لێم نزیک دەبێتەوە و تێکەڵم دەبێ و قسە و گاڵتەی خۆشم لەگەڵ دەکا. بەمە زۆر دڵ خۆشبووم و زیاتر خۆم لێی نزیک دەکردەوە و وای لێ هات لە ئێلاف دووركەوتەوە. بەمە زۆر دڵخۆشبووم. ڕۆژێك بڵند گووتی:

- ئەژین تا باخچەکەی زانکۆ دێیت؟ ئیشم پێتە.

کاتێ چووم لەوێ بە گوڵێکی سوورەوە داوای خۆشەویستی لێ کردم. گووتی:

- خۆشم دەوێی ڕازیت ببیتە خۆشەویستم؟

ئەو ڕۆژە بەختەوەرین کچی دونیا و خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو. بە خۆشەویستیەکەی ڕازی بووم و زۆریش دڵخۆشبووم. ئیلاف کە زانی بڵند بۆتە خۆشەویستم و وازی لەو هێناوە زۆر تورە بوو. بە گریانەوە هاتە لام و زۆر قسەی پێ گووتم. منیش گوێم پێی نەدا و زۆر دڵخۆشبووم بەوەی بڵند لەبەر من وازی لە ئیلاف هێناوە. ڕۆژەکانم خۆش تێدەپەری هەموو کات لەگەڵ بڵند بووم. هەمیشە دەستم لە نێو دەستی دایم پیاسەمان دەکرد لە زانکۆ. من بۆ بڵند ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆم جوان دەکرد تاوەکو زیاتر ئاشقم بێت. وای لێ هات ئەو ڕۆژانەی پشووش

بوایە داوای چونە دەرەوەی لێ دەکردم. منیش بە بیانوی خوێندن لەگەڵ هاورێکانم لەگەڵی دەچوومە دەرەوە و قسەی خۆش و گاڵتە و شتمان دەکرد. زۆرجار جلیشی بۆ دەکریم. جلی ڕووت و تەسک. خۆی داوای دەکرد ئەو جلانە لەبەر بکەم. شەوان تا بەیانی تێلمان دەکرد و قسەی خۆشی بریقەداری بۆ دەکردم. هەمیشە دەیگووت دەمکاتە ژنی خۆی و چیم بوێ بۆم دەکات و دەمکاتە شاژنی ماڵەکەی و دڵخۆش دەبین) زۆرجار داوای لێ دەکردم ڕەسمی ڕووتی خۆمی بۆ بنێرم. سەرەتا ڕازی نەبووم، بەڵام بە قسەی خۆش ڕازی دەکردم و دەیگووت( مادەم دەبیتە ژنی من با لە ئێستاوە شەرم لە یەک نەکەین)

منیش ڕازی دەبووم و بۆم دەنارد. ئاخ لەو بێ ئەقڵیەی من ئەو تەنها جەستەی منی دەویست نەک بمکاتە هاوسەری و منیش

کوێرانە باوەڕم بە هەموو درۆکانی دەکرد و دەمگووت( کەسێکی چاکە و ڕاستگۆیە و ئاشقمە و منیش ئاشقیم بۆیە هەموو شتی بۆ دەکەم)

من ئەشقەکەم بۆ ئەو ڕاستی بوو، بەڵام ئاخ بەو ئەشقە چۆن خۆم توشی گوناح و هەڵە کرد خوایە خۆت لێم ببورە پەشیمانم لەم کارانەم.

شەوان بە تێل تابەیانی بە قسەی خۆش و درۆ بریقەدارەکانی خودا چی پێ ناخۆش بوایە ئێمە تا بەیانی باسمان دەکرد. خۆزگە لەو کاتەیا بمردمایە بەس ئەو قسانەم نەکردایە لەگەڵی. ڕۆژان تێدەپەری و ئیلاف زیاتر ڕقی لەمن دەبویەوە کە لە زانکۆ منی دەبینی لەگەڵ لەگەڵ بڵندم هەستم دەکرد ڕق وکینەیەکی

زۆری لەدڵدایە بەرامبەرم. منیش ئیهمالم دەکرد و بەردەوام بووم لەو بێ ئەقلیەتەی تیایدا بووم.

دوای ماوەیەک بڵند داوای لێ کردم شەوێك لەگەڵی بمێنمەوە. منیش هەمیشە ڕەتم دەکردەوە و دەمگووت: نەخێر نابێت خۆ جارێك نەبووینەتە هاوسەر ئەو شتە نابێت بکەین.

کە چی بڵند دەیگووت:

- ئەمڕۆ بێت یانساڵێکی تر یان دە ساڵیتر تۆ هەر دەبیتە ژنم. جا ئێستا با پێکەوە بین تاوەکو شەرممان بشکێ و دڵخۆش بین.

چەندین جار ڕەتم کردەوە، بەڵام کە دەیگووت(دەبیتە هاوسەرم) دڵم نەرم دەبوو لە کۆتاییشدا بە قسەکانی ڕازی کردم. ڕۆژی دووشەممەمان دانا وامان دانا ئەو دێتە دوام و دەمباتە ئوتێلێکی

خۆش. ئەو ڕۆژە وەك بوكێك خۆمم بۆی ڕازاندەوە و بە بیانوی زانکۆ لە ماڵ دەرچووم. ئاخ زۆری نەما بوو شەرەفی خۆم و خێزانم بەرم و گەورەترین هەڵەی ژیانم بکەم و بۆ هەمیشە سەری خێزانم شۆر بکەم. نازانم چۆن بەو قسانەی ڕازی بووم شەیتان زۆر جوان بۆی ڕازاندبوومەوە. چی بکەم؟ ئاشق بوونم کوێری کردبووم و هیچ شتێکم نەدەبینی و ڕاست و هەڵەی خۆم جیانەدەکردەوە. لە ڕێگا کە دەچوومە لای ئەو ئۆتۆمبێلێك بە خێرایی لێیدام و لە هۆش خۆم چووم. کە چاوم کردەوە لە نەخۆشخانە بووم. دایک و باوکمم لابوو. دایکم دەگریا و دەیووت:

- تۆ ئێستا باشی کچم؟

ئاخ ئەو دایک و باوکە فەقیرەم چەندە خەمی منیان بوو منیش زۆری نەمابوو شەرەف و ناموسیان بەرم و بۆ هەمیشە سەر شۆربن. خودایە گەر شتێکی وا ڕووی بدایە چۆن سەیری خەڵکیان بکردایە؟ ئەی من چۆن لە قسەی خەڵک ڕزگارم بوایە؟ ئەی خوایە چۆن لە قیامەت من وەڵامی تۆم بدایەتەوە؟ ئەو کچەی کە نوێژێکی نەئەڕۆشت و بەردەوام یادی خوا لەسەر زاری بوو، حیجابەکەی لە لایەک و قورئان خوێندنەکەی لەلایەک. ئەی ئێستا ئەم جل وبەرگە چییە لەبەرم؟ خودایە سووپاس بۆ تۆ ئەو ڕۆژە ئۆتۆمبێل لێی دام و ئەو هیچی لێ نەکردم و توانیم شەرەفم بپارێزم.

کە چاوم کردەوە گووتم:

- دایکە چی بووە؟

گووتیان:

- ئۆتۆمبێل زۆر بە خراپی لێتی داوە. دکتۆر گووتی لەوەیە بمرێ، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێستا چاوت کردەوە

هیچ هەستم بە قاچەکانم نەدەکرد زانیم قاچەکانم لە دەست داوە و ناتوانم چیتر بڕۆم. کە ئەمەم زانی شێت بووم و زۆر گریام. چاوەکانم فرمێسکیان ووشک نەدەبوو. هێندە بە جوانی خۆم نازیم تا خوای گەورە قاچەکانی لێ سەندم. زۆر گریام و زۆر خەمم خوارد بۆ لە دەستدانی قاچەکانم. نزیکەی مانگێك لە نەخۆشخانە مامەوە. لەو مانگەدا بلّند یەکجار هات بۆ لام و هیوای سەلامەتی بۆ خواستم و بەسارد و سڕی قسەی لەگەڵ دەکردم. ئیتر ڕۆیشت و جارێکیتر نەهاتەوە لام. چەندین جار

تێلم بۆی دەکرد وەڵامی نەدەدامەوە. کۆتا جار کە وەڵامی دامەوە و گووتی:

- ئەژین نێوانی من و تۆ تەواو تا ئێرە بوو. خێزانەکەم هەرگیز ڕازی نابن کچێکی کەم ئەندام بێنم.

گووتم:

- تۆ ووتت دەتکەمە هاوسەرم و بەڵێنتدا قەت جێم نەهێڵیٚ. ئەی من ئاشقتم. بڵند ئەگەر تۆ لە بری من وات لیٚ بهاتایە قەت جێم نەدەهێشتی و هەر تۆم دەویست ئاخر ئەگەر جێم بهێڵیٚ من دەمرم.

گووتی:

- ببورە هیوام باشی و سەلامەتیتە. خوات لەگەڵ.

بەو ڕەفتارەی هێندەم هاوار کرد و گریام دەنگم تەواوی نەخۆشخانەی خانەی گرتبویەوە. دایکم هات و وایزانی بۆ نەبوونی قاچەکانم دەگریم. بێ ئاگا لەوەی کچەکەی بۆ ئەشقە منداڵانەکەی دەگری. بۆ بێ ئەقڵی خۆی دەگری کە دەیەویست شەرەفی خێزانی بەرێ.

وەک منداڵ هەرچەن دەگریام ئارام نەدەبوومەوە. دکتۆرێك هات دەرمانی هێورکەرەوەی پێدام و بێ هۆشکەوتم. دوای نزیکی سەعاتێك هاتمەوە هۆش خۆم دووبارە قسەکانی بڵندم هاتەوە یاد و وەك شێتم لێ هات. ئەو دەرمانانەی بۆم دانرابوو گشتیم خوارد خەریک بوو بمرم. دیسان ئەو دکتۆرە ژیانی ڕزگار کردمەوە. زۆر تێک چووبوم وەک شێتم لێ هاتبوو. هەمیشە دەمگووت: بە بێ بڵند ناژیم. زۆرم خۆشدەویست زۆر ئاشقی بووم.

ئێستا کە بیردەکەمەوە چۆن وام کردووە بۆ کورێکی وا وەك بێ ئەقڵ خۆم دەهێتە بەرچاو. دواتر هەمان دکتۆر هاتەوە لام و گووتی:

- سڵاو خاتوو ئەژین. من ناوم ئازادە دکتۆری چارەسەری تۆم. لە هەمان کاتدا بواری دەروونیشم خوێندووە. حەز دەکەم یارمەتیت بدەم تا دووبارە خۆت بدۆزیتەوە و دووبارە ژیانی خۆت دروست بکەیتەوە. کتێبێکم بۆ هێناوی کە باسی سەرجەم ژیانی پێغەمبەران دەکات. ڕۆژانە ژیانی پێغەمبەرێکت بۆ باس دەکەم پێش ئەوەی دەست پێ بکەم ئامانجی من یارمەتی تۆیە بۆ دۆزینەوەی دووبارە ڕێگا و ژیانی خۆت. هەر پێغەمبەرێکیش تاقی کراوەتەوە وەک ئێمەی مرۆڤ کە ڕۆژانە لەم ژیانە تاقی دەکرێینەوە. بە هیوام ببێتە دەرس بۆت و سودی بۆت

هەبێت. ئەمرۆ باسی ژیانی یەکەم پێغەمبەرت بۆ دەکەم. ئەویش پێغەمبەر ئادەمە سڵاوی خوای لێی بێت. پێغەمبەر ئادەم یەکەم مرۆڤ بوو کە خودا دروستی کرد. ئەم پێغەمبەرە خودا ڕێز و شکۆی زۆری لێنا و لە بەهەشت جێگای بۆ کردەوە و بە سەرجەم فریشتەکانی ووت سووجدەی بۆ بەرن. گشتی بە قسەی خوای کرد تەنها ئیبلیس نەبێت. واتا شەیتان. ئەو زۆر خۆی بەشت دەزانی و گووتی(من لە ئاگر دروست کراوم، ئەویش خۆڵ و قور.) بەو جۆرە سوجدەی نەبرد و خوا نەفرەتی لێی کرد و لە بەهەشت دەری کرد. شەیتان بە خودای گووت(تا ئەو ڕۆژەی لەسەر زەوی بم بەندەکانت توشی گوناح دەکەم) یەکەم تاوانیشی بە ئادەم کرد، کاتێ لە بەهەشت خوا پێی فەرموو( لەو دارە مەخۆن) بەڵام ئادەم وایزانی کە شەیتان

کەسێکی چاکە و بە قسەی کرد. بەو جۆرە لە میوەی دارەکەی خوارد. ئەمە یەکەم تاوان بوو کە پێغەمبەر ئادەم کردی بۆیە دەرس لەم بەسەرهاتەی ئەمڕۆ ئەوەیە کە دەکرێ ئێمەش هەڵە بکەین و تاوان و گوناح بکەین خاتوو ئەژین، بەڵام ئادەم پەشیمان بویەوە و داوای لێخۆشبوونی لە خوا کرد و خوا لێی خۆشبوو بۆیە هیچ کات درەنگ نیە بۆ تەوبە کردن. هەموو کەس هەڵە و تاوان و گوناح دەکات. ئەو پێغەمبەری خوا بوو کە هەڵە و تاوانی کرد بێگومان ئێمەش هەڵە دەکەین، بەڵام دەبێ زوو داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەین بێگومان خواش بە گەورەیی خۆی لێمان خۆش دەبێ و دەرگای تەوبەی هەمیشە کراوەیە. ئامانج لەم بەسەرهاتەی ئەمڕۆ ئەوەیە: هەموو کەس هەڵە دەکات و

پێویستە زووش داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەین دڵنیابە کە تۆبەی ڕاستەقینەت کرد خوا لێت خۆش دەبێت.

من زۆر قسەکانی دکتۆرم لا خۆش بوو نەمدەویست تەواو ببن. بۆیەش بێدەنگانە گوێم لێی گرتبوو. لە کۆتایی قسەکانی دکتۆر هەڵسا و گووتی:

- بە هیوای سوود بینین خاتوو ئەژین. جارێك بە یارمەتیت من دەبێ بڕۆم نەخۆشیترم هەیە. دێمەوە لات ان شاء الله بە بەسەرهاتی ژیانی پێغەمبەرێکیترەوە.

دکتۆر ئازاد ڕۆیشت و منیش بەردەوام بیرم لە قسەکانی دەکردەوە. هەر ئەمگووت:

- بێگومان منیش هەمان گوناح و تاوانم هەیە. هێشتا کات درەنگ نەبوە. ئەگەر داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەم بێگوومان خوا لێم خۆشدەبێت.

ڕۆژی دواتر دکتۆر ئازاد هاتەوە و دووبارە لە حاڵمی پرسی و دووبارە دەستی کردەوە بە بەسەرهاتی ژیانی پێغەمبەرێکیتر و ئەمجارە ژیانی پێغەمبەر ئەیوب بوو کە خوا تاقی کردەوە بە لە دەستدانی سەرجەم ماڵ و موڵك و مناڵەکانی. پێغەمبەر ئەیوب سلامی خوای لێی بێت هەموو شتی هەبوو خودا منداڵی زۆر و باخ و باخات و مەڕ و ماڵاتی زۆری پێدا بوو. هاوسەرێکی جوان و شۆخ شەنگ. خودا تاقیکردەوە و هەموو منداڵەکانی لێ سەند و مردن. دواتر هەژاری خست و سەرجەم مەڕ و ماڵات و باخ و ڕەزەکەی لێێ سەندەوە و ئینجا تەندروستیشی لێی سەند و توشی نەخۆشیەک بوو وەک نەخۆشی گەڕی

وابوو. هەموو خزم وکەسی لێی دوورکەوتنەوە. گەرچی بەم جۆرە ئەم پێغەمبەرەی تاقیکردەوە، بەڵام پێغەمبەر ئەیوب بۆ جارێکیش ناشکوری نەکرد و هەمیشە سووپاسگوزاری خودای دەکرد. بۆیە بە پێغەمبەرە ئارامگرەکە ناسرا. بەهۆی ئەو ئارام گرتنەی خودا دووبارە لە جاران زیاتر منداڵ و باخ و باخات و تەندروستی پێیداوە. خودا فریشتەی بۆ نارد و ئاوێکی پێدا و داوای لێ کرد بیخواتەوە و خۆی پێ بشوات. بەو جۆرەش لە نەخۆشیەکەی چاک بویەوە. وانەی ئەم بەسەرهاتە ئەوەیە ئەژین خان، ئەگەرچی تۆ قاچەکانت لە دەست داوە، بەڵام ناشکور نەبیت و سەبر و ئارام بگری خودا وەک پێغەمبەر ئەیوب بە باشترین شێوە قەرەبووت دەکاتەوە و لە جاران زیاتر شتت پێ دەداتەوە. تەنها سەبر و ئارام بگرە.

ڕۆژێ دواتر باسی ژیانی پێغەمبەر یونسی بۆ کردم سڵاوی خوای لێی بێت. خودا بەو پێغەمبەرەی فەرموو(خەڵکەکە بێنە سەر ڕێگای ڕاست و بانگەوازی تاق و تەنیایی خودا بکە) بەڵام خەڵکەکە ڕازی نەبوون بێنە سەر ڕێگای ڕاست بەم جۆرەش پێغەمبەر یونس وازی هێنا و چیتر بانگی خەڵکی نەکرد بۆ ڕێگای ڕاست و فەرمانەکەی خوای بەجێ نەهێنا و خوداش لێی توره بوو. پێغەمبەر یونس کاتی جێهێشتنی قەومەکەی کەوتە نێو سکی نەهەنگێکەوە. ئەم پێغەمبەرە لە ناو سکی نەهەنگەکە بەردەوام داوای لێخۆشبوونی لە خودا دەکرد و خودای گەورەش لێی خۆشبوو و لە سکی نەهەنگەکە ڕزگاری کرد. کەواتە دەرس لەم بەسەرهاتەی ئەمڕۆشمان ئەوەیە خاتوو ئەژین کە زۆرجار فەرمانەکانی خودا جێ بە جێ ناکەین وەک نوێژ و ڕۆژووەکان و قورئان خوێندن بەم جۆرەش خودا لێمان

توره دەبێت و سزامان دەدا، بەڵام ئەوەت بیر بێت هەر کاتێك هەڵەیەکت کرد هیچ کات درەنگ نیە بۆ ئەوەی لەدەرگای خودای گەورە بدەیت و داوای لێخۆشبوون بکەیت. بە دڵی پاکەوە دووعا بکە دڵنیابە خودا لێت خۆش دەبێت.

بەهۆی ئەم قسە و بەسەرهاتانەی دکتۆر ئازاد بۆی دەگێرامەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ هەستم دەکرد باشتر دەبم و دووبارە هیوام بۆ دەگەرایەوە، بەڵام هێشتا دەستم بە نوێژ نەکردبوویەوە. پرسیارم لە خۆم دەکرد(هەتا کەی من نوێژەکانم ناکەمەوە؟) بۆیە بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بانگی دایکم کرد و گووتم:

- دەمەوێ خۆم بشۆم و دووبارە نوێژبکەمەوە.

کاتژمێر دووی شەو بوو کە خۆم شۆری و دووبارە دەستم کردەوە بە نوێژ. سوجدەم بردەوە بۆ خوا بە چاوی پڕ فرمێسک و

گریانەوە جا دڵم مورتاح بوو. خۆشی دووبارە بە لاشە و دڵم هاتەوە. دڵخۆشبووم دووبارە گەڕاومەتەوە سەر ڕێگای ڕاست و بە گریانەوە داوام لە خوا دەکرد لێم خۆشبێت. زۆر پەشیمان بووم لە هەڵە و گوناحەکانی رابردووم.

ئەبێ من هەمیشە سووپاسی خوا بکەم لەوەی فریشتەیەکی وەک دکتۆر ئازادی بۆ ناردم و دووبارە ژیانی خۆم دۆزییەوە. بەو شێوەیە جگە لە نوێژە فەرزەکان نوێژە سوونەتەکانیشم دەکرد. دایکم بۆ ئەمە زۆر یارمەتی دەدام چونکە هێشتا لە نەبوونی قاچەکانم ڕانەهاتبووم.

کە دکتۆر ئازاد زانی دەستم بە نوێژ کردۆتەوە پیرۆزبایی و دەست خۆشی لێ کردم منیش سووپاسم کرد کە هەموو شتت بەهۆی ئەوەوە بوو ئەویش قورئانی وەک دیاری پێدام بۆ ئەوەی

ڕۆژانە بیخوێنمەوە. ئیتر منیش دەستم بە خوێندنەوەی کرد. ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو باشتر بوون دەڕۆیشتم.

ئیتر دکتۆر ئازاد بەردەوام بوو لە باس کردنی ژیانی پێغەمبەرەکان. باس ژیانی پێغەمبەر یوسفی کرد کە براکانی لە باوکی دووریان خستەوە. پێغەمبەرێکی زۆر جوان و بە ڕەوشت بووە لەگەڵ ئەویشیدا قەت بە جوانیەکەی خۆی نەدەنازا و هەمیشە شکور و سووپاسگوزاری خودا بووە و زۆر ناخۆشی و نارەحەتی چەشت. خودا تاقی کردەوە بە دوورخستنەوەی لە باوکی و هەروەها باس ئەشقی زولێخای بۆ کردم بۆ پێغەمبەر یوسف و ئەو کاتە زانیم ئاشقی ڕاستەقینە چیە؟ دوایش خودا، پێغەمبەر یوسفی کردە وەزیری وەڵات و پلەو پایەی بەرزی پێدا و خەڵکی ئەو وڵاتە بە هۆی ئەم پێغەمبەرە بڕوایان بە خودای تاک و تەنیا هێنا و لە کۆتایشدا بە باوکی شادبویەوە. دەرسیش

لەم بەسەرهاتە ئەوەیە: نابێت نائومێد بین لە خودا چونکە دوای ناخۆشی خۆشی دێ وەک چۆن دوای ماوەیەکی زۆر خودا پێغەمبەر یوسفی بە باوکی بەخشیەوە لە دوای ئەو هەموو ناخۆشیە ئەو خۆشیە زۆرەی پێی بەخشی. دواتر باسی ژیانی پێغەمبەر عیسای بۆ کردم کە بێ باوک لە دایک بوە و گەورە بووە. ئەم پێغەمبەرەش توشی چەندین ئازار و نارەحەتی بووە. هەروەها باسی ژیانی پێغەمبەر مووسای بۆ کردم کە لەمنداڵیەوە بە ناچاری دایکی وازی لێ هێناوە و لە کۆشکی دوژمنەکەی کە فیرعەونە گەورە بووە و بە فەرمانی خودا داوای لە فیرعەون کردووە بێتە سەر ڕێگای ڕاست. ئەم فیرعەونە کەسێکی زۆر زاڵم بووە و خۆی بە خودا زانیوە و زوڵم و ستەمی زۆری لە خەڵک کردووە بۆیە خودا پێغەمبەر موسای ناردوە بۆ لای تا باوەر بەخودا بێنێ و لەو زوڵم و ستەمە دەست هەڵگرێ، بەڵام

فیرعەون ڕازی نەبوە و خۆبەزلزان بووە خوداش بە شێوەیەکی زۆر ترسناک لە ناوی بردووە. دەرس لەم بەسەرهاتەش ئەوەیە: ئەوەی گوێڕایەڵی خودا نەکات و زوڵم و ستەم لە خەڵک بکات و نەیەتە سەر ڕێگای ڕاست خودا بە شێوەیەکی ترسناک تۆڵەی لێ دەکاتەوە. هەروەها لە کۆتایشدا باسی پێغەمبەری ئیسلام پێغەمبەر محمد (د.خ) بۆ کردم. باسی ئەوەی کرد لە منداڵیەوە بێ دایک و باوک بوە و خودا کردوویەتیە پێغەمبەر و وەحی بۆ ناردووە. داوای لە خەڵک کرد ببنە مووسڵمان و چەندین ئازار و نارەحەتی بینیوە و کافران هەوڵیان داوە بیکوژن، بەڵام بە فەرمانی خودا پیلانەکانیان سەرکەوتوو نەبوە. کۆتا پێغەمبەرە و توانی ئیسلام سەربخات و بەسەر کافران سەرکەوتوبێت و توانی ئیسلام لە سەرجەم جیهان بڵاو بکاتەوە.

ئینجا لە کۆتا قسەکانی گووتی:

- خودا فەرمانمان پێ دەکا کە باوەر بە ئیسلام بهێنین و باوەڕ یە خودا و پێغەمبەرەکانی و کتێب و فریشتە و ڕۆژی دوایی و قەزا و قەدەر بهێنین. ئەم ئاینە کۆتا ئاینە لەسەر ئەم زەویە و هەر کەسێك باوەڕ بەم ئاینە نەهێنێ کافرە خودا پەنامان بدات. ئەمەش چیرۆکی کۆتا پێغەمبەر بوو ئەژین خان بە هیوام سودی هەبووبێت بۆت.

منیش زۆر سووپاسم کرد و گووتم:

- بێگومان سوودی هەبووە. من کە ئێستا باشم و دەستم کردۆتەوە بە نوێژ بەهۆی تۆ و چیرۆکی پێغەمبەران بوو. من سووپاسی خوا دەکەم کە فریشتەیەکی وەک تۆی بۆ ناردم.

ئیتر هەندێ ئامۆژگاریتری کردم و گووتی:

- خاتوو ئەژین ئەوەی لەسەر دینی ئیسلام بێت و باوەری بە خودا هەبێت دڵنیابە خودا سەری دەخات و بێ ئومێدی ناکات. ئەم ژیانە گشتی تاقیکردنەوەیە. ژیانی ڕاستەقینە بەهەشتەکەی خودایە کە دەبێ هەوڵی بۆ بدەین و بە دەستی بێنین. لەم ژیانە خودا تاقیمان دەکاتەوە بە لە دەستدانی ئازیزان و نەخۆشی و لێسەندنەوەی ماڵ وسامان و خەم و ئازار. گرنگ ئەوەیە شکورانەی خودا بکەین و سەبر و ئارامگر بین. خودا شتێکمان لێ دەسێنێ دڵنیابە شتێکی باشترمان پێ دەدا. دڵنیابە هەموو شت خێری تێدایە و هیچ کات درەنگ نیە بۆ ئەوەی لە دەرگای خودای گەورە بدەین بۆ لێخۆشبوون و دووعا بکەین. چونکە هەموو شت لای خودا ئاسانە. بە شتێك بڵێ ببە دەبێت بۆیە چیتر خەم مەخۆ خاتو ئەژین. لە دەستدانی قاچەکانت حیکمەتێکی

لە پشتەوەیە و خودا ڕۆژێك بە جوانترین شێوە بۆت قەرەبوو دەکاتەوە بەو مەرجەی ئارامگر و شکوور بیت و چیتر بیریش لە رابردوو مەکەوە و بۆ داهاتوی خۆت بژی و هەموو شتت بە خودا بسپێرە. دڵنیابە ڕۆژێك دێت خوا جوانترین موعجیزەت بۆ دەکات و دووریش نیە خوا شیفات بۆ بنێرێ و قاچەکانت چاك ببنەوە.

هەموو ئەم قسانەی دکتۆر ئازاد ڕۆژ بە ڕۆژ باشتری دەکردم و بڵندیشم بە تەواوی لە بیر کرد بوو ئینجا بۆم دەرکەوت خودا منی خۆش ویستوە بۆیە نەیهێشتوە بکەومە ناو پلان و تەڵەکەکانی بڵند. هەزار جار سووپاسی خوام دەکرد و بەردەوام خەریکی نوێژ و ڕۆژو و قورئان بووم. هەمیشە تەوبە و سووپاسم بەرەو خودا بوو. هەموو ڕۆژ دکتۆر ئازاد لێی دەپرسیم و ئامۆژگاری دەکردم.

سێ ڕۆژی مابوو لە خەستەخانە دەرکرێم کە جوانترین موعجیزەی ژیانم ڕوویدا. دکتۆر ئازاد هات و داوای هاوسەرگیریی لێ کردم. شۆک بووم و زۆریش دڵخۆش بووم کاتێ گووتی:

- پێش ئەوەی بێمە لات قسەم لەگەڵ دایک و باوکت کردوە ڕازی بوونە. قسەم لەگەڵ دایکی خۆشم کردووە ئەویش ڕازی بووە. لە یەکەم بینین ئاشقت بووم و زۆر خۆشم دەوێیت.

گووتم:

- ئاخر نابێت. من کەم ئەندامم تۆش دکتۆر ناگونجین پێکەوە. چۆن خواردنت بۆ دروست بکەم و جل وبەرگت بۆ بشۆم؟

گووتی:

- من خۆم یارمەتیت دەدەم لە هەموو شتێك. دایکیشم یارمەتیمان دەدا.

وویستم باسی رابرووی خۆمی بۆ بکەم و بڵێم(من شایەنی تۆ نیم. من کچێکی خراپم) نەیهێیشت و گووتی:

- رابردووت گرنگ نیە. من ئێستا و داهاتووتم دەووێ.

منیش زۆر دڵخۆشبووم و ڕازی بووم و هاوسەرگیریمان کرد. بەڕاستی زۆر دڵخۆشبووم بە هاتنی ئازاد بۆ ژیانم. ئەو لە هەموو شتێك یارمەتیم دەدا و دایکیشی وەک دایکم وایە لە یارمەتیدانم درێغی ناکات و وەك کچی خۆی سەیرم دەکات. من لەگەڵ ئازاد هەموو کاتێ قورئانمان دەخوێند و نوێژمان دەکرد و وەک جاران بوومەوە حیجاب. هەزار جار سووپاس

بۆ خوا ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبووم. زۆر دڵخۆشبووم کە خودا هاوسەرێکی وەک ئازادی بە منداوە. دوای ماوەیەک خەڵاتی خوداییم پێ بەخشرا و دووگیان بووم. خەڵاتی گەورەش بۆم ئازاد و دایکی بوون کە دڵخۆشییان بۆم گێڕایەوە. ئامۆژگاریم بۆ هەموو کچەکان ئەوەیە: ئەو کەسەی بەڕاستی تۆی خۆشبوێت داوای ڕەسمی ڕووت و چوونە دەرەوەت لێ ناکا بەڵکو ئامۆژگاریت دەکات بۆ ڕێگای ڕاست و بۆ لای خودا ڕات ئەکێشێ و هاوسەرگیریت لەگەڵ دەکا نەک بیانوو بێهێنێتەوە. تکایە کچینا ئاگاداربن ئەو هەڵەی من کردم ئێوە مەیکەن. خۆتان هەڵمەخەڵەتێنن بکەونە داوی نێرەکان و واز لە نوێژ و قورئان و حیجابەکەتان مەهێنن.

کۆتایی ...



# بە ئەشقەکەم نەگەیشتم

## چیرۆکی یازدەهەم

من ناوم محمدە و تەمەنم 20 ساڵە. خەڵکی گوندێکی سەر بە شاری هەولێرەم. چوار خوشک و چوار برام هەیە. هەموویان ژیانی هاوسەرگیریان پێک هێناوە و چوونەتە ژیانی خۆیان و منیش کوڕی بچووکی ماڵ بووم و لە خێزانێکی سادە و ئاسایی دەژیام لەگەڵ دایکم و باوکم. من دایکم زۆر خۆشدەویست و زۆر هاوڕێ بووین پێکەوە. ناخۆشی و سەختی و ئازاری ژیانی من لێرەوە دەستی پێکرد کە تەمەنم 15 ساڵ بوو، لە فەیسبووک کچێکم ناسی و بووین بە هاوڕێ. ناوی سازان و خەڵک کەلار بوو. دوو ساڵ لە خۆم منداڵتر بوو کە دەکاتە 13 ساڵ. کچێکی زۆر باش و میهرەبان و ئاقڵ بوو. هەمیشە لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵم بوو. هەمیشە هەموو شتمان بۆیەک باس دەکرد و لە هەموو شتێك یارمەتی دەرم بوو. من ئاواتم ئەوە بوو ببمە گۆرانی بێژ. هەمیشە لای هاوڕێ و خزم و کەسم بەکوڕە

دەنگ خۆشەکە ناسرا بووم. ڕۆژە ناخۆش وڕەشەکەی من ئەو کاتە بوو، کە تەمەنم بووە 17 ساڵ دایکم بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوای کرد. لە دوای مردنی دایکم من تووشی نەخۆشی دەروونی بووم بۆ ماوەی ساڵێک. ئاخر کە مرۆڤ دایکی لە دەست دەدا لەم دوونیایە هەر چەنە دەوڵەمەندیش بێ دەبێتە هەژارترین کەس و بێنازترین کەس. مردنی دایکم کارێکی گەورەی کردە سەر ژیانم و لەم دوونیا بێ کەس و تەنیا مامەوە. ڕاستە ئێمەی کور کاتێ شتێ لە دەست دەدەین ناگرین چونکە دەڵێن گریان عەیبە، بەڵام بە جۆرێك خەم دەخۆین خۆمان سەرگەردان دەکەین. کە دایکم نەما ماڵمان چۆڵ بوو کەس نەبوو نانمان بۆ حازر بکا و کەس نەبوو لێم تورەبێت. کە ئێستاش دڵتەنگ بم دەچمە سەر گۆری دایکم و لەوێ خەمەکانمی بۆ باس دەکەم و دەگریم بۆیە بە هەمووتان دەڵێم

گەر دایکتان هەیە ڕێزی دایکتان بگرن چونکە لە دەست دانی دایک زۆر سەختە هیچ کەس ناتوانی جێگای دایکتان بۆ بگرێتەوە و دەبنە بێنازترین و تەنهاترین کەس. دوای ماوەیەک باوکم ژنێکی عەرەبی هێنا کەسێکی باش بوو. قەت کێشەی بۆ دروست نەئەکردم. جا سازانی کچە هاورێم زۆر باش و میهرەبان بوو. دوای مردنی دایکم دایم لەگەڵم بوو نازی هەڵدەگرتم و خۆشەویستی پێ دەدام و دڵی دەدامەوە و نەیدەهێشت خەم بخۆم. بە ڕادەیەک باشبوو لەگەڵم کەس وانەبوو دوای دایکم لەگەڵم.

ڕۆژێك پێی گووتم:

- ئاشقتم و خۆشم دەوێیت.

منیش ڕازی نەبووم و ڕەتم کردەوە. سەرەتا گاڵتەم بە ئەشق دەهات، بەڵام ئەم کچە بەردەوام بوو. هەمیشە هەوڵی دەدا لەگەڵم و بەهۆی ئەم گرنگی پێدان و ناز و خۆشەویستەی کە پێی دەدام و لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵم بوو. منیش خۆشم وویست و ئاشقی بووم و پێی ڕازی بووم. پێکەوە بووین وسەرەتای جوانمان هەبوو. سازان لە جاران زیاتر گرنگی پێ دەدام و خۆشەویستی پێ دەبەخشیم. دوای مردنی دایکم یەکەمجارم بوو من وا دڵخۆشببم. ئیتر کەسێك هەبوو خەمی منی بێت و لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵم بێت چونکە من دەنگم خۆشبوو زۆربەی کات گۆرانیم بۆ دەووت و تێلمان دەکرد و خەیاڵی جوانمان دانا بوو. بەم خەیاڵە جوانانە بەردەوام بووین تا ڕۆژە ڕەشەکە هات. ئەو ڕۆژەی هەموو ژیانم ڕەش

بوو. هەموو ژیانم گۆڕا و خۆشم زۆر لەگەڵی گۆرام. ساڵی 2018 بوو. ڕۆژێك سازان بە گریانەوە تێلی بۆ کردم و گووتی:

- داوام هاتووە ماڵەوە بە زۆر بەشووم دەدەن.

کە وای ووت من دونیام لە پێش چاو ڕەش بوو. داوای ڕەقەمی دایک و باوکیم کرد بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکەم و نەیەڵم بە شووی بدەن.، قسەم لەگەڵ باوکی کرد و پێم گووت ئاشقی کچەکەییم. بە گریانەوە داوام لێکرد بە شووی نەدا. باوکی گووتی:

- نا، ئەوەی هاتۆتە داوای کەسێکی باشە و ئێمە بەدڵمانەوە تۆش خەڵکی هەولێری و دووری.

سازان خەڵکی کەلار بوو بە بیانووی دووریمان لە یەک باوکی ڕازی نەبوو و گووتی: - لێی دووربە و دووبارەی نەکەمەوە.

ئیتر دای بەو پیاوەی هاتبوویە داوای. بۆ هەمیشە ئەشقەکەم لەدەستدا و لە هەموو کەس دوورکەوتمەوە بۆ ماوەیەکی زۆر. هەموو ئەو خەون و خەیاڵە جوانانەی دروستمان کرد و هەموو ئەو کاتە خۆشانەی لەگەڵ سازان بردمانە سەر وەکو خەونێک هەمووی نەما. دوای ئەو من تێک چووم ئاخر دوای دایکم ئەو تاکە کەس بوو کە لێم تێئەگەشت و خۆشی دەویستم و ڕێزی دەگرتم و ئاگای لێم دەبوو و نازی هەڵدەگرتم.

دوای ماوەیەک سازان فەیسبووکی دانایەوە و چاتی بۆ ناردمەوە. پێی گووتم کەوا مێردەکەی زۆر خراپە لەگەڵی دایم قسە و جنێوی ناشرینی پێ دەدا. ئەویش چووبوو بۆ لای باوکی و پێی گووتووە دەیەوێ جیابێتەوە لە پیاوەکەی. باوکیشی زانی هێشتا منی خۆش دەوێت و لەبەر من

جیادەبێتەوە. بۆیە گووتبووی(ئەگەر جیاش ببیتەوە من هەرگیز ناتدەمە محمد و ناهێڵم شوو بەو بکەی)

زۆرم پێ ناخۆشبوو ژیانی تێک بچێ لەبەر من بۆیە بەگریانەوە خواحافیسیمان لەیەکتر کرد و بە یەکترمان ووت کە یەکمان خۆشدەوێت ئینجا لە هەموو شوێنێك بلۆکم کرد. من تا ئێستاش خۆشم دەوێت کە بیری دەکەم هەواڵی دەپرسم و هەمیشە بەهۆی یادگارییەکانی ئەوەوە دەژیم. ڕۆژ بە ڕۆژ برینم نوێ دەبێتەوە و ئازار دەکێشم و خەم دەخۆم. بیری هەموو ئەو ڕۆژە خۆشانە دەکەم کە لەگەڵ ئەو بووم، بەڵام قبوڵم کردووە ئەوە چارەنووسی منە. لەم ژیانەش تا ئازار و ناخۆشی نەچێژی ناگەی بە خۆشی. گەیشتم بەوەی کە ئەمە تاقیکردنەوەی خوایە و دڵنیام ڕۆژێك دێ خودا لەبری ناخۆشیەکان دوو هێندە خۆشیم پێ دەبەخشێت چونکە خودا دەفەرموێت( لە دوای

ناخۆشی خۆشی دێ) منیش چاوەڕێ ئەو دڵخۆشیەم کەخودا پێمی دەدا.

کۆتایی.....




# چیــــرۆکی هیــــوا

## چیرۆکی دوازدەهەم

من هیوام و تەمەنم 24 ساڵە. حەزم کرد چیرۆکی ژیان خۆم باس بکەم کە چەن بێ ئەقڵ و گەمژە بووم و بەدەستی خۆم ژیان خۆم و خێزانەکەشمم وێران کرد. لە گوندێکی زۆر بچووک خێزانێکی سادە دەژیان و زۆر دڵخۆشبوون. ئەم ژن و پیاوە یەکیان زۆر خۆشدەوویست و ڕێزی یەکیان دەگرت. دوای 15 ساڵ لە ژیانی هاوسەرگیری خودا کورێکی پێدان ناویان لێنا هیوا چونکە خودا هیوای منداڵبوونیانی پێدا بۆیە ئەو ناوەیان لێنا. ئەو کورەش منم کەوا باسی ژیانی خۆمتان بۆ دەکەم. ژیانێکی سادە و ئاسایی دەژیام لەگەڵ دایک و باوکم هەر چەندە هەژار بووین بەس ئەو شتانەی داوام بکردایە باوکم بەهەر شێوەیەک بووایە بۆی دەکڕیم و بۆی دەهێنام. بیرمە نۆ ساڵان بووم گشت منداڵانی گوندەکە پاسکیلیان پێ بوو تەنیا من نەبێ. هەرچەندە هەژار بووین و پارەی پاسکیلی منیان

نەبوو، بەڵام باوکم بەهەر جۆرێک بێت توانی پاسکیلم بۆ بکڕێت. دایکم و باوکم زۆر منیان خۆشدەویست. چونکە من تاقە ڕۆڵەی ئەوان بووم. بەداخەوە من هەرچی خەم و ئازار هەبوو بەوانم دا. تەمەنم گەیشتە 11 ساڵان و باوکم بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوای کرد. مردنی باوکم کاریگەری گەورەی کردە سەر ژیانم. دوای مردنی باوکم وەکو منداڵێکی هەتیوو مامەوە و بە هۆی هەژاریمان دایکم ناچار نانی بۆ ماڵان درووست دەکرد بۆ بژێویمان. زۆرجار لە مەکتەب کورەکانم دەبینی بە جلی جوان و دەفتەر و بۆیەی ڕەنگا و ڕەنگ منیش هیچ پارەم پێ نەبوو تاوەک هاورێکانم ئەو شتانەم هەبێ. بۆیە بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا قەڵەمی بۆیەی کورێکی پۆلەکەمانم دزیی. دایکم و باوکم بە شێوەیەکی جوان پەروەردەیان کردبووم. ئاخ دوای مردنی باوکم ژیانم و خۆشم زۆر گۆڕام.

ئەو هیوایەی جاران نەما بووم. جاران کوڕێکی شیرین و بە ڕەوشت و میهرەبان بووم کەچی گۆڕانێکی خراپ گۆڕام و بوومە دڕەندەیەک. ئیتر کورەکەی پۆلمان زانی من قەڵەمەکانم دزیوە بۆیە شکاتی لێ کردم لای مامۆستا. مامۆستاش زۆر خراپ لێم تورە بوو و قسەی ناشرینی پێ گووتم و گووتی:

- دەبێت دایکت بهێنێت.

منیش هەموو شتم بۆ دایکم باس کرد ئەویش خراپ لێم تورە بوو. قەت لە ژیانم دایکم بەو جۆرە لێم تورە نەببوو. گووتی:

- گەر پێمت بووتایە بۆتم دەکڕی. بۆچی دزی دەکەی؟

منیش دەنگم لەسەر دایکم بەرزکردەوە و گووتم:

- چیم بۆ دەکڕیت؟ ئەو پارەیەی کە تۆ دەستت دەکەوێت تەنها بەشی نان خواردنی ڕۆژانەمان دەکات. کوا بەشی جل کڕین و کەلووپەلی قوتابخانەم دەکات.

زۆر تورە ببووم. گووتم:

- خۆزگە من کوری تۆ نەبوومایە. خۆزگە کوڕی ژن و پیاوێکی هەژار نەبوومایە. لە بری ئەوە کوری دەوڵەمەندێك بوومایە ئێستا بە دڵی خۆم دەژیام. خۆزگە خودا منی بە تۆ نەدایە و هەر بێ منداڵ بوونایە. بەڕاستی ڕقم لێتە خۆزگە تۆ دایکم نەبوویتایە.

زۆر قسەی ناشرینم کرد. خۆزگە ئەو کات بمردمایە بەس ئەو قسانەم نەکردایە. دایکم هیچی نەگووت تەنها فرمێسک لە چاوی هات و ڕۆیشت. هەستم بە خەمگینی و دڵشکانی دایکم

کرد بەس گوێم پێی نەدا. ئاخ ئەو دایکەم هەرچی لەدەست بهاتایە بۆ دڵخۆشی من دەیکرد. نەخۆش دەکەوتم تا بەیانی نەدەخەوت و دەگریا و دووعای بۆ دەکردم تا چاک دەبوومەوە. هەموو هەوڵی خۆی دەدا تا من لە هیچم کەم نەبێت و تەندروست و لەش ساغ بم. ئیتر لەو ڕۆژەوە وازم لە خوێندن هێنا و چیتر نەگەڕامەوە قوتابخانە. دایکم زۆر هەوڵی لەگەڵمدا، بەڵام بە قسەم نەکرد ووازم هێنا. زۆر ڕقم لە هەژاری خۆم دەبویەوە و دەمەویست بەهەر جۆرێک بێت ئەم گوندە جێ بێڵم و بڕۆم.

ئیتر بەردەوام لەسەر شەقامەکان دەمامەوە و زۆر کەسم خراپم ناسی. هەموو کوری سەر جادە و شەقامەکان بوون و لەوانەوە فێری دزی و شەڕ و هەزار شتیتر بووم. کە دایکم بەم کارانەمی زانی زۆر بێتاقەت بوو. بەردەوام ئامۆژگاری دەکردم

دوورکەومەوە لە هاورێی خراپ و کاری خراپ، بەڵام من هیچ کات گوێم لە قسەکانی نەئەگرت و گرنگیم پێی نادا. وام لێ هات کەمتر دەگەڕامەوە ماڵ. لەگەڵ هاورێکانم گرووپێکمان پێک هێنا و خەریک پیلان دانان بووین بۆ دزی. منیش فێری دزی کردن و تاڵان کردنی ماڵی خەڵکی ببووم و هەوڵم دەدا زۆرترین دزی بکەم تاوەکو لێرە بڕۆم و ئەم گوندە و دایکیشم جێ بهێڵم. زۆربەی کات لە هەفتەیەکدا دوو شەو دەگەڕامەوە ماڵ. ئەویش بۆ هەڵگرتنی ئەو پارانەی دزی بووم. لە شوێنێکی ژوورەکەم هەڵم دەگرت کە جگە لە خۆم کەس جێگای پارەکانمی نەدەزانی، بەڵام هەمیشە دایکم هەستی دەکرد و دەیزانی خەریک ئەو جۆرە کارانەم. شەوان زۆربەی کات ئەمبینی دایکم هەڵدەستێ و نوێژ دەکا و دوعام بۆ دەکا تا خودا من بپارێزێت و دووربم لە کاری خراپ و کێشە، بەڵام هیچ

کام لەوانە کاری لە من نەدەکرد و بەردەوام بووم لە دزی و ئیشی خراپ. ڕۆژێك لە لایەن گروپەکەمانەوە تەلەفۆنم بۆ کرا بۆ کارێکی گەورەی دزی کە پارەیەکی زۆری تێدابوو، بەڵام بە مەرجێك چەند مانگێك پێویست بوو خەریکی مەشق بین و نەگەڕێینەوە ماڵ و لە خێزان و هاوڕێ و هەموو کەس دووربین. بەردەوام لە مەشق بین. ئەوان گووتیان:

- ئەوەی دەیەوێت دەتوانێت بەشدار نەبێت لەم کارە چونکە ئەم کارەمان قورسە و وەک کارەکانیتر نیە و مەترسی زۆری لە سەرە. منیش بێ بیرکردنەوە ڕازی بوومو دایکم جێهێشت و چوومە مەشق کردن بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەم و ئەو پارە زۆرە بەدەست بێنم. ئەگەر چەندەها دزیمان بکردایە هێشتا نەدەگەیشتە ئەو کارە. دەستمان کرد بە مەشق و چەکیان داپێمان. مەشقمان لەسەر چەک و ئەو

شتانە دەکرد. سەرسام بووم بۆچی مەشق لەسەر ئەوانە دەکەین لە کاتێکدا کە دزی دەکەین. ڕاستە پێشتر چەکمان بەکار دەهێنا بۆ دزی. ئەوەش بۆ ئەوە بوو ئەگەر دزییەکمان بکردایە و خاوەن ماڵەکە پێی بزانیایە تەنها چەکەکەمان لێی ڕا دەگرت و دەمان ترساند قەت خەڵکمان نەکوشتبوو. ئەمجارە جیاواز بوو بەردەوام مەشقمان لەسەر چەک بوو. منیش پرسیم و گووتم:

- بۆچی مەشق لەسەر چەک دەکەین؟

گووتیان:

- خۆ ووتمان ئەم کارەمان جیاوازە لەکارەکانیتر و ووتمان ئەوەی دەیەوێ با نەیەت و جیاوازە. هێشتا کات ماو.ە گەر دەترسی دەتوانی بگەڕێیتەوە و لەو ئیشە دەرچی.

منیش گووتم:

- نا دەیکەم.

زانیم ئێمە بە تەماین کەسێك بکوژین. دوای زیاتر لە 4 مانگ لە مەشق کردن، ڕۆژێك هەموومانیان کۆکردەوە و گووتیان:

- ئێمە زیاتر لە 4 مانگە بەردەوام مەشق دەکەین بۆیەش مەشقی چەک دەکەین چونکە کەسێك دەکوژین. ئەو کەسەی کە داوای کردووە بیکوژین لە بەرامبەر ئەوە پارەیەکی خەیاڵی پێ داوین بە هۆیەوە دەتوانین چەندین ساڵ واز لە دزی بهێنین و بەو پارەیە بژین بۆ خۆمان. کارەکەش کەمێك مەترسیدارە ئەگەر سەرنەکەوتین لەوەیە هەموومان بمرین ئەگەریش نەمرین بێگومان دەچینە سجن.

سەرەتا کە باسی کوشتنیان کرد کەمێك ترس کەوتە لاشەمەوە. لە ژیانمدا من خەڵکم نەکوشتبوو ڕاستە دزیم کردبوو، پارەی خەڵکم خواردبوو. ئاڵتونی خەڵکم بردبوو، بەس قەت خەڵکم نەکوشتبوو. جا چۆن گیان و ڕۆحی کەسێك بەرم و لە خێزانی بکەم. بەڕاستی شۆک بووم، بەڵام کارەکە گەیشتبویە شوێنێك گەڕانەوەی نەبوو، یان دەبوو کارەکە بکەم و ئەو کەسەی دەیانەویێ بیکوژم و ئەو پارە زۆرە وەرگرم یان دەبێت یەکێکی گرووپەکە من بکوژێ. ئەگەر ئەو کارە نەکەم بەڕاستی من حاڵم خراپ بوو. لە منداڵیەوە تا ئێستا کەسم ئازار نەدابوو وە هەروا دایکم و باوکم فێری شتی وایان نەکردبووم. گیانم خراپ دەلەرزی. دواجار گووتم:

- دەیکەم و ئەو کەسە دەکوژم و دوای پارەکە وەردەگرم و دەڕۆم و هەموو شت لەبیر دەکەم.

ئێمە پێنج کەس بووین. دوای 10 ڕۆژ زانیاری تەواومان پێدرا دەربارەی چۆنیەتی کوشتنی ئەو کەسە. من ئەو کەسەم نەدەناسی کە دەبوو بیکوژین، بەڵام کەسێکی دەوڵەمەند دیار بوو هەمیشە دوو پاسەوانی لەگەڵدا بوو. دیارە ئەو کەسەی کە داوای کردبوو بیکوژین دووژمنی بوو. بەهەر حاڵ دوای ئەو هەموو مەشق و ماندوو بوونە تەنها دوو ڕۆژ مابوو بۆ کوشتنی، پێش ئەوە گووتیان:

- دەبێ بۆ چەند کاتژمێرێك بخەون و پشوو بدەن و ئیسراحەت بکەن. تا لە کاتی کوشتنەکە بەهێز بن و ماندوو و شەکەت و خەواڵوو نەبن.

من لە هیلاکیدا خەوم لێ کەوت و لە خەونمدا باوکم بینی. کە هاتە خەونم بە تورەییەوە گووتی:

- تۆ بەڕاستی هیوای من و کورە تاقانەکەی من بووی. باوەڕ ناکەم ئەوە تۆیت وا گۆڕاوی. بۆ ئاوا بوویتەتە کەسێکی خراپ ها کورم؟ چیت لێ هاتووە تۆ؟ ئێستا هیچ لە کورە بچووکەکەی من ناچیت. تۆ دڵت نەدەهات ئازاری چۆلەکەیەک بدەی. ئێستا بۆ بوویت بە دڕندە؟ دەزانی دایکت هەمیشە لەسەر بەرماڵەکە دووعات بۆ دەکات؟ هەمیشە دەڵێ( خوایە کورەکەم بپارێزە لەهەر شوێنێك بێت و دوور بیت لەکاری خراپ) ئێستا دایکت نەخۆشە و لە نێو جێگایە. ئیتر کێ دووعات بۆ دەکات لە شتی خراپ دوور بیت؟ تا ئێستا بە هۆی دوعاکانی دایکت بوو هیچت لێ نەهاتوە.

کاتێ لە خەوەکەم ڕاچڵەکیم هەموو گیانم ببوو بە ئارەقە و ئاو و بە گیانما دەهاتە خوارەوە. بەڕاستی زیاتر لە 4 مانگ بوو من

لە دایکم دوور بووم و هیچ هەواڵیم نەدەزانی. هەر دەمووت(ئایا ئێستا ماوە یان نا؟ ئەی تۆ بڵێی ئێستا چی بکات؟ ئاخۆ ئەبێ لەوەتەی لێی دوورم هەر بەڕاستی وەک ئەوەی باوکم ووتی دایکم نەخۆش بێت؟ باوکم ڕاستی دەکرد. من کەسێکی خراپم. دایکمم جێ هێشت و ئێستاش بە تەمام کەسێ بکوژم؟) بۆیە بێ بیرکردنەوە گەڕامەوە گوند بۆ هەواڵ پرسینی دایکم. ئەو خەونەی باوکم تەواو ترساندمی. نامەیەکم بۆ ئەندامانی گرووپەکەمان جێهێشت. بۆم نوسی بوون(من دەڕۆم و ئەو کاری کوشتنە ناکەم.)

ئەوان زۆر تورە بوون. دەیانزانی من ناچمە لای پۆلیس و هەواڵیان لێ نادەم چونکە بەڵگەیان لابوو ئەگەر هەواڵی ئەوانم بدایە بە پۆلیس ئەوا خۆشم لەگەڵیان دەگیرام. دەیانزانی لە ترسان ڕامکردووە بۆیە بڕیاریان دابوو دوای کارەکەیان من


بکوژن. گەڕامەوە ماڵ بۆ لای دایکم و بینیم دایکم نەخۆشە و لە ناو جێگابوو. تەواو ڕەنگی گۆڕا بوو زۆر خراپ نەخۆش کەوتبوو. کە منی بینی زۆر دڵخۆشبوو. باوەشی پێیدا کردم و هەردووکمان گریاین.. دایکم بە هۆی خەفەتی دیار نەمانی من و زۆری نان کردن بۆ خەڵک حاڵی خراپ ببوو، بەڵام هەموو شەوێکیش دوعای سەلامەتی منی کردووە و پاڕاوەتەوە خوا بمپارێزێ لە کاری خراپ. خەونەکەی باوکم ڕاست بوو دوعای باشی دەکردم بۆیەش من هەمیشە باش بووم و لە مەترسی بەدوور بووم. وویستم گوند جێ بێڵم و بچینە شار. چونکە گەر پیاوەکان بیاندۆزیبامەوە، من و دایکمیان دەکوشت، بەڵام بەر لە ڕاکردن زانیم لە کاری کوشتنەکە سەرکەوتوو نەبوون و لەکاتی کارەکە یەکێکیان کوژراوە و ئەوانیتریش پۆلیس دەستگیری کردبوون. سووپاس بۆخوا من

ئەو کارەم نەکرد و زووتر هەڵهاتم. بەو جۆرەش  خەونەکەی باوکم و دووعاکانی دایکم منی پاراست. زۆر زۆر پەشیمان بووم لەو کارانەم.  بریارمدا دوورکەومەوە و بە پارەی حەڵاڵ بژیم و ئیش بکەم. داوای لێخۆشبونم لە خوا کرد و گەڕامەوە ڕێگای ڕاست و داوای لێبوردنیشم لە دایکم کرد و بەڵێنم پێیدا کە جێی نەهێڵم.

کچێکی خزممان هەبوو. زۆر باش و میهرەبان و بە ڕەوشت و لەخوا ترس بوو. ئەو کاتەی کە دایکم نەخۆشبوو زۆر جار دەهاتە لای و  ئاگاداری دەبوو. خواردنی بۆ دروست دەکرد و ئیشی بۆدەکرد. دایکم داوای لێکردم ئەو کچە بکەمە هاوسەری خۆم. لەو کاتەوەی بووەتە هاوسەرم کە هەم لە دین هەم لە دوونیا ئاگادارمە و پشتم پێی بەستووە. هەر ئەوەش نا بۆ

دایکیشم هەر ئاوایە. ئینجا ماڵم گواستەوە شار دەستم بە کارێکی پاکی حەڵاڵ کرد.

هەموو ئەو پارانەی لە دزی دەستم کەوتبوو دامە کەسانی هەژار و لەپێناو خوا کاری خێریم پێی ئەکرد. لێرەوە ئامۆژگاری ئەوانە دەکەم کە هاوریێ خراپیان هەیەك دوور کەونەوە لە هاوریێ و کاری خراپ تا دوونیا و قیامەت نەدۆڕێنن. دڵی دایکیشتان مەشکێنن هیچ کەس جێگای دایک ناگرێتەوە. ڕێزی بگرە. ئەگەر دووعای دایکم نەبووایە ئێستا من توشی هەزار کاری خراپ ببووم.



# هــانــا و احــمــد

## چیرۆکی سێزدەهەم

هانا کچێکی میهرەبان و جوانکیلە بوو بەس بەداخەوە بووە قوربانی قسەی خەڵکی و داوی کورێکی دەوڵەمەند. هانا دڵێکی باش و سافی هەبوو نەیزانی بەهۆی دڵسافی ئەم شتانەی بەسەردێ و توشی ناخۆشی و ئازار دەبێت. هانا کچێکی جوانی چاوکاڵ و باڵا مام ناوەند بوو. لە پۆلی 8 ناوەندی بوو. یەکێک بوو لە خوێندکارە زیرەکەکان و ئاواتی ئەوە بوو خوێندن تەواو بکا، بەڵام بەداخەوە بە هۆی ئەو ئازارانەی کە توشی بوو نەیتواتی بە خەونەکەی بگات. هانا لە پۆلی 8 لەگەڵ کوڕێك زۆر هاورێ بوون بەناوی احمد. کوڕێکی باڵا بەرزی چاو ڕەش لە خێزانێکی دەوڵەمەند. ئەوان زۆر هاوڕێ بوون و زۆر لە یەکتر نزیك بوون و هەموو شتێکی یەکیان دەزانی. هانا وەک برا سەیری دەکرد. سەرەتا احمدیش وابوو. هانای وەک هاورێ و خوشک دەبینی، بەڵام کاتێ هاتنە پۆلی

10 هەموو هەستی احمد گۆڕا بۆ ئاشق بوون. ئیتر وەك هاوڕێ هانای نەدەبینی و وەك خۆشەویست سەیری دەکرد. کاتێك هانا بەمەی زانی زۆر بێتاقەت بوو ویستی لە احمد دوورکەوێتەوە، بەڵام احمد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆشەویستی بۆ هانا دەردەبڕی و بەردەوام چاوی لەسەر هانا بوو. نامەی خۆشەویستی و گوڵی بۆ لەسەر ڕەحلەکە دادەنا. هاناش هەمووی فڕێ دەدا و خۆشەویستی احمدی قبوڵ نەدەکرد. تا وای لێهات هەواڵی خۆشەویستی نێوانیان لە ناو مەکتەب بڵاوبویەوە. گشت قوتابیەکان باسی هانا و احمدیان دەکرد. زۆرجار بە ئەحمەدیان دەووت(زاوا) ئەحمەد کە زانی هانا بەو ڕازی نابێتوویستی تۆڵەی لێ بکاتەوە و پەشیمانی بکاتەوە. لێرەوە ڕووە ڕاستیەکەی احمد دەرکەوت. کاتێ مامۆستا بانگی احمد و هانای کرد گووتی:

- ئەم قسانە و باسانە ڕاستە کە بڵاوبۆتەوە؟

هانا گووتی:

- درۆیە.

احمد قسەی کرد و گووتی:

- گشتی ڕاستیە. هانا منی خۆشدەوویّت و خۆشەویست یەکین و هەر ئەویش داوای خۆشەویستی لەمن کرد.

هانا کە ئەم دڕۆیانەی احمدی بیست شۆک بوو کەوا چەن کوڕێکی درۆزنە و ئاوا دەڵێت. مامۆستا باوەری بە احمد کرد و خراپ لە هانا تورە بوو. ئەم قسە و باسە گەیشتەماڵی هانا و خزم و کەس و دراوسێکانی. ڕۆژێکیان یەکێک لە براکانی هانا بە چەکەوە چووە مەکتەب و وویستی احمد بکوژێ بەڵام

مامۆستاکان نەیانهێشت و احمدیش هاواری دەکرد و دەیگووت:

- هانا داوای خۆشەویستی لێم کردووە و ئاشقم بووە خەتایی ئەو بوو.

لەو ڕۆژەوە خێزانی هانا چیتر نەیان هێشت هانا بچێتەوە قوتابخانە و نەیانهێشت خوێندن تەواو بکا و بە خەونەکەی بگات و بڕیاری کوشتنی هانایاندا، بەڵام دوای پەشیمان بوونەوە و ویستیان بە شووی بدەن بە کەسێک کە 14 ساڵ لەخۆی گەورەتر بوو. هانا کە ئەمەی بیست شێت بوو چونکە ئەو هێشتا منداڵ بوو ئاواتی خوێندن و ژیان بوو. ئێستا چۆن شوو بکا بە کەسێ کە 14 ساڵ لەخۆی گەورەترە و بە زۆریش بەشوو ئەدرێ؟ بۆیە هانا ڕایکرد لە ماڵ. خێزانەکەی بە ڕاکردنی

هانایان زانی و بڕیاریاندا ئەمجارە هانا بکوژن چونکە شەرەفی خێزانەکەی بردووە و سەر شۆریانی کردووە. زۆر بەدوای هانا گەڕان تا دۆزیانەوە، بەڵام بە چ بارودۆخێک؟ هانا دەماری دەستی خۆی بڕی بوو ئەوانیش ناچار بوون گەیاندیانە نەخۆشخانە و دواتر هێنایانەوە ماڵ، بەڵام هانا وەک جاران نەمابوو چونکە شێت ببوو هەرکات باسی قوتابخانە بکرایە تێک دەچوو.

ئەحمەد لە تۆڵە سەندنەوەکەی سەرکەوتوو بوو. ئەوەی وویستی کردی و ماڵی احمد بریاریاندا ماڵ بگوازنەوە شارێکیتر بۆ ئەوەی احمد هیچی بەسەر نەیەت. ماڵی هانا بۆیان دەرکەوت کە ئەمانە هەمووی درۆ و پیلانی احمد بووە. زۆر پەشیمان بوونەوە لەوەی کردبوویان. بەهۆی ئەم باڕودۆخ و خەمەوە دایکی هانا گیانی سپارد و باوک و براکانی ژیانی

هانایان لەناو برد. گەرچی زۆر پەشیمانن و ویژدانیان ئازاریان دەدا، بەڵام ماڵی احمد دەوڵەمەندن. ئەوان ناوێرن هیچ بکەن و ناچارانە بەو ئازارەوە دەژین کە بەسەر کچێکی بێ تاوانیان هێنا و درەنگ ڕاستیەکانیان بیست.

خۆشەویستی احمد گۆڕا بۆ تۆڵە سەندنەوە و توانی بەخراپترین شێوە تۆڵەی خۆی لە هانا بکاتەوە. هانا ئێستاش چارەسەری دەروونی وەردەگرێ و پەشیمانە هاورێیەتی احمدی کردوە و درەنگ ڕووی ڕاستی ئەوی بۆ دەرکەوتوە و لە ناو خەم و گریاندا دەژی چونکە خەونەکانی و خوێندن و ژیانی لەدەستدا. هەمیشە دووعا دەکا بۆ ئەوەی خودا تۆڵەی بسەنێتەوە لە احمد. بەداخەوە بەهۆی قسەی خەڵکی و درۆی احمد ژیانی هانا بەو شێوەی لێ هات.



# موعجیزەیەک بە ئەشقەکەمی گەیاندم

## چیرۆکی چواردەهەم

سڵاو من ناوم سەنایە حەزم کرد باسی چیرۆکی خۆم بکەم بۆتان. من هاورێیەکی نزیکم هەبوو ناوی سازان بوو. زۆر هاوریێ بووین وەکو خوشک وابووین. ئەو لە من جوانتر بوو. باڵایەکی بەرز و قژێکي ڕەشی خاوی درێژ و چاوێکی ڕەشی گەشی هەبوو. هەرچی منیش بووم باڵام مامناوەند و قژێکي کورتی لوولم هەبوو. هەرچەندە وەک هاورێکەم جوان نەبووم بەس قەد ناشکوور نەبووم. هەندێ جار حەسوودیم بە سازان دەبرد بەهۆی جوانیەکەی، بەڵام هەمیشە دەمگووت جوانی مرۆف لە ناخیەتی نەوەکو ڕووخساری، زۆر هاوریێ بووین لەگەڵ سازان هەمیشە لە قوتابخانەش پێکەوە بووین. قوتابخانەکەمان تێکەڵاو بوو بەهۆی جوانیەکەی زۆرجار کورەکان داوای خۆشەویستیان لە سازان دەکرد. ئەویش هەمیشە ڕەتی دەکردەوە. زۆر لووت بەرز بوو دەیگووت:

- ئەو کوڕەی من شووی پێی دەکەم دەبێت دەوڵەمەند بێت و جوانیش بێت.

کە ئەم قسانەی دەکرد زۆرجار گاڵتەم پێی دەکرد و دەمگووت:

- خۆشەویستی ڕاستەقینە جوانی و دەوڵەمەندی نیە بەڵکو دڵخۆشی و بەختەوەریە.

ڕۆژان تێپەری من و سازان پۆلی12ـمان بە سەرکەوتوی تەواو کرد و چووینە زانکۆ و سوتفە ناومان لە یەک زانکۆ و لە یەک بەش هاتەوە و زۆر دڵخۆش بووین. گەیشتینە زانکۆ و لە زانکۆش ڕۆژ بە ڕۆژ سازان زیاتر خۆی جوان دەکرد. ئەم جوانیەی بوە هۆی ئەوەی من حەسوودی پێ بەرم. کورەکانی زانکۆش داوای خۆشەویستیان لێی دەکرد و هەموویانی ڕەت دەکردەوە. لە گرووپەکەمان کوڕێك هەبوو ناوی ئالان بوو.

باڵایەکی بەرز و چاوێکی قاوەیی تۆخی هەبوو. زۆر سەرەنجی منی ڕائەکێشا و بە دڵم بوو. حەزم دەکرد خۆمی لێی نزیک بکەمەوە، بەڵام هەستم دەکرد ئەو زیاتر لە سازان نزیک دەبێتەوە و گاڵتە و قسە زیاتر لەگەڵ ئەو دەکات منیش زۆر تورە دەبووم، بەس نەمدەتوانی هیچ بکەم. ڕقم لە سازان دەبویەوە چونکە بەهۆی جوانیەکەی توانی ئالان بە لای خۆیدا ڕاکێشێت. دوای ماوەیەک سازان گووتی:

- لەگەڵ ئاڵان بوونەتە خۆشەویست.

زۆر بەوە تێک چووم. زۆر دەگریام و خەمم دەخوارد و هەمیشە ئیرەیم بە سازان دەبرد. هەموو ڕۆژ لەگەڵ ئالان لە کافێ دادەنیشتین و پیاسە و خۆشی خۆیان دەکرد. منیش چاوم کوێر بوو کە ئەوانم ئاوا بینی. هەوڵمدا لە یەکیان جیابکەمەوە. ئێوە

وەکو من مەبن. ئیرەیی بەکەس مەبەن با توشی هەڵە و تاوان وگوناح نەبن وەک ئەو هەڵەی من کرد.م. بیرم کردەوە پیلانێکی باش دابنێم و بۆ هەمیشە لە یەکیان جیا بکەمەوە بەمەش ئالان دەبێت بە هی من. بەڵێ خۆشەویستی و ئەشق چاوی منی کوێر کردبوو و جگە لە ئالان هیچترم نەدەبینی. سیمکارتێکم کری و بەو سیمکارتە تەلەفۆنم بۆ باوکی سازان کرد و هەموو شتم بۆ باس کرد. پێم گووت:

- کچەکەت لەگەڵ کوری خەڵک لە زانکۆ دەسوورێتەوە و خۆشەویستن. هەموو کەس لەو زانکۆیە باسی دەکات.

بەم جۆرەش باوکی سازان خراپ لە سازان تورە بوو. موبایلی لێ شکاند و نزیک هەفتەیەك نەیهێشت بێتەوە زانکۆ. زۆر دڵخۆشبووم ووتم(ئیتر لە ئالان زیاتر نزیک دەبمەوە) بەڵام

بەداخەوە ئالان جگە لە سازان چاوی کچیتری نەدەبینی. زۆر خەمبار بوو تەنانەت گریاش بۆ سازان کە بیستی وای بەسەرهاتوە. ئەو کات زانیم من هەڵەیەکی گەورەم کرد. ئالان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی دەچوو. دوای هەفتەیەک سازان گەڕایەوە زانکۆ و چووە لای ئالان. منیش چوومە لایان و وا خۆم نیشاندا خەمی سازانمە. چۆن و چاکیم لێی کرد و هەواڵیم پرسی. سازان گووتی:

- مەگەر مردن من و ئالان لە یەک جیا بکاتەوە. ئێمە بە دڵ یەکمان خۆشدەوێت و ئاشق یەکین و هەرگیز لە یەک جیانابینەوە. ڕاستە باوکم لێم تورە بوو منیش بە درۆ ووتم لە ئالان جیادەبمەوە. ئەو کەسەشی کە هەموو شتی بۆ باوکم باس کردوە کەسێکی حەسوود و چاوچنۆک بووە و چاوی بە دڵخۆشی ئێمە هەڵنایات.

منیش گووتم:

- سازان دەزانی ئەو کەسە کێیە هەموو شتێ بۆ باوکت باس کردووە؟

گووتی:

- نەخێر نازانم، بەڵام هەستی پێ دەکەم ئەو کەسە هەر لە زانکۆی خۆمانە بۆیە ناچارین ئیتر وا خۆمان نیشان دەین خۆشەویست نین بۆ ئەوەی قسە نەگاتەوە باوکم. ئەو کەسەش هەر ئەدۆزمەوە و تۆڵەی هەموو ئەمانەی لێ دەکەمەوە.

بە گەڕانەوەی سازان ئالان زۆر دڵخۆشبوو. پێکەنین قەت لە سەر لێوانی نەدەڕۆشت بەو جۆرەش بۆم دەرکەوت جیابوونەوەی ئەم دوو ئاشقە کارێکی زۆر هەڵەیە. ئەوان زۆر

ئاشقی یەکن و خوا لە چارەنووسی یەکتریانی نوسیوە. زۆر گریام و خەمم خوارد. لە لایەک بە هۆی ئەشقەکەم بۆ ئالان لە لایەک بۆ ئەو هەڵەی بەرامبەر سازان کردم و چۆن داوای لێخۆشبوونیان لێ بکەم. سازان وەکو خوشکم وابوو گەر پێم بووتایە بۆ هەمیشە قسەی لەگەڵم نەدەکرد و لە چاوی ئالانیش دەبوومە کەسێکی خراپ کە هەوڵمداوە لە یەکیان جیابکەمەوە. زۆر گریام و خەمم خوارد. هەموو ڕۆژ لە کاتی نوێژەکاندا دووعام دەکرد خوا لێم خۆشبێت و ئەگەر خێری تێدایە ئالان بۆ من بێت ئەگەریش خێری تیا نیە ئەوە با لە بیری بکەم. دڵخۆشی ئالان و سازانم دەبینی هەموو ڕۆژ من زیاتر خەمم دەخوارد و دەگریام بە دەست خۆم نەبوو کارم ببووە گریان. بە هیچ جۆرێکیش ئاگام لە خوێندن نەمابوو. کاتی تاقیکردنەوەکان هات و نەمتوانی بە باشی ئەنجامیان بدەم. ئەو

ساڵە مامەوە و سازان و ئالان دەرچوون. ئەوان دڵخۆشبوون و منیش خەمم دەخوارد و دەگریام و تەواوی ژیانم تێک چوو بوو. ماڵەوەش خراپ لێم تورە ببوون چونکە لە تاقی کردنەوەکان سەرکەوتوو نەبووم. بیرم کردەوە خۆم بگوێزمەوە زانکۆیەکیتر و دوور بکەومەوە لێیان و باش بخوێنم و دەرچم. ئیتر دیسان دەوام کرایەوە. خۆم نەقڵ کردە زانکۆیەکیتر لە شارێکیتر  لە بەشە ناوخۆی دەمامەوە. زۆر بە جوانی وانەکانم دەخوێند و تەنانەت ببوومە زیرەکی بەشەکەمان. هەموو کاتەکانم دانا بوو بۆخوێندن. هەوڵم ئەدا ئالان بە تەواوی لەبیر بکەم و هیچ ئاگام لێیان نەمابوو. شەوێك لە داخلی بووم ڕەقەمێك تەلەفۆنی بۆ کردم. منیش هەڵم گرت و وەڵاممدا. بە دەم هەنسکی گریانەوە گووتی:

- سەنا.

ڕێک دەنگیم ناسیەوە چونکە ئالان بوو. دوای چاک و چۆنی گووتی:

- من باش نیم. ژمارەکەتم لە هاورێکانی پارت وەرگرتوە.

منیش گووتم:

- چیبووە؟ بۆ باش نیت؟ بۆ دەنگت ئاوایە؟

دیار بوو زۆر گریا بوو. گووتی:

- سازان بە زۆر دەدەن بە شوو.

کە ئەمەم بیست شۆک بووم. گووتم :

- واتا چۆن بە زۆر دەیدەن بە شوو؟

گووتی:

- بیرتە پار کەسێك بە باوکی سازانی ووتبوو لەگەڵ من پەیوەندی هەیە.

گووتم:

- بەڵێ.

گووتی:

- ئێستا سازان داوای هاتووە و باوکی لەبەر ئەو بابەتە بە زۆر بە شووی دەدا. سازان کە کۆتاجار قسەمان کرد بە دڵێکی پڕ خەمەوە ووای پێ ووتم.

سەیر بوو لام ئاخر باوکی سازان لەو کەسانە نەبوو کچ بەزۆر بە شوو بدا. ئالان پاڕایەوە و گووتی:

- توخوا سەنا دەزانم تۆ نزکترین هاورێی سازانی. بڕۆ لای بزانە چۆنە؟ با گوێشم لە دەنگی بێت بۆ کۆتاجار.

دەمەوێت بزانم باشە. توخوا یارمەتیم بدە جگە لەتۆ کەسیترم شک نەبرد.

گووتم:

- لەسەرخۆبە ئالان خۆت دەزانی من لە شارێکیترم بەس بەڵێن بێت هەوڵ دەدەم بەیانی بێمەوە و چیم لە دەست بێت بۆتی بکەم.

دوای خوا حافیزی تەلەفۆنم داخستەوە و دەستم بە گریان کرد. ئەمگووت ( هەمووی بەهۆی منەوە بوو. من بوومە کێشە بۆ ئەوان و ئێستا خوا چۆن لێم خۆش دەبێت کە ئەو دوو ئەشقەم لەیەک جیاکردەوە؟ چۆن رووم دێت داوای لێبووردن لە ئالان و سازان بکەم و بڵێم هەمووی بەهۆی منەوە بوو؟)

ئەو شەوە تا بەیانی نوێژم کرد و گریام. ئیتر بریارمدا هەموو ڕاستیەکان بە باوکی سازان بڵێم تا سازان بە زۆر بەشوو نەدا. لە زانکۆ مۆڵەتم وەرگرت بۆ ماوەی هەفتەیەک و گەڕامەوە شارەکەی خۆمم و ماڵی خۆمان. دوای پشوو وەرگرتنێك پرسیم لێیان:

- ئایا ڕاستە سازانی هاورێم شوو دەکات؟

گووتیان:

- بەڵێ.

گووتم:

- باشە دەچمە ماڵیان و پیرۆزبایی لێ دەکەم.

ئیتر پلانم دانا هەموو شت بە باوکی سازان بڵێم. لە ڕێگا بووم ئالان تێلی کرد پێم گووت:

- وا دەچمە ماڵی سازان خەم مەخۆ ناهێڵم سازان بە زۆر بەشوو بدرێ.

ئالانیش بە دەنگێکی خەمگینەوە کە دیار بوو قورگی پڕ گریان بوو، بەڵام خۆی وا نیشان دەدا ناگری، داوای لێکردم تەلەفۆنەکە دانەخەمەوە بۆ ئەوەی کە چوومە ماڵی سازان گوێی لە دەنگی سازان بێت.

منیش گووتم:

- باشە.

کاتێ لە دەرگام دا سەرەتا خوشکی دەرگای کردەوە پرسیاری سازانم کرد، گووتی:

- لە ژوورەوەیە.

کاتێ چوومە ژوورەوە سازانم بینی بە دڵخۆشی و پێکەنین. زۆر لام سەیربوو ئاخر ئەبوو لە بری ئەم دڵخۆشی و پێکەنینە بگریەت و خەم بخوا کە بە زۆر بە شوو ئەدرێت.

بەخێرهاتنی منی کرد، لێم پرسی:

- چیە دڵت زۆر خۆش دیارە؟

گووتی:

- ئەی چۆن دڵم خۆش نابێت سەنا؟ من شوو دەکەم بە کوڕێکی زۆر دەوڵەمەند و زۆر جوانیشە. ئەوانیش منیان بەدڵ بووە کێ خوا ئەیدا شوو بکات بە کوڕێکی ئاوا؟

پێم سەیر بوو وای دەگووت. گووتم:

- ئەی ئالان؟ خۆ تۆ ئاشقی ئەو بوویت و لەگەڵ ئەو بوویت.

گووتی:

- وایە لەگەڵ ئالان بووم و خۆشم ویست، بەڵام ئەو ناتوانێ هەموو شتم بۆ بکات. خۆت دەزانێ ئەو دەوڵەمەند نییە و کەسێکی سادەیە ئیتر منیش بیانووم هێنایەوە و پێم ووت (باوکم بە زۆر بە شووم دەدا بە هۆی ڕووداوی پارەکەوە) ئیتر بەو جۆرە جیا بوومەوە.

بە پێکەنینەوە ئەم قسانەی دەکرد و ئالانیش گوێی لە گشت قسەکانی بوو. ئیتر زانیم هۆکارەکەی من نیم و بە زۆر بەشوو نادرێت. سازان بە دەم پێکەنینەوە گووتی:

- ماڵی جیا و ئاڵتوون وهەموو شتم بۆ دەکات.

زۆر دڵخۆش و بەختەوەر دیار بوو. دەمزانی ئالان گوێی لەم قسانە بووە و ئێستا بێتاقەت و خەمگینە ئیتر پیرۆزبایم لە سازان

کرد و هیوای دڵخۆشی و بەختەوەریم بۆی خواست. ئەو داوای لێکردم ئامادەی ئاهەنگەکەی ببم منیش گووتم:

- بەسەرچاو ئاهەنگی خوشکمە. هەر دێم خەمت نەبێت.

دوای خوا حافیزی کە چوومە دەرەوە بینم ئالان تەلەفونەکەی داخستبویەوە. چەند جار تێلم کردەوە هەر داخرابوو. زۆر خەمی ئالانم بوو چونکە ئەو بەڕاستی ئاشقی سازان بوو. هەر تێلم بۆی دەکرد هەر داخرا بوو. دوای چەن ڕۆژێك خۆی تێلی بۆ کردمەوە بە گریانەوە گووتی:

- ئەو قسانەی سازان بەڕاستی بوو؟ واتا لەبەر دەوڵەمەندێك منی نەویست و منی ڕەتکردەوە؟

زۆر دەگریا و دەیگووت:

- واز لەزانکۆ دێنم.

منیش نەمهێشت واز لە زانکۆ بێنێ و قسەم بۆی کرد و دڵیم دایەوە. دووبارە خۆم نەقڵ کردەوە زانکۆکەی شاری خۆمان ئیتر دوای هەفتەیەك سازان مارە کرا و گوێزرایەوە. منیش هەموو ڕۆژ لە زانکۆ دەچوومە لای ئالان و قسەم بۆی دەکرد و دڵم دەدایەوە و گاڵتە و شتم لەگەڵ دەکرد تا پێبکەنێ و سازان لە بیر بکات و نەمهێشت واز لە خوێندنەکەی بێنێ. دوای ماوەیەک هەستم کرد ئالان وورده وورده بەرەو باشبوون دەچێت و چیتر ناوی سازان ناهێنێ. زۆر دڵخۆشبووم بەو جۆرە گۆڕا بوو ئینجا کاریشی دەست کەوتبوو دوای دەوامی زانکۆ کاری دەکرد و پێکەنین کەوتبووە سەر لێوانی. ڕۆژێك بانگی کردم و دانیشتین. ئەو رۆژە خۆشترین شتی ژیانم ڕوویدا. ئەو ڕۆژە بوو کە چەندسن ساڵ بوو چاوەڕێ بووم و دووعام بۆی دەکرد. ئالان داوای خۆشەویستی لێ کردم و گووتی:

- تۆ تاکە کەسی کە جێت نەهێشتم لەناو ئەو هەموو خەم و ناخۆشیانە و قسەت بۆ کردم و دڵت دەدامەوە. ڕاستە من هەڵەم کرد سازانم خۆشویست چونکە سەرەتا چاوی من بەس جوانی سازانی دەبینی ئەویش تەنیا دەوڵەمەندی دەبینی. ئێستا زانیم خۆشەویستی نە جوانی نە دەوڵەمەندی ناوێت بەڵکو دڵێکی جوان و کەسێکی باش و بە وەفای دەوێت. سەنا تۆ جوانترین دڵت هەیە هەر تۆ بوویت وات کرد سازان لە بیر بکەم و واز لە خوێندنیش نەهێنم. لەو ڕۆژەوە من ئاشقت بوومە وەعد بێت دوای زانکۆ بێمە داوات.

منیش ڕازی بووم زۆر دڵم خۆشبوو. ئالان گووتی:

- دەبێت وەعدم پێ بدەی وەک سازان خیانەتم لێ نەکەیت و شوو نەکەیت، چونکە من بە دڵ تۆم خۆشدەوێت. بەڵێنم پێ بدە جێم نەهێڵی.

بەو جۆرە بەڵێنم پێی دا قەت شوو نەکەم و چاوەڕێی ئەو بکەم تا دێتە داوام. زۆر دڵخۆشبووم دوای هەموو نوێژەکان سووپاسی خوام دەکرد. خۆشەویستیەکەی من و ئالان زۆر پاک و بێگەرد بوو و زۆر یەکمان خۆشدەوویست و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئاشقی ئالان دەبووم. هەمیشە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم دەکرد پێی بگەم. ئەو دوای دەوامی زانکۆ کاری دەکرد و پارەی کۆ دەکردەوە تاوەکو خانوو درووست بکات و بێتە داوام. ڕۆژێك لە زانکۆ گەڕامەوە ماڵ دایکم گووتی:

- سەنا شەو خۆت جوان بکە ماڵێك دێنە داوات.

کە وای ووت شۆک بووم. ئاخر من بەڵێنم بە ئالان دابوو. شەو هات و بە دڵێکی خەمگینەوە چوومە لای میوانەکان. دووعام دەکرد ئەوان منیان بە دڵ نەبێت و وازبێنن. دوای ئەوەی میوانەکان ڕۆیشتنەوە. گووتیان( جوابتان دەدەینەوە) ئەو شەو تا بەیانی گریام و دووعام دەکرد منیان بە دڵ نەبێت. دایکیشم هەموو کات دەهاتە ژوورەکەم و دەیگووت:

- کوڕەکەت پێ چۆن بوو؟ جوان بوو؟ ئیتر خۆت گەورە بوویتە. بچۆ ماڵ و حاڵی خۆت و شوو بکە.

دەمگووت:

- شوو ناکەم جارێك.

دەیانگووت:

- بۆچی؟ هۆکار چیە؟

منیش نەمتوانی بڵێم ئاشقی کەسێکیترم.ماڵەکە جوابیان داینەوە و منیان بە دڵ بوو و چاوەڕێی جوابی من بوون. منیش هەر دەگریام و دایکم و ماڵەوەش هەر دەهاتن و دەیانگووت:

- بۆ شوو ناکەی؟ بۆ بە دڵت نیە؟ ئەو کورە ئیش وکاری خۆی هەیە و ماڵی جیات بۆ دەکات چ عەیبێتی؟ ئەوەتا سازانی هاورێت شووی کرد تۆش شوو بکە و بچۆرە ماڵ و حاڵی خۆت.

قسەکانیان تا دەهات زیاتر منیان شێت دەکرد. ئاخر من بەڵێنم بە ئالان دابوو نەمدەزانی چی بکەم و چەن ڕۆژیش نەچووبومە زانکۆ. ئالان تێلی دەکرد و دەیگووت:

- بۆ نایەیت بۆ زانکۆ؟ چی بووە؟

منیش نەمدەتوانی هیچی پێ بڵێم. گووتم:

- هیچ نیه. نەخۆشم بۆیە ناتوانم بێمە زانکۆ.

ئەویش گووتی:

- قوربانت بم ئاگات لە خۆت بێت و جلی باش لەبەر بکە و دەرمانەکانت بخۆ تا زوو چاک بیتەوە.

دەستم بە گریان کرد بەس نەمهێشت هەستم پێ بکا. گووتم:

- بەسەرچاو گیانم خەمت نەبێت.

بەو شێوەیە هەر دەگریام. زۆر لێکردنی ماڵەوەش لە لایەکیتر. هەر دەمگووت: نامەوێ شوو بکەم.

ئەوانیش دەیانگووت:

- ئێ بۆچی؟ هۆکارێك بڵێ لەبەرچی؟

شەوێك هات و نوێژی استخارەم کرد و تا بەیانی شەونوێژم کرد و زۆر گریام .دووعام دەکرد. هەمیشە دەمگووت:

- خوایە ئەگەر خێری تێدایە، ئالان با بۆ من بێت. من ئەوم زۆر خۆش دەوێت. خوایە با بۆ من بێت.

تا بەیانی گریام و دوعام دەکرد. خۆر هەڵات ئینجا بە چاوی گریانەوە خەو منی بردەوە. بەیانی لە هاوار هاواری برا گەورەکەم خەبەرم بویەوە. کە چووم تا بزانم چیبووە براکەم گووتی:

- ئێستا لای هاورییەکی خۆم باسی بابەتی سەنام کردووە. هاوڕێکەم گووتی( کورەکەیان کوڕێکی چاک نیە و پێشتر مەشرووبی دەخواردەوە.) ئیتر من خوشکم نادەم بە مەشڕووبخۆر خۆ خوشکمم نەدۆزیووەتەوە. دەیدەمە کوڕێك ئەهلی مزگەوت بێت. پێیان بڵێن ئێمە رازی نین.

خەریك بوو بفڕم لە خۆشیا. زۆر سووپاس خوام دەکرد بۆ سەرنەگرتنی ئەو هاوسەرگیریە. دوای پێدانی ئەو هەواڵە لە لایەن براکەمەوە ئیتر گەڕامەوە زانکۆ بۆ لای ئالانەکەم. ئینجا ئالان خوێندنی زانکۆی تەواو کرد و لەسەر بەڵێنەکەی خۆی بوو هاتە داوام. من هێشتا زانکۆم تەواو نەکردبوو چونکە پێشتر ساڵێك کەوتبووم. براکەم پرسیاری ئالانی کرد و زانی چ جۆرە کوڕێکی چاکە بۆ ڕازی بوو. بەو شێوەیە هاوسەرگیریمان کرد. زۆر دڵخۆشبووم. لەکۆتایدا ئەو موعجیزە جوانەی خودا بە ئەشقەکەمی گەیاندم. لێرەوە ئامۆژگاریم بۆ هەمووتان ئەوەیە:

- ئیرەیی بە کەس مەبەن. خودا شتێکی لە چارەنووست نووسی بێت ئەگەر هەموو دوونیا لە دژت بووەستن هەر بۆ تۆ دەبێت. تەنها بە دڵی پاکەوە دووعا بکەن و بیدەنە دەست خوا. چی باش بێت ئەوەتان پێ دەدا.

سووپاس بۆ خوا ئالان زۆر باشە لەگەڵم و زۆری خۆشدەووێم و ڕێزم دەگرێ. کۆتا ساڵی خوێندنیشم لای ئالان بە سەرکەوتوی تەواو کر.د کۆتاجار هەواڵی سازانم زانی بێت ئەوە بوو کە خەریکە لە مێردەکەی جیادەبێتەوە. دایم کێشە و شەریانە و منداڵێکیشی هەیە.

ئەوە بزانن کچینە هەرگیز دڵخۆشی بە پارە و ئاڵتوون نیە. بەڵکو دڵی جوان و ڕێز و میهرەبانی بەسە بۆ خۆشەویستی ڕاستەقینە.

کۆتایی. .....



# وێران بوونی کچێک بەهۆی ئەشقەوە

## چیرۆکی پازدەهەم

ئازار و نەهامەتی کچەکان لەم کۆمەڵگایە تەواو نابێت. هەر یەکە و بە هۆی دەردێک دەناڵێنن. زۆربەیان دووچاری دەردی ئەشقە دەبنەوە. هەیە تێیدا سەرکەوتوو دەبێت و هەشە بە زیندووی تێیدا دەمرێت، بەڵام چ مردنێك؟ هەموو ڕۆژ دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە. ئەمە ژیانی منە. ناوم یارانە و ئێستا 23 ساڵم و دانیشتوی هەولێرم. ئەم چیرۆکەی باسی دەکەم هی تەمەنی 16 ساڵیمە. کاتی پۆلی 9 بووم زۆر زیرەک بووم. یەکێ بووم لە قوتابیە زیرەکەکانی پۆلەکەمان. کچێکی باڵا بەرزی چاو قاوەیی بووم. ژیانێکی ئاسایی دەژیام و هیچ کێشەم نەبوو. زۆر دڵ خۆش بووم نەمدەزانی خەم چیە؟ لە خێزانێکی دڵخۆش دەژیام. ماڵی مامێکم هەبوو لە گوند دەژیان لەگەڵ ماڵی ئەو مامەیەم زۆر تێکەڵبووین و زۆر هاتووچۆیمان دەکرد. هەموو کات بچووینایە بۆ ماڵیان هەفتەیە تا 10 ڕۆژ زیاتر لە ماڵیان

دەماینەوە. ماڵی مامم کەسانی چاک بوون و منداڵیان زۆر بوو. دوو کوریان هەبوو لە من گەورەتر بوون. یەکیان 7 ساڵ لە من گەورەتر بوو بە ناوی عومەر. عومەر باڵا بەرز و چاو قاوەیی بوو. هەر کات بچوینایە بۆ ماڵیان زۆر لێم نزیک دەبویەوە. زۆر گاڵتە و دەست گەمەی لەگەڵ دەکردم. نەمدەزانی بۆ وا دەکات و بەردەوام لێم نزیک دەبێتەوە چونکە منداڵ بووم لەو شتانە تێنەئەگەیشتم. کە تەنها بووینایە بە دەرفەتی دەزانی و هەوڵیدەدا لێم نزیک بێتەوە و دەسم لێبدا، بەڵام من خۆم لێی بە دوور دەخست. ئەو ئامۆزایەم خۆی زۆر چاک نیشان دەدا. بە جۆرێك نواندنی دەکرد هەموان باوەریان بە باشیەکەی کردبوو بە تایبەت منی بێ ئەقڵ و گەمژە. عومەر گورگ بوو لە پێستی مەڕدا زۆر درەنگ بۆم دەرکەوت چەند خوێری و هیچ و پوچە. ڕۆژە ناخۆشەکانم لێرەوە دەستی پێکرد کاتی مامەم گووتی:

- عومەر با بێتە شار و لە ماڵی ئێوە بمێنێتەوە. ئیتر دەچێت بۆ قوتابخانە.

چونکە لە گوند قوتابخانە نەبوو باوکم ڕازی بوو و عومەر هاتە ماڵی ئێمە. بەم جۆرە زیاتر دەرفەتی بۆ ڕەخسا لە من نزیک ببێتەوە. زیاتر دەستی بە گیانما دەهێنا و قسە و گاڵتەی لەگەڵ دەکردم و منیش وامئەزانی خۆشی دەوێم و ئاشقمە و شەرم دەکات پێم بڵێ. نەمدەزانی بۆ تێرکردنی حەزەکانی و ڕابواردنەکانی دەیەوێ لێم نزیک بێتەوە من وامدەزانی کەسێکی چاکە، بەڵام ئەوانەی مەشروب دەخۆنەوە زۆر لەو ئامۆزا هیچ و پووچەی من باشترن. من زۆر خۆش باوەڕ بووم وامزانی خۆشی دەوێم بەم جۆرەش هەستم بۆی دروست بوو. بە جۆرێك ئاشقی بووم جگە لەو چاوم کەسێکیتری نەئەبینی. زۆر زۆر خۆشم دەوویست بە جۆرێک کە لەگەڵی دەبووم

هەستم بە ئارامی و دڵخۆشی دەکرد. ئەو ساڵە لای ئێمە مایەوە و ئەویش وەک من پۆلی 9 بوو، بەڵام ئەو زۆر لەخوێندن دابڕابوو. لە یەک مەکتەب بووین بەس دەواممان جیاواز بوو. ڕاستی ئەو هیچ دەرسی نەدەخوێند هەر خەریک پیاسە و گەڕانی خۆی بوو منیش وانەکانیم دەنووسیەوە. ماڵەوەش زۆرجار لە دڵسافی خۆیان دەیانگووت:

- بچنە ژوورێکەوە و بۆ خۆتان بە تەنها دەرس بخوێنن.

کە بە تەنها دەبووین قسەی خۆش و بریقەداری بۆم دەکرد و ئاشقی خۆی دەکردم بە جۆرێك بێ ئەو نەمدەتوانی بژیم. ئینجا ماڵی مامەم لە گوندوە گواستیانەوە بۆ شار و ماڵیان نزیک کردەوە لێمان. ئیتر عومەریش چوویەوە ماڵی خۆیان. کە ڕۆیشتەوە زۆر هەستم بە تەنهایی دەکرد چونکە زۆر هۆگری

ببووم وە زۆر خۆشم دەوویست وامدەزانی دوونیا چۆڵ بووە. چونکەماڵیان لێمان نزیک بوو زۆر هاتووچۆی یەکمان دەکرد بە جۆرێک  رۆژ نا رۆژێک یان دوو رۆژ جارێک ئێمە یان ئەوان دەچووینە لای یەکتر. منیش زیاتر دڵم بۆ عومەر دەچوو وە زیاتر خۆشم دەوویست. رۆژێك بریارمدا پێی بڵێم ئاشقتم و بێ تۆ ناژیم. بە جۆرێك پەرێشانم بێ تۆ دوونیا بۆ من وەک جەهەنەم وایە. ئەو دڵە بچووکەی من تەنها ئەوی دەوێ. رۆژێك کە بە تەنها بووین هەموو قسەکانی دڵی خۆمم بۆ باس کرد ئەویش بە پێکەنینەوە گووتی:

- خۆشەویستی چی؟

زۆر پێم سەیر بوو گووتم:

- ئەی بۆچی مادام لێم نزیک دەبوویتەوە و قسە و گاڵتەی خۆشت بۆ ئەکردم؟

گووتی:

- هەروا. ئێمە وەکو خوشک و براین.

زۆر بەو قسەیە تێک چووم. گووتم:

- ئاخر کەس ئاوا سەیری خوشکی خۆی دەکا؟ لێی نزیک دەبێتەوە و دەست دەهێنێ بە گیانیدا؟

هیچ وەڵامی نەدامەوە و گووتی:

- دەڕۆم با کەسێک نەمان بینی.

ئەو خۆشەویستیەکەی منی بە هەل ئەزانی بۆ کارە پیسەکانی خۆی. من هەمیشە دەگریام شەوی وا هەبوو نەدەخەوتم لەبەر گریان. ژیانی من هەموو ڕۆژێ خەم و گریان بوو. ئەوان

دەهاتن بۆ ماڵمان و ئەو بەدڵخۆشیەوە سەیری دەکردم وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت منیش دڵم لە خەما دەکوڵا. لە ماڵی خۆمان زۆر مەجالی قسەمان نەبوو. جارێك کە ئێمە چووین بۆ ماڵی ئەوان من زۆر لێی تورە ببووم. زۆر بانگی دەکردم هەر وازی نەدەهێنا بۆیە منیش چووم. گووتی:

- ئەوە بۆ نایەیی ئەوەندە بانگت دەکەم؟

گووتم:

- هەروا.

هەر وەکو جاران ویستی لێم نزیک بێتەوە و دووبارە دەست بە گیانمدا بهێنێتەوە بەڵام نەمهێشت و پاڵم پێوەنا و گووتم:

- لاچۆ من و تۆ خوشک و براین. کەس ئاوا لەگەڵ خوشکی خۆی ناکات

ویستی من ڕازی بکا تاوەک جاران لێم نزیک بێتەوە و حەزە کاتیەکانی بە من بەتاڵ بکاتەوە. گووتی:

- گاڵتە دەکەم ئێمە خوشک و برا نین.

گووتم:

- ئەی چین؟

وەڵامی نەدایەوە و دیسان ڕۆیشت و گووتی:

- با کەس نەمان بینی.

لەو ڕۆژەوەی بەوم گووتبوو خۆشم دەوێی هیچ شەوێك بە دڵخۆشی نەخەوتبووم یان بە گریان بووە یان بە دڵتەنگی هەر جارێکیش کە دەمبینی سەرەڕای ئەو هەڵسوکەوتە ناشرینانەی من هەر خۆشم دەوویست و دڵم دەسووتا کە نەمدەتوانی لەگەڵی بم. هیچ کام لە هەڵەکانیم بەلاوە گرنگ نەبوو.

خوشکێکی هەبوو لە تەمەنی من هەموو شتم بۆی باس کرد بوو. هەمیشە دەیگووت:

- وازی لێبێنە من دەیناسم ئەو کەسێکی چاک نیە تۆ شایەنی ئەو نیت. ئەسڵەن ئەو شایەنی ئەوە نیە خەمی بۆ بخۆیت و بگریت،

بەڵام خۆشەویستی ئەو چاوی کوێر کردبووم گوێم لە قسەی خوشکی ڕانەگدەرت کە دەیگووت: دڵت دەشکێنێ و ئێوە هەرگیز بە یەک ناگەن.

هەر وەک چۆن دەڵێن ئەوەی کە ئاشق بێت گوێ لە قسەی کەس ناگرێ و تەنها گوێ لە دڵی خۆی دەگرێ منیش هەروا بووم. دەمگووت: ناتوانم وازی لێبێنم.

ژیان تا دوو ساڵ وا ئەڕۆیشت منش زۆر هۆگری ببووم و زۆرم خۆش دەویست تەنانەت خێزانەکەی خۆشمم ئاوا خۆش نەدەویست. گریان و دڵتەنگی ببوە پێناسەی ژیانی من. لە تەمەنێک دابووم کە دەبوو دڵخۆشبم بەس من بە خەم و گریان بەڕێم دەکرد. ئای خودایە چەن بە ئازار بوو.

ڕۆژێك زۆر بیرم دەکرد بەجۆرێک دڵتەنگی باڵی بەسەردا کێشا بووم هەستم دەکرد هەواڵی نەزانم ئەم دڵتەنگیە دەمخنکێنیێ. بە موبایلی پورێکم تێلم بۆ کرد. هەڵی گرت و گووتم:

- چۆنی؟

سەرەتا وەڵامی نەدامەوە. دواتر گووتی:

- بۆچی تێلت کردووە؟

کە وای گووت زۆر زیاتر دڵتەنگی کردم وامدەزانی ئەویش بیری منی کردووە و ئێستا بە قسەی خۆش دڵتەنگیم دەڕەوێنێتەوە، بەڵام وانەبوو. گووتم:

- زۆرم بیرکردووی حەزم کرد گوێم لە دەنگت بێت.

زۆر بە ساردی گووتی:

- باشە ئەگەر لەگەڵم نەبی من چیتر تۆم ناوێت.

گووتم:

- باشە وەرە داوام مارەم ببڕە.

گووتی:

- نا سەرەتا دەبێت لەگەڵم بیت وەک جاران.

دەیەویست حەزە گڵاوەکانی بە من تەواو بکا. منیش گووتم:

- نەخێر.

گووتی:

- مادام دایخە من تۆم ناوێت.

ئایی خوایە چیم لێ هات و چەن بە ئازار بوو ئەو قسانەی. وەکو گولەیەک بوو، بەڵام نەیکوشتم. دیسان زۆر گریام و زۆر دڵتەنگ بووم. هەر جارێك منی دەبینی دەیزانی وا بۆی دەسووتێم و دەمرم. دەیگوت:

- دەبێ لەگەڵم بیت و هەر چیم ووت بە قسەم بکەی.

دەگریام و لێی دەپارامەوە و دەمگووت:

- ئەگەر منت خۆشناوێ توخوا ڕاستم پێ بڵێ با زیاتر نەسووتێم زۆر دڵتەنگم نامبینی چیت لێکردووم؟ بەهۆی

تۆوە نە شەوم شەوە نە ڕۆژم ڕۆژە. هەموو کات من دڵتەنگ و خەمگینم و دەگریم.

زۆر بە ساردی گووتی:

- نا چۆن خۆشم ناوێی؟

گووتم:

- دەی مادەم لە دڵەوە بڵێ خۆشم دەوێی.

دیسان بابەتەکەی گۆڕی و گووتی:

- من دەڕۆم با نەمانبینن.

ئیتر تێگەیشتم درۆ دەکات، بەڵام کەی تێگەیشتم؟ کاتێک چوار ساڵی تەمەنم لەسەر ئەو دانا. مانگی ڕەمەزان هات زۆر دڵتەنگ بووم، بەڵام هێشتا ئومێدم هەبوو خوا بێ ئومێدم ناکا.

لە سەرەتای ڕەمەزانەوە هەموو ڕۆژ دووعام دەکرد ببم بە هی ئەو و لێم نەستێنێ هەر چەن ئەو خۆشی نەدەویستم.

ئەو ڕۆژە هات کە لێی دەترسام. من خەونم دەبینی عومەر هی من بێت، بەڵام پێچەوانەکەی هات و خودا لێی سەندم. 27 ڕەمەزان بوو بە ڕۆژوو بووم. نزیکی عەسر بوو مامەم تێلی کرد و گوتی:

- دەچینە داوای ژن بۆ عومەر.

کە بیستم ڕێک شۆک بووم و دوونیا پێچەوانە بویەوە لە لام. بە زمانی بەڕۆژووەوە زۆر گریام و زۆر گوتم: خودایە لەبەر چی لێت سەندم؟

گەشتینە مەغریب و مەلا بانگی دا هیچم نەخوارد. لەبەر گەورەیی مانگەکە تەنها ڕۆژووەکەم شکاند و ئاوم خواردەوە.

دڵم هیچی نەدەبرد تا بیخۆم. چاوم سور ببویەوە ئەوەندە گریا بووم. کە چووین بۆماڵیان سەیرم کرد زۆر دڵخۆش بوو خۆی ئامادە دەکرد و جلی جوانی لەبەر کرد. سەیری منی دەکرد و پێدەکەنی وەک بڵێی من هەر بوونیشم نەبێت وەک بڵێی ئەو هەموو ساڵە خۆشەویستی و ئەشقی منی هەر نەزانیبێت. ڕۆیشت بۆ داواکردنی ژن و منیشی لەو ئازارە بە جێ هێشت. تەنها من و خوشکەکەم و دوو کچە ئامۆزاکەم لە ماڵ ماینەوە. کاتێ هاتنەوە زۆر دڵخۆش بوون. دڵخۆشی سەرتاپایی ڕووخساری داگرتبوو. ڕەسمی کچەکەیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو هەر سەیری دەکرد.

منیش بە پێکەنینەوە گووتم:

- بێنە با سەیری بکەم. بزانم براژنی داهاتووم جوانە.

لە کاتێکدا ئەو قسەیەم دەکرد خۆم خەریک بوو دڵم بتەقێ. سەیری وێنەکەم کرد و پێکەنیم. گووتم:

- واو زۆر جوانە. دڵخۆش و بەختەوەربن.

وێنەکەی لێ سەندم و بە سنگیەوە نوساندی. زۆر بە ئازار بوو وەکو مردن وابوو. ئیتر هەمووان دانیشتبوون باسیان دەکرد کە چۆن بووە و کچێکی جوان و باش و ئاقڵ دیارە منیش لە خەمان دەمردم و کەس ئەو ئازارەی ناخمی نە دەبینی.

ئامۆزاکەم، واتا خوشکی عومەر، دەستی گرتم و گووتی:

- ئارام بە و دان بە خۆتا بگرە. با کەس هەستت پێنەکات و نەڵێت بۆ وات لێهاتووە.

لە دڵەوە دەمردم. ئاخر چاوم پڕ گریان بوو دەبوو پێبکەنم. ئایی چەند بە ئازار بوو دەبوو بە درۆ پێکەنین بخەمە سەر ڕووخسارم. کە هاتینەوە ماڵەوە دەیان پرسی:

- بۆ ئاوایی؟

گووتم:

- هیچ نیە خەوم دێ بۆیە وا چاوم سوور بۆتەوە.

پارشێویش هیچم نەخوارد و تا بەیانیش نەخەوتم و هەر دەگریام. کاتی دڵی کچ دەشکێت جگە لە گریان هیچتر بە فریای نایەت. بە دەم گریانەوە خەوم لێکەوت و دوای نیوەڕۆ هەڵسام زۆر بێ هێز بووم چونکە دوو ڕۆژ بوو هیچم نەخوارد بوو بە ڕۆژووش بووم. ئێوارەکەی زۆر تێک چووم خەریک

بوو ببورێمەوە. ئیتر بانگی دا و ڕۆژووەکەم شکان و کەمێکم نان خوارد.

دوای دوو ڕۆژی ماڵەکە وەڵامیان دا و گووتیان:

- ئێمە ڕازین وەرن کچەکەمان مارە بکەن.

کە ئەوەم بیست دوونیا لای من وێران بوو. سێیەم ڕۆژی جەژن کچەیان مارە کرد و ئاهەنگێکی خۆشیان بۆی کرد. لەوانەیە پێتان سەیر بێت ئەمە دەڵێم و لەوەشە پێشم پێبکەنن. من خۆم شیرینم دابەش دەکرد. ئیتر ئەڵقەی لە دەست کرد و منی وێران کرد. بە زۆر خۆمم گرت تا نەگریەم. خوشکەکەی زۆر بەوەفا بوو ئەو کاتە توند دەستی گرتم و گووتی:

- نەکەی بگریت. خۆت بگرە.

ئەویش سەیری دەکردم و پێدەکەنی وەکو ئەوەی من هیچ بوونێکم نەبێت لە ژیانی. خۆی لە ڕاستیدا وابوو من هیچ بوونێکم نەبوو لە ژیانی. ئیتر هیچ قسەمان نەما پێکەوە و دوای ماوەیەکی کەم ژنی گواستەوە و چووین بۆ ئاهەنگەکەی. دڵم تەنگ بوو، بەڵام بریارم دابوو خۆم دڵخۆش دەرخەم تا نەزانێ خەمبارم، بەڵام چ دڵخۆشیەك؟ لە ناخەوە دەمردم. لە ڕقی ئەو لە ئاهەنگەکە شاییم دەکرد. ئاهەنگ کۆتایی هات و ژنەکەی لەگەڵ ماڵی مامەم دەژیا و ئێمەش گەڕاینەوە ماڵی خۆمان. لەو ڕۆژەوە بریارمدا عومەر بە تەواوی لە بیر بکەم و چی ئەشق و خۆشەویستی هەیە لە دڵم دەری بکەم. بە جۆرێك لە بیری بکەم کە بێتە بەرامبەریشم نەیبینم. گووتم(چیتر ناگریم و خەم ناخۆم بەڵکو هەمووی دەدەمە دەست خوا تا هەقم بسێنێت و تۆڵەم بکاتەوە)

زۆری پێنەچوو خوا تۆڵەی کردمەوە بە جۆرێك ژیانی عومەر تێک چوو هیچ خۆشی نەدەبینی. هەموو ڕۆژ لەگەڵ ژنەکەی شەری بوو و بەیەکەوە نەدەگونجان. چەند جارێک ژنەکەی تۆرا و چویەوە ماڵی باوکی ئینجا زانیم خودا منی خۆشوویستوە بۆیە نەیهێشتوە من بە عومەر بگەم. ئەگەر بگەیشتمایە پێی دڵنیام هەموو ڕۆژێکم جەهەنەم بوو. دوای کەمتر لە ساڵێك ژنەکەی دوو گیان بوو، بەڵام هەر ناخۆشی و کێشەیان هەبوو. خودا کوڕێکی پێدا و دوای ماوەیەکی کەم ژنەکەی دووبارە جێیهێشتەوە گووتی کە ئەمجارە ناگەڕێتەوە لای و جیادەبێتەوە لێی. شەوێك چووین بۆ ماڵیان زۆر بە شەرمەزارییی سەیری دەکردم. خۆشکەکەی داوای کرد شەو لە ماڵیان بمێنمەوە. ڕازیی نەبووم سەرەتا چونکە ئەویش لە ماڵ بوو، بەڵام نەمتوانی دڵی خوشکەکەی بشکێنم بۆیە ڕازی بووم

بمێنمەوە لای. ماڵەوە ڕۆیشتنەوە و من و خوشکی لە قاتی دووەم خەوتین. شەو تا بەیانی قسەمان کرد. خوشکی لێی پرسیم:

- ئایا ئێستا باش بووی؟

گووتم:

- وەکو خۆمم بەس هەوڵدەدەم باش بم. دەزانی وا دوو ساڵ تێپەری بەسەر ژنهێنانی عومەر.

گووتی:

- دەی چیتر ئەو باسە مەکەوە با خەم نەخۆی.

گووتم:

- خۆزگە دەمزانی من چیم لەو کچە کەمتر بوو.

بەیانیەکەی عومەر دووجار برا بچووکەکەی نارد بە شوێنم و نەچووم. دوای خۆی هات و گووتی:

- وەرە ئیشم پێتە دەمەوێ کەمێك قسە بکەین.

منیش ئەمەم بە دەرفەت زانی تا گشت قسەی دڵمی پێی بڵێم. ئیتر چووینە شووێنێکەوە. وەکو جاران هاتە لام و وویستی دەست بدا لە گیانم. وایزانی من منداڵەکەی جارانم نەیزانی ئەو ئازارانەی پێی دام منی گەورە کرد بۆیە پاڵم پێوە ناو نەمهێشت لێم نزیک بێتەوە و گووتم:

- دوورکەوە لێم. بە چ چاووڕوویەک دێیتە لام؟ تۆ دەزانی چیت لە ژیان من کرد؟

گووتی:

- چیم لێت کردووە؟

گووتم:

- چەند جار بە گریانەوە هاتمە لات و پارامەوە. گوتم(ئەگەر منت خۆشناوێت پێم بڵێ. زیاتر مەمکوژە و ئاشقی خۆتم مەکە. چیم لە ژنەکەت کەمتر بوو وا منت نەوویست؟

بە شەرمەزاریەوە گووتی:

- هیچ.

گووتم:

- قەد گەردنت ئازا ناکەم. ان شاء الله خودا هەقی منت لێ دەکاتەوە و قەت خۆشی لە خۆتا نابینی.

گووتی:

- باسی گەردن ئازایی مەکە.

بە جۆرێك وای ووت کافرێک بەزەیی پێیدا دەهاتەوە. وا خۆیی نیشان دەدا کە پەشیمانە لەو کارانەی و منیش لە ڕاستیدا بەزەیم پێیدا هاتەوە. عومەر لە ژنەکەی جیابویەوە و تەڵاقی دا. هەم پێم خۆش بوو هەم پێم ناخۆش بوو خۆشم نازانم هۆکاری دڵخۆشی من چی بوو دەمگووت(بە تۆچی جیابۆتەوە؟ تۆ لە بیرت کردووە ئیتر خۆ بەتەما نیت بگەڕێیتەوە لای؟ بیرت چوو چی بەسەر هێنای؟)

ماوەیەك تێپەری دووبارە کە دەچووین بۆ ماڵیان بانگی دەکردمەوە. ڕاستی بڵێم من هێشتا ئاشقی ئەو بووم کە دەچوومە لای لە بیرم دەکرد چی بەسەرم هێناوە ئەویش قسەزان و زمان لووس بوو هەوڵی دەدا وەک جاران لێم نزیک بێتەوە، بەڵام من نەمدەهێشت دەستی بەر گیانم بکەوێ. ڕۆژێك بانگی کردم منیش چووم. وای نیشان دەدا پەشیمانە. گووتم:

- بۆ وات لێکردم؟

هێشتا هەر دەیگووت:

- بۆ من چیم لێت کردووە؟

گووتم:

- کورە تۆ ژیانی منت لە گۆڕنا. هەرچی ئاواتم هەبوو هەموویم لەسەر تۆ دانا ئێستاش دەڵێی چیم کردووە؟ نابینی چیت لە من کردووە یان بە ئەنقەست وادەکەی؟

زۆر قسەم پێی گووت ئەویش وای نیشان دەدا کە پەشیمانە، بەڵام سوودی نەبوو. ئەو وەک گورگی برسی وابوو وامدەزانی پەشیمانە و ئێستا منی خۆش دەوێ بۆیە خۆیم لێی نزیک دەکاتەوە، بەڵام نەمزانی گشتی فێڵە. ڕۆژێك مامەم تێلی کرد بۆ باوکم و گووتیان:

- بۆ کاری خێر شەو دێین بۆماڵتان بۆ عومەر.

منیش زۆر دڵخۆشبووم وامزانی بە خەونەکەم دەگەم و دەبمە هاوسەری. بۆ چەن خولەکێك وامدەزانی ئەم دوونیایە گشتی هی منە بە شێوەیەك دڵخۆشبووم باس نەئەکرا. باوکم و ماڵەوەش عومەریان زۆر خۆش دەویست. دەمزانی منیان پێدەدا، بەڵام ئەم دڵخۆشیە کورتەم زۆری نەخایاند کاتێ ماڵی مامەم هاتن و گووتیان هاتوونەتە داوای خوشکم کە ساڵێك لە من گەورەتر بوو و لە پەیمانگا بوو هەمووان شۆک بووین چونکە ماڵەوەش وایانزانی بۆ من بووە.

باوکم گووتی:

- من کێشەم نیە ڕازیم.

خوشکم گووتی:

- من شووی پێناکەم.

ماڵەوە زۆر هەوڵیان لەگەڵدا خوشکم گووتی:

- من ئەوم ناوێت. منداڵی هەیە.

چونکە ئامۆزامان بوو باوکم زۆری خۆش دەویست بە خوشکمی دەگووت:

- ئیلا دەبێ ڕازی بیت ئەگینا حاشات لێ دەکەم.

خوشکەکەم زۆر گوناح بوو دەگریا و دەیگووت:

- من شووی پێناکەم.

منیش گووتم:

- مادام نەهاتنە داوای من منیش ناهێڵم ببێتە زاوای ئێمە ئەگەر باسی هەموو شتێکم کردبێت ناهێڵم عومەر ببێتە زاوامان.

بە خوشکمم گووت ڕازی نەبیت چونکە خوشکم هەندێ لە بابەتی ئێمەی دەزانی. گووتم:

- ئەگەر ڕازی بیت من و تۆ چیتر خوشک نین.

ئەویش گووتی:

- لەبەر تۆش نەبێت من هەر ڕازی نیم چونکە ئەو کاتەی گەنج بوو نەدەهاتە داوای ئێمە ئێستا منداڵی هەیە من هەر ڕازی نابم.

بۆ شەوەکەی عومەر تێلی کرد بۆ خوشکم و گووتی:

- تۆ لەبەر یارا ڕازی نەبوویت؟ ئەو قسە و شتی بۆت کردووە؟ بە خراپە باسی منی کردوە؟

خوشکیشم گووتی:

- نەخێر پەیوەندی بە یاراوە نیە و ئەو ڕێگر نیە بەڵکو من نامەوێ شووت پێ بکەم.

عومەر گووتی:

- کوا ئەو موبایلە بدە بە یارای خوشکت.

ئیتر کە خوشکم دای پێم عومەر گووتی:

- یارا جوان گوێ بگرە من قەت تۆم نەویستوە قەتیش خۆشم نەویستوی. قەتیش بە تۆم نەوتوە تۆ دەهێنم.


منیش خراپ بووم یەک دوونیا قسەم پێی گووت و پێم گووت بەس پیاو نیت. ئەویش تێلەکەی بەسەرم داخستەوە و خوشکیشم ڕازی نەبوو شووی پێ بکا. بەم جۆرە هەموو شت تێک چوو من چیتر عومەرم خۆشناوێت،بەڵکو ڕقم لێیەتی. ئەم خۆشەویستەی لە دڵما بووە بە ڕقێك قەت ناتوانم خۆشم

بوویتەوە ئەوەی ژیانی لەدەستدا و زەرەری کرد من بووم. خوێندنەکەم لە دەستدا لە کاتێکا یەکێک بووم لە تەلەبە زیرەکەکان. کاتێ بینیم عومەر ژنی هێناوە چیتر نەمدەتوانی بخوێنم و لە قوتابخانە دەرچووم. ماڵەوە زۆر هەوڵیاندا بچمەوە، بەڵام من ڕازی نەبووم و گووتم: پێم تەواو ناکرێت.

ئەو خەونەم لە گۆڕنا کە خوێندن بوو و تا 22 ساڵی من بەس بەشم گریان و خەم بوو. سووپاسی خوا دەکەم بە عومەر نەگەیشتم بەڕاستی جگە لە خوا کەس نازانێ خێر لە چی دایە. عومەر کەسێکی خراپ بوو منی خۆش نەدەویست و خوداش منی لەو دوور خستەوە. ئامۆژگاریم بۆ هەمووان ئەوەیە: ئەگەر خودا شتێکی پێت نەدا مەگری و خەم مەخۆ و ناشکوور مەبە خودا تۆی خۆش دەوێت و خراپەی تۆی ناوێت دڵنیابە لە هەموو شت خێر هەیە. ئەگەر من ئێستا بە عومەر بگەیشتمایە

دڵنیام ژیانم ناخۆش و وێران دەبوو دڵنیام خودا باشی منی وویستوە. هەر کەسێ ئازاری دایت بیدەرە دەست خوا دڵنیابە خودا هەقت دەستێنێ. دەتوانم بڵێم خودا نیوەی هەقی منی سەند لە م دونیایە ژنەکەی عومەر ژیانی لە عومەر تێک دا. دڵنیام خودا کەسێکی باشی بۆ داناوم و باوەرم بەخوا هەیە ڕۆژانی خۆشی بۆ داناوم.

کۆتایی. .....




# خۆشـیم نەدی لە ژیـــان

## چیرۆکی شازدەهەم

نازانم باسی کامە خەم و دەردم بکەم، بۆ جارێک خۆشیم نەدی لە ژیان. هەموو ئەو شتانەی خەونم پێوەی دەبینی بۆم نەبوو وە هەموو ئەو شتانەی هی من بوو لەدەستم دا. ئاهـ بۆ کامیان هەڵکێشم نازانم، خەم بۆ کامیان بخۆم نازانم. بۆ لەدەستدانی ئەشقەکەم یان ئەو هاوسەرەی خۆشیم لێی نەدی یان ئەو دایک باوکەی منیان لا گرنگ نەبوو و نازیان هەڵنەگرتم و لەگەڵم نەبوون. بە نووسینیش هیچ ناگۆڕێ و هیچ چاک نابێت تەنها بۆیە باسی ژیانی خۆم دەکەم تا کەمێ لە خەمەکانم بنووسم و خەڵک گوێ بگرێ لێم بە تایبەت دایک و باوکەکان تکایە خوێنەری ژیانی من بن تا کچەکانتان وەک منی لێ نەیەت. من ناوم ژیانە، بەڵام جارێک نەژیام بە دڵی خۆم و تامی ژیانم نەکرد. 27 ساڵم و خەڵکی گەرمیانم. ئەم چیرۆکەی باسی دەکەم هی تەمەنی گەنجیمە. ژیانێکی ئاسایی و سادە و بێ

دەژیام. لە قوتابخانە یەکێک لە قوتابیە زیرەکەکان بووم و ئاواتم تەواو کردنی خوێندن بوو. ئاواتم ئەوە بوو بگەم بەوەی حەزم لێیە و وەکو خەڵک دابمەزرێم و دڵخۆش بم و ژیانێکی ئاسایی و دوور لە کێشە بژیم. لە قۆناغی ئامادەیدا گەنج و هەرزەکار بووم بێ ویستی خۆم ئاشق بووم و کوڕێکم خۆشویست ئەویش منی زۆر خۆشدەویست داوای لێکردم منیش ڕازی بووم. تا ماوەیەک بێ کێشە بووین و دڵخۆشبووین خەونی جوانمان دروست کرد وامدەزانی پێکەوە دڵخۆش دەبین بەس وا نەبوو. ئەم کوڕە ڕۆژی وا هەبوو بە بێ هۆ توڕە دەبوو ڕۆژی وا هەبوو خۆشی نەدەویستم. دوای بۆم دەرکەوت نەخۆشی دەروونی هەیە کە ئەمەم زانی زۆر دڵتەنگ بووم چونکە من بەڕاستی ئاشقی ببووم و خۆشم دەوویست ئەمزانیماڵەوەم بزانن هەرگیز من نادەن پێی. زۆر خەمم خوارد زۆر بێتاقەت

بووم و دەگریام بریارمدا لێی دوورکەومەوە هەرواشم کرد و لێی جیابوومەوە. دەمزانی دڵخۆش نابم لەگەڵی ئیتر گەیشتمە زانکۆ. لێرەوە ناخۆشی و ئازاری من دەستی پێ کرد. 22 ساڵ بووم لە زانکۆش بووم داوام هات بە دڵم نەبوو، بەڵام لەسەر زۆرلێکردنی داوای ماڵەوەمان شووم کرد. هەمیشە ماڵەوە دەیانگووت:

- شوو بکە مادەم داوات هاتوە چ عەیبێکی هەیە؟ وەکو کچی خەڵک بچۆ ماڵ و حاڵی خۆت و دڵخۆشبە لەگەڵ مێردتت.

من هەر دەمگووت:

- زانکۆ تەواو دەکەم ئینجا شوو دەکەم.

ئەوان وازیان نەدەهێنا و دەیانگووت:

- بچۆ لای مێردتت خوێندن تەواو بکە خوێندن چیە وا لە پێناوی ڕەتی دەکەیتەوە چەند کەس خوێندنی تەواو کرد و دانیشتوە لە ماڵ و لە خوای دەویٚ یەکیٚ بێتە داوای و شوو بکات کیٚ ئێستا خوێندن خوێندن تەواو دەکات و دادەمەزرێت؟

ڕۆژ نەبوو بەم قسانە مێشکم نەخۆن تا لە کۆتایدا ڕازی بووم و پێم لە دڵم ناو بە نا بە دڵی شووم کرد خۆزگە قەد شووم نەکردایە. شووم کرد بە پیاوێکی خراپ و عەشایەر و تورە ڕۆژ نەبوو قسە و لێدان نەخۆم. بە بیٚ هۆ تورە ئەبوو تورەییەکەیشی بە من دەردەکرد تاوەکو ئێستاش هەر ئاوایە قسە و شتی ناخۆشم پیٚ دەڵیٚ و ژیانم بەم جۆرە بۆتە جەهەننەم. ڕۆژ نییە ئاوات بە مردن نەخوازم. خۆشەویستە کۆنەکەشم کە زانی من شوو دەکەم چویە دەرەوەی وڵات. پیاوەکەم هیچ ئیشی نەدەکرد

بە ڕۆژ دەخەوت و بە شەویش لە دەرەوە خەریک پیاسە و گەڕان بوو کە ئەمانەم بۆ خێزانەکەم باس دەکرد و دەمگووت:

- جیادەبمەوە.

نەیاندەهێشت هەر دەیانگووت:

- دەبیت بە بێوەژن. دواتر کەس تۆی ناوێت. دانیشە لای مێردت باشترە. ڕۆژێك دێت پیاوەکەت چاک دەبێت.

بەڵێ ئەمە قسەی خێزانی من بوو نەیانەویست بگەڕێمەوە لایان لە ترسی بێوەژن بوونم لە ترسی ئەوەی بە سەریان دەمێنمەوە لایان گرنگ نەبوو کچەکەیان لە چ جەهەنەمێک دەژی ئاخر ئەوە کۆمەڵگا و بیرکردنەوەی خێزانەکانمانە لە ترسی ئەوەی بە سەریان دەمێنینەوە و بێوەژنین نایەڵن جیا ببینەوە و دەبێت لای پیاوێك بین کە خۆشی ناوێن و ڕێزمان ناگرێ و ئازارمان دەدا.

زۆربەی ئافرەتەکان هەر لەبەر ئەم حاڵە ئێستا لە ژیانێکی دۆزەخی و خەم دەژین لای پیاوەکانیان. هەمیشە دەمگووت جیا دەبمەوە، بەڵام ماڵەوە ڕێگر بوون و نەیانهێشت. ئیتر ژیانی من بەو جۆرە بەردەوام بوو هەموو ڕۆژێ خەم و گریان. دوای ساڵێك منداڵم بوو خەڵک دەیگووت:

- منداڵت ببێت پیاوەکەت باش دەبێت.

باشی چی خراپتر بوو باشتر نەبوو. پیاوەکەم هیچ کاری نەدەکرد ناچار خۆم دەستم کرد بە کار کردن بۆ ئەوەی خوێندنەکەم تەواو بکەم و منداڵەکەم بەخێو بکەم. هەم بوومە دایک هەم بوومە باوک ژیانم زۆر قورس بوو لە لایەك کارکردنم لە لایەك خوێندن لە لایەك بەخێو کردنی منداڵ و قسە و شەڕی پیاوەکەشم کە تەواو نەدەبوو. منیش ئافرەت بووم

حەزم دەکرد وەک هەموو ئافرەتەکانیتر پیاوەکەم خۆشی بووێم و نازم هەڵگریَ بەس ئاخ نەبوو. تەنهاترین کەس بووم تەنانەت خێزانەکەشم لە پشتم نەبوو. دوای ماوەیەک سووپاس بۆ خوا زانکۆم تەواو کرد بە هەزار دەرد و نارەحەتی و دووبارە دووگیان بوومەوە و منداڵم بوو. ژیانم زۆر قورستر بوو. ڕۆژێك منیش فیسبووکم دانا و ئەو کورەی کە پێشتر خۆشم دەویست فیسبووکەکەیم دۆزیەوە و نامەم بۆی نارد. باسی خەم و ناخۆشیەکانی خۆمم بۆی کرد. لە تەنیایا خەریک بوو دەمردم ئەویش وەک جاران نەبوو لەگەڵم هەقی خۆشی بوو من جێم هێشت. ئیتر زۆر درەنگ جوابی دەدامەوە هەفتەی جارێک قسەمان دەکرد. ڕۆژێك زۆر بێتاقەت و دڵتەنگ بووم و دەگریام نامەم زۆر دەنارد بۆ خۆشەویستە کۆنەکەم و هەر وەڵامی نەدەدامەوە منیش چونکە باش لە فەیسبوکم نەدەزانی بۆیە لە

گروپێك پۆستم کرد و گووتم(بۆچی کاتێ نامە بۆ کەسێك دەنێرم لە خەتە و وەڵاممم ناداتەوە؟)

کوڕێك کۆمێنتی بۆ کردم و دواتر ئاددی بۆ ناردم و منیش وەرم گرت و وەک برا و خوشک قسەمان دەکرد. ڕۆژە ناخۆش و ڕەشەکانم لێرەوە دەستی پێکرد ئەو کورە زۆر خۆی چاک نیشان دەدا و یارمەتی دەدام و قسەی بۆ دەکردم و دڵی دەدامەوە و خۆشەویستی بۆ دەردەبریم و نازی هەڵدەگرتم. ئیتر داوای لێکردم خۆشەویستە کۆنەکەم بلۆک بکەم منیش بە قسەم کرد. ئەو کوڕە بە جۆرێك خۆی نیشانم دەدا وامدەزانی خۆشبەخترین کەسم لەم دوونیایە. من تەنها بووم و کەس نەبوو گوێم بۆبگرێ، بەڵام ئەو کوڕە گوێ بۆ خەمەکانم و گریانەکانم دەگرت هەرچی بووتایە بە قسەم دەکرد. داوای خۆشەویستی لێ کردم سەرەتا ڕازی نەبووم لەبەر مێردەکەم و

منداڵەکانم، بەڵام دوای منیش خۆشم ویست و هۆگری بووم و ڕازی بووم. بەڵێنی پێدام تامردن لام بێت و جێم نەهێڵێ و ببێ بە باوکی منداڵەکانیشم. بەڕادەیەک ئاشقی ئەو کورە بووم گەر ڕۆژێ گوێم لە دەنگی نەبوایە یان قسەم لەگەڵ نەکردایە وامدەزانی دوونیا بە تەواوی چۆڵە. 6 مانگ من لەگەڵ ئەو کورە بووم زۆر دڵخۆش بووم لەگەڵی. لە ژیانمدا یەکەمجار بوو هەست بکەم کەسێك لەگەڵمدایە و گوێم بۆ دەگرێت بۆیە دووبارە هەوڵم دا لە پیاوەکەم جیاببمەوە. چەندین جار هەوڵم دا دووبارە ماڵەوە نەیانهێشت نەمدەزانی چارەم چیە هەرچی هەوڵم داوە لەگەڵ پیاوەکەم، بەڵام هەر چاک نابێت و وەکو خۆیەتی. ئیتر بیرم کردەوە هیچ گرنگی بە مێردەکەم نەدەم و ئەو کەسەم خۆشبووێت کە لەگەڵم بوو ئەمەش نەچوویە سەر،

چەند ڕۆژێک ئەو کورەش لەگەڵمدا شەڕی بوو. پێمی دەگووت:

- تۆ درۆزنی و منت خۆشناوێ و مێردەکەتت خۆشدەوێ و لە مێردەکەت نزیک دەبیتەوە.

هەرچی دەمگووت وانیە باوەڕی نەدەکرد نەمئەزانی چی بکەم. دووبارە تەنیایی و خەم بویەوە هاوڕێم و دوای ماوەیەک بۆم دەرکەوت ئەو کورە درۆ دەکات و تەنها بۆ حەز و ئارەزووی خۆی لەگەڵم بووە و منیش لێی جیابوومەوە و دوورکەوتمەوە. دەزانم هەڵەم کردم بەسەر مێردەکەمەوە لەگەڵ پیاوێکیتر بووم، بەڵام بروا بکەن من ژیانم نیە بە دەست ئەو پیاوەی خۆمەوە. ماڵەوە ناهێڵن جیاببمەوە منیش ئافرەتم دەمەوێ دڵخۆش بم و نازم هەڵبگیرێ و بەختەوەربم. ئێستاکە بە دیار ئەم پیاوەمەوە

هەموو ڕۆژ دووعا دەکەم بەڵکو چاک ببێت. ئامۆژگاریم بۆ هەمووان ئەوەیە باوەڕ بە هەموو پیاوێک مەکەن با وەک منتان لێ نەیەت و خەم نەخۆن و نەگرین.

کۆتایی. ..




# پــەری و هــێمــن

## چیرۆکی حەڤدەهەم

من ناوم پەریە تەمەنم 18 ساڵە و تاقانەی ماڵم نە خوشکم هەیە نە برا و دایکم و باوکم مامۆستان چونکە تاقانەی دایکم و باوکم بووم هەرچیم بووتایە بۆیان دەکردم زۆر بە ناز و مەکر گەورەیان کردبووم. بەهۆی ئەوەی دایکم و باوکم زۆر نازیان پێ دەدام لە خۆبایی ببوم وام هەست دەکرد هەموو شت دەبێ بە قسەی من بێت. ئیتر چوومە زانکۆیەکی ئەهلی و تا مانگێك کێشەم لەگەڵ کەس نەبوو ئاسایی ڕۆژەکانم بەڕێ دەکرد و لە زانکۆ تێکەڵ کەس نەدەبووم. هەموو پێیان دەگووتم(کچە لووت بەرز و لە خۆباییەکە) زۆرجار گوێم لێ دەبوو پێیان دەگووتم(زۆر خۆی بە شت دەزانێ و بە مەکر و نازە) منیش هیچ کات گوێم بەم قسانە نەدەدا بۆ خۆم ئاسایی دەوامی خۆم دەکرد و یەکێکیش بووم لە کچە زیرەکەکان. باڵایەکی بەرز و قژێکی ڕەشی خاوی درێژ و چاوێکی ڕەش و جسمێکی ڕێکم

هەبوو. ڕۆژێك كچێكی قۆناغەكەمان بە ناوی لانە هاتە لام و سڵاوی لێ كردم و گووتی:

- پەری بە یارمەتیت ئەتوانی مەحازرەكانی دوێنێم بۆ شەرح بكەی؟ من نەهاتبووم كەمێك نەخۆش بووم جگە لە تۆش كەسم نەدۆزیەوە یارمەتیم بدات. چونكە تۆ یەكێكی لە زیرەكەكانمان.

منیش گووتم:

- باشە یارمەتیت دەدەم و بۆت شەرح دەكەم.

گووتی:

- سووپاس.

دوای ئەوەی گشتیم بۆ شەرح كرد و دەست خۆشی و سووپاسی لێ كردم گووتی:

- پێت چۆنە ببین بە هاورێ؟

منیش ڕازی بووم و بووین بە هاورێی یەکتر داوای ژمارە موبایلمی کرد و پێیم دا و بەو جۆرە لەگەڵ لانە بووین بە دوو هاورێ نزیکی یەکتر. ڕۆژێك لە کافتریا دانیشتبووین. کورێك هات بۆ لامان هاورێی لانە بوو مەرحەلە دوو بوو لە بەشێکیتر بوو ناوی سامان بوو کورێکی باڵا بەرزی چاو ڕەش بوو. گووتی:

- دەتوانم دانیشم؟

من و لانە گووتمان:

- فەرموو.

دانیشت و هەندێ قسە و گاڵتەی کرد و خۆمان بە یەک ناساند. دوایی گووتی:

- دەبێ بڕۆم محازەرەم هەیە خۆشحاڵ بووم پەری خان.

منیش گووتم:

- من زیاتر خۆشحاڵم.

لە یەکەم بینین سامان چووە دڵمەوە بەس هیچ بۆ لانە باسم نەکرد. زۆرجاریش خەیاڵم دەکرد و حەزم دەکرد جارێکیتریش ببینمەوە. دوای چەند ڕۆژێك لە ماڵ بووم ژمارەیەك تێلی بۆ کردم کە وەڵامم دا گووتی:

- پەری خان!

گووتم:

- فەرموو.

گووتی:

- سامانم هاورێکەی لانە.

گووتم:

- ئەها! ئێ کاک سامان؟ تۆ باشیت؟

گووتی:

- کاکی چی هەر بڵێ سامان.

بە پێکەنینەوە گووتم:

- باشە.

سامان گووتی:

- ژمارەکەتم لە لانە وەرگرت حەزم کرد هەواڵت بزانم.

ڕاستی بڵێم زۆر دڵخۆشبووم کە تێلی بۆ کردم منیش حەزم دەکرد هەواڵی بزانم، بەڵام شەرمم دەکرد بە لانە بڵێم. ئیتر من و سامان بووین بە دوو هاوڕێی زۆر نزیک. ڕۆژێك لانە گووتی:

- هەست دەکەم سامانت خۆش دەوێ.

منیش شەرمم دەکرد. گووتم:

- وانیە ئێمە هەر هاورێین.

گووتی:

- ئەم هەموو ماوەیە چۆن دەبێ هەر هاورێ بن؟ هەست دەکەم هەردووکتان هەستتان بۆ یەک هەبێ.

گووتم:

- تۆ بڵێی ئەو منی خۆشبوێ؟

لانە گووتی:

- خۆم لێی دەپرسم.

گووتم:

- نا شتی وانەکەی.

بۆ ڕۆژی دواتر لانە منی بردە ناو باخچەی زانکۆ لەوێ سامانیشی لێ بوو چاوەڕێی دەکردین. چووینە لای و دوای ئەحواڵ پرسین گووتی:

- پەری دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم.

گووتم:

- فەرموو.

گووتی:

- لەوەتەی تۆم دیوە تەواو ژیانم گۆڕاوە و ئاشقت بوومە. هەموو کاتی بیر و خەیاڵم لاتە هەموو کات دەمەوێ لە لام بیت. دەمەوێ ببیت بە خۆشەویستم و هاوسەری ژیانم و

دوای تەواو بوونی زانکۆ بەڵێن بێت دێمە داوات ئایا تۆ ڕازی؟

لانەش گووتی:

- دەی وەڵامی بدەرەوە.

بە شەرم و بە پێکەنینەوە گووتم:

- بەڵێ ڕازیم.

گوڵێکی سووری پێ بوو پێی دام. لەو ڕۆژەوە من و سامان بووین بە خۆشەویست و هەموو ڕۆژ لە زانکۆ پێکەوە دەبووین و کاتی خۆشمان بەسەردەبرد و دڵخۆش دەبووین. دوای ماوەیەک هەستم کرد سامان لەگەڵم گۆڕاوە و زۆر سارد و سڕ بووە لەگەڵم و وەک سەرەتا نیە لەگەڵم. پێم ناڵێت خۆشم دەوێی و ئاشقتم لە زانکۆش وەک جاران نایەت پێکەوە بین و

پیاسە بکەین. هەستم بە سارد بوونەوەی کرد هەستم کرد لێم دوور دەکەوێتەوە بۆیە ڕۆژێك چوومە لای و قسەم لەگەڵ کرد و گووتم:

- سامان گیان من ئاشقتم و خۆشم دەوێی چی بووە دڵەکەم؟ بۆ وا ساردی لەگەڵم؟ هەڵەیەکم کردووە وا وەک جاران نیت و خۆتم لێ دوور دەخەیتەوە؟ ئاخر کە تۆ وا دەکەی من دەمرم. تەنها خوا دەزانی چەند ئاشقتم و چەند خۆشم دەوێی.

گووتی:

- دەبێ بڕۆم ببورە مەحازەرەم هەیە.

من بە چاوی بە گریانەوە ئەم قسانەم پێی ووت کە چی ئەو هەر گوێ پێ نەدام منیش شوێنی کەوتم بینیم چووە کافتریا و

لەگەڵ کچێك لەسەر مێزێک دانیشتن. کە ئەمەم بینی شێت بووم باوەرم نەدەکرد سامان لەگەڵ کچێکیترە و منی ناوێ. بە نهێنی چاودێریانم کرد هەڵسان لە کافتریا و کچەکە ڕۆیشتەوە بەشی انگلیزی منیش شوێنی کەوتم و پرسیارم لە کەسێك کرد کە لە هەمان بەشی ئەو بوو. گووتی:

- ناوی ڕاژانە و قۆناغی یەکە.

زانیم وەک خۆم قۆناغی یەکەمە بەس بەشەکەم لەگەڵی جیایە. منیش چوومەوە بۆ لای سامان و گووتم:

- ڕاژان چی تۆ دەبێ؟

گووتی:

- هاورێمە چۆن دەیناسی؟

گووتم:

- بەس هاورێن؟

گووتی:

- بەڵێ چۆن دەیناسی؟ چاودێریم دەکەی؟

گووتم:

- ئێوەم بینی پێکەوە لە کافتریا بوون. لە کاتێکدا تۆ ووتت دەچمە مەحازەرەوە کە چی چوویتە لای ئەو کچە.

گووتی:

- ئەو کچە هاورێمە و کارێکی پێم بوو بۆیە چوومە لای و یارمەتیم دا. پەری بەم هەڵسوکەوتانەت تەواو لەبەرچاوم کەوتی.

کە وای ووت شێت بووم ئاخر ئاشقی بووم. چەن ڕۆژ تێپەری هەر لێی نەپرسیم منیش چوومە بەشەکەی سامان لێی بپرسم کەچی سامانم نەدی. بە کەسێکی هەمان بەشی ئەوم گووت:

- ئەگەر سامان هات پێی بڵێ پەری هاتووە بۆ لات و لێی پرسیووی.

پێکەنی و گووتی:

- نەکا تۆش کەپڵی سامان بیت.

گووتم:

- با بۆچی؟

گووتی:

- دادە ئەو کورە هەر ڕۆژە و لەگەڵ کچێکە و ناوی بە خراپ ڕۆیشتووە. ئیشی تەنیا ڕابواردنە لێی دووربکەوە بۆ خۆت باشترە.

کە ئەوانەم بیست شۆک بووم. لە بەشەکەی هاتمە دەرەوە و تێلم بۆی دەکرد و وەڵامی نەدەدامەوە دواتر بینیم لە کافتریا لەگەڵ کچێکیتر هاتە دەرەوە و سەیری کردم و خۆشی تێک نەدا و هەر حیسابیشی بۆ نەکردم. بە چاوی بە گریانەوە چوومە لای لانە و گووتم:

- سامان خەریکی شتی وایە.

گووتی:

- جا من چی بکەم؟ هەقم پێت چیە؟ خۆ من نەمووت ببە خۆشەویستی خۆت شێت ببووی بۆی و ڕازی بووی پێی.

کە ئەمەم لە لانە بیست شێت بووم زانیم لانەش درۆی لەگەڵم کردووە و زانیویەتی سامان لەو کورانەیە کە هەر ڕۆژە و لەگەڵ کچێکە و بە درۆش لەگەڵ من دەبێ بۆیە چوومەوە لای سامان و دوو تفم کردە چاوی و گووتم:

- ئەی هیچ و پووچ ئێستا زانیم چ جۆرە کورێکی بەس خەریکی ڕابواردن و درۆیت.

پێکەنی و گووتی:

- بەڵێ من وام و بە تۆشم ڕابووارد و ئیتر ئێستا تۆم ناوێ پەری. نەیەیتەوە بەرچاوم کچی گەمژە.

کە ئەم قسانەی دەکرد دەموویست بیکوژم بە زۆر دانم بەخۆم داگرت هیچ نەکەم و حەیام نەچێ لە زانکۆ. ئیتر لەو ڕۆژەوە قسەم لەگەڵ لانەش نەکردەوە ڕقی دونیام لە هەردووکیان

دەبویەوە چونکە بە منیان ڕابووارد و درۆیان لەگەڵ کردم. ئیتر پشووی نیوەی ساڵ هات و منیش بەهۆی ئەو شتانەی بەسەرم هات بەردەوام لە ماڵەوە دەگریام بۆیە بە دایکمم گووت:

- دەمەویێ بچمە ماڵی نەنکم ئەم پشووە لەویێ بەسەر بەرم.

بەخۆشم گووت(لەگەڵ نەنکم دەبم بەڵکو باشبم و سامانیش لە بیر بکەم)

چوومە ماڵ نەنکم. نەنکم منی زۆر خۆش دەویست ونازی پیێ دەدام و قسەی خۆشی بۆ دەکردم زۆر هاوریێ بووین لەگەڵ نەنکم. کاتیێ چوومە لای هەر یەکەم خولەك نەنکم گووتی:

- پەری گیان حەزت بە چ خواردنێکە بۆت بکەم؟

گووتم:

- دۆڵمە بە دەستی تۆ زۆر خۆشە نەنە گیان بۆمی درووست بکە.

گووتی:

- بەسەرچاو بەس برۆ لای فرۆشگای سەوزە و میوەکە تەماتە و باینجان و پیازم بۆ بێنە.

ماچی نەنکم کرد و گووتم:

- بەسەر چاو.

پاشان دەرچووم و وویستم لە شەقامەکە بپەرمەوە و برۆمە لای فرۆشگاکە ڕێک ئۆتۆمبێلێك لێی دام و بەر زەوی کەوتم و لەهۆش خۆم چووم. کاتێ چاوم کردەوە لە نەخۆشخانە بووم نەنکم و باوکم و دایکم لام بوون. ئازار بەر پشتم و قاچم

کەوتبوو کەمێك سەریشم بریندار ببوو. دواتر کوڕێکی چاو سەوزی باڵابەرز هاتە لام و گووتی:

- تۆ باشی؟ سەلامەتی؟

گووتم:

- سووپاس باشم.

نەنکم گووتی:

- باشە هێمن گیان خەمی پەریت نەبێ.

وادیار بوو کوڕەکە ناوی هێمن بوو. گووتی:

- ببورە خاتوو پەری ئەوە من بووم خۆم پیا کێشای. زۆر داوای لێبووردن دەکەم شکور بۆ خوا ئێستا باشی .

گووتم:

- نا کێشە لە منیش بوو پێش ئەوەی بپەرمەوە دەبوایە سەیری شەقامەکەم بکردایە.

هێمن دووبارە هیوای سەلامەتی بۆ خواستم و گووتی:

- هەر شتێکتان وویست من لێرەم.

ئێمەش سووپاسمان کرد و ئەویش ڕۆیشت. دوای دەرچوونم لە نەخۆشخانە، گەرامەوە ماڵی نەنکم. ئەو کات لە نەنکم پرسی و گووتم:

- نەنە گیان، تۆ ئەو کورەت دەناسی؟

گووتی:

- بەڵێ هێمن دراوسێی خۆمانە. کورێکی زۆر چاکە.

گووتم:

- ئەها باشە.

دوای ئەوەی پشوو تەواو بوو دووبارە زانکۆ کرایەوە. شوفێرەکەم گووتی:

- چیتر کەس نابەم بۆ زانکۆ ئۆتۆمبێلەکەم دەفرۆشم.

ئەمەم بۆ دایک و باوکم باس کرد و نەنکیشم گووتی:

- بۆ لەگەڵ هێمن نارۆن؟ ئەو پێشتر تەلەبەی زانکۆی دەبرد.

گووتم:

- نەنە من و دوو هاورێیتریشم بە یەکەوەین بزانە ڕازیە بمان بات.

نەنکم بە هێمنی گووت و ئەویش ڕازی بوو. چەنێ گووتی(پارەم ناوێ من لە کچەکەی ئێوەم داوە لەبری ئەوە پارە وەرناگرم.) بەڵام باوکم بە زۆر وای لێ کرد پارەکە وەرگرێ. ئیتر هاتووچۆی بە من و دوو هاورێم دەکرد. بەڕاستی کورێکی

زۆر چاک و بەرێز بوو. هێمن هەموو کات لە کاتی خۆی دەیبردین و ئێمەی دەهێنایەوە و بەو شێوەیە وای لێهات هێمن زۆر گرنگی پێ دەدام. هەموو جار یەکەم کەس منی هەڵدەگرت بۆ زانکۆ. هەمیشە لێی دەپرسیم ئاخۆ نانم خواردووە؟ یاخود جلی باش لەبەر بکەم و سەرمام نەبێ هەمیشە پێی دەگوتم باش بخوێنم تا سەرکەوتوبم. ڕۆژێك نەخۆش کەوتم نەمتوانی بچمە زانکۆ بەردەوام تێلی بۆدەکردم و لێی دەپرسیم کە باشبوومە یان نا؟ ئایا پێویستم بە هیچ نیە؟ هەستم دەکرد هێمن خۆشی دەوێم. دڵخۆش بووم بەو گرنگیەی هێمن پێی دەدام و منیش هەستێکی وام هەبوو بۆی، بەڵام هیچم نەدەوت. ڕاستی بڵێم بە هۆی سامانەوە پەندم وەرگرتبوو بڕوام بە خۆشەویستی نەمابوو بۆیە دوای دوو ڕۆژ

گەرامەوە زانکۆ. وەک جاران یەکەم کەس هێمن منی هەڵگرت و ڕێک پرسی: ئێستا باشی؟

گووتم:

- سووپاس باشم.

ئەمزانی زۆر خەمی منی بووە. گووتی:

- ئاگات لە خۆت بێ با جارێکیتر سەرمات نەبێ و نەخۆش نەکەوی.

گووتم:

- باشە خەمت نەبێ سووپاس بۆ هەواڵ پرسینەکەت.

دواتر دوو هاورێکەیتریشمی هەڵگرت و چووینە زانکۆ و دوایش گەڕاینەوە بۆ ماڵ و هەر وەک جارەکانیتر سەرەتا دوو هاورێکەمی دانا. کە بەتەنیا ماینەوە گووتی:

- پەری شتێك هەیە دەمەوێ بیڵێم. هەر لەو کاتەی من بە سەیارە لێم داوی و لەوەتەی تۆم بینیوە لە یەکەم بینینەوە تۆ چووی بە دڵما زۆرم خۆشدەوێیت خەون و خەیاڵم بووە بە تۆ. تۆ هیچ ئاگات لە حاڵم نیە کە چۆنم بێ تۆ پەری بە ڕادەی مردن ئاشقتم. ئەمە لە ژیانما یەکەم جارمە وا کەسێکم خۆش بوێت کە لێرە نیت وا هەست دەکەم ئەم دونیایە چۆڵە.

منیش لەوەی سامانەوە دەرسم وەرگرتبوو. گووتم:

- خۆشەویستی ناکەم هێمن مادام ئاوا خۆشت دەوێم وەرە داوام.

گووتی:

- باشە یەک هەفتەم پێ بدە تا بۆ ماڵەوەی باس بکەم.

گووتم:

- باشە.

دوای گەڕامەوە ماڵ. ڕاستی بڵێم دڵخۆش بووم هێمن بەو ڕادەیە منی خۆشوویستووە، بەڵام سامانیشم لە دڵ هەر مابوو کە لە زانکۆ دەمبینی هێشتا دڵم بۆی لێ دەدا بەس لە هەمان کاتیشدا رقم لێی دەبویەوە چونکە درۆی لەگەڵم کرد و هەڵیخەڵەتاندم و فێڵی لێ کردم. ئیتر دوای دوو ڕۆژ هێمن تێلی کرد و گووتی:

- ماڵەوە ڕازین و قسەم لەگەڵ کردوون ئێوەش ڕۆژێك دانێن دێینە پێشەوە.

گووتم:

- باشە قسە لەگەڵ ماڵەوە دەکەم و ڕۆژێك دائەنێم.

ئیتر ڕۆژێکمان دانا و گووتیان:

- بۆ شەوەکەی دێینە داوات.

منیش کاتێ خەریك ئامادەکاری بووم بۆ شەو عەسرەکەی تێلێکم بۆ هات. هەر هەڵمگرت گووتی:

- پەری !!

ڕێک شۆک بووم چونکە سامان بوو. گووتم:

- چیت دەوێ؟ بۆ تێل بۆ من دەکەی؟

پارایەوە و گووتی:

- توخوا پەری تاکو کۆتایی گوێم بۆ بگرە توخوا.

گووتم:

- چیت دەوێ بیڵێ و بڕۆ.

گووتی:

- زۆر پەشیمانم کە تۆم جێ هێشت. تۆم زۆر خۆشدەوێ تکایە بمبوورە تکایە.

منیش گووتم:

- جارێکیتر تێلم بۆ نەکەیتەوە داوام هاتووە و شوو دەکەم.

گووتی:

- نا توخوا شوو مەکە من دێمە داوات پەری. ببە هی من زۆرم خۆشدەوێیت پەشیمانم کە جێم هێشتی وئازارم دای پەری گیان.

کە گوێم لەم قسانەی بوو شڵەژام نەمزانی چی بکەم. بۆیە گووتم:

- کاتم بەرێ بیری لێ دەکەمەوە بتبوورم یان نا.

چونکە هێشتا ئەشقی سامان لە دڵم مابوو بۆیە نەمزانی چی بکەم. بۆ شەوەکەیماڵی هێمن هاتن باوکم بانگی کردم و گووتی:

- کچم ماڵی هێمن هاتوونەتە داوات. من زۆریت لێ ناکەم شوو دەکەی یان نا؟

منیش گووتم:

- ببورن جارێك بە تەمای شوو نیم و ئەمەوێ خوێندنەکەم تەواو بکەم.

کە ئەم قسانەم کرد هێمن شۆک بوو. سەیری دەکردم زانیم تورە بووە و پێی ناخۆشە ئاخر چۆن ڕازی بم لە کاتێکدا هێشتا سامان لە دڵمایە؟ ئیتر داوای لێبووردنم کرد و ماڵی هێمن گەڕانەوە ماڵی خۆیان. کاتی چووینەوە بۆ زانکۆش هێمن هیچ

قسەی لەگەڵ نەدەکردم دەمزانی تورەیە لێم. کە گەیشتمە زانکۆ بینیم سامان چاوەڕێمە بە گوڵی سوورەوە. ڕۆیشتمە لای و چووین لە کافتریا دانیشتین و قسەمان کرد. زۆر داوای لێبووردنی کرد و گووتی زۆر پەشیمانە وای لەگەڵ من کردووە بۆیە منیش ئەوەم بوری و چوومەوە لای سامان. ئیتر ئەو لە جاران زیاتر گرنگی پێ دەدام و خۆشەویستی بۆم دەردەبڕی لەگەڵ هێمنیش هیچ قسە و شتمان نەما و نەیزانی لەگەڵ سامانیشم. زۆر دڵخۆشبووم لەگەڵ سامان وامدەزانی ئەم دوونیایە بەس منی تێدایە بەس ئەم دڵخۆشیەم زۆری نەخایەند دووبارە سامان لەگەڵم سارد بویەوە و گرنگی پێم نادا و ئیهمالی دەکردم و دووبارە لەگەڵ کچێتردا بوو ئەمجارە زۆر تورە بووم زۆر ڕقم لێی دەبویەوە شەڕم لەگەڵ کرد و ووتم: چیتر نەیەیتەوە ناو ژیانم کەسێکی زۆر هیچ و پوچی.

دوونیایەك قسەم پێی گووت. بۆ ڕۆژی دواتر تێلی بۆ کردم وەڵامیم نەدایەوە. نامەی بۆ ناردم و یەک دوونیا ڕەسمی خۆمی بۆناردمەوە و گووتی:

- ئەگەر وەڵامی تێلم نەدەیتەوە وێنەکانت لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان ببینەوە.

لە ترسا وەڵامم دایەوە و گووتم:

- خوێڕی سەگ، چیت لە من دەوێ؟

گووتی:

- دەمەوێ لەگەڵم بخەوی و هەفتەیەك بە یەکەوە ڕابوێرین. ئاوا ئیتر هەقم پێت نابێت.

بە گریانەوە گووتم:

- وازم لێ بێنە چۆن من شتی وا دەکەم؟

گووتی:

- تا شەو مەجالت هەیە، ئیتر وێنەکانت ببینەوە لای خەڵکی.

ئینجا دایخستەوە و منیش دەستم بە گریان کرد ئاخر نەمدەزانی چی بکەم، بیرم کردەوە هەموو شت بە هێمن بڵێم چونکە جگە لەو باوەڕم بە کەس نەبوو تا یارمەتیم بدا. تێلم بۆ کرد و هەموو شتم بۆ هێمن باس کرد و گووتم:

- توخوا یارمەتیم بدا.

گووتی:

- پێی بڵێ چیت دەوێ دەیکەم بۆت.

منیش تێلم بۆ سامان کرد گووتم:

- باشە ڕازیم چیت دەوێ دەیکەم بۆت.

ئیتر بۆ بەیانیەکەی سامان ناونیشانێکی پێدام ئەویش شوێنێکی چۆڵ بوو کاتێ چووم هێمن و هاورێیەکی بە ناوی عومەر چاودێریان دەکردم. کە سامان هاتە لام و گووتی:

- ئامادەی؟

گووتم:

- بەڵێ.

هێمن وعومەر دەرکەوتن و سامانیان گرت و ڕووتیان کردەوە. ئەوەندەیان لێدا سامان بە زۆر دەیتوانی چاو بکاتەوە.

هێمن گووتی:

- کوا وێنەکانی پەری؟

سامان گووتی:

- گشتی لە ناو مۆبایلەکەمە.

ئیتر هێمن گشتی ڕەش کردەوە و گووتی:

- هیچ وێنەیترت لایە لە شوێنێك هەڵت گرتبێ؟

سامان سوێندی خوارد و گووتی:

- نەخێر لام نەماوە هەر ئەوەندەی ناو موبایلەکە بوو.

هێمن گووتی: ڤیدیۆی تۆمان کردووە کە ڕووتی و لێت دەدەین ئەگەر درۆمان لەگەڵ بکەی و ڕەسم پەریت لامابێت و هەڕەشەی لێ بکەی ئەوە ئێمەش ئەو ڤیدیۆیەی تۆ بڵاو دەکەینەوە.

سامان گریا و گووتی:بەخوا هیچ ناکەم بەس وازم لێ بێنن بڕۆم.

بەم شێوەیە سامان بۆ هەمیشە لە ژیانم ڕۆیشت. زۆر سووپاسی هێمنم کرد زانیم هێشتا لێم تورەیە چونکە تەنها گووتی:

- شایەنی نیە و ئاگات لەخۆت بێ.

دوای هەفتەیەک چووم بۆ ماڵی هێمن گووتم بەڵکو سووپاسی بکەم و پێی بڵێم پەشیمانم تۆم جێهێشت و خۆشم دەوێی کە چووم زۆر درەنگ بوو ماڵی هێمن ماڵیان گواستبویەوە بۆ شوێنێکیتر. هیچ کام لە ماڵە دراوسێکانیش بە جوانی ناونیشانی ماڵیانیان نەدەزانی. عومەری هاورێشی نەیدەزانی زۆر خەمم خوارد و گریام بەردەوام فکر و دڵم لای هێمن بوو. هەر ئەمگووت(خۆزگە وام نەئەکرد و ڕازی دەبووم پێی ئێستا هاوسەری ئەو دەبووم دڵخۆش دەبووین.)

ساڵێك تێپەری و بوومە قۆناغی دوو لە زانکۆ هێشتا هەر فکرم لای هێمن بوو. لە زانکۆ کورەکان زۆر داوای خۆشەویستیان لێم دەکرد و هەموویم ڕەت دەکردەوە چونکە هەر هێمنم

خۆشدەویست و بە ئاوات بووم ڕۆژێ بینیمەوە. ڕۆژێك چوومەماڵی نەنکم و چوومە ئەو شوێنەی یەکەمجار هێمن بە ئۆتۆمبێل لێی دام و یەکەمجار ناسیم. گریانم دەهات بەڕێکەوت چوومە لای ماڵە کۆنەکەی هێمن و دووبارە گریامەوە چونکە زۆر بیرم دەکرد. ئینجا عومەری هاوڕێیم بینی گوێم لێی بوو تێلی دەکرد و ناوی هێمنی دەهێنا ڕێک چوومە لای و گووتم:

- ئەوەی تێلت لەگەڵ کرد هێمن بوو؟

گووتی:

- نەخێر.

زۆر گریام و پارامەوە و گووتم: توخوا ڕاستیم پێ بڵێ هێمن لە کوێیە؟

ووتی: ببوره هێمن داوای کردووه ناونیشانی ماڵیان نەدەم به تۆ.

زۆر گریام و پارامەوه تا ناونیشانم وەرگرت ئینجا ڕۆیشتم بۆ لای هێمن. کاتێ گەیشتمه لای ماڵیان بینیم هێمن له پێش دەرگای خۆیانه. که چوومه لای و منی بینی شۆک بوو. ڕێک گریام و گووتم:

- هێمن توخوا بمبووره توخوا بمبووره که تۆم جێهێشت زۆرم خۆش دەوێیت خوا دەزانێ دوای تۆ چۆن بووم. ئەم ماوەیه دایم بیرم لات بوو کەس نەما هەواڵی تۆی لێ نەپرسم. بۆچی به عومەرت ووتبوو ناونیشانی تۆم پێ نەدا ها؟ ئەوەنه ڕقت لێمه ناتەوێ جارێکیتر بمبینیتەوه؟ هێمن زۆرم خۆش دەوێیت تکایه جێم مەهێڵه.

گووتی:

- پەری بۆیە ناونیشانم پێت نەوت ویستم لە بیرت بکەم و نەیەمەوە سەر ڕێگا و ناو ژیانت، بەڵام ئێستا کە تۆم بینی وهاتیەوە لام، دووبارە ئاشقت بوومەوە و دووبارە ئەشقت نووێ بویەوە لە دڵم و منیش جگە لە تۆ نەمتوانی کەسیترم خۆشبووێت بەس کە ڕەتت کردمەوە منیش وویستم بە تەواوی لەبیرت بکەم و لە دڵم دەرت بکەم بەس نەمتوانی و تا ئێستا هەر لە دڵم مابووی.

باوەشم پێیدا کرد. هێمن گووتی:

- ئەوە چی دەکەی؟ کەسێك دەمان بینێت.

گووتم:

- با بمان بینین من ئاشقی تۆم.

جا ئەو کات نەنکم تێلی بۆ کردم و گووتی:

- لە کوێی کچم؟

گووتم:

- لای هاورێکەمم نەخۆشە چوومە لای ئەو ئێستا دێمەوە.

گووتی:

- باشە دڵم لات بوو کچم.

ئیتر ژمارەم لە هێمن وەرگرت و وەک جاران هەموو ڕۆژ قسەمان دەکرد پاشانیش هاتنە داوام و ماڵەوەمان ڕازی بوون. ئاهەنگێکی جوانمان کرد سوپاس بۆ خوا ژیانمان بە هاتنی ڕۆڵەکەمان ڕەنگا و ڕەنگتر بووە.

کۆتایی



# هەژاری و ئازار و سەختیەکانی ژیان

## چیرۆگی هەژدەهەم

من ناوم رەیانە تەمەنم 23 ساڵە و خەڵکی گوندێکی ئەم کوردستانەم. حەزم کرد باسی ژیانی خۆم بکەم کە پڕە لە ئازار و سەختی ونەهامەتی. تەمەنم 4 بۆ5 ساڵان دەبوو کە باوکم جێهێشتین و چوو ژنێکیتری هێنا و من و دایکم خووشک و براکانیترمی جێهێشت. من 6 برام هەیە لەگەڵ 3 خووشک. ئەو کاتەی باوکم جێهێشتین تازە خووشکە بچووکەکەم لە دایک دەبوو ناومان نا دلڤین. من 4 براو 2 خوشکم لە خۆم گەورەترن برایەکیشم لەخۆم بچووکترە بە ناوی یاسر. کە تەمەنی یاسر3 ساڵان بوو دایکم بە تەنها و بە ئازار و سەختی و نەهامەتی گەورەی کردین و جوانترین پەروەردەی پێشکەش کردین بۆیە لێرەوە دەڵێم( قووربانت بم دایە گیان زۆرم خۆشدەوێیت. خوا بۆ ئێمەت بهێڵێت کە ئێمەت بە هەزار دەرد و سەختی و هەژاری گەورە کرد وئێمەت پێگەیاند. زۆرم خۆش دەوێیت

دایە گیان) ڕۆژگار تێپەری و من چوومە قوتابخانە. هەموو منداڵەکانی ئەو قوتابخانە بە جلی تازە و جوانەوە دەهاتن بۆ دەوام و منیش هەر بە جلە کۆنەکانمەوە. زۆرجار تەلەبەکانیتر گاڵتەیان پیێ دەکردم لەبەر ئەمە زۆر خەم دەخوارد و دەگریام ئازارم دەخوارد لەوەی کە بێ باوکم و هەژارم لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک بووم لە خوێندکارە زیرەکەکان. تەمەنم بووە 11 ساڵان هەم کارم دەکرد و هەم دەشمخوێند. چەندەها کارم کرد لەگەڵ برا گەورەکانم تا بتوانین بژێوەی ژیانمان دابین بکەین. دوو برا و دوو خووشکم توانیان ژیانی خۆیان پێک بهێنن و هاوسەرگیری بکەن و بەختەوەربن. ئێمەش پێشتر لە خانووەیەکی کۆن بووین سووپاس بۆ خوا توانیمان خانویەکی خۆش دروست بکەین بەو پارەی من وبراکانم لە کار دەستمان دەکەوت. لە پۆلی 12 بەهۆی کارەوە دەرنەچووم و وازم لە

خوێندن هێنا و ئاواتی خوێندنم بۆ هەمیشە لە دڵم کوشت و زیاتر کارم دەکرد. بەو شێوە بێ کێشە دەژیاین تا ڕۆژێك باوکم گەرایەوە لامان. نەمدەزانی دڵخۆشبم یان نا. باوکم هاتەوە و گووتی:

- پەشیمانم کە ئێوەم جێهێشتووە.

بەس پەشیمانی تازە لە دوای چی؟ زۆ درەنگ بوو بۆ هەموو شت. بە هاتنەوەی باوکم برینی چەند ساڵەی دایکم کە باوکم دروستی کردبوو سارێژ نابوو بەڵکو زیاتر ئەکولایەوە ئاخر دایکم چۆن باوکم قبوڵ بکاتەوە؟ لە کاتێکا جێیهێشتین و ژنێکیتری هێنا. برا گەورەکەم هەرگیز نەیهێشت باوکم بێتەوە ژیانمان. کۆتا جار کە هەواڵی باوکمم بیست ئەوەبوو کە نەخۆشە. ئەو باوکەی کە ڕۆژێ باوکایەتی بۆ نەکردین و نازی

پێ نەداین و بەهۆی ئەوەوە دایکم بە گریان و خەم و ئازار ئێمەی گەورە کرد بەڕاستی هێشتاش خەمم بۆی ئەخوارد. تەمەنم گەیشتە 20 ساڵ لە ڕێگەی فەیسبووکەوە کچێکم ناسی بە ناوی بنار و سەرەتا هاوڕێ بووین. کچێکی ئاقڵ و جوان و میهرەبان بوو ئینجا دوای ماوەیەک هەستم کرد خۆشم دەوێت بۆیەش داوای خۆشەویستیم لێی کرد و ئەویش ڕازی بوو. زۆر دڵخۆش بووین و منیش زۆرم خۆشدەویست و چەند مانگێك بەیەکەوە بووین. دوای ماوەیەک بنار داواکاری هات و بە منی گووت:

- داوام دێت. پێش ئەوەی ئەوان بێن دەبێ تۆ بێیتە داوام.

منیش دوو برای لە خۆم گەورەترم مابوو ژن بێنن و بێجگە لەوەش من پارەی ژن هێنان و ماڵ و ئاڵتونم نەبوو. بیرم کردەوە

کە نابێ ژیان لە بنار تێک بدەم و دەبێ لێی دووربم. خوا دەزانێ من کەی ژن دێنم و خوا دەزانێ ئەو دەبێتە قسمەتی من یان نا و چەند ساڵیتر بۆ لەسەر من بوەستێ. دوای ئەو چەند ساڵەش ژن بهێنم کێ دەڵێ ماڵەوەیان ئەو دەدەن بە من؟ بەخۆمم دەگوت:

- ئەگەر بە منیان نەدا و ژیانی هەردووکمان تێک چوو، خۆ نابێ دوایی دانیشین بگرین و خەم بخۆین و ئازاری خۆمان بدەین. پێویستە ئەو شوو بکات بەو کەسەی هاتۆتە داوای و دڵخۆشی بکا نەک من ژیانی لێ تێک بدەم.

بۆیە قسەم لەگەڵ بنار کرد و هەموو شتم تێگەیاند و کۆتایم بە هەموو شت هێنا و پێم گووت:

- چاوەڕێی من مەبە با ژیانت بەهۆی منەوە تێک نەچێ.

ئیتر بۆ هەمیشە جیا بووینەوە و ئاگام لێیَ نەما. دوای ماوەیەک کچێکیترم ناسی لە فەیسبوک بە ناوی میهرەبان و لەگەڵ ئەم کچە بووین بە دوو هاورێی زۆر نزیکی یەکتر و هەموو شتمان بە یەک دەووت و هەموو ڕۆژ قسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد. کچێکی باش و میهرەبان بوو لە خۆشەویستیا ناوم لێنابوو میهری. هەمیشە لە ئازارەکانم تێدەگەیشت و دڵی دەدامەوە و قسەی خۆشی بۆ دەکردم تا خەمەکانی رابردوو لە بیر بکەم. زیاتر لە ساڵێك پێکەوە بووین زۆرجار بە تێل قسەمان دەکرد. گەر لەخەت نەبووایە تەواو هەستم بە دڵتەنگی و بێتاقەتی دەکرد. تەواو هۆگری بووم و زۆرم خۆشدەویست بەس لە ناو دڵم هێشتبوومەوە بەهۆی باروودۆخمەوە حەزم نەدەکرد ژیانی لیَ تێک بدەم و هۆگری خۆمی بکەم ئەویش هەمان هەستی بۆ

من هەبوو. ڕۆژێك پێی گووتم خۆشی دەوێم. منیش ڕەتم کردەوە و گووتم:

- هەرهاوریێ دەبین.

هەر چەند منیش خۆشم دەویست بەس ناچاربووم وەک هاوریێ بمێنم لەگەڵی. دوای ساڵێك لە هاورێیەتی ڕۆژە ناخۆشەکە هات ئەو ڕۆژەی هەرگیز لە بیری ناکەم. ئەو ڕۆژەی کە بە تەواوی کۆتایی بە هاوڕێیەتی من و ومیهری هات. میهری گووتی:

- داوام هاتووە و کەسێکی چاکە و بە دڵمە و ماڵەوەش دەڵێن شوو بکە منیش شووی پێ دەکەم.

کە وای ووت چاوم پر بوو لە ئاو زۆر بێتاقەت بووم. هیچم نەگووت، تەنها پێم گووت:

- هیوام دڵخۆشی و بەختەوەریتە.

ئیتر ڕۆی. ئەوە ساڵ و نیوێک زیاتر بەسەری ڕۆیشتووە. دواجار هەواڵیم بیست کە ئێستا دڵخۆشە لەگەڵ مێردی و خەریکە منداڵیان دەبێ. منیش لێرەوە هیوای دڵخۆشی بۆ دەخوازم و یادی لە دڵم تا ئێستا ماوە. بریارم داوە هەرگیز لە ژیانم خۆشەویستی نەکەم چونکە خۆشەویستی بۆ ئێمەی هەژار نابێ. چاوەرێم خوا لە داهاتوو کچێکی باش و میهرەبان و بە ڕەوشت و بە ئیمان بکاتە نسیبم. دەیکەمە خۆشبەخترین کچی دونیا و بە قەد هەموو دونیا نازیشی هەڵدەگرم و لە ئێستاوە ناوی کچەکەشم داناوە کە (بەیان)ـە ئەگەر خوا بیکاتە قسمەتم. کچەکەم و دایکی دەکەمە دڵخۆشترین کەسی دوونیا.

کۆتایی ...



# ئەشـــقێکی نامـــۆ

## چیرۆکی نۆزدەهەم

کاتژمێرە 2ـی شەوە و جگە لە دەنگی ترپەی دڵی من و دەنگی کاتژمێری دیوارەکە هیچ دەنگیتر لەم ژوورە سارد و سرە بوونی نیە. منیش بە دەم خەیاڵی تۆ فرمێسک لەچاوم دێ و دەیسرم و زەردەخەنەیەک دەکەم و دەڵێم(بەڕاستی ژیان ئاوا سەختە؟ ئاخۆ ئێستا دەبێ تۆ چی بکەی و بێ من چۆنی ئەی گشت حاڵی من. هەموو شەو من یادی تۆ دەکەم، ئاخۆ تۆش یادی من دەکەی؟ یاخود هەر لە بیرت نەماوم و سڕاومەتەوە لە ژیان و ئەقڵ و یادی تۆ. نا نا، خۆ نابێت هێندە بێ وەفاش بیت و ئەو ڕۆژانە لە یاد بکەی کە تێیدا پێکەنین وگریاین و تێیدا دڵخۆش بووین وتێیدا خەمبار بووین.)

ئاهێک بۆ گشت ئەو ڕۆژانەی کە ناگەڕێنەوە. خۆزگە دەمتوانی کات بگەڕێنمەوە دواوە و دووبارە بتوانم لەگەڵت بم، بەڵام بە خۆزگە هیچ نابێت و داری خۆزگەش بێ بەرە. ئەوەی لە تۆوە

بۆم مایەوە کۆمەڵێک یادگاری کوشندەیە، کە هەر کاتێک بیانەوێت فڕێم دەدەنە نێو ئامێزی مردنەوە. مردنێك نە دەمکوژێت نەدەهێڵێ بژیم. تەنها هەناسە دەدەم و هیچیتر. هیچ کەسێک ڕۆژی مردنی خۆی نازانێت، بەڵام من هیچ کات ڕۆژی مردنی خۆم بیرناچێتەوە. بڕێک مردن هەیە یەکجار نیە بەڵکو هیچ کاتێک تەواو نابێت و هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبێتەوە. بڕێک مردن هەیە نە ڕۆحت لە جەستە دەردەکات نە دەشهێڵێت بژیت بەڵکو تا هەتایە لە نێوان مردن و زیندووبونەوەدا هەڵت دەواسێت بێ ئەوەی بهێڵێت ژیان بکەیت.

هەندێک جار مرۆڤ لە چرکەیەکدا تەمەنێک دەمرێت. ڕۆژی مردنی من ئەو ڕۆژە بوو کە نە تامەزرۆی دیداری بەهەشت بووم و نەترسیشم لە ئاگری دۆزەخ هەبوو. ئەو ڕۆژە بوو کە

تەواوی ڕەنگەکان مردن و دونیای من بوو بە ڕەش و سپی. ئەو ڕۆژەی کە تێگەیشتم مردن تەنها دەرچوونی ڕوح نیە لە جەستە بەڵکو نەمان و لە دەستدانی ئازیزان مردنێکە هەزاران جار لەڕوح کێشان کوشندەترە. لەو کاتەدا دەرچونی ڕوحم لە جەستەم گەورەترین دیاری بوو خودا پێمی ببەخشێ. سەیرە تەواوی دوێنێ لە قەرەباڵغیدا بووم و دەوروبەرم پڕ بوو لەو مرۆڤانەی کە ژیانێکی ئاسایی و بێخەم دەژیان کەچی لەو قەرەباڵغیەدا من تەنها ترین کەس بووم. لە نهێنی ئەوە تێ ناگەم بۆچی هیچ قەرەباڵغیەک و هیچ شوێنێکی دونیا تۆم لەبیر ناباتەوە؟ نازانم بۆچی هێندە دوریت لێمەوە لە کاتێکدا بەردەوام لە خەیاڵمدایت؟ بۆچی هێندە بیرت دەکەم لە کاتێکدا لە خۆم نزیکتریت لە دڵمەوە؟ یەکەم ڕۆژ ناسینمانت بیرە؟ پۆستێکت کردبوو. گووتبووت:کێشە لە فەیسبووک و ماسنجەرم هەیە و

هەندێك جار بێ هۆ تێک دەچێت. بیرتە کۆمێنتم کرد؟ دوایش هەر بە بۆنەی ئەو پۆستەوە هاتمە چات و یەکمان ناسی. من ئەو ڕۆژەم هەمیشە لە بیرە. ئەگەر توشی نەخۆشی زەهایمەریش بم مەحاڵە ئەو ڕۆژەم بیر بچێتەوە چونکە ڕۆژێکی زۆر خۆش و تایبەت بوو لە لام کە ئەویش ناسین و هاتنی تۆ بوو بۆ ژیانم. دوای ئەوەی کێشەی فیسبووکەکەتمان چارە کرد ئەو ڕۆژە دڵم جیاواز لێی دەدا و لە خۆمەوە دڵخۆشی تەواوی ڕووخسار و دڵمی گرتبوو. بە بێ هۆ هەستم پێی گووتم(ئەم کەسە ئەو کەسەیە کە لەگەڵی دڵخۆش دەبیت و ژیانت پێی دەبەخشێ) دیارە هەستم درۆی لەگەڵ کردووم. ئێستا لێرە نیت و ژیان و دڵم تەواو تەواو خەمبارن. زۆرجار هەستەکانیش درۆ دەکەن. بەڵێ درۆ دەکەن. دوای کارەکان گووتت:

- کاک هەرێم زور سووپاس بۆ یارمەتیەکەت.

منیش گووتم:

- شایەنی نیە و هەر چیت ویست دەتوانی پێم بڵێی یارمەتیت دەدەم.

دوای ئەوەی خوا حافیزیمان لە یەک کرد نازانم بۆ تەواوی ئەو ڕۆژە دڵخۆشبووم و لە خۆمەوە پێئەکەنیم. تەنانەت دایکیشم ئەو دڵخۆشیەی منی بینیبوو دەیگووت:

- خێرە چیبووە؟ بۆ وا پێدەکەنی؟

گووتم:

- هیچ نیە دایە گیان تەنها دڵم خۆشە و تەواو. خۆشم نازانم هۆکاری دڵخۆشیم چیە.

دایکیشم گووتی:

- یاخوا هەر لە خۆشیدا بیت کوری من.

گووتم:

- ئامین سووپاس دایە گیان.

ئای کە دووعای دایکم قەبووڵ نەبوو. بە ڕۆیشتننت هەموو دڵخۆشیەکانت لەگەڵ خۆت برد. من باش نیم. ڕاستگۆیانە بدوێم؟ زۆرێکمان پێویستمان بەوەیە هەندێک جار لوتبەرزی و غرورمان وەلاوە بنێین و تا هێزمان تێدایە بگرین و بڵێین من باش نیم. بەڵێ بگرین. ئێستا من لە ناو جێگاکەم بە بێدەنگی دەگریم. سەرینەکەم تەڕ بووە بە فرمێسک. هەر ئەملا و ئەولا دەکەم، بەڵام خەو هەر نامباتەوە. هەموو شەو ئەوە حاڵی منە. هەمیشە لە نوێژەکانم دووعای ئەوە دەکەم خودا تۆم بۆ بگەڕێنێتەوە و تۆم پێ بدا. لە سەرەتادا ژیان زۆر بە جوانی خۆی بۆ ئێمە نمایش دەکرد. هەردوکمان پێمان وابوو دەبینە

دوو هاوڕێ و دوو هۆکاری باش بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی یەکتر، بەڵام بویت بە برینێک بۆ من کە هیچ ڕۆژگارێک و تێپەڕینی هیچ کاتێک چارەسەری ناکات. بویت بە خەمێک هیچ دڵخۆشیەک کەمی ناکاتەوە. هەڵەم کرد کە پێم وابوو ژیان لە ئازاردانم وەستاوە و بۆ خۆشبەختیم تۆی پێ بەخشیووم. هەست دەکەم بە زۆر هەناسە دەدەم و بێدەنگی ژوورەکە خەریکە دەمخنکێنێ. ئازارەکەم هەندێک جار هێندە سەختە ڕێگەی هەناسەدانیشم لێ دەگرێت. بیرمە ئەو ڕۆژە چووینە ماڵێکەوە بڕیار وا بوو ئیشی کاشیان بۆ بکەین. کاتی کارکردن خاوەن ماڵ و مناڵەکانی لەوێ بوون و لە ناکاو دەنگێك هات و ووتی:

- کوردە!!

ڕێک لە جێگای خۆم ووشک بووم و ئاوڕم دایەوە. ژنی خاوەن ماڵەکە بانگی کچە 8 ساڵانەکەی دەکرد. لەوێش تۆم هاتەوە بیر و کاتی گوێم لە ناوی تۆ بوو برینی دڵم نویێ بویەوە. ئەو ڕۆژەم هاتەوە بیر کاتێ دووبارە چاتت ناردەوە و گووتت:

- سڵاو کاک هەرێم چۆنی باشیت؟

کە وەڵامم دایت، گووتت:

- ببورە دەتوانم کاتت بەرم؟ پرسیارم هەیە لەسەر سناپ ئەگەر بتوانی یارمەتیم بدەی؟

گووتم:

- بەڵێ بە خۆشحاڵیەوە.

ئەو ڕۆژە بە هاتنی نامەکەت بێ ئەوەی سەرەتا بیخوێنمەوە دووبارە دڵخۆشی سەرتاپای جەستەمی گرتەوە. نازانم هۆکار

چی بوو ئاخر خۆ تۆ یەکەم کچ نیت وا قسەت لەگەڵ دەکەم بۆ لەگەڵ تۆ گیانم دەلەرزێ و تەواو تەواو دڵم خۆش دەبێت؟

ئەو ڕۆژە یەکمان ناسی و بووینە هاورێ. بیرتە گووتت:

- ناوم کوردەیە و 18ساڵم.

منیش گووتم:

- منیش ناوم هەرێمە 20 ساڵم.

ئیتر لەو ڕۆژەوە بووینە دوو هاوڕێی نزیکی یەکتر بە جۆرێک نزیک بووین وەک ئەوە وا بوو چەندەها ساڵ، نا بگرە هەزارەها ساڵە هاورێ بین. وای چەندە ڕۆژێکی خۆش بوو. تا ئێوارە گاڵتە و قسەمان دەکرد ئینجا وامان لێ هات هەموو ڕۆژ قسە لەگەڵ یەک بکەین. بەیانی کە لە خەو هەڵساین یەکەم کارمان ئەوە بێت بەیانی باش لەیەک بکەین و هەواڵی یەک بزانین.

ئەزانی تا کاری ئەو ماڵەشم تەواو کرد من بە بینینی ئەو منداڵەی هەمان ناوی تۆی هەبوو دڵخۆش دەبووم و زەردەخەنە ڕووخساری دەگرتم؟

ئەو ڕۆژە ئێوارە هات و گەڕامەوە ماڵ و ڕێک چوومە ژوورەکەم. دایکم بانگی کردم بۆ نانی ئێوارە. منیش گووتم:

- دایە گیان برسیم نیە ماندووم دەمەوێ بخەوم.

دایکم هاتە پێشەوە و گووتی:

- هەرێم گیان ئەم ماوەیە هەست ناکەم باش بیت چی بووە باسی بکە بۆم کوری خۆم. وەک بڵێی شتێك بێتاقەت و بێزاری کردبێتی وا هەمیشە لە ژوورەکەی خۆتی. وەک جاران نایەیتە لای من و باوکیشت دوو قسە و دوو گاڵتە و پێکەنین بکەی.ئاخر چیتە؟

گووتم:

- بڕوا بکە دایە گیان هیچ نیە تەنها هیلاک و ماندوو دەبم لە کارکردن حەز دەکەم لە ژوورەکەم بم و پشوو بدەم وبخەوم.

باش بوو بەم قسانەم دایکم بڕوای هێنا کە باشم. ئەم ماوەیە تەواوی ئەندامانی خێزانەکەم هەستیان بە خراپی حاڵم کردووە. ئەو شەوە بە هۆی هیلاکی و ماندوویێتیەوە، ڕاستی بڵێم بە هۆی ماندوویێتی دڵمەوە خەو بردمیەوە. لە خەومدا تۆ دووبارە لە ماسنجەر نامەت ناردبوو وەک بەیانیەکانیتر دووبارە بەیانی باشت لێ کرد بووم و دووبارە وەک جاران لە هەواڵ و تەندروستیت پرسیم و هەمیشە وەک جاران بە قسە خۆشەکانت پێت دەگووتم:

- هەرێم گیان باش نان بخۆ و لە کاتی کار ئاگات لە خۆت بێت و جلی باش لەبەر بکە با سەرمات نەبێت. لە کاتی کاریش زۆر خۆت ماندوو مەکە ها ئاخر ئەزانی کە هیلاک و ماندوو دەبیت من لێرەوە هەستی پێ دەکەم؟ کە چوویتە هەر ماڵێکیش کچیان هەبوو سەیری کچ نەکەی ئەگینا دەتکوژم.

ئەم قسانەی ڕۆژانەت هەمیشە هێز و باوەریان پێ دەبەخشیم. کاتێك لە خەو بە خەبەر هاتم مۆبایلەکەم هەڵگرت و ماسنجەرەکەم کردەوە تاکو بزانم ڕاستیە یا نا، بەڵام بینیم فایلەکەت ناکرێتەوە. مافی ئەوەشت لێ سەندمەوە بە بێ دەنگی سەیری ناوەکەشت بکەم و دیسانەوە مشتت لە دڵم گرت و بەتوندی پێتدا کێشا وەک ئەوەی بتەوێت ئەمجارەیان هەلا هەلای بکەیت. سەیرم لە دڵڕەقی وهێزت دێت. ڕقم لەم

ڕۆژانەیە کە هێندە بە هێواشی تێدەپەڕن و کۆتاییان نایەت. نا بەڵکو ئەوە تۆیت کۆتایی نایەیت. ئەوەتا چەندین ڕۆژ تێپەڕیوە کە چی تۆ بۆ چرکەیەک لە دڵمدا کاڵ نەبویتەتەوە و لە فکرمدا نەڕۆیشتویت و لە خەیاڵەکانمدا ون نەبویت و بویت بە کابوسی شەوەکانم و شەوێک نیە خەوێکی مەرگ ئاسا نەبینم و بە ئاگا نەیەم. ئای لە نیوە شەوەکانمدا چەند پێویستم پێتە و تۆ بوونت نیە. چەند شەوێک پێش ئێستا خەوێکی تۆقێنەر بەئاگای هێنام. دڵم هەتا هێزی تێدا بوو قیژاندی و بانگتی دەکرد. نازانم ئەو کاتە عەقڵم لەدەستدا بوو یان چی؟ موبایلەکەم هەڵگرت و لەگەڵ ئەوەشی دەمزانی ڕێگری لەسەرە و ناتوانم پەیوەندیت پێوە بکەم کە چی چومە سەر ژمارەکەت و بۆم نوسیت( بلۆکەکەت لابە زۆر کات تاکو ئامێزی مەرگ دەچم ڕەنگە یەکێک لەو کاتانە پێویست بکات نامەیەکت بۆ

بنێرم بۆ ئەوەی نەمرم ) بەڵام نامەکەت پێ نەگەیشت. دڵنیام ئەوەی ئەو شەوە پێیدا تێپەڕیم شێت بوون بوو، چونکە مێشکم تەواو وەستابوو. ڕۆژانێک کە سەرتاپا هی من بویت و تەواوی کاتەکانت بۆ من بوو کە چی ئێستا سەیری ژمارەکەت دەکەم و ناتوانم نامەیەکیشت بۆ بنێرم. نەتدەزانی لەبەر تۆ هەموو مرۆڤەکانم وەلاوە نابوو؟ نەتدەزانی ئێستا هیچ کەسێکم نیە قسەم لەگەڵ بکات؟ چۆن ئاوا بێ خۆتم دەکەیت؟ وەرەوە من هیچ باش نیم زۆر بە خراپیش خراپم و هەر هەناسەیەکم کە هەڵی دەمژم وەک ئەوە وایە ژەهر بچێتە سیەکانمەوە. بیرت دەکەم بە ئەندازەی تەواوی ئەو ئازارانەی کە چەشتومن بیرت دەکەم. بیرکردنێکی کوشندە و خراپ. خۆ تۆ باش دەتزانی لە بێ تۆیدا چیم بەسەر دێت بۆچی فێری پشت بەستن بە خۆتت کردم و دواتریش ڕۆیشتیت؟ لە هەموی سەختتر ئەوەیە کە هیچ

مرۆڤێکی سەر ئەم زەوییە ناتوانێت ئەو بۆشاییەی ناو ناخم پڕ بکاتەوە کە تۆ بە نەبونت دروستت کردووە.

ئەو شەوە من لە خەیاڵی تۆدا بووم و فرمێسکەکانم دەڕژایە سەر مووبایلەکەم و بێ دەسەڵاتانە دانیشتبووم دەگریام. لە ناکاو دایکم لە دەرگای ژوورەکەمی داو گووتی:

- هەرێم هەڵساوی لە خەو؟

منیش بە خێرای فرمێسکەکانم سری و گووتم:

- بەڵێ دایە گیان هەڵساوم.

دایکم هاتە ژوورەکەم و گووتی:

- سالار و احمد و محمدی ئامۆزات هاتوون بۆ لات وا لە خوارەوە چاوەڕێت دەکەن. دەی زوو وەرە بۆ لایان.

گووتم:

- باشە دایە گیان دەست و چاوم دەشۆم و دێم.

دواتر چووم بەخێرهاتنیانم کرد. گووتیان:

- ئەریّ هەرێم بۆ ئاوا دیار نیت و دەنگت نیە. ئەم ماوەیە هەر ناتبینین خۆت وون کردووە.

گووتم:

- بڵێم چی کاکە سالار؟ هەر خەریک ئیش و کارین ئاوا ڕۆژانە بەڕیّ دەکەین.

محمد گووتی:

- هەرێم گیان ئێمە بە تەمایی گەشتێکین. بۆ خۆمان دەچینە پیاسە و جەوێك دەگۆرین و گووتمان با بە تۆش بڵێین تا بێیت لەگەڵمان.

دایکم هاتە پێش و گووتی:

- بەڕاستی شتێکی چاکە هەرێمیش بەڕن با بۆ خۆی جەوێك بگۆڕێ.

منیش گووتم:

- نا نا، من نایەم بەخوا ئیش و کارم زۆرە.

چەند پێداگیریان کرد، بەڵام ڕازی نەبووم چونکە تاقەتی هیچ شتێکم نەبوو. هەر لە سەرەتای هاتنیانەوە ئاواتە خواز بووم چی زووە بڕۆنەوە چونکە جگە لە ژوورەکەم لە هیچ شوێنێکیتری ئەم دونیایە قەرارم نەدەگرت. هەرچەند بینینی ئامۆزاکانم دڵخۆشی کردم، بەڵام هەر زوو لە تەواوی مرۆڤەکان ماندو دەبوم چونکە بەردەوام ناچار بووم بە ڕوویاندا پێبکەنم و خۆم بە باشی نیشان بدەم وەلێ هیچ کامێکیان نەیاندەتوانی لە دڵەوە باشیم پێ ببەخشن. ئێستا ئیتر دڵنیام کە تۆ بە ڕۆیشتنت تەواوی

مرۆڤەکانیتریشت لە دڵمدا کوشت. هەست ناکەیت ستەمێکی چەند گەورەت لێ کردوم؟ ئێستا چۆن دەکرێت تۆ بەم جۆرە ئاوا بێ کەسم بکەیت؟ هەست بە دڵ ڕەقیت ناکەیت و ویژدانت ئازارت نادات؟ هیچ شەوێک لە خەوێکدا نامبینی چۆن ئازار دەچێژم؟ ئیرەیی خەریکە دڵم بوەستێنێت و ترس ناهێڵێت بژیم. دەترسم کاتەکانم ئێستا کەسێکیتر بردبێتی. دەترسم بۆ باش بوونت پەنات بردبێتە بەر کەسێکیتر. تۆ بە جۆرێک بوی بە حەسرەت لە دڵی مندا و بە جۆرێک دڵم بە دواتەوەیە دڵنیام هیچ کەسێک خۆشبەختیت لێ نابینێت و ئاسوودەی لای تۆ نادۆزێتەوە. ئاهی من ناهێڵێت لەگەڵ هیچ کورێکی سەر ئەم هەسارەیە بەختەوەر بیت. دوای ڕۆیشتنی ئامۆزاکانم گەڕامەوە ژوورەکەم و دووبارە یادی تۆم بیرهاتەوە.

ئەو ڕۆژەم بیر هاتەوە کە داوای خۆشەویستیم لێت کرد و گووتم:

- کوردە گیان دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم.

گووتت:

- فەرموو بیڵێ.

گووتم:

- سەرەتا ئەم قسانەی دەیڵێم گشتی ڕاستیە و هیچی درۆ نیە. چەندەها شەو بیرم لەم قسانە کردۆتەوە. کوردە لەو ڕۆژەوەی کە تۆم ناسی من تەواو تەواو گۆڕاوم بە جۆرێك خۆشم خۆم ناناسمەوە و هەرێمی پێشوو نیم و خەو و خۆراکم نەماوە بە هۆی بیرکردنەوە لە تۆ. خۆت دەزانی ئەوە چوار بۆ پێنج مانگە هاورێی.ن هەردووکمان باش

یەک دەناسین و شارەزای شتی یەکین. کوردە دەمەوێت ڕاستیت پێی بلێم من نامەوێ چیتر هاوڕێ بین بەڵکو دەمەوێ ببین بە خۆشەویستی یەک و ببین بە تەواوکەری یەک لە خۆشی و ناخۆشی و خەمەکان. من دەمەوێ تا ئەبەد لەگەڵم بیت و بۆ ئەبەد لە ژیانم بیت. زۆرم خۆشدەوێیت بە جۆرێک کە ناتوانم باسی بکەم.

کوردە وەڵامی نەدایەوە. منیش گووتم:

- کوردە بۆچی بێدەنگی شتێك بڵێ؟ ئەگەر ڕازی نیت ئاسایە من ئێستا لێت دووردەکەومەوە.

کوردە گووتی:

- چی بڵێم هەرێم گیان؟ منیش لەوەتەی تۆم ناسیەوە تەواو ژیانم گۆڕاوە بەردەوام بیرم لای تۆیە. ماوەی پێنج مانگە

دەتناسم کەسێکی زور چاکی و هیچ هەڵەت بەرامبەرم نەکردووە و تا ئێستاش داوای وێنەت لێ نەکردووم و منت نەبینیوە.

هەرێم:

- ڕاستە من تۆم نەبینیوە. بڕوا بکە کوردە گیان من ئاشقی دڵ و میهرەبانیت و باشیت بووم نەک ڕووخسار و جەستەت.

کوردە:

- ئەوە دەزانم هەرێم گیان بەس من لە شارێك و تۆ لە شارێکیتر زۆر دەترسم ماڵەوەمان ڕازی نەبن من بدەن بە تۆ و دواتر هەردووکمان دڵمان دەشکێ. من لە ژیانم خۆشەویستیم نەکردووە و وەک بیستوومە کاتێ ئاشقەکان

بۆ یەک نابن و ئاوا هەردووکیان تەواو وێران دەبن و دەشکێن. دەترسم وامان لێ بێت ئێمەش.

هەرێم:

- نەخێر کوردە گیان ئێمە وامان لێ نایەت. ئێمە بە پاکی یەکمان خۆشدەوێت و ئاشقی یەک دەبین. خوداش یارمەتی ئەوانە دەدا کە بە پاکی یەکیان خۆشدەووێت.

کوردە:

- بڵێم چی هەرێم گیان؟ مۆڵەتم بدە با چەند ڕۆژێك بیری لێ بکەمەوە ئەو کات وەڵامت دەدەمەوە.

هەرێم:

- باشە گیانەکەم چەندت پێ خۆش بوو بیری لێ بکەوە من چاوەڕێی وەڵامی تۆ دەکەم.

دوای چەند ڕۆژێك کاتێ وەڵامی منت دایەوە و گووتت ڕازیم، سەرتاپای جەستەم لە خۆشیا پێدەکەنی. تۆ گووتت:

- مەرجێکم هەیە. با خۆشەویستیەکەی ئێمە جیاواز بێت لە خۆشەویستی کەسەکانیتر. ئەوەی ئێمە با پاک و بێگەرد بێت. با ئاشقی جوانی و پارە نەبین. من و تۆ دوو ساڵ با یەک نەبینین نە بە وێنە یان کامێرا و با گوێمان لە دەنگی یەکیش نەبێت نە بە تێل نە بە ڤۆیس. با ئێمە ئاشقی دڵی یەک ببین. دوای ئەو دوو ساڵە ئەگەر پێکەوە ماین ئەوە ئەو کاتە یەک دەبینین و گوێمان لە دەنگی یەک دەبێت

منیش بێ بیرکردنەوە ڕازی بووم چونکە من ئاشقت بووم. گوێم لێ نەبوو ئەگەر نەتبینم. هەر وەک سەرەتا کە بەڵێنمان دا هەر واشمان کرد. هەموو بەیانیان بەیانی باشمان لە یەک دەکرد و لە

تەندرووستی یەکمان دەپرسی و ئامۆژگاری یەکمان دەکرد و شەوان پێش خەوتن پێکەوە قورئانمان دەخوێند. تۆ وێنەی پەڕەی قورئانەکەت بۆ دەناردم بەیەکەوە دەمانخوێند ئینجا دەخەوتین. ئەو ڕۆژانەی نەخۆش بوومایە هەموو ڕۆژەکە لێت دەپرسیم و هەمیشە بیرت دەهێنامەوە دەرمانەکانم بخۆم و بە باشیش نان بخۆم تا زوو باشبمەوە. هەمیشە دەتگووت بە باشی وانەکان بخوێنم و دوور بکەومەوە لە هاوڕێی خراپ. هەمیشە کاتی نوێژەکانت دەهێنایەوە بیرم و زیکرەکانت دەنارد تا پێکەوە بیخوێنین. وای چەند خۆشبوو ئەو ڕۆژانە لەگەڵ تۆ. ئەم هۆکارانە وای کرد زیاتر ئاشقت بم و هۆگرت بم و ئاشقی دڵە جوان و پاکەکەت بم کە هەمیشە منی بۆ لای خوا بانگ دەکرد. ئەو ڕۆژانە چەند زوو تێپەری خۆزگە بە گەڕانەوەی ئەو ڕۆژانە

دەخوازم. دوای دوو ساڵ لە خۆشەویستی نێوانمان، بیرتە ئەو ڕۆژەی وێنەی خۆتت نارد و گووتت:

- ئەوە خۆمم.

ڕێک شۆک بووم چونکە جوانیت وەک میهرەبانیت بوو ڕێک لە فریشتە دەچوویت. هەزار جار گووتم ماشاء الله.

دڵخۆشبووم بۆ یەکەمجار دوای دوو ساڵ توانیم بتبینم. کچێکی سپی پێستی لاواز بووی. چاوێکی شینی کاڵی ئاسمانی لەگەڵ ڕوومەتانێکی چاڵ هەر وەك فریشتە وابووی. ئیتر منیش وێنەی خۆم نارد. هەر چەن وەک تۆ جوان نەبووم، بەڵام تۆش منت زۆر بە دڵ بوو. ئێمە ئاشقی دڵی یەک بووین نەک جوانی.

هەناسەم تەنگ بوو چونکە زۆرم گێڕایەوە. ڕامکردە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەم ویستم کەمێك هەوا هەڵمژم و ڕزگارم بێت لەم بیرکردنەوانەی خەریکە دەمخنکێنێ. کاتێك پەنجەرەکەم کردەوە دوو چۆلەکەم بینی. ئەوەندە جوان بوون پێکەوە وەک دوو ئاشق دەردەکەوتن. منیش بە دەم سەیرکردنیان زەردەخەنە کەوتە سەر لێوانم. لە ناکاو یەکێکیان هەڵفڕی و ئەویتری جێهێشت. چۆلەکەی تەنها کەوتوو دەیچریکاند و بە دوایدا ڕایکرد، بەڵام ئەوەیتر بەتەواوی ڕۆی و جیهێشت. منیش خەمگین بووم و ڕۆیشتنی تۆم هاتەوە بیر. ئەو ڕۆژەی بە ژمارەیەکی نەناسراوەوە تێلم بۆ هات. کاتێك وەڵامم دا، گووتت:

- هەرێم من کوردەم.

هەرێم:

- گیان، کوردە گیان چۆنی؟

کوردە:

- خراپم زۆریش خراپم.

هەرێم:

- چیبووە؟ دەنگت باش نایەت. بۆ خراپی چیبووە؟ بۆ دەگری دڵەکەم؟

کوردە:

- ماڵەوەمان بە نێوانی من و تۆیان زانیوە. تەواو هەموو شت تەواو.

هەرێم:

- چی؟ چۆن تەواو؟ واتا چۆن زانیان؟ توخوا تۆ بۆم باس بکە و مەگری.

کوردە:

- هەرێم کاتم نیە گشتیت بۆ باس بکەم. سارای خوشکم چاتەکانی من و تۆی دیبوو هەرەشەی لێ کردم تا لێت دوورکەومەوە منیش بە قسەم نەکرد. ئیتر چوو بە دایکمی ووت منیش ناچار بووم تۆ بلۆک بکەم و دایکم موبایلی لێ سەندم و گووتی(بۆت نیە جارێکیتر قسە لەگەڵ ئەو کورە بکەیتەوە) ئەمەش مۆبایلی هاورێکەمە. دایکمم زۆر لێم تورە بوو زۆری قسە پێ گووتم. گووتی(ئەگەر بچیتەوە لای ئەو کورە، ئەوە بە باوکت دەڵێم) گەر باوکم بزانێت قیامەت هەڵدەستێنێ با ئازار بە تۆش نەگەیەنن.

هەرێم گیان لێم دوورکەوە و بۆ ئەبەد بچۆ بە لای ژیانی خۆتەوە ئیتر بۆخۆت دڵخۆش بژی و من لە بیر بکە. زۆر زۆر داوای لێبووردن دەکەم تۆ زۆر ڕاستگۆیانە منت خۆشویست و لەگەڵم بوویت، بەڵام بەداخەوە دوو ڕێگای جیاواز و دوو ژیانی جیاوازمان هەیە. پێکەوە لە دوونیاکەیتر یەک دەبینینەوە. ماڵئاوا بۆ ئەبەد.

هەرێم:

- ئەلوو، ئەلوو، کوردە، نا توخوا نابێت شتی وا ڕوودات. نابێت تۆ بڕۆی نابێت ماڵئاوای نابێت. من ناتوانم بێ تۆ بژیم. ناتوانم نا، من دەمرم. وەڵامی ئەو تەلەفۆنە بدەرەوە. کوردە ئەلوو، بۆ داخراوە؟ بە نەفرەت بیت هەموو شت بە نەفرەت بێت.

لە ناکاو ڕاچەڵەکیم. دایکم هاتە ژوورەکەم و گووتی:

- هەرێم گیان!!

هەرێم:

- گیان دایکە.

دایکی هەرێم:

- ڕاستی کوڕم هاتووم باسی مەسەلەیەکت لەگەڵ بکەم.

هەرێم:

- فەرموو دایە گیان گوێم لێتە.

دایکی هەرێم:

- کوڕم خۆت دەزانی ئیتر گەورە بوویتە. کوڕیش گەورە بوو ئیتر پێویستە ماڵ و حاڵ و ژیانی خۆی بدۆزێتەوە. دەمەوێ

سۆمای ئامۆزات بۆ بێنم. تۆ ڕات چیە کوڕم؟ خۆت دەزانی ئێوە لە منداڵیەوە پێکەوەن و ئامۆزای خۆتە و کچێکی جوان و باش و ئاقڵ و تێگەیشتووە.

هەرێم:

- ئەوە چی دەڵێی دایە؟ من سۆمام هەر وەک خوشکی خۆم سەیر کردووە. ناتوانم بیکەمە هاوسەرم. توخوا دایە لێت دەپاڕێمەوە ئەو بابەتە با داخەین. من جارێ نامەوێ ژن بێنم.

دایکی هەرێم:

- باشە کوڕەکەم من زۆرت لێ ناکەم، بەس ئەی خۆت هیچ کچت داناوە بۆ خۆت؟

تەزوو بە گیانما هات و چاوم پڕ ئاو بوو. گووتم:

- نەخێر دایە گیان هیچ کچێك نیە لە ژیانم

دایکی هەرێم:

- دەی تۆش کچێك بدۆزەوە با بیکەمە بووکی خۆم. ئای منیش حەز دەکەم وەک خەڵکی بوکم هەبێت.

زەردەخەنەیەکی درۆینانەم کرد و گووتم:

- بە چاوان دایە گیان. کچی جوان جوانت بۆ ئەدۆزمەوە بۆ ئەوەی ببێتە بووکت.

دایکی هەرێم:

- دەی کوڕە جوانەکەم من دەچم خەریک خواردن دەبم بۆ نیوەڕۆ. بریانی و فاسۆڵیا دروست دەکەم ئەو خواردنەی کە تۆ حەزت لێیەتی.

هەرێم:

- دەست و چاوت خۆشبی دایە گیان. بەردیش بەدەستی تۆ خۆش دەرەچێت دڵنیابە.

ئیتر دایکم ڕۆیشت و دووبارە بێتاقەتی کەوتەوە ڕووخسارم. ئەو ڕوژە پێش ئەوەی تێلم بۆ بکەی و بڵێی جیا دەبینەوە من سووپرایزم بۆت هەبوو. ئەویش ئەوە بوو دەمگووت( دێمە داوات قسە لەگەڵ ماڵەوەتان بکە. هاتم پێت بڵێم بەڵێنەکەم دەبەمە سەر و دەتکەمە شاژنی خۆم وبووکی دایکم) من چوزانم ئەو هەواڵە ناخۆش و بڕ ژانە بە من دەگات و ژیان تۆم لیَ دەبات.

ئەو ڕۆژە دوای چەند خولەکێك تێلێکم بۆهات. وەڵامم دا. گووتی:

- سڵاو.

هەرێم:

- سڵاو فەرموو.

نازە:

- سڵاو کاک هەرێم. من نازەم هاوڕێی کوردەم.

هەرێم:

- چی؟ هاوڕێی کوردەی؟ توخوا پێم بڵێ کوردە چۆنە؟ ئەو باشە توخوا؟ پێم بڵێ

نازە:

- بڵێم چی کاک هەرێم؟ ماڵەوەیان گشتیان زانیان پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ تۆ هەبووە بۆیە باوکی مۆبایلی لێی سەند و زۆری لێدا. وای زانیوە شەرەفی خێزانەکەیانی بردووە و جارێکیتر ڕێگە نادەن مۆبایل بەکاربێنێتەوە.

هەرێم:

- چیی؟ واتا لێیان داوە؟ هەمووی بەهۆی منەوە وا ئازاریان داوە قەت لە خۆم خۆش نابم. بە هۆی من ئازار دەخوا. توخوا، ژمارەی ماڵەوەیانم پێ بدە دەمەوێ قسە لەگەڵ ماڵەوەیان بکەم باسی هەموو شتیان بۆ دەکەم و دەچمە داوای.

نازە:

- نا. نەخێر هەرگیز شتی وانەکەی. تۆ خێزانی ئەو ناناسی و هێشتا باوکیت نەناسیووە. ئەو ئێستا ئەوەنە ڕقی لە تۆیە سوێندی خواردووە هەرگیز کوردە بە تۆ نەدا بۆیە من هاتووم پێت بڵێم کە شتێك نەکەی ژیانی خۆت و کوردە بخەیتە مەترسیەوە. پێویستە ماوەیەک دوور بن لە یەک تا

ڕۆژی خۆی دێت و کوردە خۆی تێل و نامەت بۆ دەنێرێ. سەیرکە پێت دەڵێمەوە کاک هەرێم، شتێك مەکە ئازار بە خۆت یان کوردە بگات. باوکی کوردە بزانێت دەتکوژێ دڵنیابە. ئەمە قسەی کوردە بوو، پێت بڵێم ئاگات لە خۆت بێت و خەریک ژیانی خۆت بیت و دڵخۆش بیت و هیچ نەکەی. بیدەرە دەست خودا ئەگەر خوا نووسیبێتی بۆ هەمیشە پێکەوە دەبن و بە یەک دەگەن.

هەرێم:

- باشە تەواو هیچ ناکەم. توخوا باش ئاگات لە کوردە بێت نازە خان. سەرەتا ئامانەتی خودا و دواتر ئامانەتی تۆی دەکەم. پێی بڵێ من هیچ ناکەم دڵنیابە دووعا دەکەم و

دەیدەمە دەست خودا. دڵنیام خوا جێم ناهێڵێ و نائومێدم ناکات.

نازە:

- زۆر چاکە دەی خوا حافیز.

هەرێم:

- خوات لەگەڵ خووشک.

من کۆتایی بە چیرۆکەکەم ناهێنم چونکە هەموو شتم داوەتە دەست خودا ئەگەر خوا نووسیبێتی کوردە بۆ من بێت دڵنیام هیچ شتێك و هیچ کەسێك ناتوانی ڕێگری بکات بۆیە من چاوەڕێی ئەو موعجیزەیەم کە دڵنیام خوا دڵم ناشکێنی و مووژدەی دڵخۆشیم پێ دەدا. پەیامم بۆ ئەو خێزانە: بەداخەوە

دوو ئاشق لە یەک دەکەن بە بیانووی شەڕەف لە کاتێکا بەڕاستی و بە پاکی یەکیان خۆشدەوێت و ئاشقی یەکن. دوو دڵ دەشکێنن وا دەزانن خۆشەویستی تاوان و گوناحە. نا بەڵکو ئەوە تاوان و گوناحە کە دوو ئاشق لەیەک دەکەن. دڵنیابن قەد کچەکانتان دڵخۆش نابێت ئەگەر دڵی لای کەسێك بێت و جەستەی لای کەسێکیتر بێت.

کۆتایی



# گــــومـــــان

## چیرۆکی بیستەم

من و هێشوو هاوڕێی یەك شار و یەك گەڕەك بووین. هەر لە منداڵییەوە وەك منداڵەکانیتر پێکەوە یاریمان دەکرد و دوایش پێکەوە چووینە قوتابخانە. هەر لە قوتابخانەش پێکەوە بووین و لەسەر یەك ڕەحلە دادەنیشتین و هەر دەچووینە ماڵی یەکتریش پێکەوە وانەمان دەخوێند و هاوڕێییتیمان ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتر دەبوو. وامان لێ هاتبوو ئێمە لە بێدەنگیەکانی یەکتریش تێدەگەیشتین. زۆرجار بێ ئەوەی هێشوو بۆم باس بکا و قسە بکا، ڕێك لە بێدەنگیەکەیەوە دەمزانی شتێك بووە و بێتاقەتە. هەمیشە خۆشی و ناخۆشیەکانمان بەیەك دەوت و پێکەوە کێشەکانمان چارەسەر دەکرد. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی ئامادەیشمان پێکەوە بەسەر برد و گەیشتینە پۆلی دوانزە. ئیتر بڕیارماندا کاتەکانمان بە فیڕۆ نەدەین تاکو بە خەون و

ئاواتەکانی دڵمان بگەین. ئەو کوڕێکی ئامۆزای هەبوو بە ناوی دانا هەمان تەمەنی ئێمە بوو پۆلی 12 بوو. زۆر جار دەهاتە ماڵی هێشوو پێکەوە لەگەڵ هێشوو دەرسیان دەخوێند بۆیە منیش وام پێ باشبوو خۆم بە تەنها دەرس بخوێنم بەس ئەگەر دەرسێکمان نەزانیایە یان تاقیکردنەوەیەکی گرانمان هەبووایە ئەو کاتە دەچووینە لای یەک و پێکەوە دەرسمان دەخوێند، بەڵام هەرگیز هاورێتیەکەمان کۆتایی نەهاتبوو. لە قوتابخانەش یەک خولەك لە یەکتر دوورناکەوتینەوە. لەگەڵ هێشوو زۆر بەسەرکەوتویی پۆلی دوانزەمان بڕی. من ناوم لە کۆلێژی یاسا هاتەوە ئەو بەشەی زۆر حەزم پێی بوو. ئەویش ناوی لە بەشی ئینگلیزی هاتەوە کە خۆی حەزی لێ بوو. هێشوو کچێکی زۆر جوان بوو باڵایەکی بەرز و قژێکی درێژ و ڕەش و خاوی هەبوو. کە پێدەکەنی ڕوومەتی سپی چاڵ ئەبوو. ئەوەندە جوان

بوو هەر حەزت دەکرد سەیری بکەی. کاتێك پێدەکەنی قژە خاوەکەی بەسەر شانیا بڵاو دەبوویەوە زۆر جوان بوو. دووبارە لە زانکۆش هەمیشە پێکەوە بووین. ڕۆژی واهەبوو ئەو ئەهاتە بەشەکەی من و لە محازەڕەکە لەگەڵم دەبوو. هەردووکمان بەژداری محازەڕەی یەکمان دەکرد. ئیتر ڕۆژەکان تێپەڕین و بێ کێشە بووین تا ئەو ڕۆژەی هات و محازەرەمان تەواو بوو ویستمان من وهێشوو بچین بۆ کافتریا. کوڕێك هەبوو ناوی سالار بوو. لە ڕێگەدا خۆی بە هێشووی هاورێمدا کێشا و دوای ئەوە داوای لێبووردنیان لە یەکتر کرد و من و هێشوش زۆر گوێمان پێی نەدا و ڕێگای خۆمان گرتە بەر و چووینە کافتریا دانیشتین. کاتێ چووینە ماڵەوە و شەو داهات هێشوو لە ماسنجەر چاتی بۆم نارد و گووتی:

- ئەها ئەو کورەی ئەمڕۆ خۆی پیاکێشام، چاتی ناردووە و داوای لێبووردن دەکات. منیش پێم گووت( ئاساییە خۆ بە ئەنقەست نەبووە. منیش خێرا دەڕۆیشتم بۆیە ئەو شتە ڕوویدا منیش داوای لێبوردنت لێدەکەم.)

بەو قسەیەی هێشوو شۆک بووم ئاخر چۆن سالار فەیسبووکی هێشووی هاورێمی دۆزیوەتەوە؟ گووتم:

- بپرسە بڵێ چۆن فیسبووکی تۆی دۆزیەوەتەوە؟

سالار وەڵامی دابویەوە و گووتبووی:

- دەزانم تۆ هاورێی شۆخان خانیت. جا لە ماسنجەر گرووپمان هەیە تایبەت بە خوێندن لەوێ فەیسبووک شۆخانم دۆزیەوە و چوومە ناو پۆستەکانی. بینیم تۆ لایک

و کۆمێنتت بۆ کردبوو بۆیە وویستم نامە بنێرم و داوای لێبووردن بکەم.

بە هێشووم گووت:

- کچێ هێشوو کوڕی زانکۆ زۆر جێگای متمانە و سیقە نین با توشی کێشەمان نەکەن خۆ ئێمە ئەوان ناناسین. خۆت دەزانی ئێمە مەرحەلە یەکین با لە ئێستاوە ناومان بە خراپ و ناشرین نەڕوات.

ئیتر من ئەم قسانەم بۆ هێشوو دەکرد ئەویش گووتی:

- نا،نا کچێ خەمت نەبێت شۆخان گیان من قسەی لەگەڵ ناکەمەوە. ئەگەر ئەمجارە چاتی نارد ڕێک بلۆکی دەکەم.

گووتم:

- ئیتر خۆت باشتر دەزانی هێشوو گیان.

ئیتر دوو مانگ تێپەری و لە تاقی کردنەوە نزیک بووینەوە. ئیتر زۆر کەمتر هێشووم دەبینی چونکە لە زانکۆ لە بەشەکەی خۆی خەریکی تاقیکردنەوە بوو. منیش بە هەمان شێوەیە بۆیە کات و مەجال نەما بوو زوو یەکتر ببینین. دوای چەند ڕۆژێك هێشوو چاتی نارد گووتی:

- شۆخە بەیانی گەیشتینە زانکۆ شتێکی گرنگ هەیە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەین.

گووتم:

- بە چات بیڵێ.

گووتی:

- بە چات ناوترێت کە ڕۆیشتینەوە زانکۆ ڕوبەروو پێت دەڵێم.

گووتم:

- باشە خێربێت ان شاء الله.

ئیتر بۆ بەیانیەکەی ڕۆیشتینە زانکۆ گووتم:

- بڵێ هێشوو گیان چیبووە؟

گووتی:

- شۆخە گیان خۆت دەزانی لە منداڵیەوە هاورێین و قەت شتت لێ ناشارمەوە.

گووتم:

- ئێ وایە.

گووتی:

- سالار داوای هاوسەرگیری لێم کردووە.

سەرەتا بەو قسەیە شۆک بووم گووتم:

- هاوسەرگیری چی؟! بۆ مەگەر ئێوە یەکتر دەناسن؟ ئێوە قسەتان دەکرد پێکەوە من نەمزانی بوو؟

گووتی:

- نامەوێ لێت بشارمەوە ڕاستیت پێ دەڵێم. سالار خۆی چاتی بۆم ناردەوە دوای هەفتەیەک. ئیتر بووین بە هاورێ و ئاوای بەسەرهات. خۆت سەیری چاتەکان بکە بزانە چیمان ووتوە؟

ئیتر چاتەکانم بینی. ئەوەی سالار بۆی نووسی بوو پڕ بوو لە ووشەی جوانی خۆشەویستی و ئەشق بە جۆرێك زۆر جوان خۆشەویستی بۆ دەربڕی بوو.

گووتم:

- جا هێشوو تۆ بڵێی ڕاست بکات ئەم کورە؟ ئا وەرە بابیدۆزینەوە دوو قسەی لەگەڵ بکەم. وەڵاهی بزانم درۆ دەکات ڕێک دەیکەمە فیلم لەم زانکۆیە. با هەرچی تەلەبەی ئێرەش هەیە سەیری فیلمەکە بکەن.

هێشووش گووتی:

- کچی شۆخە عەیبە هیچ نەکەی.

گووتم:

- ئێ هیچ ناکەم تەنها قسەی لەگەڵ دەکەم بەس بزانم پێت ڕادەبوێرێت یان نا.

ئیتر کاک سالارم بینی لەگەڵ هاورێیەکی بوو گووتم:

- بە یارمەتیت کاک سالار کاتت هەیە دوو قسە بکەین؟

ئیتر پێکەوە سێ قۆڵی زۆرمان قسە کرد و ئەویش باسی خۆشەویستی خۆی سەبارەت بە هێشوو بۆم باس کردم. گووتی:

- کە خۆی پیاکێشا ئەو ڕۆژە تەنها بیانوویەک بوو بۆ ئەوەی ئەو بناسێ. دوای چاتی بۆ نارد ببێتە هاورێی.

هەروەها گووتی:

- لەوەتەی هێشووم بینیوە من بە دڵ ئاشقی بووم. بڕوا بکەن مەبەست و نیازم خراپ نەبووە بۆیە ئێستاش داوای هاوسەرگیری لێدەکەم. من لە یەکەم بینین ئاشقی هێشوو بووم وەڵاهی بە خۆشیم گووتووە من بەنیازی هاوسەرگیری لەگەڵیم و هەرکات بیەوێ من دێمە داوای.

گووتم:

- زۆر باشە کاک سالار ئێستاکە دەزانم نیازت پاکە و مەبەستت زەواجە کەواتە دواخستنی ناوێ. من قسە لەگەڵ ماڵەوەیان دەکەم و ئێوەش لەگەڵ ماڵەوەتان قسە بکەن. ڕۆژێك دیاری دەکەین و ئێوە وەرنە پێشەوە.

کاك سالار زۆر خۆشحاڵ بوو گووتی:

- ئێوە چۆنتان پێ باشە و ماڵەوەی هێشووش چیان پێ باش بوو، ئەوا منیش وا دەکەم.

لە قسەکان و هەڵسوکەوتی دیار بوو تا چ ڕادەیەك ئاشقی هێشوو بوو بەڕاستی و لە ناخی دڵەوە خۆشی دەویست. ئیتر ئەو ڕۆژە خواحافیزیمان لە کاک سالار کرد. دوای هێشوو هاتە لام و گووتی:

- شۆخە چی دەڵێی؟ سالارت پێ چۆنە ؟ بەدڵتە؟

منیش بە گاڵتەوە گووتم:

- بە دڵ بوونی چی خۆ من شووی پێ ناکەم. خانم تۆ شووی پێ دەکەی تۆ چی دەڵێی بە دڵتە؟

گووتی:

- واللە نازانم کوڕێکی چاکە.

گووتم:

- ئێ ؟

گووتی:

- جوانیشە.

گووتم:

- ئێ چیتر؟

گووتی:

- تا خوا حەز دەکا سەرەنج ڕاکێش و قۆزیشە.

منیش بە تەوسێکەوە لێی تورە بووم و گووتم: حەی حەی، دوو مانگە بۆ خۆتان ڕێک کەوتون تازە دێیت بە من دەڵێیت و دەڵێیت چۆنە؟ خۆت باشتر لە من هەڵت سەنگاندووە ئیتر بۆ لە من دەپرسی؟ فەقەت ئێستا ترسی من ئەوەیە ئەو سالارە ناشرینە تۆ لە من دەبات. پێم ناخۆشە ها، بەڵام پێشم خۆشە بە خۆشەویستی دڵی خۆت دەگەی.

ئیتر هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ هێشوو چووینە لای چەن هاوڕێیەکی سالار. کورەکان هەر لە بەشی خۆمان بوون. یەکیان ناوی کاروان بوو هاوریێ منداڵی سالار بوو. گووتی:

- سالار لە منداڵیەوە دەناسم و تا ئێستا لەگەڵ هیچ کچێك نەبووە. ئێمەی هاوڕێی سالاریش هەمووومان ئاگاداری ئەو ئەشقە بێ کۆتاییەین کە بەرامبەر بە هێشوو خان هەیەتی. بەڕاستی خۆشی دەوێ و لە دڵەوە ئاشقیەتی.

ئیتر ئێمەش دڵنیابووینەوە کە سالار بەڕاستیەتی. لەگەڵ چەند کەسێکیدیکەش کە قسەمان کرد، هەمووی بە چاکە باسیان لێ دەکرد. هەمووی دەیانگووت کە چەند کوڕێکی باشە و ئاگاداری ئەوە هەن کە چەندە هێشووی خۆش دەوێ بۆیە ئێمەش تەواو بڕوامان پێ کرد و متمانەی تەواومان پێی کرد. ئیتر گەڕاینەوە بەرەو مالەوە لەگەڵ هێشوو. ئێوارە چووم بۆ لای دایکی هێشوو تاوەکو بابەتەکەی بۆ باس بکەم. لەگەڵ هێشوو وێنەیەکی سالارمان لە فەیسبووک دەرکرد و نیشانی دایکیماندا.

واللە دایکی هێشووش گووتی:

- زۆر جوانە و بەدڵمانە. خوا دەکا ئەوان بە یەکەوە دڵیان خۆش دەبێ ئێمە هیچ کێشەمان نیە.

دایکی گووتی:

- ئێ باشە با باوکی بێتەوە بۆی باس دەکەین و قسەی لەسەر دەکەین و پرسیاری خۆی و خێزانی دەکەین بزانین کەسێکی چۆنن؟ گەر بەڕاستی هێشووش خۆی بە دڵی بێت و قسمەت بێت، کێشە نابێت ان شاء اللە بە یەك ئەگەن.

منیش بەڕاستی دڵخۆشبووم بە قسەکانی دایکی هێشوو کەسێکی تێگەیشتوو بوو. دوای ئەوەی بنەماڵەی هێشوو هەموو پرسیارێکیان کردبوو هەردوو خێزان یەکیان بە دڵ بوو بۆیە

ڕازی بوون هێشوو و سالار مارەبڕین بکرێن. منیش وەکو هاوڕێیەك زۆر بەوە دڵخۆش بووم هێشووی هاوڕێم چەندە دڵخۆشە کە بە ئاواتی دڵی خۆی دەگات و لەگەڵ خۆشەویستەکەی هاوسەرگیری دەکات. بەڕاستی بووك و زاوایەکی زۆر زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوون و زۆر لە یەکتر دەهاتنەوە. ئیتر بڕیار وادرا دوای تەواو کردنی زانکۆ ئاهەنگی گواستنەوە ئەنجام بدەن. ماوەی دەستگیراندارییەکەیان زۆر زۆر دڵخۆشبوون و هەمیشە پێکەنین لەسەر لێویان بوو هەمیشەش پێکەوە بوون لە زانکۆ. ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستی و ئەشقەکەیان جوانترو گەورەتر و ڕازاوەتر دەبوو. ئەوەندە جوان بوون پێکەوە زۆر کەس لەزانکۆ حەسوودی پێ دەبردن. زۆر جار دەچوومە لایان بۆ خۆشی و بۆ گاڵتە دەمگووت:

- ئاخ سالار! چۆن هێشووت لێی بردم و سینگڵت کردم. هەر هێشووم هەبوو کەپڵم بوو تۆش ئەوت لێ بردم.

هێشووش پێکەنی و گووتی:

- وانیە شۆخە گیان هەر هاورێتم.

بە گاڵتەوە گووتم:

- تۆ هەر ووس بە خیانەتکار. تۆ خیانەتکار دەرچوویت و خیانەت لە خوێنتدایە. ئێستا دەستگیرانت دۆزیەوە هەر منت بیر نەماوە. ناڵێی شۆخە ماوی؟ مردووی؟ ئەوە خەریکی چیت؟ چی ناکەیت؟

هەر بۆ خۆشی و گاڵتە ئەو قسانەمان دەکرد. کە ئەو دوانەم ئاوا دڵخۆش دەبینی بەڕاستی زۆر دڵخۆش دەبووم. هەندێك جار لە یەک تورە دەبوون بانگی منیان دەکرد تاکو ئاشتیان بکەمەوە.

دەیانگووت(تۆ دەبیتە پارێزەر. ئێستا وەرە ببە پارێزەرمان و ئاشتمان بکەرەوە.) جا هەر نازیان دەکرد بەسەر یەکا تا ئاشت دەبوونەوە. دوای ماوەیەك لە دەستگیرانداری هێشوو لەگەڵ سالار چوونە ژیانی هاوبەشی خۆیانەوە. بەڕاستی دوو دانە خۆشەویستی بەختەوەر بوون و ماڵەکەیان پڕ بوو لە خۆشەویستی و سۆز و ئەشق. ڕووناکیەك کە ئەو ئەشقە خستبوویە ئەو ماڵەوە لە هیچ شوێنێکیتر بەدی نەدەکرا. هێشوو دەگیووت(هەمیشە لەوە دەترسم کە ئەم خۆشەویستیەی نێوان من و سالار بە چاو بچێ. کەسانی چاوپیس هەبن و بە چاووەمان بکەن و ژیانما تێك بدەن.)

ماوەیەکی زۆر لە ژیانی هاوسەرگیری ئەو دووانە تێپەڕی و هەموو کەسێك هەستی بە بەختەوەری هێشوو دەکرد و ئاواتی بۆ دەخواست. هەر کاتێکیش من دەچوومە لایان باسی

خەونەکانی داهاتووی خۆیان بۆ دەکردم. باسی ئەوەیان دەکرد کە دوای ئەوەی کە زانکۆیان تەواو کرد خەریکی چ ئیش و کارێك دەبن، چەند منداڵیان دەبێ و منداڵەکانیان چۆن پەروەردە دەکەن و چ ناوێکیان لێدەنێن، بەرنامەیان بۆ هەموو داهاتووی خۆیان دارِشت بوو، بگرە بۆ بیست ساڵ داهاتووی خۆشیان پلانیان دارِشتبوو کە چۆن ژیان ببەنە سەر و لە گوێ بژین و چۆن بژین. هێشوو لەگەڵ سالار بەردەوام خەریکی گۆرِینەوەی ئەشق و خۆشەویستی بوون لەبەر چاوی هەموو کەسێکدا و هەموو کەسێکیش ئیرەیی پێدەبردن. هێشوو بۆی دەگێرِامەوە کە هەموو هەفتەیەك سالار بە گوڵەوە دەچێتەوە ماڵەوە و دیاری بۆ دەباتەوە و دڵخۆشی دەکات. زۆرجاریش کە دەستی شاعیری هەیە شیعری جوان بەسەر چاوەکانی هێشوو هەڵدەدات. ئیتر سالار بە شاعیری چاوەکانی هێشوو

ناوی دەرکردبوو لە لای هەموو کەسێك. هاوڕێکانیشی هەروایان بانگ دەکرد. ئیتر ژیانی هێشوو لەگەڵ سالار ئا بەم شێوەیە پڕبوو لە ڕازاوەیی و پێکەنین. بەڕاستی ژیانیان بریقەی دەهات لە خۆشی و خۆشبەختی. ژیانی هاوسەرگیری سالار و هێشوو لە دووهەم ساڵی خۆیدا بوو. ڕۆژێکیان تازە گەیشتبومە ناو زانکۆ تێلێکم بۆ هات سەیرم کرد هێشووی هاورێمە. گووتم:

- ئەلوو هێشوو گیان.

هێشوو بە گریان و بێتاقەتیەکی زۆرەوە گووتی:

- شۆخە گیان لە کوێی؟

گووتم:

- تازە وا دێمە ناو زانکۆ چیبووە؟دەنگت بۆ وایە؟ بۆ دەگری؟

گووتی:

- شۆخە توخوا زوو وەرە بۆ لام هەموو شتت بۆ باس دەکەم بەس تخوا خێرا وەرە.

گووتم:

- باشە باش وا دێم. تۆ پێم بڵێ تۆ لە کوێی؟

گووتی:

- لە حەدیقەی قانونم زوو بگەرە لام لەوێ چاوەرێت دەکەم.

گووتم:

- باشە گیانە وا هاتم لەوێ بوەستە.

ئیتر تەلەفۆنەکەی داخستەوە. شڵەژام و زۆر ترسام بە خێرایی ڕۆیشتمە حەدیقەی قانوون هێشووم بینی، وای چەن ڕەنگی تێک چووبوو! ڕووخساری وەها شێوا بوو نەمزانی بۆ وای لێی هاتوە گووتم:

- هێشوو گیان.

باوەشی پێداکردم و دەگریا. دەیگووت:

- شۆخە توخوا من چی بکەم؟ ژیانم هەمووی تێک چوو. ژیانم خەریکە وێران دەبێ من چی بکەم ؟

زۆر دەگریا. بەڕاستی بە کوڵ دەگریا. پێشم سەیر بوو ئاخر هێشوو بۆ وا دەگری؟ دیار بوو ئەوەندە گریا بوو چاوەکانی ئاوسا بوون. منیش دەمگووت:

- چی بووە هێشوو گیان؟ دە توخوا دڵم تۆقی بۆم باس بکە.

لەبەر گریان نەیدەتوانی قسە بکات. هەر دەگریا و گریانی زیاتر دەبوو. هەندێ کەسیش لە حەدیقە بوون سەیری ئێمەیان دەکرد. منیش بۆ ئەوەی تەلەبەکانیتر تێنەگەن هێشووم کەمێ ئارام کردەوە و بردمە شوێنێکیتر بۆ ئەوەی کەس بە گریانەوە هێشوو ئاوا نەبینێت. ئیتر چووم ئاوم بۆ کڕی و ئاوی خواردەوە و دەست و چاوی شۆری، باش بوو کەمێك هاتەوە سەرخۆی.

گووتم:

- دە هێشوو گیان ئێستا بۆم بڵێ بزانم چی بووە دڵم دەرهات. بۆم باس بکە ڕووخسارت بۆ ئاوایە؟ بۆ وا شێواو و خەمگینی؟

خەریک بوو دەست بکاتەوە بە گریان، بەڵام نەمهێشت و گووتم:

- تکات لێدەکەم بەسیکە ئیتر. تاقەتی ئەوە هەموو گریانەم نیە پێم بڵێ چی بووە. ئێ خۆ دڵم دەرهات.

گووتی:

- شۆخە گیان سالار دەیەوێ لێم جیاببێتەوە.

کە ئەوەم بیست شۆک بووم چونکە سالار زۆر هێشووی خۆشدەویست گووتم:

- بۆچی ئاخر؟! چی بووە؟!

گووتی:

- بە دزی ئەو حەبی مەنعەم خواردووە ئێستا هەر ئەوەی کردۆتە بیانوویەك و گەورەی کردۆتەوە و دەڵێ دەبێت تەڵاقت بدەم.

منیش ڕێک ووشک بووم لە شوێنی خۆم. گووتم:

- چۆن دەڵێی شتی وا؟ تۆ چۆن حەبی مەنع بەکارهێناوە؟ یانی سالار دەیەوێ بەس لەبەر ئەوە تەڵاقت بدات؟ بەس دەتانەوێ لەسەر ئەوە جیا ببنەوە؟

ڕێک تورە بووم و هاوارم بەسەر هێشوو کرد. گووتم: بۆچی واتکردووە تۆ؟! دە پێم بڵێ چی بووە لە نێوانتان؟ چۆن شتی وا دەکەی؟

هێشوو هەر دەگریا و دەپاڕایەوە و دەیگووت:

- وەڵاهی کەس لێم تێناگات. خوایە گیان بەس تۆ لێم تێدەگەی.

گووتم:

- هێمن بەرەوە و بۆم باس بکە. لەسەرەتای سەرەتاوە بۆم باس بکە خۆ من و تۆ خوشکین. خۆشت دەزانی هیچمان

لە خوشك کەمتر نیە. هێشوو گویێ بگرە گەر هەموویم جوان بۆ بگێڕیتەوە ڕەنگە بتوانم یارمەتیت بدەم بەس گەر نەزانم چی بووە لە نێوانتان ئەوا ئیتر من چۆن ئەو شتەت بۆ چارەسەر بکەم؟ گریانیش خۆ نابێتە چارەسەر بۆ کێشە.

گووتی:

- شۆخە تۆ نازانی، من ناچار بووم حەبی مەنع بەکاربێنم.

گووتم:

- ئاخر بۆ ناچار بوویت؟

گووتی:

- سالار ئەم ماوەیە زۆر گۆڕاوە. بەڕاستی نازانم چی بووە لە دڵی ئەودا؟ نازانم من ڕەش بووم لە دڵیدا یان چی بەسەر دڵی هاتووە؟ ماوەیەکی زۆرە بەردەوام شەرمانە و

کێشەمانە. لەسەر بچووکترین شت لێم تورە دەبێت و ئازارم دەدا.

دەستی ڕاستی هێنا و قۆڵی هەڵکرد و گووتی: سەیری بکە شۆخە ئەوە سالار وای لێی کردووم. ئەو کەسەی گووتی(لە دڵ و ناخ و گیانەوە تۆم خۆشدەوێت) ئەو کەسەی کە من خۆشم دەویست. تۆ قەت بڕوا دەکەی سالار ئاوهای لە من کردبێ؟

سەر قۆڵی دیار بوو لێدان و قایش بوو. بەخوا منیش تەواو شۆک بووم بڕوام نەدەکرد سالار کاری وای کردبێ. گووتم: چۆن سالار وای لێ کردووی؟ ئاخر لەسەر چی؟

گووتی:

- لەسەر خواردنی حەبی مەنعەکە بەس ئەمە یەکەمجاری نیە شۆخە. سوێند بە خوا چەند جاریتریش لێی داوم. بە قایش

و بە شەق لە بن دەستی بووراومەتەوە، بەڵام من هەر لەبەر خۆشەویستیەك کە بۆ سالار هەم بووە، هەر بێدەنگیم هەڵبژاردووە. ئەو هەموو ئازار و لێدان و جنێوەم قبوڵ کرد و بێدەنگ بووم. بێدەنگ بووم تاکو خۆشەویستیەکەمان نەفەوتێت.

کە ئەوانەم بینی تا چەند خولەکێك هیچم بۆ نەگوترا. گووتم:

- ئەمە کەی نێوانی ئێوە وای لێی هاتووە؟

گووتی:

- شۆخە چەند مانگێکە. هەر چەند مانگێکە ئاوامان بەسەر هاتووە.

گووتم:

- ئەی بۆ منت ئاگادار نەکردۆتەوە هێشوو؟ بۆ هیچت بۆ من باس نەکردووە؟ کوا ئێمە شتی شاروەمان لە نێوان هەبووە؟

گووتی:

- ئاخر شۆخە گیان کاتێ دوو کەس هاوسەرگیری دەکەن و دەچنە ژیانی هاوسەرگیریەوە باشتر وایە زۆر شتی نێو ماڵەکەیان نهێنی بێت و لای خۆیان بێت منیش بە هەمان شێوە دەمگوت(با نهێنیەك بێت با وەك ڕازێکی ژن و مێردایەتی بمێنێتەوە.) لە لایەکیتریشەوە بۆیە هیچ شتێکم بۆ باس نەکردووی گووتم نەوەک سالار بیبیستێتەوە و بەمەش تورە ببێت ئینجا شتەکە گەورەتر بێت و نێوانمان بە

تەواوی نەمێنێ. لەوەی دەترسام ئەوەی کە ئێستا هەیە خراپتر ببێت. ئەوەتا ئەمڕۆ بە تەواوی نێوانمان نامێنێ.

منیش دڵم دایەوە و قسەم بۆ کرد و گووتم:

- شتی وا ڕوونادات. دیارە سالار تورە بووە و لە کاتی تورەبوون گووتویەتی تەڵاقت دەدەم ئەگینا چۆن شتی وا دەکات؟ بێ خەم بە.

ئیتر لەو قسانە دابووین لە ناکاو تێلێکم بۆ هات زەینەبی هاورێم بوو. دوای چاک و چۆنی گووتی:

- شۆخان لە کوێی؟ ئەوە مەحازەرەی یەکەم تەواو بوو. تۆ نەهاتووی بۆ زانکۆ؟

گووتم:

- با با هاتوم بەس هەندێ ئیشم بۆ دروست بوو زەینەب گیان دوایی ئەو مەحازەرەم بۆ شەرح بکەوە کە لە دەستم چووە.

گووتی:

- باشە گیانەکەم خەمت نەبێت بەس چیتە خۆ هیچی خراپ نەبووە؟

گووتم:

- نا گیانەکەم سووپاس بۆخوا باشم بەس پێم بڵێ مەحازەرەی دواتر کەی دەست پێ دەکات؟

گووتی:

- دوای 20 خوولەکیتر دەست پێ دەکات.

گووتم:

- زۆر باشە دێمە ناو مەحازەرە و ئەتبینیم. ئەزیزم جارێ خوا حافیز.

هێشوو گووتی:

- ببورە شۆخان گیان بە هۆی من مەحازەرەشت لەدەست دا.

گووتم: ئەوە کەی قسەیە من و تۆ خوشکین. محازەرەی چی گیانیشم لە دەست دەدەم بۆ تۆ.

ئیتر گووتم:

- هێشوو سالار لە کوێیە ئێستا؟

گووتی:

- نازانم لە شەوەوە هیچ قسەی لەگەڵ نەکردووم. بەیانیش زوو دەرچوو لە ماڵ وابزانم چۆتە سەرکار.

گووتم:

- تۆ بوەستە تێلی بۆ دەکەم و قسەی لەگەڵ دەکەم.

هێشوو گووتی:

- تخوا شۆخە گیان مەڵێ هێشووم لایە باشە؟

گووتم:

- باشە باش خەمت نەبێت.

ئێتر تێلم بۆ کرد. سەرەتا وەڵامی نەدام دووبارە بۆم کردەوە هەر وەڵامی نەدام.

هێشوو گووتی:

- کچێ وازبێنە ئەوەتا وەڵامت ناداتەوە.

گووتم:

- نا. گەر من شۆخە بم هەر دەبێت وەڵامم بداتەوە وازناهێنم ئاوا بە ئاسانی.

ئیتر چوارەم جار بۆم کرد ئینجا جوابی دام. دوای چاک و چۆنی گووتی:

- ببورە لە ئیش بووم ئاگام لە مۆبایلم نەبوو

گووتم:

- نا، نا کاك سالار ئاسایە. تۆ من ببورە لە کاتت دەگرم ببورە لە ئیشەکەشت دەکەم.

گووتی:

- نا فەرموو شوخان خان. تۆ خوشکی بەڕێزی منی.

گووتم:

- کاک سالار حەز دەکەم دانیشین کەمێك پێکەوە قسە بکەین.

گووتی:

- خێر؟

گووتم:

- خێرە خێر ان شاء الله.

گووتی:

- زۆر چاکە. منیش هەندێك شت هەیە دەمەوێ پێت بڵێم. بەیانی ان شاء الله دێمە زانکۆ بۆ لات زۆر داوای لێبوردن دەکەم کە ئەمڕۆ ناتوانم بێم.

منیش گووتم:

- زۆر چاکە ان شاء الله بەیانی دەتبینیم چاوەڕێم.

ئیتر خوا حافیزم لێی کرد و هێشوو دووبارە دەستی کردەوە بە گریان و گووتی:

- دەزانم دڵنیام باسی جیابوونەوەی ئێمە دەکات بۆ تۆ.

زۆر قسەم بۆ هێشوو کرد سوودی نەبوو. ئیتر گووتی:

- من دەڕۆمەوەماڵەوە تۆش بڕۆرە لای محازەڕەکەت.

منیش ڕۆشتمە ناو مەحازەرە و خواحافیزیم لە هێشوو کرد. ئەو ڕۆژە لە ناو محازەڕە هەر دڵم لای هێشوو بوو هیچ فکرم لای مامۆستا و مەحازەرەکە نەبوو هەر دەمگووت:

- تۆ بڵێی گەیشتبێتەوە ماڵ؟ ئاخر من چ هاوڕێیەکم کە هێشتم بە حاڵە پەرێشانەوە بڕواتەوە بۆ ماڵ. شتێکی لێ بەسەر نەیەت لە ڕێگا.

بۆیە زۆر زۆر نیگەرانی بووم هەر چاوەڕێم دەکرد محازەرە تەواو ببێت و تێلی بۆ بکەم. دوای تەواو بوونی محازەرە تێلم بۆی کرد و ووتم:

- هێشوو گەیشتویتە ماڵەوە؟

دووبارە دەستی کردەوە بە گریان و گووتی:

- هەست دەکەم ئەمە کۆتا ڕۆژمە لەم ماڵە.

ئیتر منیش هەر بە تێل دەمەویست ئارامی بکەمەوە بۆیە زۆر قسەم بۆی کرد. گووتم:

- سالار ئێوارە دێتەوە. تۆ خۆت جوان بکە و مکیاجی جوان و جلی جوان لەبەر بکە. هاتەوە بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕی بکەو بە قسەی خۆش داوای لێبووردنی لێ بکە. ئێ ئەویش لە قسە حاڵی دەبێ بزانە بەڵکو تورەییەکەی نامێنێ.

دوای ئەوەی کە زانیت تۆزێك ئارام بۆتەوە ئینجا دانیشن کێشەکانتان باس بکەن و لەگەڵ یەکتر قسە بکەن.

کاتیَ لەم قسانەم بومەوە هێشوو کەمێك هاتەوە سەرخۆی و گووتی:

- خۆ ڕاست دەکەی. با شتێکی وای بۆ بکەم دڵنیام ئاشت دەبێتەوە لەگە

گووتم:

- بەڵێ بەڵێ بێگوومان. دەی بڕۆ وابکە خۆت ئامادە بکە.

خوا حافیزیم لە هێشوو کرد و زەینەب هاتە لام و گووتی:

- خۆ هیچ نەبووە وا نەهاتیە ناو مەحازەرەی یەکەم؟

گووتم:

- هێشووی هاورێم هاتبوو بۆ لام ئیتر هەندێ قسە و شتمان کرد بۆیە نەمتوانی بێم. ئەی پێم بڵێ خۆ مەحازەرەیترمان نەماوە وایە؟

گووتی:

- بەڵێ ئەمڕۆ دوو مەحازەرەمان هەبوو.

گووتم:

- زۆر باشە وەرە بچینە کافتریا. بەیانیش نانم نەخواردووە با شتێك بخۆین و مەحازەرەکەی یەکەمم بۆ شەرح بکە.

گووتی:

- باشە گیانە بابچین.

ئیتر چووینە کافتریا و زەینەب دەرسەکانی بۆم شەرح کرد و دوای سووپاسم کرد پاشانیش پاسەکەم هات بە شوێنمدا و

گەڕامەوە ماڵ و ئیتر چوومە ژوورەکەم. هەر دڵم لای هێشوو بوو گووتم:

- تێلی بۆ ناکەم. دڵنیام ئێستا لەگەڵ پیاوەکەی دانیشتوە قسە دەکەن و هەڵەکانیان ڕاست دەکەنەوە.

ئیتر گووتم:

- با بێزاریان نەکەم. دڵنیام خۆی دوای تێلم بۆ دەکات و هەموو شتم بۆ باس دەکات.

بۆ خۆم خەریکی سەیرکردنی فەیسبووک بووم. دوای نیو کاتژمێر هێشوو تێلی بۆ کردم و بە گریانەوە گووتی:

- شۆخان، شۆخان سالار ئاشت نەبویەوە لەگەڵم.

بە گریانەوە قسەی دەکرد. نەمدەتوانی گوێم لە دەنگی بێت. قسەی بۆ نەدەکرا لەبەر گریان زۆر بە کوڵ دەگریا. لە ناو گریانەکانیدا تەنها ئەوەندەی لێ حاڵی دەبووم کە دەیگووت:

- سالار دەڵێ جێت دەهێڵم. توخوا شۆخان فریام کەوە. دوای ئەو هەموو یادگارییە و خۆشانە ئێمە چۆن ئاوا بە ئاسانی کۆتای بە ژیانمان بێنین؟ کۆتایی بە خۆشەویستیەمان بێنین؟ ئاخر من چۆن بژیم دوای سالار شۆخە؟ توخوا ڕاو تەکبیرێکم بۆ بکە. بەخوا ئەوانەی تۆ ووتت هەمویم جێبەجێ کرد. خۆمم جوان کرد و زۆر بە ڕووخۆشیەوە چوومە بەرامبەری، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. ئەو هەر دەڵێت دەبێ جیاببینەوە. کە هاتەوە ماڵ ئاوا منی بینی، دووبارە تورە بوو. وویستم قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام ڕێگەی نەدا. دووبارە بە بێ هۆ بە خراپی تورە بوو.

دوونیایەك قسەی کرد و گووتی بەیانی وەرەقەی جیابوونەوە دێنم و تەواو کۆتایی پێ دێنم بەم ژیانە.

دوای ئەوە بە تورەیی ڕۆیشتە دەرەوە و بە خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی هەڵکرد و بەخێرایی لێیخوڕی. تخوا چی بکەم شۆخە؟ ئێستا بە بۆنەی ئەم تورەییەوە دەترسم توشی ڕووداوێك ببێت.

گووتم:

- خوانەکات ان شاءالله لە هەموو کارەساتێك بە دوور دەبێ. تۆش واز لەو بیرکردنەوە خراپانە بێنە.

هێشوو هەر دەگریا و گووتی:

- شۆخە ئەزانی هەست بەچی دەکەم؟

گووتم:

- چی؟

گووتی:

- هەست دەکەم ئیتر کۆتا ڕۆژ و کۆتا هەناسەمە لەم ماڵە. دەزانم چیتر من لەگەڵ ئەو ناژیم و چیتر پێکەوە لە یەک ماڵ نابین. ڕێک وا هەست ئەکەم ڕۆحم لە ناو تابووتێکدایە و بەڕەو گۆر دەمبەن. هەناسەم بۆ نادرێت بێ سالار خۆ تۆ دەزانی چەندەم خۆش دەوێت.

منیش نەمدەزانی لە وڵامدا چی بڵێم کە ئارامی بکەمەوە. هەر دەگووت:

- ئاخر هێشوو گیان ئاوا بە کەڵك نایەت و گریان چارەسەر نیە بۆ هیچ کێشەیەك. هێز بدەوە بەرخۆت، هێز بدە بەر خۆت تاکو کێشەکان چارەسەر دەکەین هێشتا کۆتایی نەهاتووە دڵنیابە هەموو شت باش دەبێتەوە و وەک جارانی

لێ دێتەوە و تۆ و سالاریش هەر دەبنەوە عاشق و مەعشوقەکەی جاران خوا گەورەیە ئێمە خوامان هەیە چۆن وا بیردەکەیتەوە؟ هێشوو گیان وەك دەزانی بڕیار وایە بەیانی سالار بێت بۆ لای من تا پێکەوە قسە بکەین. شوێنێك دادەنێم ناونیشانەکەشی بۆ تۆ دەنێرم تۆش وەرە هەرسێکمان بە هێمنی قسە دەکەین لەسەر ئەم کێشەیە.

ئیتر دوای ئەوەی دڵی هێشووم ئارام کردەوە، خواحافیزیم لێی کرد و گووتم:

- ئاسوودەبە چارەسەری دەکەین.

لە لایەکیترەوە ئاسوودەییم لێ هەڵگیرابوو ئارام و قەرارم نەما بوو. لە مێشکمدا بۆم حەل نەدەبوو ئەم خۆشەویستیە بۆ وای لێهات؟ ئەم عاشق و مەعشوقە چی وا خەریکە وێرانیان

دەکات؟ لە خوام دەویست بەیانی زوو بێت تا قسە لەگەڵ سالار و هێشوو بکەم بەڵکو بتوانم ئاشتیان بکەمەوە. بەیانی هات و چووم بۆ زانکۆ چاوەڕێی کاک سالار بووم بێت قسە بکەین. هێشووش تێلی کرد و گووتی:

- منیش وا لەڕێگام.

کە کاك سالار گەیشت لام چووینە لای پارکەکەی زانکۆ لەوێ خەریکی ئەحواڵ پرسین بووین کە هێشوو گەیشتە لامان. پێشتر ناونیشانەکەم زوو بۆی نارد بوو سالار هەر کە هێشووی بینی هەڵسا وویستی بڕوا، بەڵام من نەمهێشت. زۆر زۆر تکام لێی کرد و لێی پاڕامەوە کە دانیشێ و پێکەوە سێ قۆڵی قسە بکەین. بە گاڵتەوە گووتم:

- ئێ هەموو جار بە منتان نەدەوت من پارێزەرم و دەبێ چارەسەری کێشەکانتان بکەم؟ ئێستاش ئەوەتا پارێزەرتانم تکاتان لێدەکەم چارەسەری هەموو کێشەیەك قسەکردنە گفتوگۆ هەموو شتێك ڕوون دەکاتەوە. ئێستاش با پێکەوە لەسەر ئەم کێشانە قسە بکەین.

سەرەتا سالار هاتە قسەکردن و گووتی:

- شۆخان خان خۆت دەزانی هەرچیمان بووایە بۆ تۆمان باس دەکرد. ئێستا قسەیەک دەکەم نە بۆ من قسە بکە نە بۆ هێشوو کە هاورێتە بەڵکو قسەی هەق بکە.

گووتم:

- بێگومان کامتان لەسەر هەق بن لایەنگری ئەو دەگرم.

گووتی:

- دە کەواتە با پێتی بڵێم. خاتوو هێشوو خیانەتی لێم کردووە.

یەکسەر شۆک بووم بەم قسەیە. گووتم:

- چی؟ خیانەت؟ هێشوو کاری وای کردووە؟

ڕووم کردە هێشوو بۆ ئەوەی باسی بکا. هێشوو هەر دەگریا و گووتی:

- سووێند بەخوا شتی وانیە شۆخان. خۆت دەزانی لەم دونیایە من دڵم بەس بە سالار خۆشە. ئینجا خۆ خۆت دانای ئامۆزام دەناسی ئەویش لە هەمان زانکۆی ئێمە بوو لە بەشی کوردی بوو. هاتۆتە لام وەک دوو خوشک و برا دانیشتووین و نانمان خواردووە ئێستا سالاریش بیر لەوە دەکاتەوە خیانەتم لێی کردووە.

منیش ڕووم کردە سالار و گووتم:

- کاک سالار وانیە دانا ئامۆزایەتی و هەر لەمنداڵیەوە وەکو خوشک و برا وابوونە. هیچیان لە نێوان نیە. چۆن وا بیری خراپ دەکەیتەوە؟ وەڵاهی هێشوو هەمیشە باسی ئەو ئەشق و خۆشەویستیە دەکات کە بەرامبەر بە تۆ هەیەتی. من قەت بیر ناکەمەوە هێشوو لە تەواوی ژیانی بتوانێ کاری وا بکات.

سالار توڕە بوو. گووتی:

- نەخێر وانیە. گەر ئەو منی خۆشبوویستیایە ئەی بۆ حەبی مەنعی خواردووە؟ بە تەمایە لە من منداڵی نەبێت و بچێتە باوەشی دانا و لەو منداڵی هەبێت.

منیش گووتم:

- وەڵاهی کاك سالار زۆر عەیبە بۆتۆ ئەو قسانە. من هێشوو زیاتر لە خۆم دەناسم. هیچ کاتێك ئەو شتانەی لێ ناوەشێتەوە بۆ بوختان و درۆی بۆ هەڵدەبەستی؟

سالار ئەوەندە توڕە ببوو، لە توڕەییا چاوی سوور ببوویەوە. گووتم:

- ئێستا لەو تورەیە من یان هێشوو لەوێ دەکوژێت.

ڕووخساری تورە و گرژ بوو خوێن بەرچاوی گرتبوو. لە ژیانمدا سالارم ئاوا تورە نەبینیبوو. هەمیشە سالارم بە پێکەنین و دەم بە خەندەوە بینیووە. ئیتر وەرەقەی جیابوونەوەی بۆ هێشوو فرێ دا و گووتی:

- ئیمزای بکا با زوو جیاببینەوە و لە کۆڵم ببیتەوە. بە زووترین کاتیش دادگای ئێمە دەست پێ دەکات.

ئیتر ئەو قسانەی کرد و ڕۆیشت. منیش وەرەقەکەم هەڵگرتەوە و سەیرم کرد. بەڵێ بەڕاستی هی جیابوونەوە بوو. بەس ئیمزای هێشووی ماوە بیکا. هێشووش لەو لاوە هەر دەگریا و دەیگووت:

- تەواو،تەواو جیا دەبینەوە و ئیتر نایبینمەوە. من چۆن دوای ئەو بژیم؟

هێشوو وەرەقەی جیابوونەوەکەی هەڵگرت و گووتی:

- دەچمەوە ماڵ دایکم و مەسەلەکەیان بۆ باس دەکەم. ئێمە چەند مانگێکە ئاواین. دایمە شەڕ و قسە و جنێوم پێ دەدا و خۆشیمان نەماوە و ژیانمان فەوتاوە ئەویش هەمووی بە بێ هۆ. وەڵاهی بۆیە نەمهێشت منداڵم ببێ دەڵێم(با توشی

ئەم دۆخە نەبێت) ئا لەو دۆخەیە کە ئەو بە هەموو شتێك گومانی هەیە من چۆن مناڵ بێنمە دوونیاوە؟

هێشوو ڕۆیشت و منیش مامەوە. هەر بیرم لە هەموو کارەساتێك ئەکردەوە ئاخر کۆتایی ئەم خۆشەویستیە چی بەسەر دێت؟ بیرم لەوە ئەکردەوە تۆ بڵێی سالار خۆی کەسێکیتری خۆشنەوێت و ئەمانە هەمووی بیانوو بێت بە هێشووی دەگرێت؟ بۆیە هەوڵمدا بڕۆم و لەو بابەتە بکۆڵمەوە. سەرەتاش چوومە لای هاورێکانی و لەوانم پڕسی کە یەکیان ناوی کاروان بوو هاورێی منداڵی بوو. گووتی:

- باوەر ناکەم کەسی وا لە ژیانی هەبێت ئەو هەر هێشووی خۆشوویستوە. دەزانم تاکو ئەم ماوەیەش چەن ئاشقی هێشوو بووە، بەڵام وەڵاهی ئەم ماوەیە منیش هەست دەکەم

هەڵسووکەوتی سالار زۆر گۆراوە باوەڕ ناکەم پەیوەندی بە خیانەتەوە هەبێت.

ووتم:

- چۆن گۆڕاوە هەڵسووکەوتی؟ مەبەستت چیە؟

گووتی:

- وەك جاران نایەتە بەرچاو و وەک جاران تێکەڵمان نابێت و لە بچووکترین شت زۆر تورە دەبێت و قسە دەکات و دوایش دێتەوە سەرخۆی و دەڵێت(من وام ووت؟ وام کرد؟ چۆن وام کرد؟) واتا هیچی بیر نامێنێ لەو تورەییەی خۆی. ڕاستی شۆخان خان، هەست دەکەم ئەو تووشی نەخۆشی و شتی وابووبێت. پێم گووت (با بچینە دکتۆر) لەسەر ئەوە زۆر لێم تورە بوو. ئێستا قسە و شتم لەگەڵ ناکات

هۆکاری جیابوونەوەکەی لەگەڵ هێشووش هەست دەکەم بەهۆی ئەوەوە بێت نەك خیانەت.

هەر چەن بیرم لە قسەکانی کاروان دەکردەوە، خۆ ڕاستی دەکرد. لە هێشووش خراپ توڕە دەبوو وە قسەی پێ دەووت. ئیتر پاسەکە هات بە شوێنم و ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵ و لە ڕێگا هەر بیرم لە قسەکانی کاروان دەکردەوە. تۆ بڵێی ڕاست بێت و سالار توشی نەخۆشیەکی دەروونی بووبێت؟ دواتر بیرم هاتەوە هاوڕێیەکم هەبوو ناوی فرمێسک بوو. فرمێسك لە دەروونزانی دەیخوێند و زۆر زۆر شارەزا بوو لەو بوارە و لە نەخۆشی و شتدا و زۆر زۆر بە خێرایی شتەکانی هەست پێ دەکرد. خێرا چاتێکم بۆ نارد و چاک و چۆنیم لێی کرد و پێم گووت:

- ئیشێکم پێتە.

ئیتر لە خەت نەبوو چاوەڕێ بووم بێتە خەت و وەڵامم بداتەوە. بۆیە گووتم(هیچ بە هێشوو ناڵێم جارێك تا دڵنیا دەبمەوە لێێ کە ڕاستە یان نا) پێش ئەوەی بچمە ماڵی خۆمان، ڕۆیشتم بۆ ماڵی دایکی هێشوو. دایکی بە دڵێکی خەمگین و بێتاقەتیەوە هات دەرگای لێم کردەوە و گووتی:

- شۆخان پێم بڵێ ئەوانەی هێشوو دەیڵێ ڕاستە؟ واتا لەگەڵ سالار جیا دەبنەوە؟

گووتم:

- بەڵێ. سالار وەرەقەی جیابوونەوەی پێ داوە.

گووتی:

- ئاخر بۆچی؟

گووتم:

- من هەر ئەوەنە دەزانم هێشوو حەبی مەنعی خواردووە سالاریش بەوە زۆر تورە بووە و لێیداوە. پوریَ هەر لەسەر ئەوە بووە.

دایکی هێشوو گووتی:

- ڕووخاندنی خێزان و درووستبوونی هەر ئاوا ئاسان نیە. هێشوو هەڵەیەکی کرد شایەنی جیابوونەوە نیە ئەو هەڵەیە چونکە هێشوو زۆری خۆشدەوێت نابێت ئەم پەیوەندیە ئاوا کۆتایی پیَ بێت. قسە لەگەڵ سالار و دایک و باوکی دەکەم پێویستە ئەم کێشەیە بە قسە حەل بکەین.

گووتم: ڕاست دەکەی. دە کەی پوریَ گیان؟ کەی بە قسە حەلی دەکەن؟ با شتەکە گەورە نەبێتەوە و با لەوە درەنگتر نەبێت. بگاتە دادگا و جیابوونەوە ئیتر کار لە کار دەترازیَ.

گووتی:

- با شەو باوکی هێشوو بێتەوە، دەچینە ماڵ دایکی و باوکی سالار قسە دەکەین.

گووتم:

- زۆر باشە ئەی کوا هێشوو؟

گووتی:

- بڕۆ وا لەو ژوورەوە هەر خەریکە دەگری. توخوا لاییە کچم جێی مەهێڵە هێشوو زۆر وێران بووە.

گووتم:

- چۆن جێی دەهێڵم؟ هێشوو لە خوشک زیاترە بۆ من. خەمت نەبێت ئێستا دەچمە لای و قسەی بۆ دەکەم و ئارامی دەکەمەوە ناهێڵم چاوی بە گریان بێت.

هێشوو زۆر زەخم دەگریا. هەردەیگوت:

- من بە بێ سالار ناتوانم بژیم من دەمرم ئاخر توخوا تاوانم چیە ئاوام بەسەر بێت؟ من زۆر ئاشقی ئەوم.

گریان و ناڵەی هێشوو ئاگری لە جەرگم بەردا نەمتوانی چیتر خۆم بگرم ڕێک منیش لەگەڵی دەستم کرد بەگریان. ئیتر گەڕامەوە ماڵ بینیم فرمێسک جوابی داومەتەوە چونکە هاورێمان بوون لە قوتابخانە ئەویش هێشووی دەناسی. ئیتر باسەکەی سالارم بۆی کردو ئەویش گووتی:

- بەدواداچوونی بۆ دەکەم.

دوای ماوەیەك وەڵامی دامەوە و گووتی:

- بەڵێ. لە مامۆستایەکم پرسیوە ئەڵێ ئەم نەخۆشیە نەخۆشیەکی دەروونیە و ناوی نەخۆشیەکەشی پێ ووتم.

گووتم:

- فرمێسك دەتوانی جوان بۆم باس بکەی چیە و چۆنە؟ ئایا هەمان ئەو نەخۆشیەیە بەسەر کاک سالار هاتووە؟

ئیتر باسی کرد و گووتی:

- مرۆڤەکە توشی تورەیی و هەڵچوونێکی بێ ڕادە دەبێت و بیرکردنەوەی خێرای بۆ دێت. لەگەڵیشدا هەناسە تەنگی توش دەبێ و لێدانی دڵی خێرا دەبێت و بیرکردنەوەی یەک لە دوای یەکی بۆ دێت و ئاگای لە خۆی نیە زۆرجار. جاری وایە بێ ئەوەی خۆی بیەوێ دەست دەوەشێنێ. دواتریش بیری نەماوە کە خۆی ئەو بڕیارەی داوە.

بەڵێ ئەمە هەمان ئەو نیشانانە بوو کە کاک سالاریش توشی دەبوو. لەوە دڵنیابوومەوە کە توشی ئەم نەخۆشیە بووە. دوای

قسەکانی فرمێسك تێلم بۆ هێشوو کرد و هەموو شتم بۆباس کرد و گووتم:

- هێشوو پێویستە قسە لەگەڵ سالار بکەین. دەزانم کە سالاریش بە قسەی من و تۆ ناکات تاکو بچێتە دکتۆر و چارەسەر وەربگرێ بۆیە دەبێ لە ڕێگەی دایك و باوکیەوە زۆر بۆ بهێنین چونکە دژوارترین شتی ئەم نەخۆشیەش ئەوەیە کە کەسەکە خۆی قەبوڵی ناکات توشی کێشە و نەخۆشی بووە هەر ئیهمالی دەکات و ئینکاریشی دەکات و دەڵێتشتی وانیە و من سەلامەتم.) ئەمە دژوارترین هەر بەشێکی نەخۆشی دەروونیە بۆیە سەرەتا پێویستە لەڕێگەی دایك و باوکیەوە پێی بڵێین توشی ئەو نەخۆشیە بووە بەڵکو قبوڵی بکات چونکە تاکو قبوڵی ئەو نەخۆشیە نەکات ئەوە هیچ کات بەدوای چارەسەر ناگەڕێت. گەر

چارەسەرێکیش نەدۆزینەوە ئەوە هیچ کە ژیانی خۆشەویستیەکەی دەفەوتێنێت، ژیانی خۆی و گیانی خۆشی دەخاتە مەترسیەوە.

من دەمزانی، دەمزانی ئەگەر راستەوخۆ خۆمان ئەو شتە بە سالار بڵێین هیچ کات قبوڵی ناکات تاکو پشکنین بکات بگرە تۆمەتباریشمان دەکات و دەڵێت(بوختانم بۆ دەکەن). لەو ماوەیە ئێمە هەرچی هەوڵ و تەقەللامان دا سالار هەر سور بوو لەسەر ئەوەی دەیویست هێشوو تەڵاق بدات. ئەو هێندە کەللـەڕەق بوو تاکو بڕیارەکەی خۆی ئەنجامدا، بەڵام لەگەڵ ئەوە هێشوو لەگەڵ دایك و باوکی سالار کەوتبووە هەوڵ و تەقەللاوە تاکو ئەو نەخۆشیەی دەروونیەی سالار چارەسەر بکات چونکە بەڕاستی هێشوو لە ناخی دڵیەوە هێشتا سالاری خۆش دەویست. بەڕاستی زۆر سەخت بوو بۆ هێشوو چونکە

زۆر سالاری خۆشدەویست ئومێدی ئەوە بوو چاك ببێتەوە و دووبارە بچێتەوە ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەودا، بەڵام سالار ڕۆژ بە ڕۆژ باری دەروونی خراپتر دەبوو چونکە هەر ئینکاری دەکرد بچێت پشکنین بکات، بچێت چارەسەری پزیشکی بدۆزێتەوە. هێشوش لەم لاوە تەواو هەوڵەکانی خۆی چڕ کردبویەوە. ئاخۆ هەر کەسێکیتر بوایە لە جێگەی هێشوو قەت کاری وەهای دەکرد؟ هێشوو لەسەر ئەو دووڕێیانە گیری کردبوو. ڕێگەیەك بەرەوە ئەنجامێك دەڕۆی کە ئەنجامەکەش ئەوە بوو ئیتر ئەویش دەسبەرداری سالار ببێت و تەواو ئیهمالی بکات و فەرامۆشی بکات، بەڵام ڕێگەیەکیتر بە هێشووی دەگوت(تۆ وەرە بۆ ئەو ئامانجەی کە سالار چاك بکەیتەوە چونکە هەر ئەوە مەعشوقی تۆ و هەر ئەوە ئەو کەسەی کە تۆ لە دڵتەوە خۆشت ویستووە.) بەڕاستی نازانم ئەگەر کەسێکیتر

بوایە لە جێگەی هێشوو لەم دووڕێیانە بڕیاری دەدا بە کام ڕێگەدا بڕوا؟ هێشوو سەرەتا بڕیاری دا ڕێگەی چارەسەرکردنی سالار هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی سالار ببێتەوە هەمان مەعشوق کە جاران هێشووی خۆشویستووە. نزیکەی چەندین مانگ هەر لە هاتووچو و بێنە و بەرەی دکتۆردا بوو بەڵکو چارەسەرێك بۆ سالار بدۆزێتەوە، بەڵام سالار نەدەچووە ژێر باری ئەوەی تووشی نەخۆشی دەروونی بوبێ. سالار وەکو کوێری لێهاتبوو لەگەڵ ئەوەی کە هێشوو تەڵاق درابوو، بەڵام ئەوەندە سالاری خۆشدەویست هەر حەزی دەکرد چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. سالار ئەم هەوڵانەی هێشووی نەدەبینی و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە خیانەتی لێکراوە. دوای ئەوە هێشوو لەو ڕێگەیەی کە پێیدا ڕۆیشتبوو، لە نیوەی ڕێگا ڕێبوارێکی ماندوو بوو ئومێدیشی لێ بڕا بوو بۆیە پێچی کردەوە بە ڕێگەی دووهەمدا.

ئەو ڕێگەیەی کە قبوڵی ئەوە بکات دەبێ ئیتر لە سالار جیا ببێتەوە. هێشوو بە دڵێکی حەزینەوە، هەموو وەرزی ساڵی لێ بووە پایز و لەتاو نەبوونی سالار هەر دەگریا و زەردەخەنە و پێکەنینی نەما بۆ یەکجاری ووشك بوو.



# خودا خۆشی هەر دەهێنێ

## چیرۆکی بیست و یەك

ئاریان:

- باپیرە باپیرە، ئەها ئەمرۆ کارتم وەرگرت و یەکەمی پۆلەکەمان بووم.

باپیرەی ئاریان:

- ئافەرین کوڕە جوانەکە پیرۆزە من شانازیت پێوە دەکەم. ڕۆڵەی شیرینم کوا ماچێ بدە بە باپیرەی خۆت.

ئاریان:

- باپیرە من قوتابخانە تەواو دەکەم و دەبم بە دکتۆر تا چارەسەری تۆ بکەم و بە تەواوی چاک ببیتەوە و لەو جێگایە هەڵسی و بتوانی بەڕێگا بڕۆی.

باپیرەی ئاریان بە چاوی پڕ فرمێسکەوە گووتی:

- کوڕی شیرینم ئەمە سزای تاوانەکانمە من شایەنی ئەمەم کە بەسەرم دێت.

ئاریان:

- باپیرە بۆ وا دەڵێی؟ تۆ چیت کردووە؟ توخوا وامەڵێ و مەگری. تۆ چاک دەبیتەوە دڵنیام خودا یارمەتیمان دەدا و من دەبمە دکتۆر و تۆ چارەسەر دەکەم.

باپیرەی ئاریان:

- ان شاء الله کوڕەکەم.

ئاریان:

- دایکە دایکە، گووتت یەکەم بیت دیاریت بۆ دەکڕم. ئەوەتا یەکەمم کوا دیاریەکە؟

دایکی ئاریان:

- باشە کورە جوانەکەم با هیوای باوکت بێتەوە لە کار، دەتبینە بازار بە دڵی خۆت دیاریت بۆ دەکڕین.

ئاریان:

- دایکە هەرچی دیاریەک داوا بکەم بۆمی دەکڕن؟

دایکی ئاریان:

- ئەی چۆن؟! کورە جوانەکەم یەکەم بووە چۆن دڵی دەشکێنم؟

ئاریان:

- کەواتە ئەو دیاریەی دەمەوێ ئەوەیە کە باسی باوکی پێشووم بۆ بکەی. ئەوەی مردووە.

دایکی ئاریان بە چاوی پڕ گریان گووتی:

- کوڕم بۆچی باسی باوکی پێشووت دەکەی؟

ئاریان:

- حەز دەکەم بزانم کێ بوو؟ خۆ من ئەوم نەدیووە. من منداڵ بووم و ئەو مرد و تۆش قەت باسی ئەوت بۆ نەکردووم.

دایکی ئاریان:

- چونکە حەز ناکەم باسی بکەم تۆش ئەو باسە داخە.

ئاریان:

- بەڵام دایکە بەڵێنت پێ دام هەر چیم ویست بۆم بکەی. بۆچی باسی باوکمم بۆ ناکەی ها دایکە؟!

دایکی ئاریان بە دڵێکی پڕ ژان و ئازاری زۆرەوە گووتی:

- دەزانم هەقی خۆتە ژیانی باوکی پێشووت بزانی. باشە شەو دوای نان خواردن دادەنیشم باسی هەموو شتت بۆ

دەکەم لە سەرەتاوە. دڵت ناشکێنم کورە جوانەکەم. ڕاستی منیش دەمەوێ باسی ژیانی خۆمت بۆ بکەم. باسی ئەو ئازار و ناڕەحەتیانەی کە بە سەرم هات و توشم بوو لە ژیانم.

ئاریان:

- سووپاس دایکە گیان کە دڵت نەشکاندم. منیش گوێت بۆ دەگرم.

ئیتر شەو هات و دایکی ئاریان دەستی کرد بە باسکردنی ژیانی خۆی و گووتی:

- کوڕە جوانەکەم باش دەزانی من ناوەم چرۆیە. واتای ناوەکەم گوڵێکی تازە لە دایك بووە ڕێک منیش چرۆیەك بووم و تازە گەشەم دەکرد و گەورە دەبووم. چۆن گوڵ

پێویستی بە ئاو و خۆر هەیە تا گەورەبێت و بە جوانی بمێنێتەوە منیش پێویستم بە خۆشەویستی و ناز بوو تا بگەشێمەوە. بەداخەوە هیچ لەو خۆشەویستیە و نازەم پێ نەئەدرا. تەمەنم 15 ساڵ بوو لە خێزانێکی ئاسایی دەژیام. خۆم تاقانە بووم تەنها براپەکم هەبوو تەمەنی 10 ساڵ بوو ناوی ڕەوەند بوو. هەمیشە باوکم جیاوازی دەکرد لە نێوانمان براکەمی زیاتر خۆشدەویست. ئێوارە کە لە کار دەهاتەوە لە باوەشی دەگرت و ماچی دەکرد و دیاری جوان جوانی بۆ دەهێنا، بەڵام بۆ من نا. هەمیشە لێم تووڕە دەبوو قسەی ناخۆش و ڕەقی پێ دەوتم، بەڵام دایکم بە پێچەوانە بوو منی زۆر خۆشدەویست نازی هەڵدەگرتم. هەر دایکم دیاری و جلوبەرگ و شتی بۆ دەکڕیم. بیرم نیە باوکم ڕۆژێك قسەی خۆشی بۆ کردبێتم و دوو دیاری بۆ کریبێتم

هەمیشە ڕقی لێم بووە. هۆکاری ئەم ڕقەشم نەدەزانی. ئەی منیش منداڵی ئەو نیم؟ جەرگی نیم؟ بۆچی قەت نازی هەڵنەگرتوم و دەستی بەسەر نەهێناوم؟ ئەمە و چەندەها پرسیاریتر لە مێشکم بوون و دایم لە دایکمم دەپرسی کە باوکم بۆ ئاوایە لەگەڵم؟

ئەویش دەیگووت:

- وانیە تۆی خۆشدەوێت، بەڵام تۆ هەستی پێ ناکەی و وای دەبینی کچە جوانەکەم.

دەمزانی قسەکانی دایکم ڕاست نیە و باوکم ڕقی لە منە. ڕۆژێك برا بچووکەکەم نەخۆش کەوت و تایەکی زۆر گەرمی لێهات. باوکم کە بەمەی زانی شێت بوو. خێرا گەیاندیە

نەخۆشخانە و لە نەخۆشخانەش هەمیشە بە دیاریەوە بوو تا بەیانی، بەڵام بۆ من هیچ کات وانەبوو.

هیچ کات هەستم بە بوونی خۆشەویستی باوکم نەکردووە. کچێکی تابڵێ لەسەرخۆ و هێمن بووم. باوکم قەت پارەی نەدەدامێ بۆ قوتابخانە. دایکم لە باوکم پارەی دەبرد و پێداویستیەکانی قوتابخانەی بۆ دەکریم. هەمیشە باوکم دەیگووت:

- دەرت دەکەم لە قوتابخانە.

دایکم نەیدەهێشت و ڕێگری لێ دەکرد. قەت بیرم نیە باوکم دوو قسەی خۆشی بە دایکم ووتبێت ئەویشی خۆش نەئەویست بەس دایکم هەمیشە ڕێزی لە باوکم دەگرت و میهرەبان بوو لەگەڵی. کاتێ باوکم قسە و جنێو، بگرە لە

دایکیشمی دەدا، دایکم هیچی نەدەوت. بۆیە هەمیشە باوکم دەیگووت:

- تۆش لە دایکت دەچیت.

دایکم کەسێکی میهرەبان و لەسەرخۆ بوو دڵێکی گەورە و باشی هەبوو بەرگەی هەموو ناهەقی و قسە و لێدانەکانی باوکمی دەگرت. ڕۆژێك دایکم کەمێ خواردنەکەی سوویر دەرچوو. باوکم لەسەر ئەوە زۆر زۆری لە دایکمم دا و توڕە بوو لێی و گووتی:

- من لە ئیش دێمەوە و تۆ بە ئەنقەست خواردنی سوێرم بۆ دەکەی؟

ئینجا خستیە ژوورێکەوە و بە قایشی پانتۆڵەکەی زۆر زۆری لێدا گشت گیانی وورد و خاش کرد منیش چووم ڕێگری لێ

بکەم، زۆریشی لە منیشدا، بەڵام زیاتر لە دایکمیدا. هەموو گیانی خوێنی لیَ دەهات و بریندار ببوو. جگە لە گریان بۆ خۆم و حاڵی دایکم هیچیترم لە دەست نەدەهات. زۆر ڕقم لە باوکم دەبویەوە زۆر تورە بووم. گووتم:

- دایکە چیتر لەگەڵ ئەم پیاوە ناژین. ئەو جگە لە رەوەندی برام کەسیتری خۆش ناوێت و لای گرنگ نیە لێی جیابەوە. من و تۆ بۆ خۆمان دەژین. تێناگەم ئەوە چ پیاوێکە؟ چ باوکێکە؟ هەر بەڕاست ویژدانی نیە؟ دڵی نیە؟ ئاخر بۆ وامان لیَ دەکات؟ تاوانمان چیە؟ چی لە ئێمە دەوێت؟ بۆ ناهێڵێت بژین و دڵخۆش بین؟ بۆچی باوکی هاورێکانم وانیە؟ بۆچی باوکی من وایە؟

دایکم گووتی:

- بڵێم چی کچە جوانەکەم؟ باوکت هەر لەسەرەتاوە ئێمەی نەویستوە.

گووتم:

- بۆچی ئێمەی نەویستوە دایکە؟

دایکم گووتی:

- کچە جوانەکەم باوکت پێش ئەوەی من بهێنێ ئاشقی کچێك بوو، بەڵام شووی کرد و باوکتی جێهێشت. ئیتر خۆت دەزانی من دایک و باوکم نەبوو لە ژێر دەست برا و برازنێکم بووم ئەوانیش منیان نەدەویست هەر بە بەلاش منیان پێشکەش بە باوکت کرد وویستیان لە کۆڵیان ببمەوە. باوکت هەمیشە ڕقی لە کچ بووە هەر لە سەرەتاوە گووتی:

- - منداڵت بوو دەبێت یەکەم منداڵم کور بێت ئەگینا ئەگەر کچ بێت نامەوێ و فڕێی دەدەم. زۆر دووعام دەکرد یەکەم منداڵم کوڕ بێت، بەڵام خودا تۆی پێدام چرۆ. باوکت زۆر توره بوو زۆری لێدام و قسەی پێ گووتم. وویستی تۆ فڕێ بدا و بتکوژێ، بەڵام من نەمهێشت و لێی پاڕامەوە و گووتم:

- ئەمجارە کوڕت پێ دەدەم تکایە هیچ لە کچەکەم مەکە

زۆر لێی پاڕامەوە ئینجا ڕێگەی دا تۆ بژیت. ئیتر منیش ناوی تۆم نا چرۆ. نائومێد و بێ هیوا نەبووم چونکە دەمزانی گوڵەکان دووبارە چرۆ دەگرن و گەشە دەکەن تۆش بەو جۆرە خودا بە منی دایەوە. دڵنیام ڕۆژێکیش دێ وەک ناوەکەت دووبارە گوڵ دەگری تەنها پێویستە باوەرت بەخوا هەبێت و بەهێز بیت. ئەم

هەموو ناخۆشیە گشتی تێدەپەڕێ کچە جوانەکەم. چیتر مەڵێ با بڕۆین و باوکت جێ بهێڵین پێم بڵێ بچینە کوێ؟ من بێ دایک و باوکم و براکەشم منی ناوێت و منی بە ئاسانی فرۆشت. ئەگەریش لێرە ڕابکەین دڵنیابە باوکت دەماندۆزێتەوە و دەمانکوژێت ئیتر بۆ کوێ بڕۆین؟ بێ پارە و بێ کەسوکارین پێویستە لەگەڵ باوکت بمێنینەوە. من ئەو هەموو ماوەیە بەرگەم گرتووە لە بەر ئێوە بوو تۆش دەبێت بەرگە بگری کچە جوانەکەم. هەموو ناخۆشیەکان تێدەپەڕێ و خودا تۆڵەی ئێمە لە باوکت دەکاتەوە.

منیش بە گریانەوە گوێم لە قسەکانی دایکم دەگرت. ڕاستی دەکرد ئێمە هیچ کەسمان نەبوو ناچار بووین لە زیندانی باوکم بمێنینەوە و بەرگە بگرین و هەموو شت بدەینە دەست خودا. ڕۆژانێکی سەخت دەژیاین لەگەڵ دایکم ناچار بووین بەرگەی

هەموو ئازار و قسە و جنێوەکانی باوکم بگرین. ڕۆژێك کە لە قوتابخانە گەڕامەوە بینیم دایکم نەخۆشە و لەسەر جێگایە خەریک بوو شێت بم کە دایکم ئاوا بینی. لە باوکم پارامەوە تا بیبەینە لای دکتۆر، بەڵام ئەو هەر بەلایەوە گرنگ نەبوو وەک بڵێی ژنی ئەو هەر نەبێت. دایکم لە تاو ئازار هەر هاواری بوو خەریک بوو شێت دەبووم بۆ دایکم. باوکیشم هات و هاواری بوو بە سەر مندا و دەگیووت:

- هاتوومەتەوە لە کار بۆ هیچت بۆ ئامادە نەکردووم؟

منیش تا هێزم تێدابوو هاوارم کرد و بە توڕەییەوە گووتم:

- ئەسڵەن تۆ نە باوکی نە پیاوی. چ پیاوێک ئاوا لە ژنەکەی دەکات؟ نەخۆشە و نایبات بۆ نەخۆشخانە. بە خۆتیش دەڵێیت پیاو؟ ئاخر بۆچی بەزەیی و وویژدانت نیە؟ چیمان

لێت کردووە وا ئازارمان دەدەیت؟ تا ئێستا چی خراپە و ناخۆشی و ئازار نەما بەسەرمانی نەهێنی ئێمەش هەر بێدەنگ بووین و هیچمان نەووت. وویژدانت هەبێ ئەو ژنی تۆیە و ئازاری هەیە و خوێن لە دەمی دێت با بیبەین بۆ دکتۆر.

باوکیشم هەڵسا و تورەبوو. گووتی: چی لێ بکەم نەخۆشە ها؟ من پارەی دکتۆری ئەوم نیە. لە بەیانیەوە تا ئێوارە کار دەکەم جا بچم گشتی بدەمە دکتۆر و دەرمان؟ تۆش زمان درێژی نەکەی، ئەگینا زمانت دەبڕم و بە قایش لێت دەدەم و زیندانت دەکەم.

جگە لە گریان بە دیار دایکمەوە هیچترم پێ نەدەکرا. ئازار و گریانی دایکم تا حەوت تەبەقەی ئاسمان ئەگەیشت. چووم قاچی باوکمم ماچ کرد بەس بۆ ئەوەی دایکم بەرێتە

نەخۆشخانە. بە گریانەوە لێی پارامەوە ئیتر دڵی نەرم بوو ڕازی بوو دایکم بەرینە نەخۆشخانە. بەداخەوە دکتۆر گووتی:

- شێرپەنجەی سیەکانیەتی. هیچ ڕێگەیەک نیە بۆ چارەسەر کردنی ئەمە دەمێکە ئاوایە بۆ زوو نەتهێناوە؟

شۆک بووم، واتا دایکم دەمێکە ئاوا نەخۆشە وهیچی نەوتوە و بێدەنگ بووە و بەرگەی گرتوە؟ کە دکتۆر ووای ووت هاوارم گەشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان. ئاخر ئەمە واتای ئەوە بوو دایکم دەمرێت و دەبێت چاوەڕێی مردنی دایکم بم. باوەرم بەو قسانەی دکتۆر نەدەکرد. گووتم:

- نەخێر دایکم جێمان ناهێڵێ. نابێت بمرێ و ئێمە جێ بهێڵێ.

نازانم بە چ ووشەیەک وەسفی ئەو کاتە بکەم. ئاخر ڕۆشتنی واتا من بێ کەس وتەنیا دەمێنمەوە. دایکم تەنها پشت و پەنام بوو نازی هەڵدەگرتم و هێزی پێ دەدام. کاتێ دایکت واتا ڕووناکی ماڵ و دڵ و گیان و ژیانت، هەواڵی مردنیت پێ دەڵێن. دەبێت حاڵت چۆن بێت؟

دایکم ڕۆشت و جێی هێشتم. تەنها دەتوانم بڵێم:یاڕەبی هیچ کەسێك لەو حاڵە نەبێت. من دەزانم ژیان بێ دایک چ واتایەکی هەیە. هەموو شتێکم ببوو بە گریان و قسە و زەردەخەنە و ئامۆژگارییەکانی هەمووی لە پێش چاوم بوو. من چیتر چرۆم نەدەکرد و گەشەم نەدەکرد بەڵکو دوای مردنی دایکم بە تەواوی شکام و سیس بووم وەك جەستەیەکی بێ ڕۆح وابووم. دایکم تەنها دایک نەبوو بەڵکو هاورێ ژیانیشم بوو. پرسەی دایکم زۆر چۆڵ بوو تەنها چەن مامەیەکم و هەندێ خزم وکەس و

دراوسێ هاتبوون. باوکم و براکەم بە خەیاڵیان نەدەهات هەر تەنها حاڵی من وێران بوو. نەمدەزانی چۆن بێ دایکم بژیم. هەمیشە دەمگووت:

- خۆزگە دایکە منیشت لەگەڵ خۆت دەبرد و لەم دۆزەخە منت جێناهێشت.

دوای ماوەیەکی کەم مامەکانم ووتیان: پێویستە باوکت ژن بێنێتەوە. تۆ و ڕەوەند منداڵن پێویستە کەسێك هەبێ ئاگای لێتان بێت.

ئیتر ژنیان بۆ باوکم هێنا. باوەژنم زۆر خراپ بوو لەگەڵم وەک مار پێوەی دەدام. نازانم چۆن باسی ئەو ئازارانەم بکەم کە باوەژنم پێی دەدام. هەموو ڕۆژ لێدان و قسە و جنێو و ئازار ژیانی من بوو هەموو ڕۆژ گشت ئیشی ماڵی بە من دەکرد. هەر

کاتێك ئیشێکم جوان نەکردایە بە سۆندە و قایش گیانی ئەنجن دەکردم. سزای دەدام لەبەر باران بە زستان و بە هاوینانیش لەبەر گەرمی خۆر دایدەنام. هەر دەمگووت:

- ئای لەو هەموو ئازارە! خوایە جگە لە تۆ کەسیترم نیە. خوایە لەو هەموو تاقیکردنەوەیە ماندوو بووم. خوایە وەرە فریام.

ڕۆژێك کەمێك نەخۆش بووم مێزەکەی تەلەفیزۆنم جوان پاک نەکردەوە لەسەر ئەوە زۆری لێدام بە سۆندە. زۆرجار هەبوو ڕۆژی یەک ژەم نانی پێ دەدام. باوکیشم قەت نەدەهاتە لامەوە. ئەو برین و ئازارەی دەستم و گیانمی دەبینی و هیچی نەدەگوت تەنها ڕەوەندی لا گرنگ بوو. باوەژنیشم ڕەوەندی زۆر خۆشدەوویست چونکە هەرچی بگووتایە ڕەوەند بە قسەی

دەکرد. ڕەوەند زۆرجار بە ئەنقەست بە دەست باوەژنم منی بە لێدان دەدا. ئاخر وەرە برای ڕاستی و خوێنی خۆت ئاوا بێت لەگەڵت. من تەنها و بێ کەس بووم هەر دەگریام و هاوارم دەکرد:

- خوایە منیش ببەوە بۆ لای دایکم. بۆ منیش نەمردم لەگەڵ دایکم؟

ڕۆژێك زۆر دڵم تەنگ بوو وێنەیەکی دایکمم لابوو دەگریام و قسە و گلەییەکانم بۆی دەکرد فرمێسکەکانم دەکەوتە سەر وێنەی دایکم. ڕەوەندی برام هات و گووتی:

- چیە بۆ ئەو ژنە دەگریت؟

منیش تورە بووم گووتم:

- ژن نیە ئەو کەسە دایکتە چۆن وای پێ دەڵێی؟ 9 مانگ تۆی لە سکی هەڵگرتوە بۆ وا ڕقت لێیەتی؟ ئەو باوەژنەت خۆشدەوێت کە ڕۆژێک ئازاری بە تۆوە نەچەشتوە و تا بەیانی بە دیارتەوە نەبووە. بیرت نیە کاتی نەخۆش دەکەوتی دایکم نەدەخەوت بە ڕۆژ و بە شەو بەسەرتەوە بوو. هەر چەن تۆ ئازارت هەبوو دایکم دە ئەوەندەی تۆ ئازاری دەچەشت.

هاواری کرد و گووتی:

- بێدەنگ بە درۆ دەکەی دایکم قەت منی خۆشنەویستوە تەنها تۆی خۆشدەویست. باوکم منی خۆشدەوویست و تەنها ئەو لام بوو.

گووتم:

- ئەی فەقیر! چاک مێشکی تۆیان پڕکردووە بەو قسانە بەم منداڵیەوە. تازە 11 ساڵی چۆن دەبێ وا بە دایکی ڕاستیت بڵێی؟

زۆر تورە بووم و زۆر قسەم پێی گووت لەسەر ئەوەی قسەی بە دایکم دەکرد. لەو کاتەدا باوەژنم هات و گووتی:

- چڕۆ ئەوە چیتە؟ بۆ وا هاوار دەکەی بەسەر ڕەوەند؟

ئەو بە باوەژنمی دەگوت دایکە. کە وای دەگووت زۆرم پێ ناخۆش بوو لە دڵمەوە زۆرم ڕق لە ڕەوەند دەبویەوە هاتم قسە بکەم، بەڵام ڕەوەندی برام بە درۆ دەستی بە گریان کرد و گووتی:

- قسەم پێ دەکات دایکە. چڕۆ جنێوم پێ دەدات لەسەر ئەو ژنەی کە ڕقی لە من بوو.

بە زۆر خۆم گرتبوو هیچ نەڵێم، بەڵام ڕەوەند زۆر قسەی بە دایکم دەگوت لە پێش باوەژنم. منیش تا هێزم تێدابوو زللـەیەکی قایمم لە ڕەوەند دا. دەستی کرد بە گریان و باوەژنیشم زۆر لێم تورە بوو دەرگای لەسەرم داخست تا ئێوارە.

باوکم هاتەوە و شتەکانی پێ گووترابوو. هاتە ژوورەکەم و گووتی:

- چیە خانم زمانت درێژ بووە؟ قسە و جنێوو و لێدان بە ڕەوەند دەکەی لەسەر ئەو دایکە سۆزانیەت؟

هاوارم کرد و گووتم:

- وا بە دایکمم نەڵێی تێگەیشتی.

باوکم تورە بوو بە قایش لەو ژوورە ئەوەنەی لێدام گیانم خەڵەتانی خوێن بوو. قژمی گرتوو دامی بەزەویەکەدا. تا هێزی

تێدابوو لێی دام. گریان و هاوار و ناڵەی منیش دەگەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان. زۆری لێدام هەموو گیانم شکا بوو. ئەوان هەر دەیانگووت:

- تۆ لە دایکت دەچیت. شایەنی ئەو ئازارەیت .

دوای لێدانم دەرگای لەسەرم داخست و گووتی:

- کەس نان و ئاوی پێ نەدا.

زۆر گریام. بێ دایکیم چەند ئازاری دەدام. لەم تەمەنە منداڵیەوە نە باوکم نە برام ویژدانیان نەبوو. هاوارم دەکرد بۆ خودا و دەمگووت ئەی کەسی بێ کەسەکان فریام بکەوە. منیش بەرەوە بۆ لای دایکم.

خوێنی گیانم زەوی داپۆشی بوو. لە بەر ئازاری گیانم توانام نەبوو بجوڵێم. دوای دوو ڕۆژ باوەژنم دەرگای لێم کردەوە بە سینیەك خواردنەوە. شۆک ببووم. باوەژنم گووتی:

- چاوت ڕوون باوکت دڵی نەرم بوو گووتی دەرگای لەسەر بکەنەوە و خواردنی پێ بدەن و برینەکەی بۆ پاک بکەنەوە.

زۆرم پێ سەیر بوو. نەمدەزانی چۆن باوکم وا لە ناکاو باش بووە. تۆ بڵێی فریشتە هاتبێت بۆ لای و پێی گووتبێت چیتر ئازاری من نەدا. زۆریش دڵخۆشبووم واتا چیتر باوکم ئازارم نادا. ئیتر نانم خوارد و چووم دەست و چاوم شۆری. باوکم گووتی:

- وەرە چرۆ دانیشە لام.

جوومە لای باوکم و دانیشتم. گووتی:

- چیتر ئیشی ماڵ ناکەی چیت پێ خۆشە بیخۆ.

ئەم قسانەم بیست زۆر دڵخۆشبووم وامدەزانی باوکم گۆڕاوە و باش بووە. باوکم گووتی:

- خۆت ئامادە بکە دەتبینە دکتۆر بۆ برینەکانی جەستەت. ئەگەر دکتۆر پرسی بڵێ کەوتوم لەسەر پەیژەکانا.

خەریك بوو لە خۆشی شێت بم. وامدەزانی ناخۆشیەکان کۆتاییان هات. دوای ئەو هەموو ئازارە و ناخۆشیانە من دووبارە دڵخۆش دەبم. ئیتر چووینە دکتۆر و برینەکانی گیانم وردە وردە بەرەو باشتر دەڕۆشت. دوای سێ ڕۆژ ماڵەوە نە ئیشیان پێ دەکردم نە قسە و نە جنێوو و هیچیش خراپیش نەبوون لەگەڵم. بە دڵی خۆم حەزم لە چی بووایە دەمخوارد.

باوکم و باوەژنم زۆر باشبوون لەگەڵم. نەمزانی لە پشت ئەم باشیە فێڵ و پلانی خۆیان هەیە.

دوای سێ ڕۆژ، باوکم هات و گووتی:

- چرۆ.

گووتم:

- بەڵێ بابە.

گووتی:

- دەمێکە وەک کچ و باوک دانەنیشتووین قسە بکەین. خۆت دەزانی کچ دەبێت شوو بکات و کور دەبێت ژن بێنێ ئەم ژیانە ئاوایە. تۆش گەورە بوویتە و داوات هاتووە بۆ شوو ناکەی؟

منیش شۆک بووم. گووتم:

- شووی چی؟ من جارێ منداڵم بابە.

گووتی:

- شوو بکە بە هەرێمی برای باوەژنت داوای تۆیان کردووە.

هەڵسام گووتم:

- ئەوە چی دەڵێی بابە؟ هەرێم 35 ساڵە منیش 16ساڵم. تخوا بابە بە شووم مەدە من هیچ حەزم بە شوو نیە تخوا بابە ئەم خراپییەم لەگەڵ مەکە.

زانیم ئەمە لە ژێر سەری باوەژنم دەرچووە زۆر گریام و زۆر پارامەوە بێ سوود بوو. باوکم گووتی:

- بێدەنگ بە تەواو. سبەی شەو دێن مارەت دەکەن تۆش دەبێت ڕازی بیت.

باوەژنم گووتی:

- لە برای من باشترت دەست دەکەوێت؟ براکەم دەڵێی زێرە زێر. دەبێت مەمنونیش بیت تۆی دەوێت.

زۆر تورە بووم. گووتم:

- براکەت خوێریە بۆیە کەس ژنی ناداتێ.

باوکیشم تورە بوو زللـەیەکی لێمدا و گووتی:

- بڕۆ ئەو ژوورە دەرگاشت لەسەر دائەخەم تا بەیانی دێن و مارەت دەکەن.

ئاخر من بەم منداڵیەوە چۆن شوو بکەم؟ دەگریام زیاتر بۆ نەبوونی دایکم و بێ نازی خۆم دەگریام. دەرگایان لەسەرم داخست و لەو ژوورە تەنها مامەوە. پەنجەرەی ژوورەکەم کردەوە و سەیر ئاسمانم کرد و قسەم بۆ دایکم دەکرد و دەمگووت:

- بیرتە دایکە دەتگووت بەرگە بگرە هەموو ئەم ناخۆشیانە تەواو دەبن و خوا خۆشی دێنێ و هەقت دەسێنێ. کوا دایکە من هیچ خۆشی نابینم لە دوای مردنی تۆ. دایکە ژیان هەر ڕۆژە و ناخۆشیەکەم پێ نیشان دەدا و یاری خۆیم لەگەڵ دەکات دەزانیت؟ من ماندوو بووم لەگەڵ ئەم یاریانەی ژیان چیتر بەرگە ناگرم. خۆزگە منیش دەمردم و دەهاتم بۆ لای تۆ. من وامدەزانی مردن تەنها دەرچوونی ڕۆحە لە جەستە، بەڵام وانیە لە دەستدانی تۆ دایکە، هەزاران جار لە ڕووح کێشان کوشندەتر و بە ئازارتر بوو بۆ من. دەزانی دایکە ئاواتی ئێستام لە خوا ئەوەیە دەرچونی ڕۆحم لە جەستەم بۆ بکاتە دیاری و بێم بۆ لای تۆ. ئاخ زۆر ماندووم دایکە.

بەردەوام بووم لە قسەکردن بە دەم گریانەوە بۆ دایکم. نازانم ئەو شەو بۆ وا درێژ بوو. حەزم دەکرد لەم شەوە گیانم دەرچوایە بەس ڕۆژ نەبووایتەوە و نەچومایەتە جەهەننەمی ئەم شوو کردنە. هەر لای پەنجەرەی ژوورەکەم خەو بردمیەوە بە جەستەیەکی سارد و ئاهـ و ناڵە. بەیانی کاتێك باوەژنم دەرگای لیێ کردمەوە بە هەلهەلەوە هاتە ژوورەوە و گووتی:

- پیرۆزە کچیێ! بەختی ژیانت کرایەوە. شوو دەکەیت و دەچیتە ماڵ و حاڵی خۆت.

زۆر تورە بووم لە باوەژنم زۆر ڕقم لێی دەبویەوە بە من بووایە بمکوشتایە. ئاخ هیچم پیێ نەکرا و ناچار بێدەنگ بووم و هیچم نەدەووت. لە ڕاستیدا ئەوەندە هیلاک بووم، تاقەت و هێزم نەما

بوو قسە بکەم و هاوار بکەم. خۆم دایە دەست چارەنووس و گووتم:

- چی دەبێت با ببێت. ئیتر هیچ بەلای من گرنگ نیە.

شەو هات و مارە کرام و دوای چەند هەفتەیەك گوازرامەوە. هەرێم لەگەڵ دایکی دەژیا کە دایکی باوەژنمیشی دەکرد ئەوانیش هیچیان لە باوەژنم کەمتر نەبوو وەک ئەو بۆم خراپ بوون. لە جەهەنەمێک ڕزگارم بوو و چوومە جەهەنەمێکیتر. هەرێم و خەسووم وەک ئاژەڵ مامەڵیان لەگەڵم دەکرد و ئازاریان دەدام. لە تەنیشتیان ماڵی سیما و هیوا هەبوو کە ئامۆزای هەرێم بوون. سیما لە بەشی پزیشکی دەیخوێند دایک و باوکی لە ڕووداوی هاتووچۆ مردبوون تەنها خۆی و هیوای برای پێکەوە دەژیان. ئەوان زۆر باش بوون لەگەڵ من. لەو

خێزانە تەنها ئەو دوانە باشبوون لەگەڵم و لە نێو ئازار و بێ کەسیەکانمەوە ئەوان کەسم بوون و فریام دەکەوتن. ڕۆژێ هەرێم بەسەر خۆشی هاتەوە. ئەمە یەکەمجاری نەبوو بەسەر خۆشی بێتەوە و یەکەمجاریشی نەبوو ئاوا ئازارم بدا. زۆر سەرخۆش بوو وویستی لێم نزیک بێتەوە منیش پاڵم پێوەنا و نەمهێشت و زۆر قسەم پێی گووت. گووتم:

- چ پیاوێکی؟ چ بەشەرێکی تۆ؟ ژنت هەیە و بەم کاتە درەنگە دیتەوە بەسەرخۆشی لە قومارخانەکان؟ هیچ پیاوەتیت تێدا نیە.

ڕێک بۆنی سەگی لێ دەهات ئەوەندەی خواردبویەوە. گووتی:

- ئەوە چیە زمانت درێژ بووە خانم؟ پێویستە ئاقڵت بکەم.

ئیتر قایشی پانتۆڵەکەی دەرهێنا و زۆر زۆری لێمدا. ئەوەندەی لێمدا لە هۆش خۆم چووم هەموو گیانم ببوە برین و خوێنی لێدەهات. چاوم کردەوە سیمای ئامۆزای کانوولەی بۆ دادەنام و برینەکانی بۆ تیمار دەکردم. هەرێم نەیدەهشت بمبەن بۆ لای دکتۆریش تەنها سیما و هیوا فریای من دەکەوتن و برینەکانیان بۆ سارێژ دەکردم.

هیوا شەری لەگەڵ هەرێم کرد و زۆر قسەی پێ گووت. دەیگووت:

- ویژدانت نیە؟ ئەوە ژنی تۆیە چۆن وا ئازاری دەدەی؟ چۆن دڵت دێ لێی بدەی؟ تۆ هەقە ببیتە هەموو کەس بۆی. هەم باوک، هەم برا، هەم هاوسەر، هەم هاورێ، بەڕاستی پیاوەتیت هیچ تیادا نیە خۆ دووژمنت نیە ئەوە ژنتە.

زۆر جار هیوا بەو جۆرە لەسەر منی دەکردە و شەری لەگەڵ هەرێم دەکرد، بەڵام سوودی نەبوو هەرێم و خەسووم هەر خراپ بوون بۆم. دوای کەمتر لە ساڵێك ڕۆژێک زۆر زۆر نەخۆش بووم سیما هات و پشکنینی بۆ کردم و پێی ووتم دووگیانم. شۆک بووم نەمدەزانی دڵخۆشبم یان خەماربم. دڵخۆشبم دەبم بە دایک هەر وەک دایکانیتر و خودا منداڵم پێ دەدا و گوێم لە ووشەی دایک دەبێت و منداڵەکەم بانگم دەکات یان خەماربم کە باوکێکی وەک هەرێمی هەیە خوا دەزانێ منداڵەکەشم وەک من دەرچێت.

سیما ئەمەی بە هەرێم گووت ئەویش دڵخۆش بوو بەس گووتی:

- چرۆ دەبێت منداڵەکەم کوڕ بێت.

منیش گووتم:

- فەرقی چیە کچ بێت یان کوڕ؟ گرنگ ئەوەیە سەلامەت بێت.

گووتی:

- نەخێر دەبێت کور بێت و لە من بچێت.

منیش لە دڵی خۆم گووتم:

- قەت لە تۆ نەچێت ان شاء الله.

دوای چەند مانگێك پشکنینم کرد دەرچوو منداڵەکەم کورە. هەرێم و خەسووم زۆر دڵیان خۆش بوو زۆریان پێ خۆشبوو منداڵەکەم کورە. ڕاستی خۆشم پێم خۆشبوو کور بوو چونکە ئەگەر کچ بووایە ڕێک ژیانی وەک من دەبوو. ئیتر لە ماوەی دوو گیانیمدا هەرێم و خەسووم گۆڕا بوون لەگەڵم باش بوون

و ئازاریان نەدەدام و قسە و لێدان و جنێویان پێ نەدەدام. دەمزانی لەبەر دووگیانی و منداڵەکەمە دەمزانی منداڵم ببێت وەکو پێشوو دەژیمەوە و خراپ دەبنەوە لەگەڵم جونکە کوڕم دەبێت بۆیە وا باشن لەگەڵم ئەگەر کچ بووایە دڵنیام وانەدەبوون. سووپاس بۆ خوا ماوەی دووگیانیم ئاسایی دەژیام و بێ کێشە تێپەری تەنها هەندێ جار ئازارم هەبوو. ئەمەش لە ماوەی دووگیانیدا ڕوو دەدات. ڕۆژی منداڵ بوونم زۆر زۆر ئازارم هەبوو بردمیانە نەخۆشخانە. هەرێم و هیوا و سیما لەگەڵم هاتن. سیما بە دیارمەوە بوو تا منداڵەکەم لە دایک بوو سووپاس بۆ خوا منداڵەکەم بە سەلامەتی لە دایک بوو کوڕێکی زۆر جوانم بوو. زۆر دڵخۆشبووم سیما لەلام بوو جێی نەدەهێشتم. کاتێ هێنایان بۆم تا شیری پێ بدەم گوێم لە دەنگ گریانەکەی بوو، ئینجا زانیم بوون بە دایک چەند

هەستێکی خۆشە. لەو کاتەیە چاوانم پڕ بوو لە ئاو خۆم پێ نەگیرا و گریام. بیری دایکم دەکرد دەمگووت:

- خۆزگە لێرە دەبوویت دایکە.

ئاواتم زۆر بوو بۆ منداڵەکەم دەمەویست بە شێوەیەکی جوان پەروەردەی بکەم هەرگیز لە باوکی و کەسەکانیتر نەچێت و بە وەفا و میهرەبان و بە ویژدان و خاوەن مرۆڤایەتی بێت و ئازاری کەس نەدا. بە تەمابووم دووری بخەمەوە لە باوکی و خەسووم بۆ ئەوەی وەک ئەوان دەرنەچێت. ئیتر گەڕاینەوە ماڵ. زۆری نەبرد خەسووم و هەرێم وەک جاران لەگەڵم خراپ بوون ئازاریان دەدام و قسەیان پێ دەوتم. دەمزانی وایان لێ دێتەوە. ویستم ناوی کورەکەم بنێم باران، بەڵام ڕێگەیان پێ نەدام و ناویان لێنا ئاریان. زۆر بێتاقەت بووم بە دڵی خۆم ناوم لێی نەنا.

وای لێ هات هەرێم و خەسووم کورەکەمیان لێ دوورخستمەوە و تەنها کاتی شیرپێدان بە منیان دەدا بەردەوام لای خۆیان بوو. دەیانەویست خۆیان گەورەی بکەن و ڕێک وەک خۆیان دەرچێ ڕێگەیان نەدەدا من گەورەی بکەم و لای خۆم بێت ئەمە زۆر بێتاقەتی دەکردم. تەنانەت وەک دایکەکانیتر مافی هیچم نەبوو بەسەر کورەکەم. نەیاندەهێشت وەک دایک مامەڵەی لەگەڵ بکەم خۆیان جلیان بۆ دەکڕی و دەیانخەواند کاتێ دەشگریا هەر خۆیان لای بوون و لە باوەشیان دەگرت زۆرجار تامەزرۆ بووم بۆنی بکەم و لە باوەشی بکەم ڕێگەیان نەدەدا. جگە لە گریان بۆ حاڵی خۆم و بێ کەسی خۆم هیچم لە دەست نەدەهات. خۆی باوک و برا پشت و پەنایە بەس من ئەوانیشم نەبوو. ماوەیەك تێپەری و من ژیانم هەر دۆزەخ بوو ژیانم هەر ئازار و ناخۆشی بوو بە هۆی خەسووم و

پیاوەکەمەوە، بەڵام لەبەر منداڵەکەم بەرگەی هەموویم دەگرت. ئەو کات لە دایکم تێگەیشتم بۆچی بەرگەی دەگرت. هەموو ڕۆژ لەتاو نەبوونی ڕۆڵەکەم دەگریام و جەرگم دەسووتا کە پێمی نادەن لە باوەشی بکەم و کە نەخۆشە و من لە لای نیم. کە پێکەنی و دەشگری و من لە لای نیم. شەوانم بە گریان بەڕێ دەکرد زۆربەی شەوان سەیر ئاسمانم دەکرد و قسەم بۆ دایکم دەکرد. دەمگووت:

- ئەها دایکە! وەک تۆ منیش بووم بە دایک. دەزانی دایکە منیش ڕێک وەک ژیانی تۆ دەژیم؟ وەک تۆ بێ کەس و بە ئازار دەژیم. دایە نامەوێت منداڵەکەم وەک ئەوان دەرچێت هەرگیز ڕێگە نادەم وەک ئەوان مرۆڤێکی دڕەند و خراپ و دڵڕەق دەرچێت.

ژیانم بەو جۆرە لە دووری ڕۆڵەکەم بەڕێوە دەچوو تا وەرزی بەهار هات. باوکم و باوەژنم لەگەڵ خەسووم و هەرێم ڕێک کەوتن بچنە گەشت و گووتیان:

- با ڕەوەند لای چرۆ جێ بهێڵن و لە ماڵ بن.

نەڕۆیشتنی من خێری تێدابوو ئەوان لە ڕێگا تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بوون و هەموویان هەر لەوێ مردن جگە لە باوکم کە بە سەختی بریندار ببوو. کە هەواڵەکەم بیست شۆک بووم. ڕاستیتان دەوێ؟ هیچ خەمم نەخوارد بۆ مردنیان چونکە ئەمە تۆڵەی خوایی بوو خوا تۆڵەی منی لێیان کردەوە. بەڕاستی هیچ شتێك لای خوا وون نابێت و خوا هیچی بیرناچێت بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێك هەیە. ئەو دوعایانەی چەندین ساڵە دەیکەم گیرابوو تۆڵەم کرایەوە. ئەوەندە بە خراپی

مردبوون گیانیان گشتی خوێن بوون. تەرمەکان بە زەحمەت دەناسرانەوە و هەمووی شێواو و خوێناوی بوو تەنانەت نەماندەتوانی بیانشۆین ڕێک بەو جۆرە خستیانە ناو قەبرەوە. هیوا لە پرسەکە زۆر لەگەڵمان بوو هەر ئەو میوانەکانی بەڕێ دەکرد. دوای پرسەکە من و کورەکەم تەنها ماینەوە و دوای ماوەیەک خۆشترین شت لە ژیانم ڕوویدا کە لەو کاتەیە زانیم دووعاکانم گشتی قبوڵ بووە. هەر وەک دایکم دەیگووت(بەرگە بگرە ڕۆژێك خوا تۆڵەت دەسێنێ و دوعاکانت قبوڵ دەبێت و خۆشی دێتە ژیانت) هیوا هات و گووتی:

- چرۆ شتێك هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم بەس توخوا هەڵە تێمەگە لێم. بڕوا بکە ئەو قسانەی دەیڵێم هەمووی ڕاستیە. لەوەتەی تۆم بینیوە و تۆم ناسیووە ئاشقت بووم. بە

جۆرێك دڵت بردوم ڕۆژ نەبوو بیر لە تۆ نەکەمەوە ڕۆژ نەبوو داوای تۆ لە خوا نەکەم بە گریان داوام لە خوا دەکرد، بەڵام لەبەر هەرێم هەمیشە لە ناو دڵم دەمهێشتەوە. دەترسام بزانێ و بە بیانووی شەڕەف بمانکوژێ، بەڵام چرۆ ئەو قسانە گشتێ ڕاستیە و ئاشقت بووم. هەر کات هەرێم ئازاری پێ دەگەیاندی و لێی دەدای من لێرەوە دەمردم. من دەمردم کە تۆ لە ژیانێکی دۆزەخی دەژیایت و من نەمدەتوانی هیچت بۆ بکەم. هەموو ڕۆژ و خولەك و کاتژمێرێك دڵم لای تۆ بوو هەمیشە هەوڵمداوە لە بیرت بکەم. دەمگووت خاوەن ماڵ و مێردە، بەڵام بڕوا بکە نەمتوانی بۆ جارێکیش لە دڵم دەرت بکەم. چرۆ ڕازیت ببیتە هاوسەری ژیانم؟

کە ئەم قسانەم بیست زۆر دڵخۆشبووم چاوم پڕ بوو لە ئاو چونکە هیوا کوڕێکی زۆر چاک بوو هەموو کات لامان بووە.

گووتی:

- چی دەڵێیت چرۆ ڕازیت؟

گووتم:

- بەڵێ ڕازیم، بەڵام بەو مەرجەی خراپ نەبیت لەگەڵ من و کورەکەم و ئازارمان نەدەی و قسەی ناخۆشمان پێ نەڵێیت و لێمان نەدەی و دڵمان نەشکێنی.

هیوا گووتی:

- بەڵێن بێت کورەکەت وەک کوڕی خۆم سەیر دەکەم و گەورەی دەکەم و ئاگام لێ دەبێت ناهێڵم ئازار بە تاڵە

قژێکی تۆش بگات. هەتا من هەبم ناهێڵم ڕۆژێ بگرین و خەم بخۆن.

دوای چەند هەفتەیەك هیوا منی مارە کرد و هاوسەرگیریمان کرد. هەموو ئەو بەڵێنانەی پێی دابووم گشتی بردە سەر. زۆر دڵخۆش بووم لەگەڵی زۆری خۆشدەویستم و ڕێزی دەگرتم و میهرەبان بوو لەگەڵم. بۆ جارێکیش قسەی ڕەق و ناخۆشی پێ نەدەوتم. تێگەیشتم وەڵامی دووعاکانم درایەوە هەروەک دایکم دەیگووت(بەرگە بگرە لە دوای ناخۆشی خۆشی دێت ڕۆژێک وەک گوڵ گەشە دەکەی و چرۆ دەکەی) ڕێک وەک ناوەکەم چرۆم کرد و دووبارە گەشەم کرد و لە دایک بوومەوە. نازانم بە چ ووشەیەک باسی ئەو ساڵانەی دڵخۆشیم بکەم کە لەگەڵ هیوا بووم. ڕۆژێك نەیهێشت خەم بخۆم و بگریم. هەمیشە دەڵێم(خوایە هیوام بۆ بهێڵە ئەو پشت و پەنامە. لە هەموو

خۆشی و ناخۆشیەک وەک چاوی ئاگای لە ئاریان بووە وەک کوری خۆی سەیری کردووە خۆشەویستی پێ بەخشیوە.)

دوای ماوەیەک باوکم بەرەو چاک بوونەوە ڕۆیشت. لە نەخۆشخانە دەرمان کرد و هێنامە لای خۆمان. ڕاستە باوکم زۆر ئازاری دام و زۆر ئەشکەنجەی دام ژیانی لێ تاڵ کردم و کردیە دۆزەخ لێم، بەڵام لە کۆتایدا باوکی منە و منیش کچی ئەوم. دەمویست من وەک ئەوان خراپ نەبم. ویستم ویژدانم هەبێت و مرۆڤ بم. باوکم قاچی لە دەست دا خۆم خزمەتم دەکرد و ئاگام لێی دەبوو هیچ ڕقم لە باوکم هەڵنەدەگرت. بە چاکی وەڵامم دەدایەوە و مامەڵەم لەگەڵ دەکرد باوکیشم زۆر گۆرا و پەشیمان بویەوە لەو کارانەی بەرامبەر من کردی. هەر چەندە درەنگ بوو بۆ بوون بە باوک و کچ، بەڵام دڵخۆشبووم

کە تێگەیشت و پەشیمان بویەوە و باوکایەتی بۆ کردم تێگەیشت ئەو کچەی ڕقی لێی بوو چ نیعمەتێکە خوا پێی داوە.

ئاریان بە چاوی پڕگریانەوە:

- دایکە گیان زۆرم خۆشدەوێیت. ئەو هەموو ناخۆشی و ئازارانەت بەسەرهات چۆن ئاوا بە هێزی؟ من ڕقم لە باوکی پێشوومە کە ئاوا خراپ بووە لەگەڵت.

چڕۆ:

- نەخێر کوڕم نابێت ڕقت لە کەس بێت من نامەوێت تۆ لەوان بچیت. دڵ ڕەق و خراپ و بێ ویژدان و ڕق هەڵگری. نەکەی وابیت.

ئاریان:

- باشە دایە گیان بەڵێن بێت من لەوان نەچم و لە تۆ بچم. پڕ دەبم لە باشی و میهرەبانی و مرۆڤایەتی و ویژدان لە دڵ و ناخم دەچەسپێنم. دەبمە ئەو مرۆڤەی کە ئازاری کەس نادا و کەس بە هۆی من ئازار نەخوا. بەڵێن بێت دایکە ئەو کورە دەبم کە تۆ و هیوای باوکم دەتانەوێت و منیش بەس هیوا بە باوکی خۆم دادەنێم و چۆن منی خۆشویستوە منیش ئاوا خۆشم دەوێت و ڕێزی دەگرم و هەرگیز بێ ڕێزی بەرامبەر ناکەم.

باوکی چرۆ:

- تخوا بمبوورە کچە جوانەکەم بۆ ئەو هەموو خراپەی کە ئەو هەموو ساڵە بەرامبەر تۆ کردم. بمبوورە.

چرۆ:

- توخوا وا مەڵێ بابە گیان من تۆم بووریوە خواش تۆ ببووری ان شاء الله.

ئیتر دوای چەند ڕۆژێ چرۆ خێزانەکەی لە ماڵ کۆکردەوە و گووتی:

- دەمەوێ هەواڵێکتان پێ بدەم.

هیوا:

- خێر چیبووە گیانم؟ هەواڵی چی؟ تۆ باشیت؟ خۆ شتی ناخۆش نەبووە؟

چرۆ:

- نا،نا گیانم هەواڵی ناخۆش نیە بەڵکو هەواڵی خۆشە. لەم چەند ڕۆژە سیما پشکنینی بۆ کردم دەرکەوت دووگیانم.

هیوا:

- ها چی؟ واتا دەبمەوە باوک؟ واتا من ئیتر دوو منداڵم دەبێت و دووبارە دەبمەوە بە باوک؟ وای چەن دڵخۆشم من زۆر دڵخۆشم. سبەی شیرینی دەبەخشمەوە لە گشت کۆڵان و شاردا.

ئاریان:

- واتا منیش دەبمە کاکە؟ ئای دایە گیان زۆر دڵخۆشم. خووشکێك یان برایەکم دەبێت.

باوکی چڕۆ:

- پیرۆزە کچەکەم. بەسەلامەتی لەدایک بێت ان شاء الله.

ڕەوەند:

- پیرۆزە دادە گیان. یاخوا بە سەلامەت لە دایک بێت.

چڕۆ:

- سووپاس بۆ هەمووتان. بە سەلامەتی لەدایک دەبێت ان شاء الله و هەر لە خۆشیدابن.

دووبارە دەڵێم(سووپاس بۆ خوا لەکۆتایدا بە دڵخۆشی گەیشتم و لەگەڵ خێزانێکی بەختەوەر دەژیم. دوور لە کێشە و شەڕ و ئازار.)

دڵنیابن خوا بەشی هەمووان دڵخۆشی داناوە تەنها پێویستە بە ناخۆشی و ئازار تێپەرین و بەرگە بگرین تا دەگەین بە دڵخۆشی. لە کۆتایدا قسەکەی دایکم هاتە دی وەک گول چرۆم کرد.

کۆتایی




# کوڕێکی دوور لە وڵاتم

## چیرۆکی بیست و دوو

کاتێ ئەم چیرۆکەی ئێستام باس دەکەم من لە لەندەنم پایتەختی بەریتانیا. دڵنیام کە ناوی بەریتانیا و لەندەنم هێنا نیوەتان خۆزگەم پێ ئەخوازن. خۆزگە بەوەی لەو شوێنە خۆشەدام و خۆم ڕزگار کردووە لەم کوردستانە، بەڵام من ئاوات بە یەکجار بینینەوەی کوردستان دەخوازم چونکە ئەم بەریتانیایە بۆ من هیچی لە دۆزەخێک کەمتر نیە. ڕاستە شوێن و ژیان لێرە وەک بەهەشت وایە، بەڵام بۆ من وانیە و بگرە کاتێك پیاسە بە شەقامەکانی ئەم شارە دەکەم هەناسەم تەنگ دەبێت. شەوان تا درەنگ بە دیار کێشانی جگەرەکەم خەو دەمباتەوە. من ناوم ئاریانە و لە خێزانێکی سادە و ئاسایی دەژیام. دوو خوشکم هەبوو یەکێکیان لە خۆم گەورەتر بە ناوی گەشبین و ئەوەیتر لە خۆم بچووکتر بە ناوی گەشاو لەگەڵ دایکم وباوکم بێ کێشە و خۆش دەژیاین. خوێندکار بووم پۆلی 9 بووم یەکێک بووم لە

خوێندکارە زیرەکەکان و ئاواتم تەواو کردنی خوێندن بوو تا دایک و باوکم شانازیم پێوە بکەن، بەڵام ڕۆژە ڕەشەکەی ژیانم هات. ئەو ڕۆژەی کە تەواوی ژیانمان سەرا و ژێر و بوو بە دۆزەخ کە ئەویش ڕۆژی مردنی باوکم بوو. مردنی باوکم پەڵەیەکی ڕەشی درووست کرد لە ژیانمان. باوکم بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوای کرد. خۆی بەر لە مردنی ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانە کەوتبوو، بەڵام بەداخەوە خۆری تەمەنی ماڵئاوایی یەکجاری لێ کردین. ئیتر باوکم مرد و ژیانمان لێ بووە دۆزەخ. هەرگیز باوەرم بە مردنی باوکم نەدەکرد، من بە هیوا بووم باوکم ڕۆژێك لە نەخۆشییەکەی چاک بێتەوە. هەواڵی مردنی شۆکی کردم و هیچ لەسەر خۆم نەمام. ئەو کات تەمەنم تەنها 15 ساڵ بوو گەشبینی خوشکم تەمەنی 16 ساڵ و گەشاویش تەمەنی تەنها 11 ساڵ بوو. دوای مردنی باوکم

هەموومان هەتیووماینەوە و دایکیشم بووە بێوەژن و جلی ڕەشی پۆشی. ئاخ دایکی بێ چارەم دوای مردنی باوکم ئەویش خراپ وێران بوو. هەموو ڕۆژ گریان و ئازار میوانی بوو، هەموو ڕۆژ فرمێسکەکانی چاویم دەبینی و منیش زیاتر دەگریام.

دوای ماوەیەکی کەم لە مردنی باوکم، ژیانمان تەواو تێک چوو. پارەمان نەبوو هەروا سەرجەم مامە و پوورەکانم پشتیان تێکردین و لێمانیان نەپرسی. بە هۆی نەدانی پارەی کرێی خانوو خاوەن خانووەکە بێ ویژدانانە فرێی داینە سەر شەقام. بەداخەوە لەم ڕۆژانە مرۆڤ زۆرە و مرۆڤایەتی کەمە ئەگەر کەسێ پارەی نەبێت و هەژار بێت حیسابی مرۆڤی بۆ ناکرێت. ڕۆژێکی باراناوی بوو لەگەڵ بوونی هەورە تریشقە، ئەوەنە بە سام و بەرز بوو دەنگی هەورە تریشقەکە دڵی دەهێنایە لەرزە.

دەستەکانمان لەسەرما تەواو لە جووڵە کەوتبوون و تەزی بوو. نەماندەزانی بۆ کویێ بڕۆین جگە لە ماڵی خاڵەیەکەم کەسمان شک نەدەبرد، ئەویش برای دایکم بوو کە لە دایکم بچووکتر بوو. هەر زوو نەنکم و باپیرەم واتا دایک و باوکی دایکم کۆچی دوایان کردبوو ئەوانیش جگە لە خاڵم و دایکم منداڵیتریان نەبوو. ئیتر شتەکانمان کۆکردەوە ووردە ووردە ڕۆیشتین بۆ ماڵی خاڵە فەرەیدوونم کە تاکە هیوا و ئومێدمان ئەو خاڵۆیەم بوو. ئیتر گەیشتین و لە دەرگاماندا. هەر لە سەرەتاوە خاڵۆم سارد بوو لەگەڵمان. پێمان ووت خاوەن خانوەکە دەری کردووین. هەر چەندە ڕێگەیدا لە ماڵیان بمێنینەوە، بەڵام بە قسەی سارد و ڕووی ساردەوە ڕازی بوو. ئاخ نەبوونت باوکە تەواو ئەژنۆمانی شکاند و ئاوارەی کردین. ئەو ساردیەی خاڵەم بە هۆی خاڵۆژنم بوو کە هەر لە

سەرەتاوە ڕقی لە ئێمە دەبوویەوە و حەزی بە چارەمان نەبوو خاڵەشم زۆر لە ژنەکەی دەترسا و هەر چی بووتایە بە قسەی دەکرد. بە کوردی و کورتی لەو ماڵە خاڵۆژنم دەسەڵات و بڕیاری بەسەر هەموو شتێکدا هەبوو خاڵەشم تەنها خزمەتکارێکی ژنەکەی بوو کە زۆر لێی دەترسا.

ئیتر ژوورێکیان دا پێمان تا تیایدا بمێنینەوە و منیش وازم لە خوێندن هێنا و دەستم لەو خەونە هەڵگرت کە ئاواتم بوو. دەستم کرد بە ئیش کردن و سەرەتا ئیشی پاکردنەوە و بۆیاغی پیڵاوی خەڵکم دەکرد و دواتریش وورده وورده لە فرۆشگایەک دەستم کرد بە فرۆشتنی سەوزە و میوە. لە ژیانمدا هەموو کارێکم کردووە و تاقیم کردۆتەوە. نانەوای و سەرتاشخانە و کرێکاری و کاری چێشتخانە و کاری کاشی، گشتیشی تەنها بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانمان.

ئیتر خاڵۆژنم کە دەیزانی وا کار دەکەم و پارەم هەیە هەڵسا بە لێسەندنی پارەی کرێی ئەو ژوورەی تیایدا ئەماینەوە. ئاخر ئەوە چ وویژدانێکە من بە سەرما و گەرما کارم دەکرد بۆ پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەم و ئەویش لەبەر چاوچنۆکی خۆی بە ئەنقەست پارەی ئەو ژوورەی لێ دەسەندم. هەر بەوەش نەوەستا بەڵکو پارەی ئاو و کارەباشی لێدەسەندین. ڕۆژی وا هەبوو لە سەرما دەستەکانم گۆیان نەدەکرد و بە تەواوی لە جوڵە کەوتبوون. زستان لەبەر باران ئیشم دەکرد و گیانم گشتی تەڕ دەبوو تەنها لە پێناو خێزانەکەم، هاوینانیش لەبەر خۆر چەندەها جار سەرم گێژی دەخوارد و لەهۆش خۆم دەچووم. زۆری ڕۆژەکان تەنها نیسک و ساوار و مەعکەڕۆنیمان دەخوارد چونکە پارەمان نەبوو گۆشت بکڕین بە ئاواتی یەک پارچە گۆشت بووین. کە خاڵۆژنم ئامادەی دەکرد بۆنی دەهات

خەریک بوو شێت دەبووین بۆی. بە چەندەها مانگ گۆشتمان نەدەخوارد. جەژنان بە ئاواتی لەبەر کردنی جلی جوان و تازە بووین وەلیٚ خودا ئەو شتانەی بە ئێمە نەدا، بەڵام دایکم هەمیشە دەیگووت:

- سووپاسی خوا بکەن کە ئەم ژوورە و نان و ئاوێکی داوە پێمان بیخۆین و لەسەر شەقام نەکەوتوین.

ئاخ دایکی میهرەبانم لە گەنجێتیدا خۆشی نەدی لە ژیان ڕووخساری لە دووری باوکم و خەم خواردن لە ئێمە گشتی لۆچ و دەستەکانی قڵیشانی پیری پێوە دیار بوو. لەم تەمەنە گەنجیەدا ژیان بیٚ هاوژین خست و خەمی کردە هاودەم دڵی و جلی ڕەشی لە ڕەنگی شەوی تاریک تا دوا هەناسەی تەمەنی پێبەخشی. زۆر جار خاڵۆژنم دەهات و دڵ و هەستی دایکمی

بریندار دەکرد و بە بێوەژنی ناو دەبرد دایکیشم لەبەر ئێمە بەرگەی ئەو قسە و تەعلیقانەی خاڵۆژنم و خەڵک و کۆمەڵگەی دەگرت. ئیتر ڕۆژی شۆک بووین کاتی گەشبینی خوشکم هاتە لای دایکم و باسی ئەوەی کرد هاوسەرگیری دەکات جا لەگەڵ کێ؟ برای خاڵۆژنم. تومەز ئەمە لە ژێر سەر خاڵۆژنم دەرچووە. خوشکمی ڕازی کرد بوو بۆ برا 30 ساڵانەکەی کە براکەی هەموو کەس ئەیزانی خوێری و هیچ و پووچی سەر جادەیە و خووشکەکەی منیش تەمەنی تەنها 17 ساڵێک بوو. خاڵۆژنم بە هەندی قسەی خۆش خوشکەمی ڕازی کردبوو. گووتبووی:

- تۆ باوکت نەماوە و ئێستا کەس نیە پارێزگاریتان لێ بکات. نە پارە نە خواردنیشتان هەیە بیخۆن بۆیە بچۆ ماڵ و حاڵی خۆت و خەرجی و بارگرانی لە دایکت کەم کەرەوە. تۆش

کچیت و پێوویستە شوو بکەی چونکە گەورە بوویتە ئەبێ بچیتە ماڵ و حاڵی خۆت. هاوسەرت هەبێت خەرجیت ئەکێشێ و چیت بووێت بۆت دەکات و دڵت ناشکێنی.

ئیتر بەم قسانە مێشکی خووشکمی شۆریبوویەوە و ڕازی کردبوو. من و دایکم ناڕازی بووین لەسەر ئەو هاوسەرگیریە، بەڵام خوشکەکەم خۆی سوور بوو ئیتر ناچارانە ئێمەش قایل بووین و بەداخەوە خووشکەکەم خۆی کردە قووربانی لەبەر خاتری ئێمە و هەرچی خەون و ئاواتی کچانەی هەبوو لە گۆڕی نا و ملی ڕێگایەکی سەختی گرتە بەر. ڕۆژی هاوسەرگیریەکەی هات و کەسمان دڵمان خۆش نەبوو. دەزانم خوشکەکەشم لەبەر ئێمە پێکەنینی ساختەی دەخستە سەر ڕووخساری تا ئێمە خەم نەخۆین. دەزانم لە ناخەوە دڵی دەکوڵا و ژیانی گەنجی و هەزار خەونی لە گۆڕنا و پێی لە دڵی نا و لە

پێناو ئێمە هاوسەرگیری کرد تا چیتر نەبێتە بار بەسەرمان. خوشکەکەم مارە کرا و دوای چەند هەفتەیەک گوزارایەوە جلی بووکێنیشی وەک کفن بووە بۆی دڵنیام. ئیتر چووە ماڵ و حاڵی خۆی، بەڵام چ ماڵ و حاڵێك بەڵکو چووە دۆزەخێکیتر. هەمیشە لەگەڵ پیاوەکەی شەڕ و کێشەی هەبوو. پیاوەکەی کە ناوی ڕێبین بوو هەموو ڕۆژ لە خوشکەکەمی دەدا و گیانی خەڵتان خوێن و نیوە گیانی دەکرد بە لێدان و زۆر جار کە دەچووین بۆ ماڵیان خووشکم هەمیشە درۆی دەکرد سەبارەت بەو برینانەی روخساری و فرمێسکی چاوانی. کە دەمانبینی ڕووخساری برینە و مۆرە بوەتەوە دەیگووت ئەوە کەوتوم بۆیە ئاوام یان دەمانبینی دەست و قۆڵی جێگای سووتانە دەیگووت بە لێنانی خواردن سووتاون. من و دایکم باوەرمان پێی نەدەکرد دەمانزانی جێگای لێدان و سووتانە و ئەویش ڕێبین وای لێی

کردووە. چەند جار داوامان کرد بێتەوە لامان بەڵام قبوڵی نەکرد و بە درۆ پێکەنینی دەکردە سەر ڕووخساری و دەیگووت من باشم و هاوسەرەکەم بۆم باشە و خۆشم دەوێ.

دەمزانی ئەمە جگە لە درۆیەک هیچیتر نیە. بەداخەوە نەمتوانی هیچ بکەم ئاخر من منداڵ بووم ئەوکات. نەمتوانی ڕێبین بگرم و بەر شەقی بدەم و تۆڵەی ئەو هەموو ئازار و خەم و لێدانەی خوشکەکەم بکەمەوە. لە لایەک برای خاڵۆژنیشم بوو هەر شتێکی هەڵەم بکردایە دڵنیام لەو ماڵە دەری دەکردین. ئای ژیان جارێک بە ڕووی ئێمە پێنەکەنیت و بۆ جارێک ڕوویەکی خۆشت بە ئێمە نەدا.

دوای ماوەیەکی زۆر و هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر سووپاس بۆ خوا باری گوزەرانمان گۆڕا چونکە من بە ڕۆژ و شەو کارم

دەکرد و پارەی باشم دەست دەکەوت. سووپاس بۆ خوا لەو ماوەیە خواردنی خۆشمان دەخوارد و لەگەڵ دایکم و گەشاوی خوشکم دڵخۆشبووین، بەڵام خاڵۆژنم بەوانەی نەدەزانی ئەگەر بیزانی بوایە بە هەر چی بیانوەیەک بووایە پارەی لێ دەسەندین. ئیتر گەشاوم گەڕاندەوە قوتابخانە چونکە ئەویش دوای مردنی باوکم وازی هێنابوو. ئەویش زۆر حەزی بە خوێندن بوو منیش گووتم:

- ئەو خەونەی من پێی نەگەیشتم و وازم هێنا با خوشکەکەم بەدی بێنێ.

ئیتر گەشاویش زۆر دڵ خۆشبوو. گەڕایەوە خوێندن و بەڵێنی پێم دا باش بخوێنێ و یەکەمی پۆلەکەی بێت. ئیتر ڕۆژگار تێپەری و گەورە بووم و بووم بە 18 ساڵ. جا ڕۆژێك بە بۆنەی

درووستکردنی خانووەیەک بۆ ماڵێك چووم. لەویٚ خەریکی ئیش کردبووین خۆم وەستاکەم و دوو کەسیتر بووین. لەویٚ لە ناکاو چاوم کەوتە سەر کچێکی چاو ڕەشی قەترانی قژ لوول کە وەك ئەندۆمی بڵاوببووەوە بەسەر شانەکانی. لە یەکەم بینین دڵم بە خێرایی لێیدا و چاوانم بەدیاریەوە وڕما. تۆ بڵێی ئەمە فریشتەی ئاسمان نەبێت و هاتبێتە سەر زەوی؟ بە هێنانی ناوم ڕاچڵەکیم کاتیٚ وەستاکەم بانگی کردم.

- ئاریان ئەوە فکرت لە کوێیە؟ خێرا ئەو چیمەنتۆیانە بێنە سەرەوە.

هاتمەوە سەر خۆم و گووتم:

- بە چاوان وەستا

ئای خوایە ئەوە چ هەستێک بوو. دەمگووت تۆ بڵێی ئەو کچە چی ئەم ماڵە بێت؟ تۆ بڵێی کچیان بێت؟ ئەی تۆ بڵێی منی بینیبێت؟ ئەو ڕۆژە تا ئەوەی کارمان تەواو بوو فکر و هۆشم تەواو تەواو لای ئەو کچە بوو. بە جۆرێکی سەیر خۆم وون کردبوو لە خەیاڵی ئەودا. هەمیشە ڕۆژەکانیتر لە خوام دەویست کار زوو تەواو بکەم و بگەڕێمەوە ماڵ، بەڵام ئەو ڕۆژە جیاواز لە ڕۆژانیتر نەمدەویست ئیشەکەم تەواو بکەم چونکە دەمەویست ئەو کچە ببینمەوە، بەڵام بەداخەوە ئێوارە هات و ئیشەکەم تەواو کرد و کچەکەم نەدیتەوە. زۆر دڵم تەنگ بوو بە دڵتەنگی ڕۆیشتمەوە ماڵ و هەر فکر و هۆشم لای ئەو کچە بوو. ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوتم ئەو کچە هەموو خەیاڵمی داگیر کرد بوو. خەیاڵم لە بوونی ئەو دەکردەوە کە لەگەڵم هەبێت و دڵخۆش و بەختەوەری دەکەم و خەیاڵی بەیەکەوە

بوونی خۆمانم دەکرد ئاخر من قەت ئاشق نەببووم و قەتیش خۆشەویستیم نەکردبوو نەمدەزانی چی بووە وا ئەو کچە تەواو دەستی بەسەر خەیاڵەکانم گرتووە. ئەو شەوە بۆ چرکەیەکیش خەو نەچووە چاوانم. هەر دەمگووت ( تۆ بڵێی کچی ئەو ماڵە بێت؟ تۆ بڵێ منی بینیبێت و ئەویش منی بەدڵ بێت؟ تۆ بڵێی جارێکیتر بیبینمەوە تا ئەم هەستانەی خۆمی پێ بڵێم؟

نەمدەزانی ئەم هەستانەم ناو بنێم چی وا فکر و هۆش و خەیاڵەکانم تەنی بوو. جگە لە هەستی ئاشق بوون هیچ هەستیترم بە مێشک نەدەهات. ئیتر لە خودام دەویست ڕۆژ هەڵبێت و بچمەوە بەردەم ئەو خانوە بەڵکو شتێکم لەسەر ئەو کچە دەست بکەوێ کە ناویشیم نەدەزانی. ئیتر خۆر هەڵهات و بە خێرایی خۆم ئامادە کرد و هەموو ئیش و کارەکانی ئەو ڕۆژەم وەلانا و چوومە لای ئەو خانووە زیاتر لە دوو سەعات

وەستام. دوای دوو سەعات تەکسیەك وەستا لە پێش دەرگای ئەو ماڵە، ئاخ خوایە بەڵێ ئەوە کچەکەی دوێنێیە بە جل و بەرگی قوتابخانەوە. سواری تەکسییەکە بوو و ڕۆیشت. چەند دڵم خۆشبوو دووبارە چاوم پێی کەوتەوە هەستێك کە پێناسە نەدەکرا و دڵم ئاوی خواردەوە. زور دڵ خۆشبووم ئیتر تەکسیم گرت و شوێنی کەوتم. تەکسیەکە لەبەردەم قوتابخانەیەکی کچان وەستا. ڕێک مانگێکی زیاتر من تەنها و تەنها چاودێری ئەو کچەم دەکرد و بەم جۆرەش هەموو شتێکی ئەو کچەم زانی ناوی دالیا و تەمەنی 17 ساڵ و پۆلی 11بوو کچی ئەو ماڵەش بوو کە چاودێری کردنی ببووە پیشەی هەموو ڕۆژێکم. چاودێریم دەکرد تا دەچوویە قوتابخانە دەهاتەوە دیار بوو کچێکی ئاقڵ بوو لەو کچانە نەبوو پەیوەندی لەگەڵ کور شت هەبێت کە چاودێریم دەکرد هیچ کاتێ شتێ هەڵەم لێی

نەدەبینی. هەموو ڕۆژ لە دوورەوە چاودێریم دەکرد و ئاگری لە دڵم بەردەدا و نان و ئاوم ببوو بە ئەو. لەو ماوەیە بە تەواوی نەچووم بۆ ئیشیش هەموو ڕۆژ چاودێریم دەکرد تا بیبینم و دڵم دەحەسایەوە بە بینینی. ڕۆژێك بڕیارمدا هەموو هەستی خۆمی پێ بڵێم بەس نەمدەزانی چۆن، ئاخر شەرمم دەکرد بچمە بەردەمی و پێی بڵێم چەند مانگ نە خەوم ماوە نە خواردن، نە حەوانەوە و ئاسودەی و تۆ بوویتەتە پێناسەی ژیانم بوویتەتە ئەو هەموو خولەك و چرکانەی ژیانم کە ناتوانم لێی دەرباز بم. هاتە مێشکم گشت هەستەکانم لەسەر کاغەزێك بنووسم و پێی بدەم. هەرواشم کرد تەنانەت ڕەقەم تەلەفوونەکەشم نووسی و داوام کرد تێلم بۆ بکات. ئینجا وەك جاران چاوەڕێم کرد تا هاتە دەرەوە لە قوتابخانە ڕێک وەرەقەکەم دا پێی بێی ئەوەی

هیچ بڵێم تەنها گووتم(چاوەڕێی جواب و تێلی تۆم) پاشانیش ڕۆیشتم.

زۆر زۆر شەرمم کرد لە هەمان کاتیشدا زۆر دەترسام ڕازی نەبێت. هەر چاوەڕێی تێلی دالیا بووم کە تا هەفتەیەك هەر دەنگی نەبوو. زۆر خەمم خوارد لە دڵەوە دەمگووت (تەواو ڕازی نەبووە) تا ئەوەی شەوێك نزیک کاتژمێر 9 شەو بوو تێلێکم بۆهات کە وەڵامم دا دەنگی ئافرەت بوو. کە خۆی ناساند زانیم دالیایە. زۆر دڵخۆشبووم کە پەیوەندی پێوە کردم. ئیتر قسەمان کرد و گشت هەست و ڕاز و نیازەکانی دڵی خۆم پێی گووت. ئەو سەرەتا زۆر ناقایل بوو لە قسەکانی دیار بوو کە دەیگووتن

- ناتوانم بە ئاسانی باوەر بە کەس و بە خۆشەویستی و ئەشق بکەم. سەرەتا بۆم بسەلمێنە ئینجا وەک هاورێ بەیەکەوە دەبین تا دڵنیا دەبمەوە لەوەی خۆشت دەوێم ،

من بەوەش هەر ڕازی بووم هەموو شتم دەکرد تا باوەر بە من و ئەشقەکەی دڵم بکا، ئیتر بە پێی کات زیاتر و زیاتر لەگەڵ دالیا نزیک ئەبووینەوە لە یەک تا وای لێ هات تەواو متمانەی پێ کردم. زۆر دڵخۆشبووم کاتی ڕازی بوو. ئەو ڕۆژە ناوترێ و نانوسرێ چەندە دڵخۆشبووم ماوەیەکی زۆر بوو دوای مردنی باوکم ئاوا دڵخۆش نەببووم. ئیتر لەگەڵ دالیا بووینە دوو خۆشەویستی جوان و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەشقەکەم گەورەتر ئەبوو. بەڵێنم پێیدا دوای تەواو بوونی زانکۆی بچمە داوای و تا ئەوکات منیش کار دەکەم و پارە پەیدا دەکەم. بۆ ماوەی دوو ساڵ پێکەوە بووین. خۆشەویستیەکەمان پاک بوو تا خۆی

نەیگووتایە نەدەچوومە لای و کە یەکیشمان دەبینی بۆ جارێکیش دەستمان بەر دەستی یەک نەدەکەوت. من دەمەویست بە حەڵاڵی ببێت بە هی من، هەمیشە خەیاڵی زۆر جوانمان دەکرد و بەیەکەوە ناومان بۆ منداڵەکانمان دادەنا. دالیا توانی پۆلی 12 بە سەرکەوتوی ببڕێت و بگاتە زانکۆ. ئەمە زیاتر و زیاتر منی دڵخۆش کرد. هەمیشە هانم دەدات تا بخوێنێ چونکە من نەمتوانی خوێندن تەواو بکەم بەس ئاواتم بوو دالیا تەواوی بکا. دوای ئەوە دالیا گەیشتە زانکۆ زۆر شتی گۆڕا و لەگەڵم سارد و سڕ بوو و زۆربەی کات جوابی تێل و چاتی نەدەدامەوە یان بیانووی دەهێنایەوە. بە ئاواتەوە بووم بیبینم، بەڵام هەموو جار بیانووی دەهێنایەوە و ڕێگای نەدەدا بۆ چەن چرکەیەکیش بێت بیبینم. هەمیشە بە بیانووی خوێندن منی لە خۆی دووردەخستەوە. زۆر بەو شتانەی بێتاقەت دەبووم

دەمگووت (قەینا خوێندنی هەیە با خەریکی خوێندنەکەی بێت) بەڵام حەیف خوێندنی چی؟ ڕۆژێک هەواڵم بۆ هات کەوا دالیا شووی کردووە. سەرەتا باوەرم نەکرد تا ڕەسمیم بینی لای کچە ئامۆزاکەی کە لە سناپ دایگرتبوو. ئەڵقەی دەگۆریەوە لەگەڵ کوڕێکیتر. دالیا بە بیانووی خوێندن و تاقیکردنەوە بە منی گووت تا مانگێك نایەمە خەت و سەرجەم ئەکاونتەکانم دادەخەم تەنانەت ڕەقەمیشی داخرابوو. ئاخ خوایە ئەمە چ خەونێکی ناخۆشە خوایە توخوا لەم خەوە ناخۆشە خەبەرم بکەوە. کە هاتمەوە سەر خۆم بەهەر ڕێگایەک بوو توانیم ڕەقەمی دالیام دەست بکەوێ و تێلم بۆی کرد. دالیا زۆر بێ منەتانە قسەی دەکرد و دەیگوت:

- بەڵێ مارە کراوم لە کوڕێکی زانکۆی خۆمان. هاتۆتە داوام و ماڵەوەشمان ڕازی بوون.

سەرەتا باوەڕم نەکرد، بەڵام وویران بووم ئاخر من ئەوم خۆشدەویست و دونیایەك خەیاڵی جوان و پێکەوە بوونمان دانا ئەویش وا ئاوا بە ئاسانی هەمووی لە ناو برد. چەند هەوڵم دا دالیا پەشیمان بکەمەوە تا لەو کوڕە جیابێتەوە، بەڵام سوودی نەبوو. ئەو چووە ڕێگەی خۆی و ژیانی خۆی و هەرچی خەمی ئەشق و تەنیایی شەوان هەبوو بۆ من مایەوە. شەوان نەدەخەوتم دەگریام و جگەرەم دەکێشا دەخوارد و ژیانم ببووە یەک پارچە دۆزەخ. تەواوی ڕۆژەکە خۆم لەو ژوورە تاک و تەنیایە نابوو و بە دیار جگەرەکەمەوە دادەنیشتم. دایکم دەیزانی شتێکمە بەس هیچم پێی نەدەگووت. هەرکات بیرم لە دالیا دەکردەوە وەک منداڵێك کە دایکی لێی وون بوو بێت دەستم بە گریان دەکرد بۆ ئەوەی دایکم هەستم پێ نەکات ناچار دەستم کردەوە بە کار کردن و شەوانیش تا درەنگ لە دەرەوە دەبووم و نەدەهاتمەوە.

ئاخر خراپ دڵم شکا بوو دەمەویست کۆتایی بەم ژیانە بێت و ڕزگارم بێت خۆ نەمدەتواتی هەناسە بدەم. تەنها ئەوانەی دڵیان شکاوە و خیانەتیان لێ کراوە لە من تێدەگەن لە چ بارودۆخێک بوومە، وا دەزانی هەموو قورسایی و گەورەیی ئەم دوونیایە لەسەر شانتە. من تاقەت و هێزی هیچ کەس و هیچ شتێکم نەبوو تەنها حەزم دەکرد تەنها بم و کات لەگەڵ کێشانی جگەرەکەم بەسەر بەرم چونکە دالیام زۆر خۆشدەویست سەرباری ئەوەی خیانەتی کرد و شووی کرد، بەڵام بۆ چرکەیەکیش  نەمتوانی لە دڵم دەری بکەم. نازانم ئەم دڵە چیە من هەمە؟! بەو هەموو ئازارەی پێمی دا من هێشتا هەر ئاشقی ئەوم. خەریک بوو شێت دەبووم و گیانم دەدا بۆ یەکجار بینینەوە و یەکجار قسەکردن لەگەڵی، بەڵام نەمدەتوانی چیتر بچمە لای چونکە موڵکی کەسێکیتر بوو منیش لە تاو ئازاری

دڵم نەمدەزانی چی بکەم. لە هەموو کەس ڕامدەکرد و تاقەتی هیچ کەس و هیچ شتێکم نەبوو وەکو مردوویەک وابووم تەنها هەناسەم دەدا. ڕۆژێك دایکم گووتی دەچینە ماڵی گەشبین و شەو لەماڵیان دەمێنینەوە، بەڵام من ڕەتم کردەوە بەس دایکم زۆری لیَ کردم چونکە دڵنیام هەستی بەوە کردبوو کە باش نیم. بە میهرێکەوە قسەی دەکرد و دەیگووت:

- وەرە کوڕە جوانەکەم ئاخر بە تەنها چی دەکەی لەو ژوورە؟ وەرە بۆ خۆت جەوێك بگۆڕە هەرنا لەبەر خاتری من.

بەو شێوەیە ئیتر نەمتواتی دڵی دایکم بشکێنم و چووین بۆ ماڵی گەشبین و شەو لەویَ ماینەوە. کاتێک زاواکەمان گەڕایەوە ماڵ و نیوە شەو بوو گشتیان خەوتبوون تەنها من نەبێت ئاخر ئەوە پیشەی هەموو شەوێکی من بوو. بینیم دوونیایەك پارەی لە نێو

دۆڵابەکەیان شاردەوە و کلیلەکەشی بردە ناو باخچەکە لەوێ لە ژێر زەوییەکەی شاردەوە. پێم سەیر بوو دەمگوت(تۆ بڵێی زاواکەمان ئەو هەموو پارەی لە کوێ بووبێت) بەڵام گوێم پێی نەدا و چووم خەوتم. دوای چەند ڕۆژێك شەوێك لە شەوەکان لە دەرەوە بووم و چاوم بە هاوڕێیەکی خۆم کەوت و کەوتینە قسەکردن. باسی لەوە دەکرد ئەم وڵاتە جێ دەهێڵێ و بە ڕێگای قاچاخ دەڕوات منیش بیرم کردەوە لەگەڵی بڕۆم و ئەم کوردستانە جێ بهێڵم و ڕزگارم بێت لەم ئازارانەی دڵم. وامزانی بە ڕۆیشتن دەتوانم هەموو شت لە بیر بکەم و دڵخۆش بم بەس نەخێر ڕۆیشتن گەورەترین هەڵەی ژیانم بوو. پێویست بوو سەرەتا پارە بدەین بە قاچاخچیەکان ئینجا دەمانبەن منیش وەختی خۆی هەندێ پارەم کۆکردبویەوە و چوومەماڵی خووشکیشم بە مەبەستی بردنی ئەو پارانەی زاواکەمان

حەشاری دابوو. زاواکەمان لە ماڵ نەبوو، دوای چاک و چۆنی لەگەڵ خووشکەکەم کە ئەو چوویە چێشتخانە منیش کلیلەکەم لە باخچەکە هێنا و پارەکەم لە دۆڵابەکە دزی و ڕۆیشتم بێ ئەوەی خوا حافیزی لە خووشکەکەم بکەم. ئەوە کۆتا جاری بینینم بوو بۆ گەشبینی خووشکم. بێ ئەوەی گوێ بدەم بە دایکم و خوشکەکانم ڕێک ڕۆیشتم و ئەم وڵاتەم جێ هێشت و لە دوای خۆمدا نامەیەکم جێهێشت و ماڵئاوایم لێیان کرد. تەنها دڵخۆشی خۆمم بەلاوە گرنگ بوو.

ئاخ چەند پەشیمانم کوردستان و دایکم و خووشکەکانم جێهێشت و بووم بە غەریبی تاراوگە. ئیتر دوو ڕۆژ دواتر پارەکەم گشتی دا بە قاچاخچیەکان و بە ڕێکەوتین بەرەو تورکیا و تا ئەوێ بێ کێشە بووین، لەوێوە دەبوو بە یەختێك برۆین. ئەو یەختەی ئێمە جێگای 30 کەس دەبووە کەچی نزیک 70

کەسی لەسەر بوو. من و چەند کەسێکیتر ناڕازی بووین کەوا چۆن دەبێت 70 کەس بەیەختێك بڕوات کە شوێنی 30 کەس بێت، بەڵام قاچاخچییەکان وتیان( کێشەی نیە و ئاسایە) ئێمەش جگە لە ڕازی بوون ڕێگە چارەیترمان نەبوو و تازە نەدەبوو بشگەڕێمەوە و ڕێگای گەڕانەوەم نەبوو یان ئەوەتا دەمرم لەو ئاوە یان ئەوەتا ڕزگارم دەبێت و دەگەمە ئەوڕوپا. ئیتر شەو بوو بە ناو ئەوەکەدا ڕۆیشتین و هەر لە سەرەتای چوونم بۆ ناو یەختەکە هەستێکی سەیرم هاتە بەر دلمەوە و ترس گیانمی داپۆشی. ترسێک کە لەژیانمدا قەت بە خۆمەوە نەمبینی بوو بە شێوەیەك گشت جەستە و پەلەکانم دەلەرزین. ئەو شەوە عەجیب تاریک و ساردی کردبوو هەندێ جار دەبوویە ڕەشەبایەکی بەهێز و شەپۆڵەکانی بەرز دەکردەوە و لەگەڵ خۆیدا یەختەکەی بەرز و نزم دەکردەوە. شەوێکی سامناک و

تاریک جگە لە ئاسمان و شەپۆڵەکانی ئاو و دەنگی گێژەلووکەی ڕەشەباکە هیچیترمان نەدەبیست و نەدەبینی. چەندێك زیاتر دەڕۆیشتین شەپۆلەکان ترسناکتر و ئاوەکە قوولتر دەبوویەوە. کاتێك سەیری ئاسمانم دەکرد تەنانەت ئەستێرەیەکیشم نەدەبینی ئەوەندە تاریک بوو سەرباری تاریکیەکەیشی سامناک و تۆقێنەر بوو کە لە تاوی گشت گیانم دەلەرزی و زمانم گۆی قسەکردنی نەبوو. ئەو ترسەی گیانی خۆمم لە چاوی سەرنشینەکانیتریشەوە دەبینی کە زوو زوو دەیانگووت(ئەریٚ زۆرمان ماوە بگەین؟) دیار بوو ئەوانیش مردن لە پێش چاویان و ترس بە گیانیان هاتووچۆی دەکردت، بەڵام من زمانم گۆی ئەوەی نەدەکرد تەنانەت بشپرسم کە زۆرمان ماوە بگەین چونکە سامگرتی دۆخە تۆقێنەرەکەمان ببوم. تەنها بە بێدەنگی سەیری ئاسمانم و ئاوەکەم دەکرد و

دەلەرزیمەوە. ڕاستی بڵێم ترسم لە مردنیش نەبوو. ئەو مردنەی دوای ئەو هەموو ئازار و ناخۆشیە ئاواتم بۆی دەخواست لام گرنگ نەبوو چونکە ئەو ژیانەی پێی تێپەری بووم هیچی لە مردن کەمتر نەبوو چونکە دەستیشم نەدەچووە گیانی خۆم بۆیە ئەم ڕێگایەم هەڵبژارد، بەڵام تەنها لەوە پەشیمان بووم بێ ماڵئاوای و گەردن ئازادی دایکم ڕۆیشتم. زیاتر لە سێ بۆ چوار کاتژمێر بە ناو ئاوەکە ڕۆیشتین، بەڵام لە کۆتایدا سووپاس بۆ خوا هەمووومان بە سەلامەتی گەیشتین. دوای گەیشتنیشمان بەسەر کەناراوەکە هەمووومان هەر وڕماو و تۆقاو بووین و هێشتا نەهاتبووینەوە سەر خۆمان.

یەکێک لە کوڕەکان کە لەگەڵمان بوو زۆر سەیر هەناسەیەکی هەڵکێشا وەك ئەوەی ئاهــی ترس لە گیانی دەربکات هاواری کرد و گووتی:

- ئێمە گەیشتین. بە زیندووی ئاوەکەمان تێ پەڕاند.

یەکێکیتر لە سەرنشینەکان بە عەرەبی شتێکی ووت کە لێی تێنەگەیشتم، بەڵام هەموومان دڵخۆشی ڕووخسارمانی گرتبوویەوە لە تاوی سەلامەت گەیشتنمان و نەمردنمان. ئاخر بەهۆی ئەو دۆخەی تۆقێنەرەی نێو ئاوەکە و شلۆقی و بارگرانی یەختەکەوە هەموومان چاوەڕێی مردن بووین. گەیشتنمان بە کەناراوەکە هەمووانی سەرسام و بەختەوەر و دڵخۆش کرد. سەرەتای ژیانمان لە ئەورووپا زۆر قوورس بوو نە جێگا و نە شوێنی مانەوە و خواردنمان نەبوو ڕاستەوخۆش خۆمان وەک پەنابەر ناونووس کرد. سەرەتا ئێمەیان خستە ناو کەمپ و لەوێ دەژیاین هەر خۆشیان خواردن و شتی خۆیان بۆ دەهێناین. ئەگەرچی بە سەلامەتی گەیشتنم بۆ ئەوێ تۆزێك ئاهی کردە بەری جەستەم ئەمما هەستم بە غەریبیەکی زۆر دەکرد و بیری

دایکمم دەکرد. بۆیە پەیوەندیم پێیانەوە کرد و هەواڵی ڕۆشتن و گەشتنك بە سەلامەتی دا بە دایکم. دایکی بێ چارەم هەر دەگریا و هاوار هاواری بوو لە دووری من. سەرەتا ژیانم زۆر قورس بوو نە زمانیانم دەزانی نە شوێنێك شارەزا بووم، بەڵام ئەوە بۆ سێ ساڵ دەبێت لەم بەریتانیایەم چونکە هەموو کارێکم کردبوو لێرەش زوو توانیم کارێك بدۆزمەوە و خۆم بژیەنم. پێم وابوو ئیتر ڕۆژە خۆشەکانم دەستیان پێکردووە کە بەڕاستی وانەبوو. دوای تۆزێك جێگیر بوونم ناخۆشترین هەواڵم پێگەیشت. هەواڵی خۆکوشتنی گەشاوی خووشکم پێگەشت. من ئەوەش بە هەلەی خۆم و خۆشم بە گەورەترین تاوانبار دەبینم چونکە من بووم خووشکەکەم جێهێشت بۆ مردن.

ڕووداوەکە بەم جۆرە بووە کە گەشاو لە ڕێگای قوتابخانە کوڕێك دەناسێ و داوای خۆشەویستی لێ دەکات و دوای

هەوڵدانێکی زۆر دەتوانیٚ ڕازی بکات و ببنە خۆشەویست. گەشاو پێش خۆکوشتنی لە نامەیەکدا باسی ئەمانەی کردووە. ئەو نوسیبووی (دوای ڕۆیشتنی کاکە ئاریان من تەنها مامەوە و بە هۆی ئەوەوە تووشی فەراغی هەستەکانم بووم و هەمیشە چاوەڕێی خۆشەویستی و نازهەڵگرتنم بووم بۆیەش بە خۆشەویستی دیار ڕازی بووم. ڕاستە بیٚ ئەقڵ بووم، بەڵام دیار زۆر گرنگی پیٚ دەدام و زۆر باش بوو لەگەڵم و هەر چیم بوویستایە یارمەتی دەدام و جێی نەدەهێشتم. من کچێک بووم لە دوای مردنی باوکم و ڕۆیشتنی کاکەم کەس نەبوو گوێم بۆ بگریٚ و نازم هەڵگریٚ منیش کەوتمە داوای خۆشەویستی دیار و بە قسە و درۆ ڕازاوەکانی منی ئاشقی خۆی کرد. وامدەزانی بەڕاستی ئاشقمە و دەیوێت بمکاتە هاوسەری خۆی من لە کویٚ بزانم گورگێکە لە پێستی مەڕدایە. ڕۆژانە لە ڕێگای

قوتابخانە منی دەبرد باخەکەی خۆیان و لەوێ گشت حەزو ئارەزوە بۆگەنەکانی لە من بەتاڵ دەکردەوە و بە بیانووی هاوسەرگیری بە هەموو شتێك قایلی دەکردم. ئاخ منیش خۆش باوەڕ و بێئەقڵ بووم. چی بەکەم بێ نازی و نەبوونی خۆشەویستی و هەست و نەبوونی دەستی باوک و برا باڵی بە سەرمدا کێشا بوو. دوای ماوەیەک هەستم بە تێک چوونی گەدەم دەکرد و زۆر خراپ نەخۆش دەکەوتم دواتریش زانیم دووگیانم. کاتێك ئەو هەواڵەم بە دیار ووت، ڕەتی کردەوە بێتە داوام و گووتی بە تەمای ڕۆیشتنە بۆ ئەورووپا منیش زۆر لێی پاڕامەوە و دەمگوت ئاخر خێزانەکەم بزانن من دووگیانم دەمکوژن و ئابڕووم ئەچێت. ئەم قسانەم هیچ سوودی نەبوو بۆ دیار ئاخر تازە ئەو کاری خۆی کرد و کاری بە من نەم ئینجا زانیم ئەوە گەورەترین هەڵەی ژیانم بوو. دیار قسەی خۆی بردە

سەر و چوو بۆ ئەورووپا منی ئاوا جێهێشت. منیش هیچ ڕێگە چارەیەکم نەبوو جگە لە خۆکووشتنی خۆم و ئەو منداڵە ناشەرعیەی ناو سکم نەبێ بۆیە گەردنم ئازاد بکە دایە گیان زۆرم خۆشدەوێیت منیش دەچمە لای باوکم چونکە بەرگەی قسەی خەڵک و سەرشۆری ناگرم بۆیە کۆتایی بە ژیانی خۆم دێنم.)

ئەمە ئەو نامەیە بوو کە گەشاو دوای خۆی جیهێشت و گەشبینیش بۆی ناردم. کاتیك خوێندمەوە ڕێک مردم و زیندوو بوومەوە ئاخر گشتی خەتایی من بوو چۆن خووشکەکەم ئاوا جێهێشت. دوای کەمتر لە مانگێك دایکیشم لە دووری من و بە هۆی مردنی گەشاو بەرگەی نەگرت و جەڵتە لێی دا و وەفاتی کرد. من بوومە هۆی مردنی دایکیشم. زۆر زۆر پەشیمانم لەوەی کوردستانم جێهێشت و لە پێناو خۆشی خۆم هاتمە

ئەورووپا و خێزانەکەم ئاوا لە دەست دا. ئێستا جگە لە گەشبین کەسیترم بۆ نەماوەتەوە لە خێزانەکەم. چاوەڕێم ئیقامە وەرگرم و گەشبینیش بهێنمە لای خۆم و ڕزگاری بکەم لە دەست ئەو مێردە خراپەی کە هەموو ڕۆژ ئازاری دەدا و لێی دەدا. هەموو شەو خەو بە باوکمەوە دەبینم کە پێم دەڵێت(دایکت و خوشکەکانتم ئامەنەتی تۆ کرد، بەڵام تۆ نەتتوانی ئەو ئامانەتەی من بپارێزی.) دایکیشم دەبینم لە خەودا هەر دەگری و دەڵێ(بۆ جێت هێشتم؟)

ئەوە چیرۆکی ژیانی من بوو کە لە بەر خۆشی خۆم خێزانەکەم جێهێشت و ئاوا تەنها و بێ کەس مامەوە. بیری ئەو کاتانە دەکەم کە لە کوردستان بووم لەگەڵ دایکم و خوشکەکانم. ڕاستە ژیانمان سەخت و هەژار بووین، بەڵام خۆشتر بوو. خۆ لە سەر یەک سفرە بە یەکەوە بووین و نان و ئاوێک هەبوو

بیخۆین، نەک لەم ئەوڕووپایە کە بە بەهەشتی سەر زەوی دادەنرێ بە تەنیا و غەریب و بێ کەس کەوتووم.

لە کۆتایدا ئامۆژگاریم بۆ ئەوانەی بە تەمای ئەوڕووپان ئەو هەڵەی من مەکەن و خێزانەکانتان جێ مەهێڵن بۆ خۆشی خۆتان. بڕوا بکەن هیچ شتێ ناگاتەوە بە دڵخۆشی ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەت بیت. ئەگەر لە ژیانتدا ئەو کچەی خۆشت دەوویست بۆت نەبوو ڕوومەکە ئەوڕووپا و دایکت و خێزانت جێ مەهێڵە ژیان لە دووری دایک هیچی لە مردن کەمتر نیە. هەر چەن لە ژیان بە ئازار بوون مەڕۆن و خۆتان لەو ئاوە مەدەن کە ڕۆژانە چەندان کەس تیادا دەخنکێت. بڕوا بکەن دڵخۆشی لەم ئەوڕووپایە نیە بێ دایک و خێزانت.

# كُنْ فَيَكُونُ

لە بەڵێنی خودا گەورەتر نیە، دەستت

بەرزکە و ڕووەو خودا بڵێ:

خودایە بەڵێنی تۆ(ببە دەبێت)ـە. چاوەڕێی

ئەو بوونەم تۆ پێشکەشی ژیانمی دەکەیت.

# كُن فَيَكُون

له بەڵێنی خودا گەورەتر نیە، دەستت

بەرزکە و ڕووەو خودا بڵێ:

خودایە بەڵێنی تۆ(ببە دەبێت)ـە.

چاوەڕێی ئەو بوونەم تۆ پێشکەشی

ژیانمی دەکەیت.

شۆخان نەجات